# حیکایەتی
# مرۆڤە
# ستەملێکراوەکان

ئەنوەر حسێن (بازگر)

2016

ناوی کتێب: حیکایەتی مرۆڤە ستەملێکراوەکان

ئامادەکردنی: ئەنوەر حسێن (بازگر)

بابەت: رانانی کتێب

بەرگ: ئومێد محەمەد

تایپ: باوان عومەر، لانە کاشان

چاپخانە: دلێر

ساڵی چاپ: 2016

چاپ: یەکەم

تیراژ: 500 دانە

نرخ: 3000 دینار

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردن ( 1426)ی ساڵی 2016ی پێدراوە

# حیکایەتی
# مرۆڤە
# ستەملێکراوەکان

ئەنوەر حسێن (بازگر)

2016

# پێڕست


بەردی سەبووری ........ 9
عەشقی دالیا ........ 17
بەبێ خوێن ........ 27
بەشی من ........ 37
پەڕ، ئەو پەڕی عیشق ........ 49
خاک و خۆڵەمێش ........ 61
دۆنی ئارام ........ 67
سەمەدی بەهرەنگی ........ 79
چاوەکانی ........ 89
نانی رووت ........ 99
نەفرەتلەدۆستۆیڤسکی ........ 105
نەونەمامەلەچکسوورەکەم ........ 113
هەزار خۆری درەوشاوە ........ 127
هەزار ماڵ لە خەونو ترس ........ 147
هەورە سپییەکەی جەنگیزخان- یان ئیعدامێک لەسارۆزیک ........ 153
پێمدەڵێن! ........ 167
یەکەمین ترپە عاشقانەکانی دڵم ........ 175
سوهراب ........ 201
ئەی مەرگ بەخۆشەویستی دەتکوژم ........ 209
ژنێک دەمرێوپیاوێک بەچراوە نایە ........ 217
سوارەی ئیلخانیزادە ........ 227
فریشتەیەکی گەندەڵ ........ 237
رەهەندە شاراوەکانی نێوان بلیمەتی و شێتی ........ 249
سارتەر ........ 255
نیچە ........ 263
هەوڵێکی تر بۆ ناساندنی فەلسەفەی یۆنانی ........ 275
ئەفلاتون ........ 281
فەیلەسوفی مۆراڵو میتافیزیکیا ........ 293
عەبدوڵڵا ئۆجەلان چۆن دەستگیرکرا؟ کێ لەپشتییەوە بوو ........ 309
کوردستانی ئێران، مێژوویەکی پڕ تراژیدیا ........ 323
کۆچی کورد بۆ هەندەران لەنێوان بێ ئاسۆیی کوردستان و ........ 349
ئەزموون و یاد ........ 361

## ناساندنی روحی کتێب

کتێبە بە بەهاکان، کتێبە گرنگ و بەنرخەکان زۆرن کە لەژیانماندا فێری ئەزمونی باش و هەنگاوی گەورەمان دەکەن، بەڵام مەخابن کە ناتوانین هەموویان بخوێنینەوە و ببینین، بەتەنها هەندێکیان نەبێت.

بەڵام زۆرجار دەکرێت ئاگاداربین لە تازەترین کتێب و بڵاوکراوە بەهۆی خستنەڕووی ئەو بڵاوکراوانە، یان نوسین لەسەریان، بەکورتی ئەم حاڵەتەم لەلای جۆرج تەرابیشی لەرۆژنامەی الاحیات و گۆڤاری ئەندێشەی فارسی لە ئێران و لەناو میدیای کوردیش ئازاد حەمە لەرۆژنامەی باس بینیوە.

رەنگە خوێندنەوەیەکی کورت و خێرا نەتوانێت تیونێتیمان بشکێنێت بۆ کۆی بەرهەمەکە، بەڵام دەتوانێت سەرنجمان رابکێشێت بۆ بەدواداچوون و ئاشنابوون بەو کتێبە یان بڵاوکراوەیە.

بەم پێشەکییە کورتە، دەمەوێت بڵێم ئەم هەنگاوەی ئێمەش شتێکی لەو بابەتە و لەو پێناوەدایە، کە ئەگەرچی بەکورتی خوێندنەوەمان کردووە بۆ ئەم کتێبانەش کە رەنگە مافی تەواومان بە ناوەڕۆکەکەی نەدابێت، بەڵام لانی کەم دەتوانێت سەرنجی خوێنەر بۆ ئەم کتێبانە راکێشێت، کە خوێندنەوەیان دەتوانێت بە کتێب و نۆڤلێت و رۆمان ئاشنابکات.

بێگومان ئەم کتێبانەی کە لێرە خراونتەروو زۆرترینیان رۆمان و نۆڤلێتن و بەتایبەتی سەرنجمان لەسەر نوسینەکانی عەتیق رەحیمی و جەنگیز ئیتماتۆفە.


بەو هیوایەی ئەم کتێبەش بتوانێت خزمەتێکی بچووك بكات بە ناساندنی ئەم کتێبانە، کە لەناو کتێبخانەی کوردی دان و وەرگێڕدراون و خوێنەر بتوانێ بیناسێت و بیانخوێنێتەوە و سودی لێ وەربگرێت.

**ئەنوەر حسێن (بازگر)**

رۆمان

# بەردی سەبووری

## دانپێدانانەکانی ژنێک




ناوی کتێب: بەردی سەبووری

بابەت: رۆمان

نوسەر: عەتیق رەحیمی

وەرگێڕانی لە فارسیەوە: ئارام سۆفی

ساڵی چاپ: 2010

لاپەڕە: 143

- ژنەکە لەپشت سەری پیاوەکەوە وەستاوە دەڵێت» بەڵێ بەردی سەبوری من، ئەو دوو کچە هی تۆنین»

- تا دەڵێت» خۆشت دەزانــی بۆچی و چۆن، ئەوە تۆبوویت کە نەزۆك بویت نەك من...؟!»

- دایکت دەیویست تۆ ژنێکی تر بێنیتەوە، ئەوکاتە من چیم بەسەردەهات...؟!

- بەڵام ناچار بووم ئەوە بە دایکت بڵێم، کە حەکیمێك هەیە موعجیزە دەخولقێنێت...!

- تۆ نازانی لەرێگا، دایکت هەرچی بەزاریدا هات بەمنی وت..!

- دایکت وتی؛ ئەمە دواین چانسی تۆیە...! ئەزانی مانای چی...؟!

- بــەڵام، پــاش ئــەوەی چەندین جــار چــووم بۆلای حەکیمەکە و سکم پڕ بوو، بەحساب سیحرو جادووە، بەڵام ئەو حەکیمە هاودەستی پورم بوو.

-... حەکیم منی لەگەڵ پیاوێکدا خەواند کە چاویان بەستبوەوە، ئەو پیاوە مافی ئەوەی نەبوو، قسەم لەگەڵ بکات و دەستم لێ بدات...،!

بــەڵام مــن نەمدەویست گوناحکار و بەدکاربم، دەمویست لەوکارە دەستهەڵگرم، بــەڵام درەنــگ بوو، دەگریام و بەکوڵ دەگریام و هەستم بەگوناە دەکرد،

رقم لەگشت کەسێك بوو، ئێوەم بەنەفرەت دەکرد تۆ و خێزانەکەت...!، لەوانەش بەدتر دەبوو شەوان لەگەڵ تۆ بخەوم.

-«ئاه بەردی سەبوری من، کاتێك ژن بوون سەخت بێت، پیاوبونیش سەختە»

ئەوە ئەو دانپیانانەیە کە ژنەکە بۆ بەردی سەبوری دەکات.

لەم پەرەگرافەی ناو رۆمانەکە، یان لەم پەرەگرافەی ناو چیرۆکەدا، کە نازانرێ ئەو ژنە کێ یە؟ ناوی چی یەو لەکوێ دایە، لە چ روبەرێکی جوگرافی قسەدەکات و بەناوی کام لەو ژنانەوە قسەدەکات.

بەڵام بەسەرهاتێکی خۆی دەگێڕێتەوە بەهۆی دەردی ژن بوونەوە.

دەردی ژن بوون لەم چیرۆکەدا هێندە بەئازارە، کارەکتەر یان گێڕەرەوەی سەرەکی رۆمانەکە کە کەسی یەکەمە، لەژێر فشاری خەسویدا کە دەیویست بەهۆی مناڵ نەبوونییەوە ژنێکی تر بۆ کوڕەکەی بێنێت، لەکاتێکدا کوڕەکەی خۆی گرفتی هەبوو، بەڵام بەناچاری بۆئەوەی ژنی تری بەسەر نەیەت، جارێك بەهۆی ژن بوونی و جارێکی تر بەهۆی نەچەوسانەوەی لەلایەن ژنێکی تری هاوڕەگەزیەوە، نەچەوسێتەوە، ناچار پەنا بۆ کارێکی قێزەون دەبات.

سکی لە کەسێك کە حەکیم چـارەسـەری دەکـات پڕدەبێت، دوو کچی دەبێت. کە زۆڵن یان کچی مێردەکەی نین.

بێگومان ئەم چیرۆکە چیرۆکی ژنانی رۆژهەڵاتییە، عەتیق رەحیمی، چ وەکو نوسەر چ وەکو فلیمساز و دەرهێنەر.

تەوزیفی کردووە

یەکێکی تر لەچیرۆکەکانی کارەکتەر، (کارەکتەری ژن) دەگێڕنەوە و دەڵێت، «من هیچم بە تۆ نەوت، تۆش واتزانی ئەو خوێنە نیشانەی کچبوونی منە..»

دەڵێت» بە دیتنی خوێنەکە کە تۆ سەرمەست و پڕ غرور بویت...»

بەڵام لەراستیدا من ئەو خوێنەم هی بێ نوێژی بوو، ئەوەش یەکێکی ترە لەدەردی ژن بوون، عەتیق رەحیمی، دەردی ژن بوون لەسەر زمانی خۆیانەوە دەگێڕێتەوە.

ئەگەرچی ئینسان وادەزانـێ بەتەنها پیاو قوربانییە لەم رۆمانەدا، بەڵام لەراستیدا وانییە، بەڵکو هەردووکیان (ژن و پیاو) قوربانین، قوربانی کۆمەڵگە، کلتور، داب و سوننەتی کۆنخواز و نائینسانی، چونکە کارەکتەرەکە ئـەوەش دەگێڕێتەوە «من کچێکی حەڤدە ساڵ بووم، دەستگیرانی قارەمانێك بووم مەراسیمی مارە بڕین رێکخرا

بەبێ ئامادەبوونی زاوا، بەڵام دایکت هاش و هوشی ئەوەی دەکرد کە بارودۆخەکە باشە...

پاش سێ ساڵ دایکت وتی، جوان نییە کچێکی مارە بڕاو لەماڵی دایك و باوکی بێت.. بۆیە لەجەژندا بێ ئامادەبوونی تۆ لەگەڵ وێنەکەت و خەنجەرەکەت، زەماوەندم کردو دەبوو شەوان لە تەنیشت دایکتەوە بنوستمایە.

ئەم رۆمانەی عەتیقی رەحیمی. هەروەك رۆمانەکانی تری «هـەزار ماڵ لەخەون و ترس» چیرۆکی مەینەتی ئینسانەکانە.

ئەم رۆمانە گێڕانەوەی حیکایەتە هیچەکانی ژیان و ژن و ئینسانەکانی سەر گۆی زەوی و بەتایبەتی ئینسانی ئەفغانستانە، کە چۆن گیریانخواردووە بەدەست کولتور، دابونەریت، شەڕو شۆڕ، ماڵوێرانی هێزە بەناو کۆمۆنیستە دژە ئینسانییەکان و ئیسلامییە توندڕەوەکانەوە. کارەکتەر دەڵێت وامـدەزانـی « تۆ رۆژێـك دێـت دەمبەخشیت لەبەرخاتری ئەو شتانەی کردومن، بەڵام ئەمڕۆ کاتێك کە بیری لێدەکەمەوە گەر تۆ بتزانیایە یەکسەر دەتکوشتم ئەم قسەیە، رێك جوانترین ئیعترافی ژنی کارەکتەرە.

ئەم رۆمانەی عەتیق رەحیمی، چیرۆکی ژنێکە، بەڵام واقیعی ژیانی زۆربەی ژنانی ئەفغانستانە، بەڵام لەگەڵ بەردی سەبوری «سنگ صبور» دەری دەبڕێت.

دیالۆگ و مەنەلۆگی بەردی سەبوری، پڕیەتی لەژان و دەردەسەری و چەرمەسەری ژنان.

هەربۆیە عەتیقی رەحیمی رۆمانەکەی پێشکەشکردووە بە روحی «نادیا ئەنجومەن» ئەو ژنە شاعیرەی کە نامرۆڤانە بەدەستی هاوسەرەکەی کوژرا

عەتیق خۆیشی لەو رۆمانەدا دەڵێت:

«من دەربارەی ژنانی ئەفغانستان و سەرجەم ژنانی جیهان دەنوسم»

واتا جیهان و هەموو رەگەزی مێینە هاتۆتە گۆو قسەدەکات.

ناوی (بەردی سەبوری) ئەفسانەیەکە، کە بۆ دەربڕینی غەم و کەسەر، کە کەسێك بیەوێت دەری ببڕێت.:

پیاوێك راکشاوە.. ژنێك بەسەر سەرییەوە تەزبیحات دەکات.

دەیەوێت ژیان و بەسەرهاتەکانی بۆ مێردەکەی بگێڕێتەوە. دەکەوێتە باسکردنی خۆزگە و ئاواتەکانی ژیانی و ئاشکراکردنی نهێنییەکانی رابردووی.

رۆمانەکە بەسەرهاتی ژنێکە لە (99) رۆژدا، چونکە مەلایەك فەرمانی کردووە بە ژنەکە، کە هەر رۆژەی یەکێك لە (99) ناوەکە خوا بەسەر جەستەی پیاوەکەیدا بخوێنێت و بەزکری ناوەکانی خوا (یا قەهار) دەستپێدەکات بە

(یا سەبور) کۆتایدێت، سەرجەم یا زۆرترین نەهاتی و نەگبەتی و قوربانیبوون ژنە لەم رۆمانەدا، واتا ژن قوربانی یەکەم و کۆتایی رۆمانەکەیە و باڵندە کۆچەرەکانیش لەسەر جەستەی خوێناوی ژنەکە دەفڕن.

# عەشقی دالیا

## کوشتنی عەشقو
## جەللادبوونی جەللادەکان




ناوی کتێب: نۆرما خۆری

بابەت: رۆمان

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: ئەیوب نوری

ساڵی چاپ: 2004

لاپەڕە: 184

عشقی دالـیـا، رووداوەکــانـــی نــاو ئــەم رۆمـانــە، کارەکتەرەکانی، ژیانی ئینسانەکانی ناو ئەم وڵاتەو وڵاتانی جیهانی سێیەم و هەژار، پڕاو پڕن لە واقیع، تەنها ئەوەندەی دەوێت کەسانی وەکو (نۆرماخۆری) بیهێنەسەر کاغەزو بە سەرجەم ئینسانیەتی نیشانبدەن.

ئەم رۆمانە، لەو چیرۆکە واقیعیانەی ژیانی ژنان و کچانی ئەم سەرزەمینەیە، کە لەژێر جۆرەها ناو و سیناریۆدا سوکایەتییان پێدەکرێت و دەکوژرێن و دەچەوسێندرێنەوەو لە سەرەتایترین مافە ئینسانی و ئازادییەکان بێبەری دەکرێن.

دەبێ بڵێم رووداوەکانی ناو رۆمانەکە، سەرەتای دەیەی نەوەدەکانەو شوێنی رووداو (عومانی پایتەختی ئوردن)ە، بەڵام نوسەر کتێبەکەی دابەشکردۆتە سەر چەند بەش.

لە بەشی یەکەمدا هەوڵێکی ژنانە باسدەکات لە پێناو بەدەستهێنانی ئازادی و ئابووری، کە دووپایەی سەرەکی زیندەگی و سەرکەوتنی مرۆڤایەتین (نۆرما و دالیا) دوو کچە هاورێن و لە تەمەنی (25)ساڵیدان.

زۆر سیناریۆ دەچنن بۆ دەرچــوون لە چوار دیواری ماڵ و ئازادی، بەڵام دواجار لەسەر ئەوە رێکدەکەون کە ئارایشتگەیەکی تایبەت بە کچان و کوڕان بکەنەوە.

لە بەشی دووەمدا عشقی دالیا و مایکڵ رووداوەکان بەرەو ئاڕاستەیەکی نادیار دەبات.

نوسەر لە بەشی دووەمدا باس لە سێ خاڵی سەرەکی دەکات، کە سەرنجی خوێنەر بۆ لای خۆی رادەکێشێت.

ئەوانیش باسکردن لە مەزهەب، کە چ رۆڵێکی نێگەتیڤ و پۆزەتیڤ دەگێرێت لە کۆمەڵگەدا، بەتایبەتی کە عەشقێك لەگۆڕێدا بێ و دوو ئینسانەکانیش هەریەکەیان خاوەنی ئایینێکی جیاواز بێت، وەکو ئـەوەی کە دالیا موسوڵمان و مایکڵ مەسیحییە...

دووەم خاڵ، بوونی جاسوس و چاودێر بەسەر ژنان و کچانەوە، یەکێکی ترە لە دیاردەکانی کۆمەڵگەی خێڵ و فیودیالی و دواکەوتوو، محەمەدی برای دالیا، هەموو رۆژ بە ئۆتۆمبێل دالیاو نۆرما دەباتە ئارایشتگە و ئێوارانیش بەهەمانشێوە بۆ ماڵەوە.

سێیەم خاڵ، جەختکردنەوە لەسەر کەسێتی پلەدووی ژنان و کچان بەوەی، کە تەنانەت لەوجۆرە کۆمەڵگەیانەدا کچان بـۆیـان نییە بێنەسەر سـفـرەی نـانـخـواردن و دووبارەکردنەوەی ئەوەی کە (شەرەفی ژن) یەکجارە کە لەناوچوو، چیدی ناگەڕێتەوە...!!

لە بەشی سێیەمدا، نوسەر دەیەوێت توانای ژنان لە کارەکتەری رۆمانەکەوە بەرچاوبخات، دالیا هەڵدەستێت بە ئامارکردنی ئەو ژنە دووگیانانەی کە دێنە لایان و دواتر دەردەکەوێت کە لە (193) ژن تەنها (15) ژن دەیانەوێت

کچیان ببێت (87) کەی تر کوڕ؟ وروژاندنی ئەم مەسەلەیە بۆ ئەوەیە نوسەر پێمان بڵێت: ژنان کاتێك کە کوڕیان دەوێت لەبەر خاتری پیاوەکانیانە، چونکە پیاوان بەبێ کوڕ ژن بە (زڕ) و بێبەرهەم دەزانــن و کچان بەکەم سەیردەکەن.

هەموومان دەزانین کە ئەم بەسەرهاتە هەرئێستاش لە کوردستانی خۆشمان چ ڕەواجێکی هەیە، پیاوان کاری پێدەکەن و چەندانیان ژنی دووەمیان هێناوە- یان ژنەکانیان تەڵاقداوە...

نـوسـەر بـاس لــەوە دەکـــات، کـە خـەتـەنـەکـردن و زیندەبەچاڵکردن لە ئوردن و بەتایبەتی لای بیابان نشینەکان، کارێکی زۆر ئاسایی و سادەیە، خۆ دەتوانین بڵێین لێرە و لە وڵاتانی دواکەوتووش هەمان کێشە و گیروگرفت هەیە.

لە بەشی چوارەم و پێنجەمدا، درێژە بەبێ مافی و ستەم دژی ژنان دراوە، باس لەو ژنەی ناصر دەکات کە لەماوەی (9) مانگدا تەنها چوارجار لەماڵ چووبووە دەرەوە.

لـەم پـەرەگـرافـەدا دەتوانین لێکچوونێك لە نێوان ئەفغانستانی سـەردەمـی تاڵیبیان و ئـوردنـدا ببینین، بەشێوەیەك لە سەردەمی تاڵیباندا ژنان دووجار بۆیان هەبوو بێنە دەرەوە، جارێك کە شوو دەکەن و جارێك کە دەیانبردن بۆ گۆڕستان.

له بەشی شەشەمدا، رووداوەکانی عەشقی دالیاو مایکڵ بەنهێنی بەردەوامە، جگەلەوەی باس لە یەکێك لە خوشکەکانی مایکڵ دەکرێت، کە بەبێ ئارەزووی خۆی دراوە بە کوڕێك کە خۆشی نەویستووە، ئەمەش تائێستا سوننەتی کۆمەڵگەکانی دواکەوتووە و پڕە لە قەیران و کێشە، یەکێکی تر ئەو مافەیە کە بۆ کوڕانی ئوردن ئاساییە، ئەویش خواردنەوەو چوون بۆ باڕو شوێنەکانی سەماو دیسکۆ و باڕە سێکسییەکانە.

له بەشی حەوتەمدا، باس لە دەقەکانی قورئان و ئیسلام دەکات کە چەندە دژی مافی ژنانە، ئیسلام چەندە رژێمێکی تۆتالیتارە، ئەو دەڵێت: میکیاژو بۆیەکردن قەدەغەیە و نوێژکردنی ئیجبارییە، ئەمەش تەنها لە ئیسلامدا هەیەو تەنانەت لە بەشی هەشتەمەدا لەسەر ئەو جیاوازیانە بــەردەوام دەبێت، کە لە نێوان دوو جیهانی مەسیحی و ئیسلامدان و بەرتەسکردنەوەی مافەکانی ژنان لە ئیسلامدا زۆرباش هەستی پێ دەکرێت.

بەشی نۆیەم و دەیــەم، دۆزینەوەی رێگایەکی ترە بۆ بینینی دالیاو مایکڵ لە رۆژانی هەینی، لە یەکێك لە رستەکانی ئەو بەشە نۆرما دەڵێت: بۆ ماوەی چەندین ساڵ من و دالیا واماندەزانی، کە ئەگەر لێوی پیاوێك ماچ بکەیت ئەوا یەکسەر دووگیان دەبیت، ئەوەندە بە خراپی سێکسمان بۆ باسکرابوو، کە هەمیشە لێی دەترساین...!!

هێشتا لە زۆربەی وڵاتانی دواکەوتوو جگە لە کلتوری داسەپاوی ئیسلام و خێزان بەسەر کچان و ژناندا کە هەموو شت عەیب و شورەییە، بەڵام هێشتا زۆر لە کچان هیچ شارەزاییەکیان نییە سەبارەت بەکەوتنەسەر خوێن (عادە) بوون، سەرەتا تووشی شۆکێکی گەورە دەبن... ئەمە جگە لەوەی سیستمی پەروەردە لەم وڵاتانە، هیچ گرنگییەکی نییە لەم بارەیەوە.

لە سێ بەشی دواتر، هەموو هەوڵەکانی نۆرماو دالیا، بۆ ئەوەیە مایکڵ ببینن و عەشقی هەمیشەییان بکەنە واقیع، بۆیە لە ئەنجامی سەفەری هەردوو ماڵی دالیاو نۆرما بۆ عەقەبەو سەردەریای مردوو، دالیاو نۆرما لە ماڵی نۆرما جێدەهێڵن و ئەمەش یەکەم دەرفەتە بۆ چونەدەرەوەی مایکڵ و دالیا بۆ سەماو دیسکۆکان، لەم ماوەیەدا بۆ یەکەمجار دالیا رایدەگەیەنێت کە مایکڵی خۆشدەوێت.

لە بەشی چواردا، نۆرما دەڵێت: باوەڕم وایە گەر بەهەشت هەبێت، ئەوا دالیا دۆزیویەتییەوە...! مەبەستی لەمە دۆزینەوەی عیشقە، کە دەتوانێ بەهەشت بۆ ئینسان بخوڵقێنێت، بۆیە ئێستا هەوڵەکانی هەموویان بۆ دەربازبوون لە قەفەس و دیلی و چەوساندنەوە بۆ رزگاربوون لە کۆت و بەندی مەزهەبی و رێگری ئاینی، هەڵاتنە لە وڵات و دوورکەوتنەوە لە ئوردن تا ژیانێکی خێزانی بەسەربەرن...! بەڵام ئایا ئەمە دەکرێت...؟

لە بەشەکانی دواتردا خۆئامادەکردن بۆ دەرچون لە وڵات لە جێبەجێکردندایە، بەڵام یاساکانی ئوردن پێویستیان بە دەفتەرچەی بـاوك هەیە بۆ دەرهێنانی پاسپۆرتی منداڵەکانیان، جگەلەوەی گومان و نیگەرانی سەرتاپای دالیای داگرتبوو، هەمیشە دوودڵـی و ترس بەرروویەوە دیاربوو، کە دەبێ ئاکامی ئەم عیشقە چی لێبێت.

لە بەشی حەڤدەیەمدا: (ئیسعافێك لە بەردەم ماڵی دالیا وەستابوو لایتە سورەکان دەسوڕانەوە) کە گەیشتمە بەردەرگاکە ئیسعافەکە دەرچـوو، تێگەیشتم کەسێکی تێدایە، زۆربەی دراوسێکان سەیری ماڵی دالیایان دەکرد، پرسیم دالیا لەکوێیە...؟

باوکی وتی: لەکوێیە؟ لەو شوێنەیە کەشایەنی بوو...!!

دواتر چوومە نەخۆشخانەو لە دکتۆرەکەم پرسی؟

پێی گوتم: دالیا بە مردوویی گەیشتۆتە نەخۆشخانە، ئێمە هیچمان پێ نەدەکرا، چونکە دوانزە چەقۆ درابوو لەسەر سنگی...!

دواتر چوینە مردووخانەکە، پەرستارەکە چەرچەفە بەخوێن سورەکەی لابرد، دەمووچاوی دالیا دەرکەوت.

ئەمەی سەرەوە، قسەکانی نۆرمابوو، سەبارەت بەوەی کە روویدا لەبەرئەوەی لە خێزانێکی وادا کە ئیسلام و خێڵ باڵا دەستە، عەشق قەدەغەیە، بۆیە پاش ئەوەی دالیا

دەکوژرێت، تۆمەتی ئەوەشی دەدرێتە پاڵ کە ئەو کچێکی لەشفرۆش بوو و بەسزای خۆی گەیشتووە، بەڵام هێشتا مەترسی ئەوە لای نۆرما هەیە گەر بێتوو دالیاو مایکڵ سێکسیان کردبێ، مایکلێش بەدەردی دالیا دەچێت.

ئەم پەرەگرافە سەرەڕای سوننەت و تەقالیدی کۆمەڵگە، تا ئەوپەڕی حەقیقەت باس لە پاکی و راستگۆیی هاوڕێ دەکات، دڵسۆزی نۆرما بۆ دالیا تا ئەوڕادەیەیە کە سەرەڕای ئەوەی نۆرما لەژێر فشاری باوکی وماڵەوەدایە، بەڵام هەوڵدەدا پەیوەندی بە مایکڵەوە بکات بۆ دەربازبوون.

هێشتا نۆرما لەسەر ئەو باوەڕیە کە دەبێ دڵسۆزی خۆی بۆ دالیا بسەلمێنێت، بۆیە بەڵێن دەدات تۆڵەی خۆی بکاتەوە.

بەڵام هێشتا تەرمی دالیا لە مردووخانەیەو نۆرما چاوەرێ دەکات و دەپرسێ چی لێدەکەن؟ پرسەی بۆ دانانرێت.

پاشان هێنایان بۆ سەرقەبران، بەڵام لە تابوتدا نا، چونکە لەسەر شەرەف کوژرابوو، دواتر بەخاکەناز خۆڵیان کرد بەسەریداو دایانپۆشی...


کۆتایی رۆمانەکە بە هەڵاتنی نۆرما کۆتایی دێت- بۆ یۆنان و بەڵێندان بە تەواوکردنی کۆلێژی یاسا، تا تۆڵەی خۆی لە مەحمودی باوکی دالیا بسێنێتەوە، مایکڵیش هێشتا لە ئوردن خزمەت بە توێژی ژنان دەکات.

ئـەوەی کە گرنگە، ئەوەیە ئەم رۆمانە رووداوێکی واقیعی دەنوسێتەوە کە ئێمەی کورد رۆژانە شاهیدی ئەو واقیع و سیناریۆیانەین، کە لە پشدەرو شارەزوور سۆران و شەقڵاوە...هتد، روودەدەن، بۆیە گرنگە هەموو کەسێك ئەم رۆمانە بخوێنیتەوەو دەنگی بخاتە پاڵ دەنگی نۆرما-ئەگەرنا هێشتا مرۆڤ گەلێکی زۆر لە ژنان و پیاوان، کچان و کوڕان لەژێر هەڕەشەی مەرگدان بە تاوانی خۆشەویستی، بێگومان جیاوازیەك نییە لە نێوان ئوردن و کوردستاندا، چونکە عەشق لە هەردوولا هەر تاوانە، ئەگەرچی دەبێ ئەوە بڵێم ئەم کتێبە لە زنجیرە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی قانع-ەو لە نوسینی نۆرماخوری و وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە ئەیوب نوری-یەو جێگەی دەستخۆشییە.

تەنها خاڵێکی بچووك ئەوەیە، کە رۆمانەکە هەڵەیەکی چاپی زۆری تێدایەو سەر لە خوێنەر دەشێوێنێت.

# بەبێ خوێن

## دۆزینەوەی نهێنییەکانی خۆشەویستی لەناو جەنگدا




ناوی کتێب: بەبێ خوێن

بابەت: رۆمان

نووسەر: ئەلیساندرۆ باریکۆ

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئازاد بەرزنجی

چاپی یەکەم 2007

لاپەڕە: 129

**کورتەی چیرۆکەکە:**

بەشی یەکەم «دیالۆگێکی نێوان دکتۆر و سێ چەکدار»ە.

« دکتۆرێك کە لایەنگری حکومەتە لە کێڵگەیەکدا لەگەڵ کوڕو کچەکەیدا (نینا)دا دەژین، دکتۆر زۆر لەو چەکدارە شۆڕشێگڕانەی بەئەنقەست ژەهـر خـواردوو کـردووە و کوشتووە، کە بەبرینداری کەوتونەتە ژێر دەستی بۆ چارەسەرکردن»

«لەئێوارەیەکی درەنگدا، سێ چەکداری گروپێکی چەپی شۆڕشگێر دێن بۆ کوشتنی دکتۆر، کەیەکێك لەچەکدارەکان، برایەکی بەدەستی دکتۆر کوژراوە.

پاش شەڕێکی کورت، دکتۆرو کوڕەکەی دەکوژرێت و کچە بچکۆلانەکەشی (نینا) کەخۆی شارد بووەوە رزگاری دەبێت.

بەشی دووەم» دیالۆگی بەردەوامی نینا و تَیتویە

ئەو کچەی کەئەو شەوە رزگاری بووە (نینا) بەهۆی ئەسپ سوراێکەوە دەبرێتە ماڵی خۆی و پاشان لەقوماردا دەیدۆڕێنێ و دەبێتە خاوەنی سێ منداڵ.

ئەو کچە پاش گەورەبوونی و پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گروپە چەپەکە، دەکەوێتە دوای چارەنووسی ئەو سێ چەکدارەی باوکیان کوشتووە، بۆیە سەرەتا (سالنیاس) کە باوکی کوشت دەکوژرێت، پاشان چەکداری دووەم (ئێل

گۆڕی) دەکوژێت و بەردەوام دەگەڕێت بەدوای چەکداری سێیەم دا، بەڵام چارەنووس سەرئەنجام لەجیاتی (تیتَۆ-پیلارۆ) دەبنە دڵدارو ژن و مێرد.

« هیچ شتێك لەوە جوانترنییە کە بە دژەکەت بگەیت، چونکە هەر ئەویش خۆت پێ دەدۆزێتەوە»

رۆمـانـی (بـەبـێ خـوێـن) جگە لــەوەی لـەسـەرەتـادا رووداوێـکـمان بۆ دەخـاتـەڕوو کە بەتراژیدیای کوشتن دەستپێدەکات، بەکلتوری تۆڵە، بەچەمکی کوشتنی رەوا لەپێناو بەدیهێنانی یەکسانی و عەدالەت و خۆشگوزەرانی بەو پێوەرانەی، کە گروپە چەپ و مارکسی و رێکخراوە ئۆپۆزسیۆنەکان کاریان پێکردووە.

لەبەشی یەکەمی ئەم رۆمانەدا دیالۆگێکی سادەو پڕ مەترسی لەنێوان دکتۆر (مانۆیل رۆکا) کەسەر بەحکومەتەو سێ چەکداری گروپێکی مارکسی دەستپێدەکات.

دکتۆر لەپێناو حکومەتدا، چەندین چەکداری ئەم گروپەی ژەهر خواردوو کردووە، کەیەکێك لەکوژراوەکان برایەکی یەکێك لەم چەکدارانەیە، هەر بۆیە برای کوژراوە کە (سالیناس)ە بە دکتۆر دەڵێت» تائێستا دووجار تەقەم کردووە، یەکەمجار شەوێك بەئاسمانداو دووهەم جار کەبرا شۆڕشگێرەکەمت کوشت، بەڵام دەمەوێت بیکەمە سێیەمین جارو تۆش بکوژم...!

ئەم دیالۆگە هەرەچەندە سادەیە، بەڵام جیا لەوەی

حەقیقەتێکە مێژووی سیاسیی و پڕ تراژیدیای نێوان دەوڵەتە داگیرکەرەکان، تۆتالیتاریەکان، گروپ و ڕێکخراوە سیاسییە ئۆپۆزسیۆنەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە، لەژێر نـاوی حەق و عەدالەت و شۆڕشدا.

جەنگ لەکورترین مانادا هیچی جوانی لێبەرهەم نایەت، جگەلە کوشتن و بێ ماناکردنی جوانییەکان.

هەرچەندە لەژێر ناوی ئازادی و عەدالەت و مافدابێت، هەر بۆیە (ئەلیساندرۆ باریکۆ)ی نوسەری ڕۆمانەکە کۆتایی ڕۆمانەکە دەسپێرێت بەخۆشەویستی، گێڕانەوەی چیرۆکەکە بە تۆڵەکردنەوەی خۆشەویستی لەجەنگ کۆتایی دێت.

لەناو دیالۆگی بـەردەوامـی ڕۆمانەکەدا، تاکە شتێك تاساتی کۆتایی ڕۆمانەکە ونەو وجودی نییە بوونی عەشق و خۆشەویستی و ئەوینە، گەرچی مانای ئەوەنییە کە نوسەر نایەوێت ئەم فەزایە بخولقێنێت و چەمکی عەشق و خۆشەویستی تێکەڵ بەرووداوەکان بکات.

نەخێر ئـەو فـەزای جەنگ و شـەڕو کوشتارە باڵی کێشاوە بەسەر وڵاتـداو شـەڕو جەنگ بۆتە هەمووشت. حیکایەتەکانی ناو ئەم ڕۆمانە، ڕەنگە بۆ مێژووی بەشەریەت و بەتایبەت بەشی یەکەمی ڕۆمانەکە کە پڕیەتی لەتراژیدیا بەرهەمهێنەرەکانی جەنگ نموونەی دکتۆر (مانوێل ڕۆکا) کە پیاوی حکومەتەو دژی چەکدارە شۆڕشگێڕەکان بووەو ژەهری داوەتە بریندارەکان، بۆ ئەوەی بیانکوژێت، نامۆنییە.

کوشتنی منالی دکتۆرو هاوکارانی ڕژێمیش نامۆنییە.

ئـەگـەر ئـەوەش بزانین خـودی شـۆڕشـی چـەکـداری

و پارتیزانانی لەسەر بونیادی تۆڵەو جەنگ و کوشتار بونیاددەنرێت. جێگایەك بۆ بوونی جوانی و ڕەتکردنەوەی ئەو ڕەوشە ناهێڵێتەوە، لەناو چیرۆکەکەدا هەندێ وتەو دەستەواژە دەبینی یەکسەر هەست دەکەی ئەمە هی ڕێکخراوە ئۆپۆزسیۆنەکانە لەمبارەیەوە (لەلاپەڕە 29)دا دەڵێت» دەتنێرم بۆ دۆزەخ، هەی زۆڵ- یان لەهەمان لاپەڕە دەڵێت: ئەم کوڕی قەحبەیە دەیەوێت چی بکات- دیارە مەبەست لەدکتۆرە.

ئەگەرچی ئەم کولتورە هی خودی سیستمە سیاییە دیکتاتۆریەکانەو خودی گروپەکانیش کەزادەی ناو ئەم سیستەمەن زۆربەی شتەکان کۆپی دەکەن و دەیلێنەوە، (ئێڵ گۆڕی) چەکدار دەڵێت» سێ ساڵ لەوەوەبەر بینیم ژنەکەم بەخنکاوی هەڵواسرابوو، کچەکانیشم سەریان تاشراوەو رانیان لەخوێندایە»

بێگومان ئەم بەسەرهاتە کەسی ئاسایی بەرهەمناهێنێت، هەربۆیە تێڵ گۆڕ دەبێتە چەکدارێك، وەکو لەدیالۆگی کۆتایی ڕۆمانەکەشدا (لەلاپەڕە (106) دەڵێت» من لەهیچ پەشیمان نیم، دەبوایە شەڕمان بکردایەو کردمان»

یان لەلاپەڕە (100)دا دەڵێت: ئێمە جەنگاوەری ناوجەنگ بوین... تا دەڵێت» ئێمە باوەڕمان بە هێنانەدی دنیایەکی باشتر هەبووە»

«سەبارەت بە نوسەران زۆرجار وتراوە هەمنگوای کاتێ

لەدنیا تێگەیشت کەزانی دەریا چییە، هەلاج ئەو ڕۆژەی خوای ناسی. بۆدلێر لەنەفرەت و هەڵە تێگەیشت»

دەمەویێت بڵێم» ئەلیساندرۆ باریکۆ» ئەوکات نهێنییەکانی خۆشەویستی دۆزیەوە، کە لەجەنگ تێگەیشت» هەربۆیە لەناو دڵی جەنگدا لەناو تۆڵەو کوشتاردا عەشق و خۆشەویستی دەکاتە رایەڵەی نێوان بکوژو کوژراو، نێوان رق و تۆڵە، نێوان رابردوو داهاتوو»

هەوڵدان بۆ سڕینەوەی پاشماوەکانی جەنگ و رق و کینەو تۆڵە، دیقەت بدەن لە لاپەڕە (43)ی رۆمانەکەدا برایەکی (سالیناس) کە بەبریندارى کەوتۆتە دەست حکومەت و لەو نەخۆشخانەی دکتۆرە، کاتێك سالیناس و گروپێکی هاوڕێ دەچن بۆ رزگار بوونیان، براکەی کەبریندارە بە سالیناس دەڵێت» تکایە بمکوژە، سالیناس لەلاپەڕە (46)دا دەڵێت» لوولەی دەمانچەکەم کردە ناوچاوانی براکەم و تەقەم لێکرد و کوشتم»

تا لە لاپەڕە (48)دا سالیناس بە دکتۆر دەڵێت» بەڵێ تۆ ئەوانت کوشت»

بۆیە سالیناس پێ دەڵێت» (300)کیلۆمەترم بڕیوە تا بگەینە لای تۆ، دەتکوژم، دەتکوژم، دەتکوژم...

سەرئەنجام ئەم دۆخە دژوارە بەکوشتنی دکتۆرو کوڕە بچکۆلەکەی کۆتایدێت و دوا تەقەی کۆتایی شەڕەکەش بەکوشتنی مرۆڤێکی تر کۆتایی دێت.

« نوسەرێك دەڵێت» لەوە زەحمەتر نییە کە لە تەمەنێکدا

دەست بە نوسین بکەیت خەڵك تێدا لەوتنی هەموو شت بوبێتەوە» رەنگە ئەمە راست بێت بۆ (باریکۆ) بەو دەلیلەی ئەو لەسەر هێڵێك دەنوسێت تازەیەو جیاواز لە نوسراوەکانی پێشخۆی.

گەرچی ناسینی ئێمە بۆ نوسینەکانی باریکۆ تازەیە، بەڵام خودی نوسینەکانی باریکۆش لە مێژینە نییە.

رەنگە یەکێك لەخاڵە گرنگەکانی نوسینی باریکۆ چنینە جوانەکانی بێت، پاش ئەوەی دکتۆرو کوڕەکەی کوژران، نینای کچی کەخۆی شاردبووەو یەکێك لەچەکدارەکان بینیشی، بەڵام نەیکوشت و پاش سوتانی خانووەکەشیان، پاش سێ رۆژ کابرای ئەسپ سوار دەبات و دەڕوات.

تا ئەو کاتەی نینا دەچێتە هەتیوخانەیەك و پاشان پیاوێك هەڵیدەگرێتەوە، دواتریش لەقوماردا نینا دەدۆڕێنێت و دەیفرۆشێت بەپیاوێك بەناوی (کۆنت) پاش ئەوەی سێ کوڕی لێ دەبێ و ناوەکەی دەگۆڕێت و دەیکات بە (دۆناسۆل).

بەشی دووەمی رۆمانەکە پاش (52) ساڵ، بەڵێ پاش (52) ساڵ دیالۆگێکی سەیر لەنێوان (تیتۆ)ی چەکدارکەی کاتی خۆی (نینا)ی نەکوشت لەگەڵ (نینا)دا، دەستپێدەکات.

لەم بەشەدا شتێکی گرنگ سەرنجمان رادەکێشێت، ئەویش ئەو تراژیدیا بێ وێنەیە کەدژی ژن لەکۆمەڵگەدا پەیڕەودەکرێت و لەناوخۆی رۆمانەکەشدا رەنگدانەوە هەیە. (نینا) کەرەمزی ژنە لەناو رۆمانەکەدا، هەر لەسەرەتاوە

چارەنوسی نـادیـارە، پاشانیش دەبرێتە هەتیوخانەو دواتریش ڕێکاردۆ تۆرییە دەیباتە لای خۆی، جیا لەوەی دەیەوێت دەستدرێژی بکاتەسەر و جنسی لەگەڵ بکات، کەهێشتا نینا تەمەنی (11)ساڵە، دواتر شەوێك لەقوماردا دەیدۆڕێنێت و دەیفرۆشێت بە(کۆنت) پاش مردنی کۆنتی مێردی، بۆ بێ بەریکردن لەسەروەت و سامانی مێردەکەی خزمەکانی بەبیانویی شێتبوونەوە دەری ئەکەن.

بەڵام دواجار لەسەر دەستی باریکۆ، ژن دەبێتە پاڵەوانی سەرەکی ڕۆمانەکەو نینا وەکو ڕەمزی ژن دەبێتە کارەکتەری سەرەکی عەشق و لێبووردن و پێشنیاری خۆشەویستی و سڕینەوەی کلتوری جەنگ و کوشتار عشق و جنس و خۆشگوزەرانی، بەڵام باریکۆ زۆر بەوردی ڕۆڵی ژن جارێك وەکو غەدرلێکراو جارێك وەکو بەخشندە باسدەکات.

جـیـالـەوەش لـەبـەشـی دووەمـــدا هـــەردوولا هەم (تیتۆ- پیدرۆ) و هەم (نینا- دۆنـاسـۆل)دان بەگشت حەقیقەتەکاندا دەنێی و ئەمەش گەورەییە.

لەلاپەڕە (100)دا جارێکی تر حیواری نێوان تیتۆ و نینا دەستپێدەکات.

- نینا دەڵێت: خۆت بەچاوی خۆت بینیت براکەم دەکوژرێت، چۆن شتی وادەبێت...؟

- تیتۆ دەڵێت: ئێمە سەربازبووین، باوەڕمان بەدنیایەکی باشتر هەبوو، من لەهیچ پەشیمان نیم.

سەرئەنجام (نینا) وەکو (حەوا) جارێکی تر لەعادات و تەقالیدی زەمینی و خوایی و ئاسمانییەکان یاخی دەبێت و دەیەوێت هەموو ئاسەوارەکانی جەنگ و تۆڵە بسڕێتەوەو سەرکردایەتی یاخیبونێکی نامەنتیق بکات، بۆیە دواجار بەتیتۆ دەڵێت: حەزدەکەی پێکەوە دڵداری بکەین؟ ئەم قسەیە شۆڕشێکە دژی ئەو شۆڕشەی چەکدارەکان و حکومەت، کە کوشتنی ئیلهام بەخشی بووە، ئەمجارە لەسەر ماچ و سێکس و عەشق و خۆشەویستی دەبێتە ئیلهام و بۆهەیشە پێکەوە لەباوەشی عشقدا دەبن.

(خوێن)ێك دەڕژێ لەپێشەوە (بەبێ خوێن) کۆتایی دێت، نەك (خوێن)ێك لەپشتەوەو ترسنۆکانە.

# بەشی من

## مەحرومبوونی ژن
## لەبچوکترین بەهاکانی ژیان




**ناوی کتێب: بەشی من**

**بابەت: رۆمان**

**نوسەر: پەرینووش سەنیعی**

**وەرگێڕانی لە فارسیەوە: رووناك شوانی**

**ساڵی چاپ: 2012**

**لاپەڕە: 535**

ئەوکاتە چارەنوسی (مەعسومە) بەدبەخت بوو، کە ماڵیان لە (قوم)ەوە گواستەوە بۆ تاران.

ئەگەرچی باوکی ڕێگای دا بچێتە قوتابخانە، بەڵام قوتابخانەش جارێکی تر ڕێرەوی ژیانی گۆڕی.

مەحمودی برای دەیوت چونمان بۆ تاران خراپە و لەوێ ئایین و باوەڕی مرۆڤ بە با دەچێت، بەڵام ئەحمەدی برای خۆشحاڵ بوو، بەڵام هەموویان کۆك بوون لەسەر ئەوەی کچەکانیان مەعسومە و فاتێ، دەبنە مایەی دەردەسـەری بۆیان.

بەڵام عەلی برایان کە لە پۆلی سێهەمی سەرەتایی بوو، وتی بۆ من مردووم...، سەرئەنجام مەعسومە چوە قوتابخانە و پەروانەش کە تەواوی ژیانی گۆڕی، بووە هاوڕێ.

ماڵی مەعسومە، ماڵێکی دۆزخی، ماڵێکی مەترسیدار، ژن هیچ نییە جگە لە بونەوەرێکی بچووك و مەترسیدار، شیعر تەلەفزیۆن، گۆرانی و مۆسیقا و پێکەنین حەرامە و تابۆیە.

*

ڕۆژێکی درەوشاوەی پایز، مەعسومە و پەروانە دەچنە دەرمانخانەیەك بۆ کڕینی چەسپێکی برین، بەڵام نیگاکانی یەکەم جاری گەنجێکی دکتۆر ئیتر مەعسومە توشی عیشق دەکات، سەعید، قوتابی زانکۆ بوو لە بەشی دەرمانسازی، یەکەم نامەی سەعید بۆ مەعسومە ئیتر بەتەواوی عیشقی لەدڵی ئـەودا چاند و توند توند نامەکەی سەعیدی بەسنگیەوە گوشی و بۆنی کرد.

**لەم رۆمانەدا**

سەرەتای چنینی روداوەکانی رۆمانەکە بەو چارەنوسە رەشە نوسراوە، کە خێزانێك دەیانەوێت هەمووی بخەنە ملی کچەکەیانەوە.

ئەو خێزانە، ئەخلاق و کولتور، شەرەف و سوننەت، هەموو بەهاکانی ژیانیان بەستوەتەوە بە ژیان و ئەخلاق و شەرەفی کچەکەیانەوە، بۆیە شار و ژیانی پێ رەوا نابینن لەچك زۆرەملێیە، خوێندن حەرام و عەیبەیە.

ئەوان تەنها شوکردنیان بۆ مەعسومە بە شایستە دەزانی، ئەم رۆمانە کارەکتەری سەرەکی ناو روداوەکان، ژنێکە کە پڕە لەخۆزگە و تاوان، پڕە لە عیشق و میهرەبانی.

ئینسانێکە، پاك و بێگەرد، کچێکە وەکـو قەقنەسی عاشق، وەکو فریشتەی بێگەرد، یەك دنیا حەزو خولیاو خۆزگە لەچاوەکانیدایە، بەڵام بەسەرهاتی ئەو لە «بەشی من» پڕ پڕە لەکارەسات، کە مەگەر تەنها رۆمانێك بتوانێت دەرەقەتی چنینی بێت.

ئەمجارەش مەعسومە رزگاری بووە، کاتێ بەناوی قاچ ئێشانەوە چوەوە بۆ لای سەعید بۆ دەرمانخانەکە، بەڵام عەلی برای ئاگاداربوو، سوکایەتی و لێدان و ئابڕووچوون گشت فەزای ماڵی مەعسومەی گرت، هەرکامیان بۆخۆی تۆمەتی ژنبوونی دەخستە پاڵ، ئەویش بەناچاری ئیعترافی

لەسەر ئەحمەدی برای کرد. چییە ئەوەندە شەرەفتبەلاوە گرنگە ئـەی بۆ دەچیتە ماڵی ژنەکەی دراوسـێـمان کە مێردەکەی لەماڵ نییە.

براکان و پیاوەکان هەمیشە وەکو کەسی یەکەم و ئاخیر قسەدەکەن، کۆمەڵگەی سوننەتی هەموو شتی بۆ پیاوان حەڵاڵە، بەڵام بۆ کچان حەرامە و تابۆیە.

ئەم عادەت و تەقالیدە هێشتا لە کۆمەڵگەی خۆرهەڵاتی رەگی داکوتاوە، دڵنیاشم رۆمانەکان واقیعی کۆمەڵگەکانیان دەگێڕنەوە، کە پێموایە رۆمان، نوسەران دەرقەتی نایەن، تا روداوە واقیعەکان و چیرۆکەکانی ژیان و ژنانی چەوسانەوە بکەنە نوسین و رۆمان.

ئەم رۆمانە روداوگەلێکی رۆمانسی نین، بەڵکو ریالیزمین و واقیعەتی کۆمەڵگەن.

مەعسومە تەنها کارەکتەرێك نیە بەڵکو ملیۆنەها مەعسومە هەن، کە هێشتا رەنج و ئازار و هاواریان دەگاتە ئاسمان، بەڵام نەکراوەتە چیرۆك و رۆمـان، ئەی کێ و چۆن، گوێ لەهاوار و ناڵەی ئەو کچ و ژنانە ئەو ئینسانانە بگرێت..؟

*

جانتاکەی مەعسومەی هەڵڕشت و شتەکانی خستە

سەرزەوی، بەڵام دڵی دەلەرزی، نامەکەی سەعید کەوتە دەست عەلی و دەستی کرد بە خوێندنەوەی.

لێدان تا بێهۆشکردنی مەعسومە، سادەترین سزابوو لەبەرامبەر خۆشەویستی بۆ سەعید، بەڵام عەلی هەر بەوە نەوەستا، چەقۆیەکیشی لە سەعید دا تا بڕیاریدا مەعسومە بکوژن.

ئاشکرابوونی نامەکەی سەعید لە جانتاکەی مەعسومە هەموو شتێکی شێواند، ئیتر رێگایان نـەدا سەر لەماڵ بەرێتەدەر و قوتابخانەکەشی کۆتایهات و پێیانوت سوپاسی خوابکە، کە ئێستا زیندووی.

مەعسومە دەڵێت « هەموو ئارەزویەکم بینینی سەعید یان پەروانە بوو، چونکە دەمزانی چونە دەرەوەم لەم ماڵەدا رۆیشتنی یەکجارەکییە لەگەڵ پیاوێکدا بەناوی مێردەوە»

یەکەم دەستەی خوازبێنیکار سێ ژن و پیاوێك بوون و خۆشبەختانە سەری نەگرت و ماڵی پەروانەش لەو گەڕەکە باریانکرد، ئەمانە هێشتا سادەترین نەهامەتییەکانی ژیانی مەعسومەن تەنها لەبەرئەوەی کەسێکی خۆشدەویست.

پەروانە ویستی بۆ دواجار مەعسومە ببینێ و سەردانی ماڵیانیکرد، بەڵام دایکی رێگەینەدا، پەروانە، هاواریکرد توخوا ئەوەندە ئازاری مەعسومە مەدەن بەخوا هیچی نەکردووە...

خوازبێنیکاری دووەم ئەسغەری قەسابە، چەقۆکێش، ئارەقخۆر و مێباز.

پەروین دراوسێیان و دۆستی ئەحمەدی برای مەعسومە، یەکەم جاربوو باسی پەیوەندی نهێنی خۆی و ئەحمەدی دەکـرد، باسی ئـەوەی کرد کە زۆر هەوڵی داوە لەگەڵ ئەحمەد، بەڵام رازی نەبوە و دەڵێت: دەبێت مەعسومە هەر شووبکات، مەعسومە وتی، چیان پێ خۆشە با بیکەن، بەڵام بابزانن لە سەعید بەولاوە هەر پیاوێکی تر دەتوانێت تەنها دەستی لەلاشەکەم بدات.

ئەم حیکایەتە هی ژنانێکە، کە نەك هەر رێگایان لێ دەگیرێت بۆ عیشق و خۆشەویستی، بەڵکو بەزۆر دەیانەوێت بیاندەن بەشوو بە کەسانێك کە ژیان لەگەڵیان ناکرێت. رۆمانی «بەشی من» زۆر بـەوردی پەنجە دەخاتە سەر گرفتەکانی ژن بوون لە کۆمەڵگەی ئێراندا.

«بەشی من» ئەو بەش مەینەتییەیە کە لەزاری کارەکتەری سەرەکی مەعسومەوە باسدەکرێت، کە ئینسان دڵی توند دەگوشێت، کە وا مامەڵە لەگەڵ کچێکدا دەکرێت، وەکو کۆیلە و وەکو مەڕ و بزن دەیانەوێت کڕین و فرۆشتنی پێوەبکرێت، ئەم رۆمانە حیکایەتی دەرد و رەنج و ئازاری کچان و ژنانی کۆمەڵگەیە، کە وەختە دڵیان دەربێت بۆ هاوارێك، بەڵام رۆمانێکە بەزمانی سادە و ساکار نوسراوە،

هەمووکەس دەتوانێت پەی بەئازار و مەینەتییەکانی ژنان بەرێت.

سێهەم خوازبێنیکار، کوڕێکی زانکۆیە، بەڵام لەدەرەوەی ئێرانە و خوشکەکەی تەنها وێنەیەکی حەمیدی هێناوە تا مەعسومە رازی بێت.

سەرئەنجام مەعسومە درا بەحەمید، شەوەکەی زاوا، حەمید، مەعسومەی بەتەنها جێهێشت و پێی وت خۆت نان بخۆ و بخەوە، من دێمەوە.

... مەعسومە دەڵێت، گوێزانەکەم هەڵگرت شادەماری دەستم ببڕم، بەڵام ئەو کارەم نەکرد، چونکە هیچ ئاسودە نەبووم، لەگەڵ حەمید، بەڵام ئەو باش لەمن تێدەگەیشت، بۆیە کە لەخەو هەڵسام، کەسم لەدەور نەبوو

پاش چەند ساڵ مەعسومە لەگەڵ حەمید ژیانێکی سەیری بەرێکرد دوو منالی بوو سیامەك و مەسعود، رۆژێك پەروین خۆیکرد بەماڵی مەعسومە و وتی مەعسومە دەزانی کێم بینیوە، سەعید...!

...

حەمید هەفتەیەك ون دەبێت، کە دەگەڕێتەوە دوو خانمی چارشێوبەسەر لەگەڵیدا بوون، کە دیار نەبوو کێ و چین.

...

حەمید وتـی؛ شـارەزاد و مەهدی ماڵەکەی خۆیان، چوڵکردووە تەنها توانیویانە نوسراو و بەڵگەکان رزگاربکەن.

-حەمیدیش گومانی گیرانی عەباس و مەهدی دەکرد.

مەهدی یەکێك بوو لە خوێندکارە چەپ و ئازاکان لە دژی رژێم کاری دەکرد، بەیانی دەنوسی و لەسەر دیوارەکان شتی دەنوسی.

...

حەمید داوای لەمەعسومە کرد جانتایەکی بداتێ تا چەکەکەی تێدا بشارێتەوە.

وتم، حەمید هیچ نەبێ خۆت بشارەوە، هەواڵێك هات کە حەمید دیارنییە، بەڵام دەرکـەوت لەلایەن هێزەکانی رژێمەوە بەهۆی کاری سیاسییەوە گیراوە.

حەمید، ژیانی مەعسومەی تەواو گۆڕی بەوەی، کە ژیانی مەعسومەش ببووە ژیانێکی سیاسی و نائارام و پڕکێشە.

بەڵام مەعسومە کۆڵی نەدا.

حەمید ئازادکرا و دەستی کردەوە بەکاری سیاسی.

بەهەوڵی حەمید و هاورێکانی شۆڕش سەرکەوت و رژێمی شا روخا و رژێمی ئیسلامی هات.

حەمید، داوای حکومەتی شـورایـی دەکــرد، بەڵام مەحمودی برای مەعسومە داوای حکومەتی مەزهەبی دەکرد.

بەڵام سەرئەنجام پاش چەند ساڵ خەبات و شۆڕشی خەباتی مارکیستانەی حەمید لەسێدارە درا و مەعسومە وەکو بێوەژن مایەوە.

ئێستا سیامەك لە ئەڵمان دەخوێنێ و لەیلای کچی پەروانەی هێناوە پاش ئەو هەموو گرفتانە.

مەعسومە، سەعید لەڕێگەی پەروانەوە دەدۆزێتەوە، بەڵام ئێستا، مەعسومە دوو منداڵی گەورەی هەیە.

سەعید داوای ژیانی هاوسەری لە مەعسومە کرد، مەعسومە وتی با بیربکەمەوە.

مەعسومە وتـی، ئاخر لـەم تەمەنەدا عەیب نییە شوبکەمەوە، بۆ دواین جار سەعید و مەعسومە یەکتریان بینی و مەعسومە وتی: تازە ناتوانین پێکەوە هاوسەرگیری بکەین، چونکە منداڵەکان رازی نین.

سەعید وتی، هەموو ژیانم لەپێناوی تۆ داناوە، مەعسومە وتی لەژیانمدا کەسێك نەبوو کە خۆی بۆ ئێمە دانابێت، هەرکەسێك هات تەنیا ئێمەی بۆخۆی ویست.

رۆمانی «بەشی من» هەم سیاسی، هەم کۆمەڵایەتی و بەسەرهاتی ریالیستی کۆمەڵگەی ئێران و دەورایی شا و کۆماری ئیسلامییە.

رۆمانەکە لەدوو سەردەمی جیاواز، لەدوو سیستمی سیاسی جیاوازدا نوسراوە، باس لە دوو سیستم و دەسەڵات

دەکات، بەڵام هەردووکیان تەنها مەعسومە و حەمید و ئینسانەکان تێیدا زەرەرمەندبوون.

رۆمانی «بەشی من» بردنی خوێنەرە بەرەو ئیحساسی ئینسانی و سیاسی، بەرەو جاویدانی و نمەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی و شۆڕشگێڕی، لەلایەکی تریشەوە ئاوارەبوونی بەهاکانی ژنەکە، کە خۆی لەمەعسومەدا دەبینێتەوە.

مەعسومە حەوایەکە لە عیشق، لەنەهامەتی و لەخۆزگەیی، لە جاویدانی، حیکایەتی ژنانێکە کە هەموو ژیانیان لەپێناو خۆشەویستی ئینسانی و نیشتیمان دانا.

رۆمانی «بەشی من» چرکەیەکە لە ژیانی ئینسانەکانی کۆمەڵگەی ئێران لە دوو سەردەم و دوو حکومەت و بارودۆخی جیاوازدا، بەڵام ئەوە ئینسانەکانی وەکو مەعسومە و حەمید و پەروانەن کە هەمیشە براوەن...


مەعسومە ئێستاش لەخەیاڵی هەمواندا وەستاوە و هاواردەکات نا بۆ سیستمی خێڵەکی نا بۆ سیستمی مەزهەبی، نا بۆ چەوسانەوە و بەسووك سەیرکردنی ژنان، نا بۆ بەربەستی ئازادییەکان. بەڵێ بۆ عیشق و ئازادی، بەڵێ بۆ رەهابوونی زنجیرەکان.

رۆمانی «بەشی من» حیکایەتی کۆی مرۆڤایەتییە لەم سەرزەمینە، بەتایبەتی لەناو ئەو ماڵ و خێزان و شار و حکومەتانەی، کە هەناسەی ئازادی تیایاندا نییە و پڕە لە ستەم و دیلی و چەوسانەوە.

# پەڕ
# ئەو پەڕی عیشق

## وێنەی قوربانیدانی پیاو
## لەبەرامبەر عشقی ئافرەتێکدا!

(چەند سەختە بەتاسەی خۆشەویستییەکەوە بمری،
کە ئەزانی هەرگیز پێی ناگەی)



**ناوی کتێب: پەڕ**

**بابەت: رۆمان**

**نوسەر: س.م. ماتیسن**

**وەرگێرانی: غەریب پشدەری**

**ساڵی چاپ: 2009**

**لاپەڕە:217**

عەشق و خۆشەویستی وادەکات ئینسان پەنابەرێتەبەر دزی، بکەوێتە زیندان و سەری خۆی هەڵگرێت و لە کۆتایشیدا هەر لەپێناو ئەو عەشقەدا بمرێت.

ئەم پێشەکییە ناواخنی رۆمانی «پەڕ»ە، ئینسان کاتێ ئەم رۆمانە دەخوێنێتەوە خۆی لە بەردەم گەورەیی و میهرەبانی و سەرسەختی پیاوێکی عاشقدا دەبینێتەوە، لە پێناو ئافرەتێکدا کە خۆشیدەوێ.

«کاتێ دادگا» رۆجەر داڵتۆنی «بەتاوانی دزی بە سی ساڵا زیندانکردنی تاوانبار کرد، دادوەرەکان زۆر هەوڵیاندا بزانن داڵتۆن بۆچی ئەو (1200) لیرەیەی دزیبوو...! ل1»

«داڵتۆن دەڵێت» من لەتەواوی سێ ساڵی زینداندا، نهێنییەکەم پاراست و نەمدرکاندو هەرگیز ناوی «ماویس»م نەهێنا (کە لە پێناوی ئافرەتێکدا) دزیم کردووە ل152-153»

«ماویس بە داڵتۆن دەڵێت؛ خۆشەویستە، ئازیزەکەم چۆن بوو، دووبارە هاتیتەوە لام ( پاش سێ ساڵ) مەینەتی؟

- چونکە هیچی دیکە بەرگەی دووریتم نەدەگرت.

- ئەدی ئەو سێ ساڵە چۆن توانیت؟

- ئەوە لەدەست مندا نەبوو، بەناچاری؟

ماویس دەڵێت: لەگەڵا ئەوەشدا سێ ساڵان خۆت لێ ونکردم و هەر پێشت نەوتم لە کوێ بووی، بەجێمیدێڵی، ئینجا دێتەوە، دەڵێت منت خۆش بوێتەوە، با هەموو شتەکان وەك جارانیان لێبێتەوە «ل188

بەرنارد کۆترل پیرە پیاوی مێردی «ماویس کۆترل»ی شۆخ و شەنگی تەمەن بیست ساڵ، کە ماڵی لە خانووی ژمارە (19)دا بوو، مردووە.

پۆلیس، لێکۆڵینەوە لە مردنی بەرنارد دەکات، بەڵام هێشتا گومانی لە مردنی ئەو پیاوە هەیە، بۆیە دکتۆر ڕێگای نەدابوو بنێژرێت و ڕۆجەر داڵتۆنیش کە لە کۆمپانیای بیمە بوو، بەوهۆیەوەکە بەرنارد ژیانی خۆی بە پارەیەکی زۆر بیمە کردبوو، فەرمانگەی بیمە، بڕیاریدا ڕۆجەر بنرێت بۆ لێکۆڵینەوە.

ئەو پێی سەیربوو، ئەم کچە مناڵا و شۆخ و شەنگە ژنی بەرناردەو بەتەنیا لەوماڵە دەژی.

لێرەوە سەرەتای عەشقو خۆشەویستی داڵتۆن، بەرامبەر ماویس دەستپێدەکات، لەکاتێکدا ئەو خاوەنی ژنو مناڵێك بوو.

نەبوونی خۆشەویستی لە نێوان (ڕۆجەرو ئەیوای) خێزانی، فاکتەری سەرەکی بوو تا ئەو عەشق و ئەوینەی نێوان ڕۆجەرو ماویس دروستبێت و دوو خێزان تووشی کێشەو گرفتی زۆربن.

چونکە بەهەمانشێوە بەهۆی نەبوونی خۆشەویستی و جیاوازی زۆری تەمەن و کێشەو گرفتی خێزانی لە نێوان بەرناردو ماویس وایکرد، ماویس هەر بەدەستی خۆی مێردەکەی ژەهرخوارد بکات و بیکوژێت.

لەدواین درکاندنی نهێنەیەکانی ئەو کوشتنەدا، ماویس بۆ رۆجەری گێڕایەوە، با شتێکی نێهێنیت پێبڵێم «ئەویش کوشتنی مێردەکەیەتی بە ژەهر، چونکە خۆشم نەدەویست و لەسەر هەموو ئەوانەشەوە هەر شەوە هاوڕێ و کەسێکی دەهێنایەماڵەوە، تا ئمکاتە نێچری ئەوان، واتا دەیویست ئمکاتە لەشفرۆش و پارەم پێ پەیدا بکات، بۆیە کوشتم!

ئەوین هەمیشە رێگاکانی خۆی دەدۆزێتەوە، هەربۆیە ئەوەی لە رووداوەکانی ئەم رۆمانەدا دەیخوێنێتەوە جگەلەوەی لەسەر رووداوێکی سادەی کۆمەڵگە وەستاوە، کە ئەم رووداوانە هەرئێستا لە کۆمەڵگە خۆرهەڵاتی و کوردستانیشدا هەن.

بەڵام بەرزی ئاستی تەکنیکی رۆمانەکەو چنینی رووداوەکە ئاماژە بە تواناو باڵادەستی نوسەر دەکات، کە چۆن دەستیداوەتە چنینی ئەم رووداوە.

بێگومان عەشق و خۆشەویستی، وەك پێویستییەکی ژیان بۆ ئینسان، بەتایبەتی لەناو خێزانەکاندا، رۆڵی گرنگ دەگێڕێت و دەتوانێت خۆشبختی ئاسودەیی و ئارامی دابینبکات.

عەشق دەتوانێت مرۆڤی دڕندە هێمنکاتەوەو نیگەرانی بڕەوێنێتەوە، وەکو چۆن (ماویس)ی بێوەژن ئامادەی

هەموو قوربانیدانێکی بێ وێنەبوو، لە پێناو رۆجەری خۆشەویستیدا، لەکاتێکدا هەر ئەم ماویسە بوو، لە نەبوونی عەشق لەگەڵا مێردەکەیدا کوشتی، تا رزگاری بێ لە سوکایەتی و عەزابی رۆژانەی مێردەکەی.

ئەمە بۆ رۆجەریش راستە، ئەو خۆی دەڵێت: تاقەتم نەبوو بچمەوە ماڵەوە بۆ لای ژنەکەم و کچەکەم، تا دەهات تورەو بێئارام و بێ حەوسەڵە دەبووم و بیانوو بەرەبینگم بە ژنەکەم دەگرت، تا واملێهات زۆر شەو نەدەچومەوە ماڵەوە.

ئەم ئیعترافەی رۆجەر پڕە لە راستگۆیی لەغیابی عەشقدا لەگەڵا هاوسەرەکەی، هەربۆیە رۆجەر دەڵێت: «جاری وایە عەشق ئادەمیزاد ترسنۆك دەكات»

مەبەستی ئەوەیە لە پێناو عشقی ماویسدا زۆر شتی لەدەستداوە، بەڵام گرنگ لە جوانییەکەیدایە.

رۆجەر تا ئەوڕادەیە لە خێزانەکەی بێزارە تا وا وەسفی دەکات « کەسێکە دیکتاتۆر، نەیسەلمێن و ئەوەی ویستی و بڕیاریدا هەرئەوەیەو هەرگیز لە ڕاوبۆچوونی خۆی نایەتە خوارەوە»

بەڵام ماویسی بێوەژن، هێمن و لەسەرخۆ گوێ بۆ رازەکانی دەگرێت.

واتا فاکتەری سەرەکی تێکچوونی ئەم دوو خێزانە، نەبوونی عەشق و خۆشەویستییە لەناو دڵەکانیاندا، ئەوەتا تا ئەوڕادەیە لە دەستی هاوسەرەکەی بێزارەو عەشقی بۆ ماویسی بێوەژن هەیە کە دەڵێت «بریا هەرزوو ماویسم هەڵگرتایەو بڕۆیشتمایە»

کۆمەڵگەی کوردستان، شایەتی بەشێك لەم هەڵگرتن و ڕەدوکەوتنانەیە، بەتایبەت لە هەندێ ناوچەدا، ئەگەرچی ماناو مەغزاو باگراواندی کۆمەڵایەتی زۆری هەیە، بەڵام لە کورترین مانادا، ئەم فۆرمە لە عیشق «ڕەدوکەوتن» بەشێکە لە پرۆسەی عیشق و بەدەستهێنانی ئەوی تر لە پێناو گەیشتن بە ئەویندارەکەی.

ئەگەرچی مانا کۆمەڵایەتییەکان، وا ناڵێن و بەشکاندنی بەشێك لە ئابڕو و شەرەفی کۆمەڵایەتی خێزانی دەزانن.

بۆیە ڕۆجەر گەیشتیۆتە ئەو قەناعەتەی کە ماویس هەڵگری بڕواو چش لە هاوسەرو کچەکەی.

سەودای عیشقی ماویسی بێوەژن، داڵتوونی تووشی سەوداسەریەکی سەیرکردبوو، ئەو خوازیار بوو شەو و ڕۆژ لای خۆشەویستەکەی بێ، لە بەیانییەوە تا ئێوارە، شەویش لای بمێنێتەوە، چش لە ژن و کچەکەی و هەمیشە بە ماویسی دەوت، کە لەگەڵما بە ئەمەك و بەوەفا بێت، لە بەرامبەر ئەو عشقەی داڵتوندا ماویس دەیوت «من تەنیا تۆم خۆشدەوێ‌و دوای تۆ هیچ پیاوێك ناتوانێت دەستم بۆ بێنێت...، دوای تۆ هەر کەسێك پەنجەیەکم بۆ درێژبکات دەیکوژم، ل141»

بێگومان ماویس بە وەفاداری مایەوە بەرامبەر ئەو قسانەی بۆ خۆشەویستەکەی کرد، تا بۆ ئەبەد، کەسی خۆشنەویست نەشیهێشت هیچ پیاوێك لێی نزیك بێتەوە،

تا ئەوکاتەی داڵتون بە عەشقی ماویسەوە سەردەنێتەوەو دەمرێت.

ئەوکاتەی ماویس دەیویست لە هەژاری و بەدبەختی رزگاری بێت، بیریان لەوە کردەوە بچێتە خولێکی گۆرانی لای (سینۆر)ی شـارەزای مۆسیقاو گۆرانی، بەڵام دواجار رێککەوتن بە (1000) لیرە کە هیچیان نەیانبوو.

ئەم خولیایە وای لە داڵتۆن کرد، دەبێ ئەم پارەیە پەیدابکات، بەڵام چۆن، بە ناچار پەنای بردەبەر دوو براکەی (جۆرج و مارك) کە لەشارێکی تر دەژیان و چەند ساڵا بوو قسەیان نەبوو، یەکتریان نەبینیبوو تەنها بەخاتری ماویس.

شتێك کە رۆجـەر، داڵتۆن چـاوەڕێ نەدەکرد لە دوو براکەی روویـدا، ئـەوان هەردووکیان دەوڵەمەند بوون، بەڵام بەدڵشکاوی، براکەیان ناردە دەرەوەو هیچ کامیان ئامادەنەبوون پارەکەی- تەنانەت بە قەرزیش بدەنێ.

داڵتۆن ئەوکات هەستیکرد دڵشکان مانای چی و گەورەیی عەشق واتای چی، بۆیە بڕیاریدا واز لەوکارە نەهێنێت و ئـەوەش کە بڕیاربوو (ئەیوا) تەڵاق بدات، دوایخات تا کارەکەی (ماویس ) جێبەجێدەکات.

دیقەت بدەن، ئەم عەشقە چەند سەرکێشەو مرۆڤ تووشی خەونی سەیر دەکـات موعجیزەی سەیری پێی ئەنجامدەدات، ناچار رۆجەر پەنا دەباتەبەر دزینی (1200) لیرە لە بانك و ئەنجامەکەشی ئەوەیە هەر خۆی خۆی تەسیلمی زیندان دەکات و سێ ساڵا لە زینداندا لەبەر

خاتری ماویس دەمێنێتەوە، بەبێ ئەوەی ماویس بزانێ لە کوێیەو بۆچی لەکاتێکدا ماویس خەریکی کاری هونەری خۆی دەبێت و بۆتە هونەرمەندێکی باش.

دواین سات‌و دیدارەکانی پێش زیندانی رۆجەر ئەوەبوو کە ماویس باسی نهێنی کوشتنی مێردەکەی بە رۆجەری خۆشەویستی وت، وتی: بەڵێ من ئەوم کوشت، لەبەرئەوەی پیاوێکی بێ شەرەفی سەرخۆش بوو و لێیدەدام، دەیویست ناموسی من بفرۆشێت، بۆیە دەرمانخواردم کردو کوشتم، ئێستاش هەر پیاوێکی تر بێتە لام دەیکوژم...ل141»

پێشتر باسی ئەوەمان کرد، کە فاکتەری جیاواز، جیاواز هەبووە بۆ شکستی پەیوەندی دوو خانەوادەو ژن و مێردو تێکچوونی شیرازەی خێزان، کە گرنگترینیان سوکایەتی و غیابی عەشقە لەم پەیوەندیانەدا.

بەڵام کاتێك عیشقی راستەقینە خۆی دەدۆزێتەوە، هەموو لەمپەڕەکان دەشکێنێ و جێی هەموو ناخۆشی و گرفتەکان دەگرێتەوەو هـەردوولا ئامادەن قوربانیبدەن لە پێناو عەشقێکدا کە پڕە لە ترس و نیگەرانی.

تا ئەوڕادەیەی ئینسان پەنا بەرێتەبەر دزی و هەرخۆیشی خۆی بداتە دەست دادگـاو دوا قسەش ئەوەبێ «خۆم لە عیشق ناگوزەرکەم- لێگەرێم با ماویس بۆ خۆی بژی..ل148»

کێ هەیە ئەوەندە ئازابێ، پاش ئەو هەموو خەون و ئازارو مەینەتییە، کە لە پێناو ژنێکدا چەشتویەتی لە پێناو عەشق و هاوسەربووندا بۆ داهاتوو، بەڵام لە پێناو

خۆشبەختی عاشقەکەیدا، سێ ساڵا زیندان بچێژی و دوایش بڵێ با ئەو بەخۆشی بژی.

رۆجەر دەڵێت: ئەوە بەسەرهاتی من بوو لە زینداناو سێ ساڵا کەس نەهاتە سەردانم، تەنانەت ئەیوای خێزانیشم یەکجار نەهات، تەنانەت براکانیشم نەهاتن بۆ لام، بەڵام هەر چۆنێکبێت، نهێنییەکەم پاراست و نەمهێشت کەس بزانی بۆچی گیراوم و بۆچی دزیم کردووەو باسی ماویسم هەر نەکرد.

ئەو شەوەی کە ماویس کۆترل یەکەمین کۆنسێرتی خۆی دەگێڕێت «داڵتۆن ئەو شەوە ئامادەی ئاهەنگەکە بوو، بەبێ ئەوەی ماویسی خۆشەویستی بزانێ ئامادەیەو پاش سێ ساڵ زیندانی لە پێناوی ئەودا، بەڵام ئێستاش هەر عەشقی جارانی قوڵپ دەدات بۆ ماوسیس»

داڵتۆن تا ئەو رادەیە خۆشەویستی بۆ ماویس هەیە، بەڵام دەڵێت: ئامادەنیم جارێکی تر بچەوە لای و بمبینێت.

من ناموس و شەرەفی ماویسم دەوێ و ئامادەشم جارێکی تر قوربانی زیاتری بۆ بدەم «بەڵام ئێستا هیچ شتێکی هاوبەشمان لەنێواندا نییە، گەر خۆشمبوێ دەبێ لێی دووربم»

داڵتۆن هەموو ژیانی خۆی لە پێناو ماویس دانا، کەچی ئێستا ئامادە نییە، بچێ بیبنێ و پێی بڵێ ئازیزەکەم، ئەوە منم داڵتۆن، سێ ساڵە زیندانیم لەسەر تۆ، ئێستا هاتوومەوە.

دالّتۆن، ئامادەبوو بمرێ، بەس ماویس بەختەوەر بێت.
بۆیە بڕیاریدا لە ئینگلترا بڕواو سواری کەشتییەك بوو، بە یەکجاری سەری خۆی هەڵگرت و ژن و کچەکەشی بەجێهشت، تەنانەت بەبێ ئـەوەی ماویسیش بزانێ لە کوێیەو بۆ کوێ چووە.
رۆژێــك دەمــەو عـەسر زەنگی تەلەفۆنەکە لێیداو ئەفسەرێکی پۆلیس، وتی «تۆ هاوڕێی دالّتۆنی و ناوی تۆ لەسەر نامەیەك هەیە».
هاوڕێکەی وتی»چی بوو؟»
ئەفسەرەکە وتی: «رۆجەر دالّتۆن لە وێستگەی ڤیکتۆریا ژێر شەمەندەفەر کەوتووەو مردووە.»
هاورێکەی دەڵێت: «منیان بردەسەر تەرمەکەی لەسەر تەختێکان درێژکردبوو، چاوەکانی نووقابوون، رووخسارێکی پاكو ئارامی هەبوو.»
دالّتۆن مرد، بێ ئەوەی ماویس بزانێ.
بۆیە شەوێك ویویانی هاورێی دەچێتە لای ماویس و پێی دەڵێت: هەواڵی دالّتۆن دەزانی.
ماویس»ئاغا ئەو گفتی بەمندا قەت بەجێمنەهێڵیت، سێ ساڵە کەس نازانێ لە کوێیەو هەواڵی چییە، من لەساتێکدا شتێکی گرنگم بۆ درکاند، بەڵام ئەو بەجێی هێشتم...
نا...، وانییە ماویس ئەو لەبەر تۆ سێ ساڵ لە زینداندا بوو
ئەو پارەی دزیبوو لە پێناو تۆ خرایە زیندان

ئێ- ئێ چیتر؟

- هاوڕێکەی داڵتۆن وتی: خاتوو ماویس

- داڵتون مرد.

ماویس وتی، مرد، مرد، کەوتە زەوی


هاورێکەی وتی: ویستم بۆ کفن و دفنی مێردەکەی خۆی و کچەکەی ئامادەبن‌و پارێزەرێکم ناردە لای ئەیوانی خێزانی، بەڵام ئەوان وتیان ئێمە ئامادەنابین- هیچ هەقمان نییە بەسەریەوە.

رۆژی دواتر رۆژنامەکان نوسییان، مادام ئەیوا بێوەژنی رۆجەر داڵتۆن دڵی راوەستاو مرد.

بەمشێوەیە مردن لە پێناو عەشقێکدا دەبێتە سادەترین چرکەسات، ئەوەی قوربانی بوو لە پێناویدا کرا، بەڵام مەرگ دواین چارەنووسی هەموو شتەکانی دیاریکرد.

# خاك و خۆڵەمێش

## خاپورکردنی رۆحی ئەفغانییەکان




**ناوی کتێب: خاك و خۆڵەمێش**

**نووسینی: عەتیق ڕەحیمی**

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئازاد بەرزنجی**

**بابەت: نۆڤلێت**

**چاپی یەکەم: 2011**

**خوێندنەوە: ئەنوەر حسێن**

چوار ساڵ لەمەوبەر، کوڕە ناڕەسەنەکەی یەعقوب شا ویستی بچێتە بنکڵێشەی ژنەکەی مورادەوە و فریوی بدات و ئەویش ئەمەی بەموراد وتبوو، موراديش رێك چووە بەردەم ماڵی کوڕەکەی یەعقوب شاو بێڵێکی کێشا بەسەريدا، ئەوانیش چوونە دادگاو شکاتیان لە موراد کردو شەش مانگ حەپس بوو، پاش ئازادبوونیشی موراد لادێکەی جێهێشت و رۆیشت بۆ کانەکە.

رۆمانی (خـاك و خۆڵەمێش)ی عەتیق رەحیمی باس لەگوند دەکات، چیرۆکەکە باس لە رەنج و ئازاری خێزانێك دەکات لە ئەفغانستان، بەڵام وەك هەموو رۆمانەکانی تری عەتیق، کێشەی کۆمەڵایەتی غائیب نییە، فاکتەری سەرەکیش، بوونی کێشەی زۆرو زەوەندی کۆمەڵایەتییە، جگە لە فاکتەری ئابووریی و کلتووریی، فاکتەری سیاسیش هەوڵی زۆریان هەیە لە خوڵقاندنی ئەو کێشانە.

عەتیقی رەحیمی پێیوایە هەموو کێشە سیاسییەکان کاریان لەسەر چەوساندنەوەی کۆمەڵگەی ئەفغانستان کردووەو هەژاران چەوسێنراونەتەوە.

سێوە، لەناو رۆمانەکەدا، لەلایەن باوکی مورادەوە زۆر بەکارهاتووە، کە ئاماژەیە بۆ مێژووی مرۆڤایەتی و ململانێی ئەزەلی مرۆڤایەتی لە نێوان خواو ئادەم و حەوا، کە چۆن پێیانوایە مێژووی یاخیبوونی ژنەکە حەوا لە بەهەشت دەردەکرێت.

عەتیق، ئەم ململانێیەی لەناو رۆمانەکەیدا تەوزیف کردووە، خەم و چەوساندنەوەی بەردەوامی خەڵك وایکردووە کارەکتەرەکانی ناو رۆمانەکە هەرکامیان بۆ خۆی چیرۆکێکی

هەبێت، یەکێکیان دەڵێت: «دەزانیت باپیرە خەم، یان دەبێت بەئاو لە چاوەوە دەڕژێت، یان دەبێت بە شمشێرو دەکەوێتە سەر زمان، یان دەبێتە بۆمبێك و ڕۆژێك دێت دەتەقێتەوە و وێرانی دەکات».

ئەمانە قسەی فاتیحی پاسەوانە بۆ باوکی موراد.

حیکایەتەکانی خەڵکی ئەفغانستان زۆرن، بەدەست جەورو ستەمی سوپای سوورو کۆمۆنیستەکانەوە کە مومکین نییە، ئەم حیکایەتە دڕندانە کە نوسینەکانی عەتیق ڕەحیمی و خالیدی حوسێنی و زۆربەی نوسەرانی ئەفغانی نەبینی و نەبیستی، چونکە ئەوە دیفاکتۆیە، کە نەهامەتییەکانی ئەوان ئۆباڵی سەرەکی لەئەستۆی ئەواندایە، بۆیە دیسان عەتیق ڕەحیمی لە ڕۆمانی خاك و خۆڵەمێش دیمەنێکی دڕندانەی سوپای سـوور باسدەکات، کە چۆن دێن و گوندەکەیان تەختدەکەن بەبیانووی ئەوەی گەنجەکانی ئەو گوندە بۆ سەربازی بەرن و مل نادەن.

سەربازە روسەکان دەکەونە ئاڵانی ماڵانی گوندەکە، لە بەرامبەردا گوندەکە تەختدەکەن، میرزا قادر دەیگێڕێتەوە کە» گوندەکەیان خاپورکراو، بووە، گۆڕستانی ژنەکەی و کوڕە لاوەکەی بێدەنگ دەبێت و فرمێسك بە چاوەکانیدا دێتەخوارەوە، تەنها ئەم کوڕەزایەم دەرچوو، هەموویان مردن و یاسینی کوڕەزام دەرچووە، بەڵام کەڕبووە، لەوەش ناخۆشتر خێزانی کوڕەکەشم تیاچووە، ئێستا مـوراد بەمە نازانێت لەداخی زەینەبی خێزانی».

داستاگیری باوکی موراد دەگاتە کانەکەی موراد کە کاری لێدەکات، تا حیکایەتی تیاچوونی هەموو خێزانەکەی پێبڵێت و بڵێت ئەوە یاسینی کوڕیشتم بۆ هێناوی، بەڵام حەیف ئەویش کەڕ بووە.

سەفەرێکی دوورودرێــژی داستاگیر بۆ وتنی تەنها مەرگەساتی خێزانەکەی بە موورادی کوڕی، بەڵام سۆڤێتییە کۆمۆنیستەکان هەم قەتڵوعامی ژن و دایك و براکەیان کردووە هەم ناهێڵن باوکی حیکایەتەکە بە موراد بڵێت.

نۆڤلێتی خاك و خۆڵەمێش وەکو عەتیقی رەحیمی دەڵێت «کە ساڵێك خەریك بووە، بەڵام رووداوەکانی ناو رۆمانەکە لە یەك رۆژدا دەسوڕێتەوە، کە دەیەوێت دیمەنی جەنگ بگێڕێتەوە».

جەنگی کۆمۆنیستەکان لە ئەفغانستان هەموو ژیانی ئەو وڵاتەی شێواندووە.

عەتیقی، لە رۆمانەکانی «بەردی سەبووری و هەزار ماڵ لە غەرق و ترسی خاك و خۆڵەمێش» باس لە شوێنەواری ئەو جەنگە دەکات.

جەنگ، مـردن، نەهامەتی ژنـان، زۆربــەی کارەکتەرە سەرەکی رۆمانەکانی رەحیمییە، تەنانەت دەگاتە ئەوەی بڵێت «ئەوانەی مردون بەختەوەرن، ئەوانەی ماون لە عەزابدان».

جەنگی سۆڤیەتی ئیسلامییەکان، دەسەڵاتی تاڵیبان و ئیسلامییەکان، چ وڵات، چ تاکەکانی ئەفغانی وردوخاشکرد، نەهەماتییەکانی خەڵکی ئەفغانستان بەشێکن لەو کارانەی

عەتیقی رەحیمی، بەڵام رەنگە لە گەورەیی کارەساتی ئەو وڵاتە بێت بۆ نوسینی رۆمانەکان، عەتیقی رەحیمی و خالید حوسێنی گەورە کردبێت رەنگدانەوەی باشی هەبووبێت.

خاك و خۆڵەمێش، گوندێکی خۆڵەمێش ئاسا، هیچی نەماوە، نە شوێنەوار، نە ماڵ، نە خەڵك، هەمووی کوژراو وێران بوو.

خاکێکی سوتماك جێماوە، بەڵام هەرگیز نەفەوتاوە، چونکە هێشتا ئەفغانییەکان بەئومێدەوە دەژین، ئەگەر چی ترسیان لەسەرەو دەڵێت «دووبارەبوونەوەی خاك و خۆڵەمێش هەیە».

خاك و خۆڵەمێش رووداوێکی زۆر دوورنین لە مێژووەکەیان، هی ساڵانی هەشتاکانە، بۆیە دووبارەبوونەوەیان ئەگەرێکی نزیکە، بەڵام ئێستا خاك و خەڵکی ئەفغانستان هێشتا زیندوون.

# دۆنی ئارام

## ململانێی نێوان خیانەتو عەشقو جەنگ، قوربانیبوونی ژنو پیاو

**«رۆماننوسی سەرکەوتوو پیاوێکە بەراستگۆیەکی سەیرەوە درۆدەکات- یان درۆزنێکەو راستییەکان دەڵێت»**

**ئەحلام مستغانمی**



**ناوی کتێب: دۆنی ئارام**
**بابەت: رۆمان**
**نوسەر: میخایل شۆلۆحۆڤ**
**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: محەمەد حەمەساڵح تۆفیق**
**ساڵی چاپ: 2005**
**لاپەڕە: 563**

«جەنگ وڵاتی کردۆتە کابوستان و لاوان رەوانەی بەرەکانی شەڕکراوان.

ژنان کەوتونەتە رابـواردن، بووکەکەی ئەم ماڵ لەگەڵ مێردی ئەو ژنە رادەبوێرێ و دەستی تێکەڵکردووە، ژنی ئەو ماڵ رەدوکەوتووەو ئابڕوی خێزانەکەی بردووە، ئەو پیاو ژنی یەکێکی تری هەڵگرتووە، بووك لەگەڵ خەزوری رادەبوێرێت، کێشە کۆمەڵایەتییەکان سەرتاپای گوندی گرتۆتەوەو جەنگ دەیان کێشەو گیروگرفتی دروستکردووە، هەژاری و نەداری وڵاتی وێرانکردووەو ئارامی نەهێشتۆتەوە»

ئەوانەی سـەرەوە پانۆرامای رۆمانی» دۆنی ئـارام»ی «میخایل شۆڵۆخۆف»ی نوسەری گەورەی روس و خاوەنی وەرگری خەڵاتی نۆبڵە.

ئەم رۆمانە، کە رۆمانێکی ریالیزم و واقیعی مێژووییە، رووداوەکانی لە» تاتارسك» گوندێکی سەر رووباری «دۆن»ی روسیایە، لەساڵانی جەنگی جیهانی یەکەم روودەدات. باس لەشۆڕشی ئۆکتۆبەری مەزنی لینین و شەڕی ناوخۆدەکات.

شەڕ وادەکات لە یەك خێزاندا، دووبرا بکەونە دووبەرەی

دژبەیەك لەجەنگداو ژنەكانیان توشی كێشەو قەیران و لادانی سێكسی بن.

جیا لەوەی ئەم رۆمانە، واقعێكی كۆمەڵگەی روسیایە، تایبەتمەندی جیاوازیشی هەیەو زۆر نزیكە لە عـادات و سونەتی كۆمەڵگەی كوردی و كێشەكانی جەنگ و ژنان.

پیاوێكی بەتەمەن میلیخۆڤ لەتاتارسك قوتبۆە، كە خەڵكی گوند زۆر رقیان لە خۆیی و ژنە توركەكەی بوو، بەمشێوەیە پاش چەند ساڵ (مناڵێكیان) بوو، دواتر هەردووكیان مردن، دواتر ئەویش دوو كوڕی بوو «پێتەرو گریگۆری»

لەم رۆمانەدا وەك پیشەی هەمیشەیی نوسەرە روسەكان جیا لە ریالیزم لە كارەكانیاندا، وێنەی جوان جوان و زمانێكی سادەو لادێی و وەسفی سروشتی هەستپێدەكرێت.

نووسەرانی وەك شۆڵۆخۆڤ و ئیتماتۆف، نموونەی گەورەی ئەم ئەدەب و جۆرە نوسینانەن، كە زمانی لادێ و وەسفی سروشتی و واقعییەتی كۆمەڵگە پانتاییەكی گەورەی ناو رۆمانەكانیانە، جیا لەوەی دەقەكان هێندە واقیعی و كاریگەرن، ناكرێت زۆربەی كۆمەڵگە گوندنیش و بەتایبەتی خۆرهەڵاتییەكان لەو واقیعەتە بەدووربن.

رووداوەكانی سەرەتا بە راوەماسی و مانگا دۆشین و كاری گوند دەستپێدەكات، كە بەیانی زوو پانتلاو گریگۆری كوڕی دەچنە راوەماسی، لەپێناو پەیداكردنی بژێوی ژیاندا.

جەنگی زۆرەملـێ سێ لاوی گوند بـەرەو سەربازی راپێچدەكات (پێتەر و ستێپان و كریستۆنیای).

هێشتا ستێپان نەڕۆیشتووە، سەرەتای پەیوەندی عشق

و رابـواردنـی نێوان گرێگۆری و ئەکسینیای ژنی ستێپان دەسپێدەکات و گرێگۆری دەڵێت: خەمت نەبێ مێردەکەت ڕۆیشتوەو کەڵکم دەبێت بۆتان.

لێرەدا دیالۆگێکی چڕ لە نێوان هەردووکیان دەستپێدەکات و سەرەتای عەشقێکی گوماناوی نێوانیان دەستپێدەکات، نوسەر هەر لە سەرەتاوە دەیەوێت بڵێت: ژن چەند پڕە لە عەشق، هێندەش پڕە لەخیانەت و هەرگیز وەفادار نییە بەرامبەر مێردو خۆشەویستەکەی، هەر زوو ئەکسینیا لەگەڵ گریگۆری دەستی تێکەڵکردو خۆی تەسلیم کردو عەشق و وەفای مێردەکەی لە بیرکرد.

بەمشێوەیە یەکەم خیانەت لە سەر دەستی ژن، بەڵام بەملی جەنگ دەستپێکرد، دیارە نوسەر دەیەوێت بڵێت هەموو بەڵاو کێشەکانی کۆمەڵگە، لەملی جەنگ و قەدەری جەنگدایە، جیا لەوەش نووسەر دەیەوێت بڵێت: تا عادات و تەقالیدە کۆنخوازو سوننەتییە بۆگەنەکانی کۆمەڵگەی فیودیالی بمێنێت ئەم کێشەو ئابڕوچون و خیانەتیانە بەردەوام دەبن.

چونکە ئەکسینیا هەر لەوکاتەی کە کچ بوو لە کێڵگە لەگەڵ باوکی کاری دەکرد، باوکی دەستدرێژی کردە سەرو کردیە ژن و ئەمەش وایکرد کوڕەکەیی و ژنەکەی بیکوژن و پاش کەمتر لەیەك ساڵ ئەکسینیا شوودەکات بە ستێپان.

بەڵام بەو پێیەی ژن شەرەفی خێزان و خێڵ و کۆمەڵگەیە، نەمانی پەردەی کچێنی و بێبن بوونی ئەکسینیاش ئەوەی لێکەوتەوە کەئاشکرا بێت و ئابڕوی بچێت.

لەسەردەستی مێردەکەی ماوەی هەژدەمانگ زیندانی

کراو هەردوو گۆی مەمکی سوتاندو بە قامچی کەوتە لێدانی، چونکە پێشتر باسی ئەوەی نەکردوبوو کە کچێنی نەماوە.

نوسەر لێرەدا دەیەوێت سەرنجی خوێنەر بۆ ئەوە راکێشێت، کە ژن هەمیشە قوربانییەو پیاویش جەللادە، ژن و پیاو خیانەتکارن، بەڵام کۆمەڵگە هەمیشە بێ ماف و ناعەدالەتی کردووە، بەرامبەر بە ژن.

دووری ئەکسینیا لە مێردەکەی، تا ئارەزووە سێکسییەکانی دامرکێنێتەوەو سـۆزو خۆشەویستی بـداتـێ، وایکرد پەیوەندییەکانی لەگەڵ گریگۆری دراوسێدا هەموو گوند بزانێ و بەئاشکراش بەباوکی گریگۆری بڵێت: بەڵێ خۆشمدەوێ و بنوسە بۆ ستێپانی مێردم.

پانتێلا لە سیحرو نهێنییەکانی عەشق و خۆشەویستی نەدەزانی، بۆیە هەر زوو پەلاماری هەردووکیانی داو ئەوەی بە ئابڕوچوون و لەکەداربوونی دراوسێکەیان دەزانی، ئەمەش سادەترین بیرکردنەوەی خێڵە کە هەموو شتێ بەئابڕوچوون دەزانێ و زۆر رێز لە سوننەت و تەقالیدەکانی کۆمەڵگە دەگرێت.

ئاخر ئەو دەیزانی ئەگەر ستێپیانی مێردی ئەمە بزانێ، بەزم دەقەومێت، بۆیە هەر واش دەرچوو، ئەم هەواڵە لە ئوردوگای سەربازی بەستێپانی مێردی گەیشتەوەو خەریکبوو شەق بەرێت.

پەیوەندی نێوان گریگۆری و ئەکسینیا، جیالەوەی پانتایەکی زۆری رۆمانەکەی داگیرکردووە لە هەمانکاتدا کۆمەڵێك ماناو رەهەندی جیاواز جیاوازشی لەخۆگرتووە لەبابەتی: عەشق،

خیانەت، شەڕو ئاژاوە، سێکس، نهێنی، جوانی و ناشیرینی، ئەمانەش لەسیفاتەکانی عەشق و خۆشەویستین.

جیالەوەی مەسەلەی جادو و فاڵ کە زۆرتر ژنان پشتی پێ دەبەستن، دەرخستنی رووبەکی تری خورافات و سونەتەکانی کۆمەڵگەی خێڵە، کەچۆن ئەکسینیا پەنا دەباتەبەر فاڵگرتنەوە تا خۆشەویستەکەی ژن نەهێنێت و تەنهاو تەنها بۆئەوبێ و داوای لێدەکات با هەڵبێن بۆ شوێنێکی دور.

راستی ئەکسینیا، جیالەوانە، ئەوکات دەردەکەوێت کەستێپان دەگەڕێتەوەو بەئاشکر دەڵێت، لێمدە، لێت ناشارمەوە نوقمی تاوان و گوناهم.

بۆیە، مێردەکەی بەردەوام لێیدەداو هەردوو گۆی مەمکی بەئاگر داخکرد، بەڵام ئەمانە ئەوەندەی تر پەیوەندییەکەی لەگەڵ گریگۆری گەرمتر دەکرد.

رووداوەکــان زیاتر ئاڵۆزدەبن، کاتێك گریگۆری بڕیار دەدات ناتالیا بخوازێت و پاش چەند رۆژ دەبێتە ژنی و بڕیار دەدات لە بەرامبەر سۆزو خۆشەویستی پیاوەکەی، پەیمانی ملکەچی ودڵسۆزی دەربڕێ بۆ پیاوەکەی.

وەکو عاداتی گوند، هەمیشە هەموو شتەکان حەرامەو جێگەی قسەوباسە، بچوکترین شتی ناوگوندیش وننابێت، بەتایبەتی مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان.

هێشتا مەسەلەی گریگۆری و ئەکسینیا گەرمە کەکێشەی میتکاو لیزاش هاتە سەری، واتا وەزعی ژن لەم رۆمانەدا وەکو خۆی دەگێڕدرێتەوە، بەسادەترین شێوە.

پەیوەندی نێوان میتکای هــەژارو لیزای دەوڵەمەند

وادەکات، کە هەرگیز ئەم دووانە بە یەك نەگەن و باوکی لیزا دەڵێت: بەمیتکا بڵێن بڕواتە دەرەوە، هەی کوڕی قەحبە.

واتا نوسەر دەیەوێت بڵێت: لەم کۆمەڵگایەدا جنس حەرامە، رابواردن حەرامە، عەشقی راستەقینەش هەر حەرامە، هەموو ئۆباڵەکەشی لەملی ژنانە، کە پیاوانیش تێدا وەکو ژن تاوانباری سەرەکین.

خیانەت و تاوان و ناپاکی لەنێوان ژنان و پیاوانی ناو ئەم رۆمانە بەردەوام لە کێرڤێکی هەڵکشاو و داکشاودایە، نوسەر دەیەوێت بڵێت: هەردووکیان دوو بونیادی سادەن و خیانەت و راستگۆیش لە هەر دووکیاندا هەیە.

بۆیە چەندە ئەکسینیا ئافرەتێکی خیانەتکارو هەوەسبازو ئـابـڕوبـەرە، کە ستێپانی مێردی پیاوی راستگۆو باشە، بەپێچەوانەشەوە چەندە گریگۆری پیاوێکی خیانتکارو درۆزنە، ئەوەندەش ناتالیای ژنی کەسێکی راستگۆو پاك و عاشقە.

بۆیە لەلایەك عەشق و لەلایەکی تریشەوە خیانەت هەمیشە پاڵدەنێت بە گریگۆری و ئەکسینیا، کە دواجار بڕیاربدەن رابکەن و رەدووبکەون، ئەمیان عەشقی پیاوێك و ئەویشیان عەشقی ژنێك، پاشان هەڵدێن و دەچنە ئاواییەکی تری دوور لە گوندەکەی خۆیان و دەچنە لای پیاوێکی خانەدانی گوندەکە (مۆخۆڤ) و ئەویش پەنایان دەدا، بەڵام بەناچاری و دڵشکاوی ناتالیا گەڕایەوە ماڵی باوکی و وتی باوکەگیان لەگەڵ ئەو ژنە نەعەلەتییە رۆیشت و منی جێهێشت.

ئینسانی کۆمەڵگەی کوردی کە ئەم رۆمانە دەخوێنێتەوە

جیالەوە باش لە فەلسەفەی ژیان تێدەگات، بەڵام هەستدەکات ئەم رۆمانە رووداوەکـانــی لادێ و شــارو شارۆچکەکانی کوردستانن، بۆ نموونە: دەیـان کێشەی وا لەگوندەکانی کوردستاندا روویــداوە، دەیـان رووداوی رەدوکەوتنی وا روویداوە، دەیان عشقی وا ناکام خولْقاوە، سەدان بنەماڵە توشی کێشەو شەڕو قەیران هاتوون، بەدەیان ژنیش بونەتە قوربانی و سەر لێشێواو ماڵ لێتێکچوون.

بۆیە ناکرێت ئینسان وا هەستبکات حیکایەتێك دەخوێنێتەوە، بە قەدەر ئەوەی هەستدەکات حیکایەتەکە هێندە لێوەی نزیکترە کەرۆژانە هەستی پێدەکات و دڵی دادەخورپێنێت.

نوسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی والێکداوەتەوە، کە راستە ئەمە ئەگەر لە کۆمەڵگەیەکی ئازادو مۆدێرندابێت رەنگە ئاسایی بێت، بــەڵام لەگەڵ ئــەوەشــدا ناکرێت هەستی شەخصی ئینسانەکان و شعورو هەست و ناخیان نەخوێندرێتەوە و پەنجە لەسەر ئەوخاڵە دانەنرێت، کە ئینسان هەرچی چۆنێکبێت هەمیشە پێویستی بەعەشق و عەتف و هەست و سۆزێکی گەورە هەیەو زۆر بەسەرهات و کارەساتیش، وەکو کابوس تامردن لەکۆڵ ئینسان نابنەوە.

بۆیە پێموایە نوسەر خۆی ویستویەتی رەوتی رووداوەکان وا نیشانبدات، کە ئەوە ژنانی کۆمەڵگەن هەمیشە توشی ئابڕووچون و کێشەو ستەم و چەوساندنەوە بوونەتەوە، جارێك بەدەستی مێردو باوکیان و جارێك بەدەستی خۆشەویستی و براکانیانەوە، بەڵام ئەوە هەر ژنان خۆشیانن

کە جگە لەوەی بوونەتە گاڵتەچی کۆمەڵگە کابوسێکن بەسەر ڕەگەزەکانی خۆیانەوە، بەوەی جارێك حەز لەپیاوێکی تر دەکەن و خیانەت لەمێردەکانیان دەکەن و جارێك کاری لەشفرۆشی دەکەن.

تانوپۆی ڕووداوەکانی دۆنی ئارام لەسەر قەیرانەکانی ژنان درێژ دەبێتەوە، تا ئەو ڕادەیەی پاش ڕەدوکەوتنی ئەکسینیا لەگەڵ گریگۆری مێردیدا، ناتالیا هەمیشە لەخەم خەفەتی بەردەوامدایە، لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە ڕووبەڕووی پەلامارێکی میتکای برای دەبێتەوە، کە دەیەوێت دەستدرێژی سێکسی بکاتە سەر، قسەو قسەڵۆکی خەڵکی گوندیش هەمیشە ناتالیای دادەوەشاند بەوەی دەیانەوت، ئەوە ئەو ژنەیە کە کون کراوە، بۆیە هەموو ئەوانە کە لەلایەن باوکییەوە بەسەریهات و لەسەر دەستی براو مێردەکەشی توشی نەگبەتی زیاترو زۆرتر بوەوە، بۆیە بڕیاریدا خۆی بکوژێت.

لەبەشێکی تری ڕۆمانەکەدا جیالەوەی باس لە شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەکات، باس لەوەش دەکات کە هەرکەسێك ئەندامی پارتی کرێکارانی سۆسیالیست دیموکراتی روسیا بوایە، توشی سزاو لێپرسینەوە دەبوو.

ئەمەش جیالەوەی بۆچونی خودی نوسەر لەسەر مارکیسزمو لینینزم لە هەمانکاتدا واقعی کۆمەڵگای روسیاشە.

دیسان نوسەر دەگەڕێتەوە سەر وەفایی ژن و لەهەڵوێستی ناتالیادا ئەوەمان پێ دەڵێت: کە ئەوە سەرەڕای سۆزانیەت و خیانەتی مێردەکەی، بەڵام ئەوە هەر ئەوانن بۆ هەمیشە بەوەفایی دەمێننەوە.

سـەرەڕای ئـەوەش کە گریگۆری ناتالیای جێهێشت و ئەکسینیای خۆشەویست، بەڵام کە هەواڵی کوشتنی گریگۆری لە بەرەکانی جەنگەوە هات، ناتالیا وتی خۆم دەکوژم و هیچم بۆ نەمایەوە.

رووداوەکان زۆر تێکهەڵکێشن، جەنگیش هەموو وڵاتی وێرانکردووەو ئینسانەکانی شێواندوە.

سەرەڕای بەوەفایی ناتالیا، بەڵام دەریای ژنی پیتەری برای گریگۆری بە نەتالیا دەڵێت: مێردەکانمان لامان نەبن هەقی خۆمانە ئەملاو لایەك بکەین و ئیتر بۆ نایەی رابوێرین، ئاخر ئەوە دوو مانگە پیتەر لێم دوورکەوتۆتەوە.

ناتالیا هێشتا دڵسۆزو بەوەفایە، بۆیە دەچێتەسەر ئەکسینیا و پێ دەڵێت: مێردەکەم کە لێت داگیرکردووم، بۆم بگێڕەوە.

ئەکسینیا هەر بەوەشەوە ناوەستێ کە جارێك خیانەتی لە ستێپانی مێردی کرد، بەڵکو بۆ جارێکی تر خیانەت لە گریگۆری مێردی دەکات، دەستی لەگەڵ یێسقیگیندا تێکەڵکرد.

خیانەتی ژنەکان هەر بەردەوامە و ئۆباڵەکەشی لەملی جەنگە.

نەتالیا-ش خۆی بۆ خیانەتێکی نوێ ئامادەدەکات و لەگەڵ ستێپان دەست تێکەڵدەکات، چەند شەو بەیەکەوە رادەبوێرن، ئەمەش وەکو تۆڵەکردنەوە لە گریگۆری.

سۆزانیەتی نەتالیا دەگاتە ئەوەی، کە خەزوری سوار خۆی بکات و لەکادێنکە قۆپچەی کراسەکەی بۆ دەکاتەوە و پێ دەڵێت: وەرە خۆشە.

بەڵام لێرەدا نەتالیا واقیعیانە دەدوێت بە خەزوری دەڵێت:

بۆ پێشتر لێتدام، ئاخر من ساڵێکە مێردەکەم لێم دوورە ئەی لەگەڵ سەگدا بخەوم.

خیانەتی میتکاو ژنەکەی ئەنیکۆشکای یەکێکی ترە لەو خیانەتانەی کە شەوانە بەیەکەوە دەیانکرد.

جیالەوەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان (پەرەیانگرتووە، رەوشی سیاسی تادێت ئاڵۆز دەبێت. جەنگ بەردەوامە هێرشی سوری بەلشەفیکەکان تادێت پەرەدەسێنێت و قەیرانەکان قوڵتردەکاتەوە.

نـاوەڕۆکـی رۆمانەکە بـاس لـەدوو کێشەی سەرەکی (کۆمەڵایەتی و سیاسی) دەکات و دەیەوێت بڵێت: کۆمەڵگەش بەهەردوو شێوەکە زەلیلی دەستی ئەو دوو چەمکەیە.

بەڵام دواجار نوسەر دێت پێمان دەڵێت، کە شەڕو جەنگ کۆتایدێت، کێشە کۆمەڵایەتییەکانیش کۆتاییان دێت.

هەربۆیە ئیتر قەیرانەکان کۆتایدێن، ستێپان و ئەکسینیا دەگەڕێنەوە لای یەك.

بەڵام دواین ئاکامەکانیش بەکوشتنی پیتەر کۆتایدێت و شۆڕشی بەلشەفیك بەرەوسەرکەوتن دەچێت، هەر لەوێدا قسە لە فەلسەفەی مارکیسزم کراو کە دەلالەتە لە مانفێستی بەلشەفیکەکان.

# سەمەدی بەهرەنگی

## وێڵێك
## بەدوای خەونەكانی منداڵاندا

خەڵكی ئێران دەڵێن: دەریای خەزەر، زۆر لەوە بچوكترە كە سەمەد بخنكێنێت..،

(ئەو سیستمانەی كە فەیلەسوفەكان دایدەنێن، دەربڕی سروشت و خودی ئەوانە) نیچە.



**ناوی کتێب:چیرۆکەکانی سەمەدی بهرەنگی**

**بابەت: چیرۆك**

**نوسەر: سەمەدی بهرەنگی**

**وەرگێرانی لە فارسیەوە: حەمە کەریم عارف**

**ساڵی چاپ: 2004**

**لاپەڕە: 240**

گەر ئەم بۆچوونەی نیچە سەبارەت بە فەیلەسوفەکان راست بێت، دەبێ چ ناکۆکییەك هەبێت لە سەپاندنی هەمان بۆچوون بەسەر نوسینەکانی سەمەدی بەهرەنگی دا.

سروشتی سەمەد و خودی ژیانی ئەو، ئەو دوو واقیعە کە راستەوخۆ کاریگەرییان لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی ئەو هەبووە و رەنگدانەوەی هیومانیستیان لە ئەفراندنەکانی ئەودا داناوە.

بێگومان سروشتی ئازربایجانی ئێران و کولتور و فەرهەنگ و فۆلکلۆری ئەم ناوچەیە و ژیان و گوزەرانی سەمەدی بەشمەینەت، داینەمۆی ئەو خولْقاندنە بێ، وێنەیەکە لە بەرهەمەکانی سەمەد دا رەنگیداوەتەوە، (تـاری وردی) (پاڵەوانی کوڕێژگەی چەونەر فرۆش) (قۆچ عەلی) (پاڵەوانی ئەفسانەی خۆشەویستی) (یولدز- پاڵەوانی یولدزو قەلان) (کەچەڵی کۆترباز) (مەحمود پاڵەوانی بیست و چوار سەعات لەخەون وبێداریدا...،)

ئەوانەی سەرەوە، لەو پاڵەوانانەی چیرۆکەکانی سەمەدن، مرۆڤ هەستدەکات ئەمانە خودی سەمەدن- یان دەیان مناڵی ئێران و ئازەرین، کە بەدەستی نەهامەتی و چەوساندنەوەی چینایەتی و مەزهەبی و نەتەوەییەوە گیرۆدەبوون.

بۆ ئەوەی مانایەکی تر بدات بە ژیان و رووی راستەقینەی

ئەو ستەم و بێ مافی، بێ عەدالەتییە دەربخات، کە ئینسانی کرۆدتە کۆیلە، لەجیهانی منداڵەوە ئەم مانایەی داوە بە ژیان.

منداڵ لە نوسینەکانی سەمەد دا، ئاوێنەی واقیعەتی کۆمەڵگەو سیستمی سەرمایەداری و گەندەڵی پاشایەتییە لە ئێراندا، ئاوێنەی ئەو نایەکسانی و کۆیلەیەتییەیە کە منداڵانی دەستەنگ و هەژار لە کوچەو کۆڵانەکانی جیهاندا، بێ سەرپەنا رۆژ بەڕێدەکەن و ناتوانن قوتی رۆژانەیان دەستەبەربکەن، هەمیشە لەگەڵ ژیانێکی بێ بەها لە ململانێدان لە پێناوی دروستکردنی داهاتوویێکی باشتر.

منداڵ پاکترین کائینی سەرزەمین، بێ بەهرەمەندترین زیندەوەری جیهان و نوسینەکانی سەمەدە، کۆیلەترین ئینسانی سـەدەی بیست و بێ مافترین ئینسانی جیهانی سەرمایە و پاشایەتییە، کە وادەکـات چەندین پاڵەوانی وەك (تاری وردی) بخولقێنێت، لەوێشەوە مانایەکی تر بدات بە منداڵ و بەگژداچوونەوەی ئەو سوننەت و بێ مافییە.

گەر جیهانی ئەدەب بۆ خۆی مانایەکی گەورە بدات بە ژیان و هەریەکە لە رەهەندێکەوە سەیری بکات، بەڵام ئەدەبی منداڵان زۆر لەوە گەورترە کە تەنها لە رەهەندێکەوە سەیری بکەین، ئەوەی کە سەمەد کردی لە ماوەیەکی کورتی تەمەن و نوسینەکانیدا، سەلماندنی ئەو راستیەیە، کە بەحەق سەمەد بۆ نوسینەوەی ئەدەبی منداڵان و هەستکردن بە ئازارەکانیان خولقابوو.

گەر ئەو قسەیە راست بێت کە (نوسەر مرۆڤێکە لەسەر رۆخی راستی دەژی- یان رۆماننوسی سەرکەوتوو پیاوێکە بە راستگۆیەکی سەیرەوە درۆ دەکات- یان درۆزنێکە و راستییەکان دەڵێت)

ئەوا ئەم دوو رستەیە، بە باڵای گەورەیی سەمەدی ئینسان و ئەدەبە گەورەکەیدا دەبڕێت.

ئەوە سەمەدە لەسەر رۆخی راستی دەرونی پاکی منداڵاندا دەژی، ئەوە چۆن لەگەڵ (کلوە بەفر، ماسییەکی رەشی بچکۆلە...) دەدوێت و هەرکامیان دەهێنێتە گۆو مەنەلۆگێکی وا دێنێتەبەرهەم، کە خەریکە قورگی ئینسان دەهەژێنێ و پڕ بەگەروو هاوار دەکات، با بەس بێت چەوساندنەوە.

گەر بەپێی فۆرمی ئەدەبی بێت، نوسینەکانی سەمەد ناچنە قاڵبی رۆمانەوە، بەڵام کەس ناتوانێ لەئاست (کات) ی رووداوەکانی سەمەد یوتۆپیانە بڕوانێ، لەئاست (شوێن) خۆ لـەوە بدزێتەوە کە ئێران و کوردستان و ئازربایجان جەهەنەمێکن بۆ منداڵان و ئینسانی ئێران خوڵقاون، لەئاست (کەس)ەکانی ناو نوسینەکانیدا، ئینسان ناتوانێ دڵی لە قوڵپی گریان راگرێت و ئەو وێنە تراژیدیەی ئینسان گیرۆدەیەتی، ئەو منداڵەی هیچی لە (زۆر باو حەمە دۆك) کەمتر نییە، کە دەتوانێ سەرنجی خوێنەرەکەی تا ئەوڕادەیە راکێشێ کە هەستبکەین چ فەنتازیایەك لە نوسینە واقیعەکانی سەمەدا کراوە، ئەوە کامە پاڵەوانی چیرۆکەکانی سەمەدە، نامانخاتە ناو جیهانی ئەفسووناوییەوە و دێڕ بەدێڕ راماناکێشێتەناو ئەو حیوارەوە کە سەمەد بەرهەمیهێناوە.

گەر ئەمە سیفاتی رۆمانی سەرکەوتوو بێ، بێگومان هەموو ئەم فۆرم و چەمکانە لە ناواخنی نوسینەکانی سەمەدا، وجودیان هەیە، بەڵام تەنها جیاوازیەکە ئەوەیە یەکەم لە زمانی منداڵەوە قسەدەکات و پاڵەوانی هەموو رۆمانوسییەکان ئەم منداڵان و دووەم بە زمانێکی سادەو ساکار نوسراون، کە هەموو کەس وەك منداڵ تێبگات و هەست بە ئازاری منداڵان بکرێت.

جیهانی نوسینەکانی سەمەد، چەندە سادەیە، سەد هێندە مانادارو پڕ لەئەفراندنە، چەندە بێ تەکنیکە بەپێی نوسینەکانی و پێوانەکانی نوسینی ئێستا، سەد هێندە پڕە لە وێنەی جوان و فانتازیای بێ وێنە.

جیهانی ریالیزم و واقیعەت ئـەو فۆرمە ئەدەبییە گەورەیەیە، کە سەمەد لە کارەکانیدا گرنگی پێداوە و واقیعەتی ئەو سەدان منداڵەی ئازربایجان وادارڕشتووە، کە تەنها سەمەد دەتوانێ لە ماناو مەغزای ئەو بەرهەمانە بگات.

دیالۆگ و مەنەلۆگ، دوو فۆرمی ناو نوسینەکانی سەمەدن، کە بۆ خۆی ئەم دوو فۆرمە لە نوسیندا چەندە گرنگن، هێندەش قورسن، بەڵام گـوزەران لەناو واقیعیەتی ژیانی منداڵان و مامۆستایی لەناو منداڵانی گوندە دوورەدەستەکان، ئەم دوو فۆرمەی گەیاندۆتە لووتکە لە نوسینەکانی سەمەددا.

سەمەدی بەهرەنگی لە (2ی تیرماه 1318-1939ز)ی لە کۆڵانی ئەسکویی گەڕەکی چەرنداب لە شاری تەورێز چاوی بۆ ژیان هەڵهێنا.

عزەتی باوکی و سارا بیگمی دایکی، خاوەنی شەش منداڵ بوون (زرین تاج، ئەسەد، فاتمە، سەمەد، روقیەو جەعفەر)ساڵی (1325) دەچێتە خوێندنگا.

سەمەدی بەهرەنگی پێناچێت هەر بەسوتفە بووبێتە مامۆستا، بەڵکو ئەوە خولیایەکی تایبەت بووە، تا لەورێگایەوە بتوانێت خزمەتی زیاتر بە منداڵان بکات.

ئەوە حەقیقەتە کە پیشەی مامۆستایی، سەرەتایترین دیالۆگی نێوان دوو ئینسان و دوو توانای جیاوازە، لە نێوان مامۆستاو خوێندکاری منداڵاندا.

جگەلەوەی سەمەد کەسێکی چەپ و مارکسیستی بوو، خاوەنی ئیدیۆلۆژییەکی هیومانیستایانە بـوو، ئەمەیش ئەوەندەی تر پاڵی پێوەنا بۆ خزمەتکردنی منداڵانی بەش مەینەت و چەوساوە.

سەمەد پێشترو دواتر هاوڕییانی (کازم و بهروز و دهقانی و نابدل) لەپاش مەرگی سەمەد رێکخراوی (چریکانی فیدائی خەڵکی ئێرانیان دروستکرد.

لەمبارەیەوە دەکرێت سەمەد و جیهانی سیاسی و بیروباوەڕەکانی بەشێکی سەرەکیین لە داینەمۆی بەرهەمی منداڵانەی ئـەو، کاتێکیشی لە ساڵی (1334) خوێندنی مامۆستایی تەواودەکات، لەسەر داوای خۆی رەوانەی گوندە دوورەدەستەکانی ئازربایجان دەکرێ و نزیکەی یانزە ساڵ لە (مەمقان، قەد جیهان، ئازەرشار، گۆگان، ئەخیرجان) وانەی دەوتەوە.

سـەمـەد، چونکە خۆشیی لە بنەماڵەیەکی هـەژارو دەستکورت بوو، هەمیشە ئەمە هانیدەدا کە دیفاع لە منالانی چەوساوەو بەش مەینەت بکات.

هەموومان باشدەزانین، سایکۆلۆژیەتی منداڵ چەندە ناسك و تایبەتمەندە، هەموو نوسەرێك ناتوانێت کاری بۆ بکات، بەڵام سەمەد پێی وابوو (ئەدەب، تەنیا لەزامەوە، سەرهەڵدەدا..!)

زامێك کە سەمەد و هاوڕەنجەکانی توشکردبوو، سەرئەنجام ئەو ئەدەب و داهێنانەی لێکەوتەوە کە خزمەتی منداڵانی پێکرد.

(تاری وردی) پاڵەوانی کورێژگەی چەوەنەر فرۆش، ئەو منداڵە مەحروم و چەوساوەیە، کە هەموو وجودوییەتی پڕە لە زام و دەردەسەرییە.

(مەحمود، یولدز، قۆچ عەلی) ئەو منداڵە پاڵەوانانەی ناو چیرۆکەکانی سەمەدن، کە پڕاوپڕن لە هەژاری و بێ لانەیی وستەم و ناعەدالەتی، ئەمە ئەو زامەیە کە سەمەدی والێکرد، ئەدەب بدۆزێتەوە.

زۆرکەس وا هەستدەکەن، نوسین بۆ منداڵان- یان بڵێین ئەدەبی منداڵان کارێکی هەروا ئاسانە، بەڵام ئەمە راست نییە، بەڵکو دنیای منداڵ و سۆزو خۆشەویستی ئەوان و خوێندنەوەی ناخی منداڵان و تێگەیشتن لە خەم وئازارەکانیان و دارڕشتنیان بە شێوازێکی ئەدەبی، کارێکی گەلێك قورسە.

بۆیە دیالۆگ بە زمانی منداڵان و خوڵقاندنی فانتازیای جۆراوجۆر، بەشێوەیەك کە منداڵان تێبگەن رەنگە کارێکی قورس بێت.

بەڵام خاڵی گرنگە ئەوەیە، نوسەری ئەم بوارە لە جیهانی منداڵان و خۆزگەو خولیاکانیان شارەزایەکی باشی هەبێت و بە زمانی ئەوان بدوێت.

زۆربەی ئەوانەی خەریکی کاری منداڵانن، پێیان وایە پێویستە «بۆ تێکەڵکردنی خەیاڵ و واقیع، پاڵەوانی چیرۆکەکان منداڵ بێت».

بەم پێناسەی سەرەوە بێت، سەمەد هەموو ئەو خاڵانەی تێدایە، چ جای ئەوەی سەمەد شارەزایی دنیای منداڵانە بووە، بێگومان هەموو پاڵەوانەکانی سەمەد منداڵن.

بۆ راستی ئەم قسەیە خوێنەر دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ چیرۆکەکانی سەمەد، لە بابەتی (ئەفسانەی خۆشەویستی، کەچەڵی کۆترباز، کوڕێژگەی چەوەنەر فرۆش...!

رەنگە عەشق چەمکێکی سەرەکی بێت لە کارەکانی سەمەد

دا، لەمبارەیەوە لە چیرۆکی (کەچەڵی کۆترباز و ئەفسانەی خۆشەویستی ویولدزر قەلان) ئەم عەشقە بەجوانی هەستی پێدەکرێت، بەڵام بە فۆڕمێك کە پڕە لە جوانی و قوربانیدان.

سەمەد لە شوێنێکدا دەڵێت: (ئەگەر نان هەبێ، پێویستە هەمووان بیخۆن، ئەگەر نەبێ پێویستە هەمووان برسیبن، پێویستە هەمووان تێبکۆشن نان وەدەست بێت)

ئەگەر ئاسایش و خۆشبەختی هەبێ دەبێ بۆ هەمووان بێت وەئەگەرنا، بۆ هیچ کەس نابێت.

سەمەد هەمیشە دەیگوت (مەرگ زۆر بە ئاسانی ئێستا ئەتوانێ بێ بۆ لای من، بەڵام تا بتوانم بژیم، بە پێشوازی مەرگەوە ناچم، ئەڵبەتە ئەگەر لەکاتێکیشدا بەناچاری روبەڕووی بوومەوە- کەئەشبم، گرنگ نییە گرنگ ئەوەیە، کە ژیان- یان مەرگی من چ کارێك بکاتەسەر ژیانی کەسانی دی)

بێگومان مەرگی سەمەد کارەساتێکی گـەورە بوو بۆ منداڵانی ئێران و جیهان، گەلانی ئێران بە مەرگی سەمەد منداڵانی ئێران یەکێك لە خۆشەویستانی خۆیان لەدەستدا، کە تائێستاش جێگای خاڵییە.

سەمەد بەئاشکرا دژی ستەم و چەوساندنەوەی رژێمی پاشایەتی بوو لە ئێران، تا دواجار (شا) پیلانی دانا کە بیکوژن و لە پیلانێکدا سەمەدیان لە دەریای خەزەر خنکاند، گوایە مەلەی نەزانیوە.

ئەگەر چی هاورێکانی دەڵێن سەمەد زۆرباش مەلەی زانیوە.

خەڵکی ئێران دەڵێین (دەریای خەزەر زۆر لەوە بچووکترە کە بەهرەنگی بخنکێنێت...)

**بەرهەمەکانی سەمەدی بەهرەنگی**

1-تێڕوانین لە کێشەی پەروەدەیی ئێران

2-ماسییە رەشە بچکۆلەکە

ئەم کتێبە خەڵاتی نمایشگای (پۆڵۆن)ی ئیتاڵیایی ساڵی 1969 وەرگرتووە

خەڵاتی (بینای برالیسلاوا)ی چیکۆسلۆڤاکی ساڵی 1969 وەرگرتووە.

3-قۆخێك و هەزار قۆخ

4-ئەفسانەی خۆشەویستی

5-قەلەرەش

6-یولدزو قەلان

7-کوێرتۆغلورهەندە کەچەڵ

8-بەسەرهاتی کڵۆی بەفر

9-کەچەڵی کۆترباز

10-بیست و چوار سەعات لەخەون و بێداریدا

11-کوڕێژگەی چەوەنەر فرۆش

12-داستانی رفاندنی قیرات.

**سەرچاوەکان:**

1-یادمان صمد بهرنگی- علی اشرف درویشیان- کتاب وفرهنگ 1379


2-سمات بطل فی الحیکایات الازربایجانیة، یوسف ایوب مجلة بارش، ژمارە -15ئوکتوبەری 2004

3-مجموعە مقالەها، صمد بهرنگی، چاپی چهارم -1359 تهران

4-کتێبەکانی صمد بهرەنگی

# چاوەکانی

## درکاندنی نهێنییەکانی عاشقێك




ناوی کتێب: چاوەکانی

بابەت: ڕۆمان

نووسەر: بوزورگی عەلەوی

وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی

ساڵی چاپ: 2010

لاپەڕە: 248

کاتێك عشق دەخزێتە ناو هەموو پنتەکانی کەسێك- یان کۆمەڵگەیەکەوە، رووداوەکانیش جوانترو باشتر دەچنەپێش، بەتایبەتی لەحاڵەتی قوربانیداندا گەر لەپێناو (ئەوین) دا بێت، ئـەم عشقە نموونەیی و جاویدانی دەبێت و دەمێنێتەوە، وەکو لەم رۆمانەدا دەردەکەوێت.

لەم رۆمانەدا عشق بەشێوەیەك باڵی بەسەر پێکهاتەکانی تـری رۆمانەکەو تەنانەت بەسەرچەمکی (سیاسەت، سۆزانییەت، پارەو ستەم و چەوساندوە، ئازارو زیندان و نەخۆشی و خەباتی نهێنیدا گرتوە).

فەزایەکی وا دەدات بەرۆمانەکە، خوێنەر ناتوانێ لەگرنگی ئەم عشق و سیاسەتە خۆی بەدووربگرێت.

تا بـەڕادەیـەك تێکەڵکێشن چـۆن سیاسەت دەبێتە پەیوەندی نێوان دووکــەس و عەشق پیرۆز دەکـات، بەهەمان شێوە هەر خودی سیاسەتیشە هەردوو عاشق بەچارەنووسێکی نـادیـار دەگەیەنێت، بـەڵام بـەدەر لەرازیبوونی خۆیان، تابلۆیەك ئەو رازە سیحراویانەی ئەو عەشقە دەگێڕێتەوە.

راستە لەوڵاتێکدا کەستەم و چەوسانەوە هەبێت، مانایەك بۆ عەشقیش نامێنێت، بەڵام گرنگی و جوانی عەشقیش لەوکاتەوە دەردەکەوێت، کەچۆن دەتوانێ جوانییەکانی عشق لەو بارودۆخە، پڕ لەمیحنەتەدا بدۆزێتەوە، وەکو (فەرەنگیس وماکان)دەیدۆزنەوە.

***

**کات: سەردەمی رەزاشا.**

**شوێن: تاران**

**رووداو: بەسەرهاتی شۆڕشگێڕێکی ئازاو نیگارکێشێکی بەتواناو عاشقبوونی کچێکی دەوڵەمەند و پڕ کەیف و سەفا کەخۆی لێونبووە.**

**ئاکام: شۆڕشێکی عاشقانە رووداوێـك دەخوڵقێنێت و رۆمانێکی لێبەرهەمدێت بەناوی چاوەکانی.**

***

مامۆستا ماکان مرد، بەڵام لەغوربەتداو هەندێکیش دەیانوت خۆشەویستی ئافرەتێك بەو دەردەی گەیاندو رووناکبیران بۆچونیان وابـوو، کە عشق ژیانی ئەوی دایە دەست مەرگ.

ئەمە سەرەتای رۆمانی چاوەکانە، کە دەکرێت هەرسێ بۆچونەکە راستبن، لەبەرئەوەی عەشق و ژیان و دووری لەفەرەنگیس و عەشقی بۆ ژیان هەرسێکیان مامۆستایان بەو رۆژەگەیاند.

بەڵام چارەنوسی مەرگی ماکان وادەکات فەرەنگیس بڵێ« مامۆستا منی بەم رۆژە گەیاندو ئەم چاوانە هی من نین»

ماکان ئەو کەسەی لەهەموو قوربانیەکیدا، لەپێناو رزگاری وڵات و بەدیهێنانی ئازادی و کاری سیاسی و زۆریش عاشق بوو بە فەرەنگیس، تا ئەو رادەیەی تابلۆیەك بۆ چاوەکانی فەرەنگیس بکێشێت و ناوی بنێت تابلۆی (چاوەکانی).

عەشقی ماکان بۆ فەرەنگیس هێندە سیحراوییە، ئەوکاتەش ماکان دووردەخرێتەوە بۆ کەلات و لەغوربەت فەرەنگیسی لەیاد ناچێت و ئەو تابلۆیە دەکێشێت، ئەگەرچی فەرەنگیس

پاش ئەو هەموو سەرکێشی و رابواردنە، توشی عەشقێکی وەها دەبێت، کە جیاوازە لەعەشقەکانی پێشوو، کەپڕبوون لەسەفاو رابواردن و کات بەسەربردن.

«عەشقێك پڕ لەژان و کێشەو مەترسی و بێ ئەنجام، بەڵام گـەورەو جوان و شایستەی ئـازارو قوربانیدان و بەشداری لەچالاکی سیاسی و گیان بەخشین و قوربانیداندا»

ماکان لە ماڵێکدا لەتاران دەژیا، جگە لە ئاغا رەجەب و مناڵەکانی و هاوڕێ نزیکەکانی گروپەکەی دژی شا، تێکەڵاوی کەسی نەدەکردو حەزی نەدەکرد کەسیش بەکارەکانی بزانێت، بەڵام رۆژگار بەکچێك ئاشنای دەکات.

کە لەزۆر بواری ژیان و عەشق... جیاوازبوون، ئەویش (فەرەنگیسە).

«سەرئەنجام مامۆستا بە تابلۆیەك، گشت ئەو عەشق و یادگاریانەی نەخشاند، تا دیارییەکی بۆ بنرێت و بۆی بسەلمێنێت، کە فەرەنگیسی چەند خۆشویستووە، بەڵام مامۆستا بەدوو داخەوە مرد، ئەویش نەئازادی هاتەدی و نە فەرەنگیسیش تا سەر بۆ ئەو بوو»

وا دیارە مامۆستا زۆر کەیفی بەوێنەی فەرەنگیس هاتووە، چونکە خۆی دەڵێت ئەوکاتەی خەیڵتاش وەزیـری شا لێی پرسی! مامۆستا حەزناکەن وێنەیەکی شا بکێشن؟

-ماکان دەڵێت» نەخێر قوربان من وێنەی کەسانێك دەکێشم، کە کەیفم پێیان بێت و خۆشمبوێن.

مامۆستا تەبعی خۆی وابوو هەمووشتەکانی نهێنی بن، هەربۆیە کەس نەیدەزانی ئەو چاوانە هی چ کچێك- یان خۆشەویستێکی ئەون، بەڵام دواتر ئەو کەسە دەدۆزرێتەوە کەتابلۆی چاوەکانی بۆ کێشراوە، ئەویش فەرەنگیسە و لێرەوە

لەناو ڕۆمانەکەدا، فەرەنگیس دەکەوێتە گێڕانەوەی بەسەرهاتی خۆی و عاشقبوونی ماکان و بەسەرهاتی ڕۆژانەی گەنجی خۆی و کەیف و سەفاو ڕابواردن و سەفەرو گەشتەکانی بۆ پاریس.

فەرەنگیس خۆی ئەوە دەدرکێنێ، کە چەند کاریگەری مامۆستا ماکانی لەسەرە، چۆن هیچ کەس وەکو ماکان نەچووەتە خوێنییەوە، کەسیشی وەکو مامۆستا خۆشی نەویستوەو قوربانییشی بۆ نەداوە، بەڵام ئامادەبووە هەموو شتێك بکات، تەنها لەپێناو ئەوەی مامۆستا ماکان خۆشی بوێت و بڕوای پێبکات.

(ئـەو شـەوەی تابلۆکە دەچێتە ماڵی فەرەنگیس لێی دەپرسن ئێوە خاوەنی ئەم چاوانەن؟ فەرەنگیس دەڵێت نەخێر وانییە، ئەم چاوانە هی من نیین)

«فەرەنگیس بە ئاغای چاودێری قوتابخانەکە دەڵێت» ئاغا من لەپێناوی ماکاندا هەموو شتێکی خۆم دانا، دەمتوانی شووبکەم، مناڵم هەبێت؟ بۆچی شومکرد، هەر لەپێناوی ئەودا؟ بۆچی تەڵاقم وەرگرت هەر لەپێناوی ئەودا؟ بۆچی ئێستا بێکەس و بێ هاوڕێم؟ هەر لەپێناوی ئەودا؟ دەزانن ئەم هەموو بەدبەختییە لەدڵی کەسێکدا پەنگبخواتەوە و دەرووێکی نەبێت چی دەگەیەنێت...؟!

لەبەشێکی تری قسەکانیدا فەرەنگیس بەئاغای چاودێر دەڵێت» ئێوە سێهەمین پیاون، کەوەختێ سەیرم دەکەن، هەست دەکەم چاو لەچاوم نابڕن و لەشی منتان ناوێت، ئەوانیش یەکەم مامۆستا، دووهەم تۆ، سێهەم کەسێك کە مامۆستا بەمنی ناساند»

فەرەنگیس لەشوێنێکی تردا دەڵێت» من بڕیتیبووم لە

هەوەسبازی و رابواردن و کات بەسەربردن، بەڵام لەناوەوە هەمیشە خۆم بە بەدبەخت دەزانی و نەمدەزانی چۆن خۆم رزگاربکەم»

فەرەنگیس دەڵێت» خۆشترین لەزەت ئەگەر زۆر دووبارە بووەوە، دەگۆڕێ بۆ ئازارو موسیبەت»

لەم رۆمانەدا گوێمان لە دانپیانانی فەرەنگیس دەبێ، کەپڕن لەجوانترین وشەکان، پڕن لە زۆرترین قوربانی، لەپێناو خۆشەویستەکەیدا بۆ (ماکان).

کەمن ئەو عاشقانەی= یان ئەو کچانەی ئەوەندە قوربانی ئەدەن و ئامادەن هەموو ئیعترافێك بکەن تەنهاو تەنها لەپێناو عشقدا، بەڵام فەرەنگیس ئازادانەو ئازایانە ئەم هەموو شتانە بەیان دەکات، تا بزانین ئەوەی کە ماکان کردوویەتی زۆر کەمە لەبەرامبەر عەشقی فەرەنگیس، بۆی تا ئەو رادەیەی دەست لەهەموو هەوەسبازی و سەفاو رابواردن هەڵگرێت و شووبکات و تەڵاق وەرگرێت و زۆرشتی تر، تەنها لەپێناو ئەوەی ماکان بڕوای پێبکات، بەڵام دیارە فەرەنگیس لەبێ ئاگابوونی عەشق و کۆتایی نەهاتنی شەڕە جوانەکانی نێوانیان و لە تورەبوونی لەژیان و لەتێڕوانینی لەبەرامبەر گەورەیی ماکاندا دەڵێت» ئەم چاوانە هی من نین»

یان رەنگە واهەست بکات، چاوەکانی ئەم مامۆستایان بەوچارەنووسەی گەیاندبێ، بەڵام دیارە کە مامۆستا دەیەوێت لەچاوی فەرەنگیسەوە عەشق و ستەم و چەساوندنەوە و رابردوو داهاتوو بەیانبکات.

هەر بۆیە فەرەنگیس دەڵێت» مامۆستاکەی ئێوە تاقە خۆشەویستەکەی من زۆر زوڵمی لە من کرد»

هەرکەس ڕۆمانەکە دەخوێنیتەوە تێدەگات فەرەنگیس دوو مرۆڤی جیاوازە، جارێك پێش ئەوەی ماکان بناسێت هەوەسبازو بێ کەسایەتی و بەردەوام لەرابواردن و سەفەر، دوای ئـەوەش کە ماکان دەناسێت، کچێکی شۆڕشگێڕ شەرافەت مەندو عاشق و قوربانیدەرو پاکیزەو بە ئەمەك و عاشقی مامۆستا.

بـەداخـەوە سیستمی دیکتاتۆرو داپڵۆسین و ئـازارو ئەشکەنجە، هەرگیز نەیهێشت نە مامۆستا بژی و نەفەرەنگیس بەرامبەر پیاوێك و عاشقێك بەختەوەربێت و لەئامێزی گەرمیدا تامی بەختەوەری بکات»

فەرەنگیس دەڵێت» ماکان تەنها بەیەك نیگا پەی بەگشت نهێنیەکان دەبـردو هەر لەو یەکەم شـەوەوەو لەسینەما هەستی بە شۆڕشی ڕۆحی من کردو تابلۆی چاوەکانی لەوێوە دەستپێکرد.

فەرەنگیس دەڵێت» لای من ئەوە مەترسی بوو، کە ئەو لەگەڵمدا ساردبێت، بەزمانێکی ڕەسمی لەگەڵمدا قسەبکات، ئامادەبووم خۆم فڕێبدمە بەرپێی و دەست لەهەمووشت هەڵگرم.

کێ هەیە ئەوەندە ئازابێت وەها ئیعتراف بکات، من دڵنیام چەندە ئەو ئیعترافاتانە پەیوەندیان بەگەورەیی فەرەنگیسەوە هەیە، ئەوەندەش پەیوەستن بەگەورەیی عشق و گەورەیی ماکانەوە.

زۆر عاشقبووغان بینیوە، بەڵام بەو ڕادەیەنا، بتوانێ هەموو شتەکانی ژیانی کەسێکی تر بگۆڕێت، بۆیە ئینسان کاتێك عاشق دەبێت لەماناکانی ژیان تێدەگات و هەست و جودی دەخاتە خزمەت ئەو پرۆسەیەوە.

هەر بۆیە دواجار فەرەنگیس سەبارەت بە ماکان دەڵێت « ماکان کەسێتییەکی سەیری هەبوو- یان دەبوو خۆشت بویستایە، یان پێتەوەبدایە)

دیقەت بدەن کچێك کەهەمیشە بەدوای تۆڵەدا گەڕاوە لەپیاوان و کوڕان، کەسێتیەکی سادیزمانەی هەبوو، ئێستا ناتوانێ ئازاری ماکان بدات و تۆڵەی کوڕەکانی تری لێبکاتەوە، بەناچاری پەنای بردووەتەبەر ئەوەی خۆشی بوێت و کاتێك خۆشەویستیش شوێنی شتە ناشیرینەکان دەگرێتەوە، هەموو دنیا جوان دەکات.

لەبەشێکی تری رۆمانەکەدا، تێکەڵاووبونی فەرەنگیسە بەکاری سیاسەت وکاری نهێنییەوە، تا ئەوەی فەرەنگیس ئەرکی چاپکردنی بەیاننامە نهێنەکانی بدات و باوکیشی توشی کێشەبێت.

بەڵام فەرەنگیس نایەوێت تامی ئازادی بکات و سیستمی سیاسی بڕوخێنێت و چالاکی نهێنی بکات و لەرێکخراوێکدا کاربکات و هەرگیز مەبەستی نەبوو، وەکو خۆی دەڵێت» ئامادەی هەموو گیانبازی و فیداکاری بووم، تەنها لەپێناو رازیبوونی ماکاندا»

هەر بۆیە دەڵێت» ئای لەو شـەوەی کەسەری هێناو چاوەکانمی ماچکرد، یەکسەر دەستم کـردە ملی و لێوە وشکەکانیم بە لێوەکانی خۆمەوە نوساند و وتی» فەرەنگیس، فەرەنگیس؟» وتم «گیانەکەم ...گیانەکەم»

فەرەنگیس دەڵێت» ئەو ماچانە خۆشترین ماچی تەمەنم بوون، بەڵام هەرگیز خۆم بەو ناکامی و بەدبەختییە نەبینیوە؟

چەندە گەورەیە ئەم درکاندنانەی فەرەنگیس.

ئەم رۆمانە شایانی ئەوەیە هەموو کەس بیخوێنێتەوە،

چونکە یەکێکە لەکارە جوانەکانی عەلەوی، پڕیەتی لەناسکی و جوانی و عشق و کێشمەکێشی ژیـان و سەرکوت و چەوساندنەوە.

بۆیە فەرەنگیس سەبارەت بەدواین چارەنووسی خۆی و خۆشەویستەکەی ماموستا ماکان کە لەزینداندایە دەڵێت» ماکان لـەژوورەکـەی ئەو دیـوو لەگەڵ سەرهەنگ ئارام سەرۆکی ئاسایش قسەیان دەکردو منیش لەو دیوەوە گوێم گرتبوو، دوایی لەگەڵ ئەفسەرێك و دووکەسی تر پەلیانگرت و بردیان بۆ زیندان، ئەوە دوایین جاربوو بینیم، بەڵام نموونەی ئافرەتی وەکو من زۆرن، کە ژیانیان بووەتە قوربانی هەواو هەوەسی پیاوانی ئەم زەلکاوە.


دوایـن قسەی **فەرەنگیس** لەم رۆمانەدا ئەوەیە، کە دەڵێت» ماموستاکەی ئێوە بەهەڵەدا چووە ئەم چاوانە هی من نین»

ئەوەی ماوە لەسەر ئەم رۆمانە بینووسم بۆ کاتێکی تر، کەدێنێت زیاترو زۆرتر قسەی لەسەر بکرێت.

سوپاس و پێزانینم بۆ ئازاد بەرزنجی کە یەکێك لەجوانترین کارەکانی بوزورگی عەلەوی وەرگێڕاوەو چاپکردنەوەشی بۆ جاری شەشەم و حەوتەم ئاماژەیەکن بۆ چاکی رۆمانەکەو جوانی وەرگێرانەکەی.

# نانی رووت

## حیکایەتی
## مرۆڤە ستەملێکراوەکان




**ناوی کتێب: نانی رووت**

**بابەت: رۆمان**

**نوسەر: محەمەد شوکری**

**وەرگێڕانی لەفەرەنسییەوە: نەجاتی عەبدوڵڵا**

**ساڵی چاپ: 2007**

**لاپەڕە: 203**

لەم رۆمـانـەدا، لەکۆتایی کتێبەکەدا نوسەر دەڵێت: منداڵەکان کاتێك دەمـرن، دەبنە فریشتەو گەورەکانیش شەیتان، ئەو لە رۆمانی (نانی رووت)دا دەیەوێت بڵێت نەفرەت لە تەمەن و گەورەیی، کە هەتادێت لەگەڵ رۆژگاری شومدا توشی نەهامەتی و دەردەسەری دەبێت، خۆزگە بە منداڵیش وەکو فریشتە دەژی؟

ئەحلام مستغانی دەڵێت: هەر ڕۆمانێکی سەرکەوتوو، تاوانێکە لە بیرەوەرییەکانی دەکەین، رەنگیشە لە کەسێکی بکەین، دەکرێت بڵێین: ئەم رۆمانە بیرەوەریی (محەمەد)ە- یان بیرەوەرییەکانی خودی محەمەد شوکری-یە، کە بەئازایەتییەوە هاتووە بیرەوەرییەکانی دەگێڕێتەوەو دەست لە تابۆکانی کۆمەڵگەی عەرەبی و ئیسلامی دەدات، ئەوباس لە باوکێکی دڵڕەق و ترسناك دەکات و دەڵێت: باوکم وەکو جانەوەر وابوو...، کامێك وەك خوا وابوو...، باوکم وەحشێك بوو، بێ هیچ هۆیەك لە دایکمی دەدا.

پاڵەوانی رۆمانەکە (محەمەد) کە خودی (محەمەد شوکری-یە) لە تەمەنی منداڵیدا بە تراژیدیاترین ژیاندا گوزەردەکات و باوکی لە بەردەمیدا براکەی دەکوژێت، ترس سەراپای ژیانی دەگرێتەوەو توندوتیژی باوکی دەبێتە مۆتەکەی ژیانی، بۆیە سەراپای رۆمانەکە بریتییە لە گێڕانەوەی حەقیقەتی ژیانی کەسێك، کە نموونەی کۆمەڵگەی عەرەبییە.

بەڵام ئەم گێڕانەوەیە بەتەنها بەسەرهات و رووداوگەلێك نییە، بەقەدەر ئەوەی داننانە بە حەقیقەتی تاڵ و ئازایەتییە

لە وتنی راستییەکان و وتنی ئەو شتانەی، کە کۆمەڵگەی عەرەبی و ئیسلامی بە عەیبەو مەترسی دەزانن.

قسەکردن لەسەر (دزی سێکس) و (سەرخۆشبوون و داوێن پیسی، تێکەڵاوبوون لەگەڵ سۆزانییەکان و رابواردن) حیکایەتی سەرەکی ناو رۆمانەکە بەسەرهاتی پاڵەوانەکەیەتی، کە خودی کۆمەڵگەو باوك و خێزانیش بەرپرسیاری سەرەکی ئەو نەهامەتیەن کە (محەمەد) توشی دەبێت.

بەڵام وەکو هاشم ساڵح دەڵێت: کۆمەڵگەی عەرەبی هەرگیز داننانێت- یان پێی عەیبە شتە خراپ و ناشیرنەکانی خۆی باس بکات.

بەڵام محەمەد شوکری، بۆ گێڕانەوەی حەقیقەت و دەرخستنی جوانییەکان، هەموو شتە خراپ و ناشرینەکان باسدەکات، تا بگاتە یەقین، چونکە ئەو پێیوایە هیچ شتێك لەوە جوانتر نییە کە بەدژەکەت بگەیت، چونکە هەرئەویش خۆت پێ دەدۆزیتەوە.

نوسەر دەیەوێت لە رێگای ئەم حیکایەتەوە، باس لەدووقاقی کۆمەڵگەو بێ مانابوونی عەشق و خۆشەویستی بکات، باس لەو رەواج پێدانە بکات، کە جەستەو رابواردنی فریودەرانە- یان دەکات.

بۆیە لە(ل39) دەڵێت: باوکم زۆرجار لە دایکمی دەدا، بەڵام شەوان گوێم لە پێکەنینیان دەبوو، لە کاتی رابواردنیشدا یەکتریان خۆشدەویست، بەڵام ئەوە تەنها حەزو چێژی سێکسی بوو...، منیش کە گەورەبووم دەمە خاوەن ژن و بە رۆژ لێیدەدەم و بەشەو ماچی دەکەم...

نوسەر دەیەوێت بڵێت ئێمە خاوەنی ئەو کولتورەین، کە مانایەکی نییە بۆ عەشق و خۆشەویستی و ئارامی، ژن وەکو جەستەو پلەدوو سەیر دەکرێت، پیاوانیش پڕن لە جەنایات و وەحشیگەری و کوشتارو مەترسی.

یەکێکی تر لە جوانییەکانی ئەم رۆمانە داننانە بەو راستیانەی کە عەیبەن لە کۆمەڵگادا باسیان بکەی، بەڵام نوسەر لە(ل43)دا دەڵێت: کە لە قاوەخانەکەوە ماڵیان هێندە دوورنەبوو برێکجار لە قاوەخانەکە سەرخۆش دەبوو، تا خۆی لەکەچەخانەیەکدا دەبینییەوە.

نوسەر لە گێڕانەوەی تابۆکان بەردەوام دەبێت و دەڵێت: ئاسیام بینی تەواو رووت بوو... سینگێکی سفت و سۆڵ، سەرگۆی مەمکەکانی تەواو دیاربوون، تووکی بەری زۆر رەش بوون...

لەم رۆمانەدا حیکایەتەکانی کەسێك هێندە ئاڵۆزن و پڕن لە بەسەرهاتی سەیرو ئازارکێش، تا ئەوڕادەیەی مرۆڤ هەست بە گوناهبوون دەکات لە ژیاندا.

نوسەر لەم رۆمانەدا رەنج و ئازارەکانی ئینسان دەگێڕێتەوە، باس لە کولتورە داسەپاوەکانی کۆمەڵگەی عەرەبی دەکات، باس لەو ستەم و ناعەدالەتییە دەکات، کە چۆن باوکی کردۆتە سۆپەرمان و خێزان و ماڵیش لە باوك خراپتر.

ئەو دەویەوێت بڵێت وەختێك منداڵێك فێری دزی و حیزی، خواردنەوەو قەحبەخانە، تلیاك کێشان و هەتیوبازی، هەژاری و دەستکورتی، سێکس و رابواردن، رۆژنامە فرۆشتن

لەسەر جادە، خەوتن و تێکەڵاوبوون لەگەڵ سۆزانیەکان و کوشتن، دەبێتەوە- دەبێ ئەم منداڵە چ سوودێکی بۆ کۆمەڵگە هەبێت و ئەو کۆمەڵگەیەش چەند تاوانبارە کە منداڵێکی وا بەرهەمدەهێنێت.

ئەو دەیەوێت سەرکۆنەی حکومەت و دەزگاکانی و کۆمەڵگەو خێزانەکانی لەپێشەوە باوکی بکات، کە هۆکاری نەهامەتی و نەگبەتی کۆمەڵگەو منداڵان ئینسانن.

بەڵام هێشتا نوسەر پاڵەوانەکەی بەتاڵ نەبۆتەوە، لە هەستی ئینسانی و ئەخلاقی و نیشتیمانی، بۆیە لە(ل77)دا دەڵێت: تەواون- یان وەهران، یەکێکیان زیندانێکی جوان و ئەوی دیکەیان مەنفایەکی جوانە، من حەزدەکەم لەلای خۆم لەزینداندا بم، وەك لە ئازادی ناو تاراوگە.

بەڵام ئەو قـەدەرو کۆمەڵگەو حکومەت و باوکیەتی، دەستی لە قەدەرێکی واشوومدا هەیە بەسەر محەمەد دا، بەڵام هێشتا دەستبەرداری خاك و شارەکەی نابێت.


جیا لەوانەش لەناو رۆمانەکەدا لادێ، زۆر زاڵەو ئەوەش دەکرێت تەکنیکی تایبەتی نوسەربێت.

ئەم رۆمانە پڕیەتی لە حیکایەتی راستەقینەو وتنی راستییە جوانەکان، پڕیەتی لە گێڕانەوەی ژیانی کۆمەڵگەی عەرەبی و خۆرهەڵاتی، کە پڕە لە چەوسانەوەو نابەرابەری و ناعەدالەتی و راکردن بەدوای بژێوی ژیان و نانی رووتدا.

# نەفرەت لە دۆستۆیڤسکی

## گەڕان بەدوای حەقیقەتدا

دە ساڵ کۆمۆنیستەکان هەوڵیاندا خەڵك لە خوا دووربخەنەوە، نەیانتوانی کەچی ئیسلامیەکان بە ساڵێك ئەوەیان کرد
«پیرەمێرد لەڕۆمانی نەفرەت لە دۆستۆیڤسکی وایگوت»



**ناوی کتێب: نەفرەت لە دۆستۆیڤسکی**
**نووسینی: عەتیقی ڕەحیمی**
**وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی**
**بابەت: ڕۆمان**
**چاپی یەکەم: چاپخانەی (سەردەم) ساڵی 2013**

لەکۆتایی ڕۆمانەکەدا پیرەی کاتب کە دادوەرە، دوایین پرسیار لە رەسوڵ دەکات: ئەرێ بەڕاست، بۆچی پارەو زێڕو زیوەکانت نەبردووە، بەڵام پرسیارێکی بێ وەڵامە...!؟

عەتیق ڕەحیمی لە دوایین رۆمانیدا: «نەفرەت لە دۆستۆیڤسکی» کە ساڵی 2012 نووسیویەتی، بەو دێڕەی سەرەوە کۆتایی بەڕۆمانەکە دەهێنێت، ئەوەش وەڵامی ئەو پرسیارەیە کە بەناو دادگاکانی ئیسلامیەکان بەدوایدا دەگەڕان، کە رەسوڵ بۆچی «نەنە عالیە»ی پیرەژنی کوشت، بەڵام زێڕو زیوەکەی نەبردووە.

«نەفرەت لە دۆستۆیڤسکی»ی رەحیمی نوسینەوەی رۆمانی «تاوان و سزا»ی دۆستۆیڤسکییە، بەڵام لە کۆمەڵگەی ئەفغانستان و لەژێر حوکمی هێزە ئیسلامییەکاندا، ئەگەرچی رەسوڵ هەمان کارەکتەری راسکۆلینکۆڤ، سۆفیاش، رۆڵی سۆنیا دەبینێت، بەڵام پێناچێت رەحیمی توانیبێتی لە هەوڵەکەی سەرکەوتوو بێت لە گەڕانەوەی ویژدان، هەقیقەت، یەکسانی، عەدالەت بۆ کۆمەڵگەی ئەفغانی.

- رێك لەوکاتەی رەسوڵ تەورەکەی بەرزکردەوە تا بیکێشێت بەسەری پیرەژنەکەدا، رۆمانی تاوان و سزای هاتەوە یاد، راچڵەکی، هەردوو قۆڵی کەوتنە لەرزین... قاچەکانیشی دەلەرزین، تەورەکەی لەدەست دەرچوو، کەوت بەسەری

نەنە عالییەدا...؟ «رەسوڵ زێڕو زیوەکان، پارەکان، سندوقەکەی ژووری نەنە عالییەش جێدەهێڵێت و رادەکات...».

تاوانێك ئەنجامدراوە، بەڵام رەسوڵی بکوژ خەیاڵی دەچێت بۆ لای دایکی، دنیای خوشکی، سۆفیای دەستگیرانی، چونکە ئەو تاوانەی لە پێناو ئەواندا ئەنجامداوە...؟

رەسوڵ، خوێندکاری زانکۆ بووە لە یەکێتی سۆڤیەت، بەڵام هێشتا تاوانەکانی سوپای سوری وەکو تاوانەکانی موجاهدینییەکانی لەیادە، بەڵام نە بەخەیاڵی کۆمۆنیستەکان، نە ئیسلامییەکان، بیری کردووەتەوەو هەنگاوی ناوە...

رەسوڵ لەو دەفتەرەی کە کاتی خۆی لە سۆفیای وەرگرتووە ئەم دێڕانەی نووسی، ئەمڕۆ «نەنە عالیە»م کوشت،... بۆ ماوەی ساڵێك و دوو مانگ دووربووم لێت، ئیتر لای خێزانەکەم جێم نە بووەوە، لە کابول شەڕی براکوژی... ئێستا دەستمکردووە بە گەڕان بەدوای تۆدا... بەڵام نازانم بۆ کوێ چوویت..؟!

عەتیقی رەحیمی لەم رۆمانەدا دەیەوێت لەڕێگەی کارەکتەری رەسوڵەوە چ رابردووی سۆڤییەتەکان کە لەشفرۆشی کاری ئاسایی بوو، چ لە سەردەمی موجاهدینەکان تاوان بوو، بەڵام لە هەردوو حاڵدا ژنان قوربانی بوون، بەڵام رەسوڵ تەنهاو تەنها دوای خۆشەویستی کەوتووە تا بگاتە حەقیقەت و گۆڕینی سیستم، رووهەڵماڵین ئەو بەربەستییەی موجاهدینیەکانی خوڵقاندیان، تەنانەت رەسوڵ نایەوێت لەسزای کوشتنی ژنێك رزگاری بێت، ئەگەر بە تێڕوانینی مجاهیدینەکان گەوادو لەشفرۆشیش بووبێت، بەڵکو دەیویست کۆمەڵگەی ئەفغانستان بگێڕێتەوە بۆ دۆخی تەندروست...

بەپێچەوانەی بیرکردنەوەی رەسوڵ، مجاهیدینەکان

پێیانوایە کوشتنی ژنێکی گەواد، ئەرکێکی دینییە و شایانی سزا نییە، بەڵام بۆ رەسوڵ وەرگرتنی سزایە، تا هەموو لایەك ویژدانیان زیندووبێتەوە.

ژن کوشتن، حەشیش خواردن، حجابی زۆرەملێ، سەپاندنی دینی زۆرەملێ، کوشتاری بەکۆمەڵ... هەموو ئەوانە ئاسایی بـوون لەژێر دەستی مجاهیدینەکان، بـەڵام حەقیقەت و عەدالەت ونن لەناو شـەڕی مجاهیدینەکان، تانك و تۆپەکانی هێزە ئیسلامییە کۆنزەرڤاتیڤەکان وەکو یەکێك لە کارەکتەرەکانی رۆمانەکە دەڵێت «ئێستا رژێم گۆڕاوە، ئەمڕۆ هەر دەبەنگێك دەگریت دەیەوێت بێ لێکۆڵینەوەو بێ دادگایی، عەدالەت جێبەجێبکات»، ئەمە قسەی یەکێك لە کارەکتەرەکانە، بەڵام ناوەڕۆکی رۆمانەکەی عەتیق رەحیمیە.

نەنە عالیە نموونەی ژنێکی گەواد، سووخۆر، لەشفرۆش کە کچان هاندەدات بۆ لەشفرۆشی.

تەنانەت راکێشانی سۆفیاش بۆ ئەو ماڵە وەکو خزمەتکار بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانی باوك و دایکی و داودی برای، بەڵام پێش تێوەگلانی سۆفیا رەسوڵ کۆتایی بە نەنە عالیە هێنا.

تاوانێك ئەنجامدراوە، بـەڵام مجاهیدینەکان هێشتا بـەدوای کۆمۆنیستەکاندا دەگـەڕێـن... رەسـوڵ دەستگیر دەکـەن و هەندێك کتێب لە ماڵەکەیدا دەبـەن کە گوایە هی بێ دینەکانەو پێیدەڵێن سەر بە چ لایەنێکی..؟ ئەمە هەمان چیرۆکە کە عەتیق رەحیمی لە «خاك و خۆڵەمێش، بەردی سەبوری، هەزار ماڵ لە خەون و ترس» دەیوروژێنێت کە ئەفغانستان بەدەستی کۆمۆنیست و ئیسلامییەکانەوە هاڕدراوە.

چونکە یەکێك لە چیرۆکەکانی، جانۆ لە رۆمانەکەدا

کۆمەڵکوژی خەڵکی گوندەکانە بەدەستی سوپای سورو دەڵێت: خێزانەکەم بینی لەناو ئاگرەکەدا بوون بە قەرەبروت و سەرکردەی مجاهیدینەکان (پەروێز) منی گرتە خۆی...

لەم رۆمانەدا رەسوڵ لە هەموو لایەکەوە گەمارۆدراوە، رۆستەم بە پارەیەکی زۆرەوە دێتە لای تا دڵی نەرم بێت، دونیای خوشکی بدەنێ راز مۆدینی ئامۆزای هەمان تەماحی لە دونیای خوشکی هەیە، باوکی کوژراوە، بارودۆخی ئابووری خراپە.

بەڵام ئەو پارەیەی وەریدەگرێت لە رۆستەم دەیداتە مورادی برای سۆفیا، کە دەزانێت بارودۆخی ئابووریان خراپە، بەڵام لە بەرامبەردا دایکی سۆفیا بە رەسوڵ دەڵێت: هاتووم بمگرن من تاوانبارم، پێیدەڵێن برۆ سبەی وەرەوە، پیرەی کاتب رەسوڵ دەڵێت: دەستمان لێبەردەو تۆ ناتوانیت ژیان و گوزەرانی خۆت بەرێوەببەیت، چ جای کچەکەمان... بەڵام رەسوڵ هێشتا سۆفیاو حەقیقەتی بۆ لە هەموو شت گرنگترە.

رەسوڵ دەچێتە بنکەیەکی مجاهیدینەکان و دەڵێت: «کوشتنی ئەو کەسانەی گەوادی دەکەن، لەناو یاسای پیرۆزی یەزدانمان بە تاوان لەقەڵەم نادرێت».

«وەکو کاتب پێ دەڵێت: تۆ بووی بەقوربانی تاوانەکەی خـۆت...! «چیتدەوێت زیندانی بکەی، ئەوەنییە رۆحت زیندانی ناو جەستەتەو جەستەشت زیندانی ناو ئەم شارەیە».

ئەم دیالۆگە سادەترین و بەهێزترین خاڵەکانی رۆمانەکەیە، کە ئاماژەیە بۆ هەزاران رەسوڵ کە زیندانی خۆیانن لە سایەی زیندانی گەورە، کە ئەفغانستانە لە سایەی مجاهیدینەکاندا.

پاشئەوەی دەچێتەوە لای حاکم بۆ دادگایی، لێی دەپرسن

سەر بە چ لایەنێکی ئـەوە بۆ ئێمە گرنگە، گرنگ نییە حیکایەتەکەت چییەو چۆنە...

دیارە کۆمۆنیستی..

رەسوڵ دەڵێت: گەڕاینەوە سەر هەمان ئاواز.

بەدرێژایی پەنجا ساڵی رابـردوو دوو شتی گرنگ بووە لەم وڵاتـەدا، ئایا کۆمۆنیستی، یان ئیسلامی، کافری، یان موسوڵمان...!

بەڵام لەواقعیدا هەردووکیان جگە لە درۆو جینایەت و وێرانی و ستەم و سەنگە ساردو بێمافی، هیچیان نەبەخشی بە خەڵکی ئەفغانستان.

عەتیقی رەحیمی بۆ زیاتر روونکردنەوەی رووی ناعەدالەتی موجاهدین و ئیسلامییەکان کە چەند ناعادل و نادادپەروەرن، چیرۆکی یەکێك لەوانەی دەستگیرکراون دەگێڕێتەوە.

ئەمە چی کردووە...؟

- قوربان ئەم پیرەمێردە کۆتری مەزاری پیرۆزی دزیوە، ئەم بەردەستە کە بە حاکمی وت، ئەویش وتی: بنوسە، بنوسە، کە ئەوەیان سزای دزان وەردەگرێت، دەبێت دەستی ببڕدرێتەوە..!

عەتیق، بەراودرێك دەکات لە نێوان رەسوڵ و پیرەمێردەکەدا کە یەکەمیان کەسێکی کوشتووە و دووەمیان کۆترێکی دزیوە.

بەڵام یەکەمیان هیچ سزایەکی نییە..!

ئەوە عەدالەتی مجاهیدینەکان نییە، کە ڕەسوڵ دەبەنە زیندان و تا رۆژی دوایی دەستی ببڕنەوەو دواتر لەسێدارەی بدەن، بەڵکو وازنەهێنانی رەسوڵە کە دەیەوێت بڵێت تا کەی ناعەدالەتی، تا کەی بێ یاسایی، تا کەی بە ناوی دینەوە

چیتان پێخۆشه حەڵاڵە، چیتان لا باش نەبوو حەرامە، بەناوی دەوڵەتی ئیسلامییەوە..

له کۆتاییدا بڕیار دەدرێت رەسوڵ لەسێدارە بدرێت، بەڵام پەروێز کە یەکێکە لە مجاهیدینەکان داکۆکی لە رەسوڵ دەکات و دەڵێت: «جەنابی حاکم، ئەمە راستە من چەندجارێك ئەم پیاوەم بینیوە، هاتووە پێمبڵێت ژنێکی کوشتووە کە گەوادە، بۆ رزگاربوونی دەستگیرانەکەی لەدەستی ئەم ژنە».

بەڵام تائێستا دیارنییە کەسی کوژراو کێیە، لەکوێیە، شایەت نییە، بەڵگە نییە.

پاش بێنەو بەردەیەکی زۆر کە بـڕیـاردەدەن رەسوڵ لەسێدارە بدرێت، پەروێز دەڵێت: «هیچ تاوانێك روونەداوە، بەڵکو خەیاڵەو وەهمی تاوانە تەنها لە پێناوی ئەوەدایە، کە وامان لێبکات بیر لە کردەوەکانی خۆمان بکەینەوە».

له کۆتاییدا.

سۆفیا دێت بۆ لای تا بەیەکەوە بڕۆن بۆ شوێنێکی دوور.!

رامۆدێنی دێت و دەڵێت: دەتەوێت ئەم وڵاتە سۆزانییە بگۆڕیت..؟

عامر سەلام، موشتەری نەنە عالیەی گەواد دێت و دەڵێت: ئەو پارەو زێڕو زیوەی نەنە عالیەت چی لێکرد...؟


خەڵکی چاوەڕێی لەسێدارەدانن، بەڵام پەتەکە دەپچڕێ، پەروێز دەکەوێتە خوارەوە...!

کاتبەکە دێتە لای و بە رەسوڵ دەڵێت: بەهۆی تۆوە یەکێك لە سەرکردە مجاهیدینەکان بە پەتی سێدارە خۆی خنکاندو حاکمەکان لەسەر کارەکانیان دوورخرانەوە.

دوایین پرسیاری کاتبەکە لە رەسوڵ ئەوەیە «ئەرێ بەڕاست بۆچی پارەو زێڕو زیوەکەت نەبردووە؟!

# نەونەمامە لەچك سوورەکەم

## قوربانی
## یان ڕێبەریکردنی شۆڕشی عەشق




**ناوی کتێب: نەونەمامە لەچك سورەکەم**

**بابەت: ڕۆمان**

**نووسەر: جەنگیز ئەیتماتۆف**

**وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: تۆفیق عەبدول**

**ساڵی چاپ: 2004**

**لاپەڕە: 148**

*** کات: چەند وەرزی سارد...**
***شوێن: دێهاتە دوورە دەستەکانی (تیان شان- لەقەرقیزیا)**
***ڕووداو: گەڕان بەدوای عشقێکی حەقیقیدا- قوربانیدان لەپێناو عەشق دا**

ڕۆمانی (نەونەمامە لەچك سورەکەم) کە لە نوسینی (جەنگیز ئەیتماتۆف)ە وەکو خۆی دەڵێت: گێڕانەوەیەکە لەپاش ئەوەی سەفەرێك بۆ لادێ دوورەدەستەکان دەیخولقێنێت.

نوسەر لە سەرەتادا کە ناوی ناوە (لەجیاتی پێشەکی) کورتکراوەی ڕۆمانەکە بەو قەدەرە دەستپێدەکات، کە لەگەڵ کابرایەکی شۆفێری لۆری دیالۆگێك پێکدەهێنن، بەمشێوەیە کە دەپرسێ: ئەو جارە بۆ هەڵتنەگرتم؟

-چونکە کوڕەکەم چاوەڕێی دەکردم و دەبوو ئەو سواربکەم..!

(دەبێ سەرگوزشتەی ئەم شۆفێرە چی بێت؟ دەبێ ئەو کوڕە کێ بێت: دەبێ ڕووداوەکانی ناو ئەم ڕۆمانە چی بن...؟

ئەوەندەی من سەرنجی ئەم ڕۆمانەم داوە، دەڵێی ڕۆمانێکی کوردییەو نوسەرەکەی بەسەرهاتی ناوچەیەکی کوردستان، سروشتی کوردستان، باس لە کولتوری کورد دەکات.

بۆیە هەرگیز پێم وانییە داڕێژرابێت، ئەوەندەی نزیکە لە واقیعی هەموو کۆمەڵگەکانی ئەم سەرزەمینەو بەتایبەتی کورد.

ئەگەر قسە ئەوەبێ قـەدەر چارەنووسی ئینسانەکان دەنوسێتەوە، دەبـوو (ئەلیاس) و (ئاسیل) ملکەچی ئەم قەدەرەبن، هەروەکو ئەلیاس خۆی دەڵێت: ئەو شتەی کە روویدا، هەرگیز لەخەیاڵی کەسدا نەبوو..!! ئەوکاتە تازە لە خزمەتی سەربازی گەڕابوومەوە، لە سەربازیدا لە بەتالیۆنی گواستنەوە بووم، پێشتریش دوای ئەوەی دە ساڵی خۆیندنم تەواوکردبوو، شۆفێری لۆری بووم، بە منداڵیش بەهەتیوی لە هەتیوخانە بەخێوکرابووم، عەلی بەگ جانتۆرینی هاوڕێم ساڵێك پێش من تەسریح ببوو لە وێستگەی ئۆتۆمبێلی بارهەڵگری (ریباچیە) کاری دەکرد، یەکسەر بە جانتاکەمەوە چووم بۆلای ئەو...!!

ئەلیاس وەکو خۆی دەڵێت، لەهەتیوخانە بەخێوکرابوو، بێگومان ئەمەش لای نوسەر ئەو کارەکتەرەیە، کە دەبێ رۆڵی کەسێتێکی شکستخوارد و پڕقەدەر ببینێت. کەسێتییەك (لەهەتیوخانەوە بۆ سەربازی- بۆ شۆفێری بۆ نەهامەتی و قەدەرو شکست).

سەرەتای گرێچنی رۆمانەکە لەو رێگایە دەستپێدەکات کە ئەلیاس رۆژانە باری پێدادەبات بۆ گوندەکان، تا رۆژێك کچێك لەگەڵیدا سەردەکەوێت و دەڵێت: من ناوم (ئەلیاس) ەو کچەکەش دەڵێت: من (ئاسیل)م.

هەمیشە کلتورو داب و سونتەکانی لادێ زۆر جیاوازترن لە کلتوری شارەکان، ئەم حاڵەتەش پێدەچێت لە زۆربەی دنیا بەتایبەتی لە وڵاتانی دواکەوتوودا زۆر لێکبچێت.

بۆیە ئـەوەی لەلاپەڕە (25) دا دایکەکەی بە ئاسیلی دەڵێت: هیچ جیاوازیەکی نییە لەو دیالۆگەی لە نێوان دایك و کچێکی لادێی کوردستان- یان ئێرانەوە دروستدەبێت.

(پیرێژنێك هاتە سەرجادەکەو هاواری کرد: ئاسیل ئەوە لە کوێی چەتیوو؟ راکە کچێ بەپەلە خۆت بگۆڕە...

خوازبێنی کارت هاتووە...!)

گۆتەی فەیلەسوفی ئەڵمانی پێیوایە خۆشەویستی چارەنوسە! ئەو سوتفەیەو دیداری ئاسایی نێوان ئاسیل و ئەلیاس، چارەنووسێکە خۆشەویستی نێوانیان دیاریدەکات و دوو عاشق، عشقێك دەخوڵقێنێت کە زۆر ماناو دەلالەت لەخۆدەگرێت.

مانایەك کە پڕە لە عشق و ئەوین و توڕهەڵدان لە دابونەریت و سوننەتەکانی لادێ و کۆمەڵگەی کشاوەرزی.

مانایەك کە جورئەتی کچێك- یان رەگەزی مێینە بەرجەستە دەکات لە پێناو عەشق و خۆشەویستیدا.

تا ئەو رادەیەی ئاسیل، کچێکی نەخوێندەوارو لادێییە.

سەرکردایەتی یەکەمین راپەڕینی کۆمەڵایەتی دەکات و مل بۆ داواو مەرجەکانی کۆمەڵگەیەکی پاسیڤ نادات و لە عەشقەوە وەکو (حەوا) سەرکردایەتی یەکەمین یاخیبوون دەکات، ئەو لە بەهەشت و ئەم لە لادێ لە سوننەت، لە کۆمەڵگە، لە لادێ و تەنانەت لە خێزانەکەی خۆیشی و ئامادەیی تێدایە قوربانی بۆ بدات.

نوسەر لە یاخیبوونی ئاسیلەوە، مانایەك دەدات بە

گەورەیی ژن و رۆڵی بەرجەستەی ئەو، مانەیەك دەدات بە ئازادی و مافەکان و لابردنی ستەم و چەوساندنەوەی ئینسان و رەمزی ئەم یاخیبوون و شۆڕشەش لەناو رۆمانەکەدا (ئاسیل)ە.

دیارە هەر لە یەکەم نیگاوە (ئاسیل) عاشق و ئینسانێکی راستگۆیە، بەڵام مەعشوقەکەی ئینسانێکی راراو دوودڵ و بەگومانە، تا ئەو رادەیــەی کەسێك دێت و دەیەوێت عەشقەکەی بکاتە سەراب.

(کادیچا)، کچێکی شۆخ، بەرپرسی دەرچوون و هاتن لە نوسینگەکە لە ئەلیاس دەپرسێ، ئەوە چییە لەوانەیە یەکێکی تر دڵی بردیت؟

سەفەری دوایی ئەلیاس بۆ لادێ بێ دیداری ئاسیل زۆر خەیاڵی جوان دروستدەکات، تا ئەو رادەیـەی حەزدەکات هەمیشە لە نێوان ئەو رێگایەدا کاربکات بۆ بینینی ئاسیل، تا رۆژێك دەیبینێ و دەپرسێ؟

کەی ئەتگوێزنەوە؟

-بەم زوانە

جارێکی تر یەکتری نابینینەوە

-نازانم، بەڵکو- ل(34)

دابونەریتە سوننەتیەکانی لادێ و کۆمەڵگە داخراوەکان، تا سەرئێسقان دژی مافی ژنان و مافە ئینسانیەکانن و هێشتا لە زۆربەی دنیا خێڵ و ئاغاو عەشیرەت و باوك، قسەی رەهایان

هەیەو قسەی دڵی خەڵکی ترو بەتایبەتی هی کچەکانیان دەکەن.

هێشتا بەشوودانی کچان و گەورە بەبچووك و مارەیی و شیربایی و کۆمەڵکوژی، بەشێکی گەورەی ئەم کۆمەڵگەیانە پێکدەهێنێت، بۆیە نوسەر لەلاپەڕە (35)دا دەڵێت: (باوکی ئاسیل بیری لەوە نەکردبووەوە بێجگە لەم خزمانە بیدا بە کەسی تر) بەردەوامی عەشقێکی پڕ نیگا ئەوە دەخولقێنێ، کە ئاسیل بڵێ: بۆیە زانیم هاتووی بۆ ئێرە جێ تایەی لۆریەکەتم لەسەر جادەکە دی (ل42)

زۆربــەی هێماو دەلالەتە پڕسیحرو جوانەکان لەناو رۆمانەکەدا قسەی ئاسیلن، ئەمەش دەلالەتە بۆ ئەوەی کە عەشق بە گشتی و لەناو ئەم رۆمانەدا لای رەگەزی مێینە پڕ لەجوانی و سیحرو ئەفسووناویترە.

یەکێکی تر لە خەسڵەتەکانی نوسەری ئەم رۆمانە (جەنگیز ئەیتماتۆف) ئەوەیە زۆر بە وردی وەسفی سروشت وێنەکانی دەکات، بەشێوەیەك کە لەکاتی خوێندنەوەدا وا هەستبکەیت لەناو واقیعدایت و نوسەر ئەمکارەی زۆر ئاگایانە ئەنجامداوە، ئەم فۆرمەم بەدیقەتر لە نوسینەکانی یەشار کەمالدا بینیوە، بۆ نموونە (ئەینتماتۆف) لەلاپەڕە (43) دەڵێت: (شەماڵ ئەیدا لەروومان، ئەوان بەرەورووی ئێمە و ئێمە بەرەورووی ئەوان، رۆژ بە رۆژ سنگی ئاسمان بست بەبست لەگەڵمان ئەهات و بەجێی نەئەهێشتین و پێئەکەنین ئەتریقاینەوە، هەوا بۆنی سێپەڕەو کەنێرەی

ئەهێناو پڕبەسییەکانمان هەڵمان ئەمژی، پۆڕێك لە گوێی ڕێگاکە چینەی دەکرد).

کارەساتەکە لەوکاتەوە دەستپێکرد کە (ئاسیل) بڕیاریدا ڕەدووی ئەلیاس بکەوێت.

ئەگەر چی دەکرێت بڵێین مەغزاکانی پشت ئەم ڕەدووکەوتنە زۆر جوانن، یەکەم ئاسیل دەیەوێت بچێتەوە بەگژ ئەو سوننەتە دواکەوتووەی لادێ و کۆمەڵگەکەیدا، کە بێ ویست و ئیرادەی خۆی لە کوڕێك مارەکراوەو دەیەوێت بە ڕەدووکەوتنی، یاخیبونێکی ئینسانی بخوڵقێنێت.

دووەم: عەشق و خۆشەویستی ئەو بۆ ئەلیاس، فاکتەرێکی تری پشت ڕەدووکەوتنی ئاسیلە، بێ ئەوەی هەموو ئەو مەترسیانەی کە لە داهاتوودا بۆی دێنەپێش، تووشی گومانی بکەن، ئەمەش سەرکەوتنی ئیرادەیە بەسەر قەدەردا، بەڵام کارەساتی ئەم دوو عاشقە لەوکاتەوە دەستپێدەکات، کە یەکەم درۆ لەلایەن ئەلیاسەوە دەکرێت و دەڵێت: هەرگیز ڕێگا نادەم هیچ کەسێك دڵتەنگت بکات (ل46)

کەچی خودی ئەلیاس سەبەبی ئەوەیە، کە بۆ هەمیشەو لە ژیانیدا ئاسیل هەر دڵتەنگ بێت و شومترین قەدەر چاوەڕێی بکات.

پاش رفاندنی ئاسیل، یەکەم زەماوەندی نێوانیان هەر لە نوسینگەکە سازکرد و هەرلەوێدا (جانتای) هاوڕێ بۆ توڕەکردنی (کادیچا) بە ئەلیاس دەڵێت: ئای کە زۆڵیت، ئەمە رفاندووتە...؟

لەلاپەڕە(25)دا ئەلیاس دەڵێت: هەمیشە ئاسیل چاوەڕێم بوو تا نەڕۆیشتمایەوە، خەوی لێنەدەکەوت، بەڵام دواتر دەرکەوت سکی هەیە، تا کوڕێکمان بوو دواتر کوڕەکەمان ناونا (سامات) ژن و مێردێکی بەختیار بووین، بەڵام تازە سودی چییە، فریشتەیەك بەرێکەوت لەرێگا ناسیم، لێی جیابووەمەوە...!!

یەکەم دوورکەوتنەوە بۆ خۆی کاریگەری جوانتری هەبوو لەسەر عەشقەکەی نێوانیان و وایکرد هەمیشە لەبیری ئاسیلدا بێ، بەڵام ئەم جوانیانە زۆر ناخایەنێ تەنها لەدوو دیالۆگی نێوانیان، جیاوازی گەورەیی ئەم دوو عەشقە باشتر دەردەکەوێت.

ئەلیاس دەڵێت: نەم ئەویست هەموو شتێك بۆ هاوسەرەکەم بگێڕمەوە.

بەڵام ئاسیل دەڵێت: لەخۆشیاندا ئەگریم، کە چاکبوویتەوە. (ل61)

عەشقی ئاسیل تا دەهات گەورەتر دەبوو، هەموو ئەگەرو گومانەکانیش لە ناپاکی ئەلیاس باشتر دەردەکەوتن، ئەمەش بۆخۆی کارەساتێك بوو کە چاوەڕوان نەکراو بوو، بەشێوەیەك کە قوربانیدەری عەشق دەبووە قوربانی و عاشقێکی ساختەش دەبووە جەلاد.

پێش ئەوەی قەدەرێکی شوم چاوەڕێی ئاسیل بکات ئەلیاس دەڵێت: بەم زووانە دەچینەوە بۆ ماڵی باوکت، بۆ

ئاوایی، بێگومان لێمان دەبـوورن، چونکە ئەیکەنە خاتری (سامات)...!!(ل62)

ئیتر لەو شەوەوە کە (ئەلیاس) لای (کادیچا) خەوت و دەمی خستەناو دەمی، کادیچا بە رووتی لایەوە خەوتبوو، پێی وت: ئەلیاس ئیتر بێ تۆ ناژیم، تۆ بۆ منیت- تۆ هەمیشە هی من بوویت، لەوە زیاترم ناوێت کە تۆ خۆشتبوێم، ئەلیاس، هیچی تر نازانم، هەرگیز وازت لێناهێنم، تێم ئەگەیت؟ هەرگیز کۆڵت لێنادەم ..!!(ل58)

کادیچا دێت و یەکەم عەشقی بێ وێنەی قەرقیزستان دەکاتە جەنگێکی درێژخایەن، لە نێوان کچێك کە هەموو ژیانی کـردە قوربانی پیاوێك و دەستبەرداری خێزان و کەسوکاری بوو بەخاتری ئەلیاس، بـەڵام ئەلیاس یەکەم کەسە کە خیانەتی لێدەکات و شەوانە ئیدی ناچێتەوە لای بۆ ماڵەوەو ساماتی لەبیرچۆتەوە، هەرگیز ئەو بەڵێنەی کە بە ئاسیلی دابوو، نەیبردە سەرو یەکەم خیانەت لە پیاوێکی سپڵەوە بوو.

ئەحلام مستەخانمی دەڵێت: برسێتی سۆز، هەستێکی هێندە سامناك و بەسوێیە تا بەشێوەیەك لە شێوەکان لەناوتدەبات و بەردەوام لەناخیشەوە داتدەوەشێنێت.

ئەلیاس و خیانەتەکانی ئەوەندە پەرەی گرتبوو، کە شەوانە ئیدی دەچووەوە ماڵی کادیچا وەکو ئەلیاس خۆی دەڵێت: لە تەکیا هەستم بە ئارامی دەکرد، وا تێئەگەیشتم کە تەنها

کادیچا خۆشی ئەوێم و لێم تێدەگات، هەوڵم ئەدا خێرا لەماڵ دەربازبم... ئەی ئاسیل؟!

ئاخ دەستی شکاوم نەمزانی بەو رۆحسوکی و دەروون پاکییە لەماڵەکە دەرم دەکات، نەمدەتوانی خۆم بخەڵتێنم، ئەمزانی من شایانی ئەونیم، هەرچی لەگەڵدا کردووم بەزایەچوو، یەکجار سەرزەنشتی نەکردم.

ئایا لاوازبووم، بەزەیی پێدا ئەهاتمەوە- یان بەپێچەوانەوە بە مەبەستی دەست لێبەرنەدان و بڕوای بەمرۆڤ بوو؟ بەڵام بێگومانم چاوەڕێی ئەوەبوو بەخۆمدا بچمەوەو بێمەوەسەر رێی راست، وەك جاران چۆن بووم، بەڵام باشتر وابوو، لێم بێزار بووایەو سەرزەنشتی بکردمایە بۆ ئەوەی ناچارم بکات و راستی و دروستی نهێنیەکەی لا ئاشکرا بکەم. (95)

ئەم پەرەگرافەی سەرەوە، پڕە لە راستی و درۆکانی ئەلیاس، راستی لە پێناو داپۆشینی درۆکانی و لە پێناو هێنانەوەی پاساو بۆ خیانەتەکانی ئەو، لە کاتێکدا هەست بە ئارامی بکات لەگەڵ کچێکی ترو وا بزانێ کادیچا خۆشیدەوێت، لەکاتێکدا ئاسیل هەمیشە، شەو تا بەیانی چاوەڕوانی تەقەی دەرگای ئەلیاس بکات، کە وادەزانێ ئێستا لالەرێگا پڕ مەترسییەکاندایە بەبارەوە، بەڵام راستی ئەوەیە کە ئەو لەتەك کچێکی تردا، رۆژ دەکاتەوە، بۆیە لەم پەرەگرافەدا خوێنەر تێدەگات، کە هەر لە سەرەتاوە ئەلیاس عاشق نەبووەو عەشقیشی نەزانیوە، لەمبارەیەوە، ئەریك فرۆم، دەڵێت: ئەگەر یەکێکت خۆشبوێت، بەڵام تۆ نەبیتە مایەی خۆشەویستی لای ئەو،

ئەوکات خۆشەویستەکەتان بێدەسەڵاتەو ئەنجامەکەی ناخۆشییە.

بەڵی ئەنجامی ئەو عشقەی کە ئاسیل بووە قوربانی، بووە ناخۆشی و شکست، دەرئەنجام

(بۆبەیانی رۆژی دوایی گەڕامەوە، کەس لەماڵ نەبوو، دەرگا لەسەر پشت بوو، رامکرد بۆ لای جێگەکەی، سامات کەسی تیانەبوو...!(ل98)

کاتێك ئەلیاس چووە نوسینگە، کادیچای بینی وتی: دوێنێ کچێك هات و قسەم لەگەڵ کرد، دڵم خەبەریدا ئاسیلەو دواتر وتی: راستە شتی واهەیە؟

-بەڵێ وایە هەموو ئەو شتانە راستن و ئەلیاس لای من دەخەوێت..!!(ل100)

دەکرێت لێرەدا خوێنەر زۆر بەقوڵی رۆبچێتە ناخی رۆمانەکەوەو بەدوای ونبوونی ئاسیلدا وێڵبێ...، کەسێك کە جارێك قوربانی و جارێك غـەدر لێکراو و جارێك خیانەتلێکراو...ئێستا بۆ کوێ چووە؟

ئایا گەڕاوەتەوە بۆ ماڵی دایکی؟ ئایا دێتەوە ماڵەکەی خۆی کە هیچ مانایەکی ژیان و عەشق و جوانی بۆئەو تێدانەماوە.

ئاسیل هێشتا مرۆڤێکی سەرکەش و یاخیبوو و بوێرە، ئەو لەترسا راینەکرد ئەوە هێشتا بەدوای عەشقێکی حەقیقیدا وێڵە، چونکە یەکەم هەنگاویشی، قوربانیدان بوو لە پێناو عەشقدا.

ئەو هێشتا بڕوای بەوە هێناوە، کە مەرج نییە، یەکەم

هەنگاو زیندووبێ، بەڵام دەبێ هەمیشە بـەدوای عشق و سەرکەوتندا وێڵبێت، بۆیە هەرگیز ئاسیل نایەوێت بگەڕێتەوە بۆ زیندانێك کە باوك و دایکی دروستیان کردووە، ئەو دەیەوێت ئازادو رەهابێت بۆ گەڕان بەدوای عەشقی حەقیقیدا، کە ئیلهامی ژیانی ئەوە.

ئەلیاس، دواتر لەکادیچاش جیابووەوە.

(ل107) دا (ئەلیاس لە خوشکەکەی ئاسیل دەپرسێ: ئاسیل لەکوێیە؟

-ساڵی جارێك لەگەڵ مێردەکەیدا دێنەوە، دایە ئەوەندەی خۆشدەوێ. ئەڵێت پیاوی چاکە..!

دەبێ ئەوە بڵێم نوسەر رۆمانەکەی وا چینوە، خوێنەر ناتوانێ بەدوای ئەنجامەکەیدا وێڵ نەبێت.

قەدەر وادەکات، ئەلیاس لە یەکێك لە رێگا دوورەدەستەکان لێی بقەومێت و بچێتە ماڵی ئاسیل و مێردەکەی بناسێت و سامات ببینێتەوە.

دەبێ مرۆڤ لە شەرمەزاری زیاتر هەست بە چی بکات، کاتێك دەکەوێتە بەر هەڵوێستی وا.

دواین دیدارو قسەی نێوان (بایتیمێر و ئاسیل و ئەلیاس) ئەوەبوو بایتمێر وتی: ئەگەر ئاسیل بڕیاریداوە بڕواتەوە ئەمەوێ بەدەمی خۆی پێم بڵێ، با بە ویژدانێکی پاکەوە بڕوات و ماڵئاوایی لە کوڕەکەم بکەم..!!

بەمشێوەیە ئاسیل بڕیاریدا بۆهەمیشە لەگەڵ بایتمێرو

سامات بژی و هەرگیز بیر لە گەڕانەوە نەکاتەوە بۆ لای ئەلیاس، چونکە ئەوەی ئاسیل دەیویست پێ گەیشتبوو کە عەشقێکی حەقیقی و ئینسانی بوو، پڕبوو لە ئاسوودەیی بۆی، ئەگەرچی زامەکانی پێشوو هێشتا زاماربوون هەمیشە کۆمەڵێك بیرەوەری دەهێنێتەوە خەیاڵ، ئاسیل بۆ ئەوەی خوێنەر باشتر لە رۆمانەکە تێبگات پێویستە (نەونەمامە لەچك سـورەکـەم)ی جەنگیز ئیتماتۆف بخوێنیتەوەو دەستخۆشی لە وەرگێڕە کوردیەکەی (تۆفیق عەبدول) بکرێت کە یەکێك لە باشترین رۆمانەکانی جیهانی کردۆتە کوردی.

دواین رستەکانی رۆمانەکە لەزمانی ئەلیاسەوە.

«دڵ لە دڵ مەدە، من پیاوێك نیم، لێبوبمەوە، زۆرنابات ژن دەهێنمەوە، وەکو هەموو پیاوێکی تر ئەبم بە خاوەنی ماڵو منداڵ و دۆست و برادەریش پەیدا ئەکەمەوە.

تەنیا یەك شت نەبێت کە (لەدەستم چوو)ە هەتاهەتایە دەستم ناکەوێتەوە، تا ئەو رۆژەی دواهەناسە ئەدەم و شۆڕم ئەکەنەوە ناوگۆڕ، ئاسیلم لەبیرناچێتەوە، خوات لەگەڵ ئاسیل.

خوات لەگەڵ ئەی نەونەمامە لەچك سورەکەم، خوات لەگەڵ دڵەکەم، هیوای کامەرانی و خۆش گوزەرانیت بۆ دەخوازم».

# هەزار خۆری درەوشاوە

## مێژووی
## چەوسانەوەی مریەم و لەیلا




ناوی کتێب: هەزار خۆری درەوشاوە

بابەت: ڕۆمان

نووسینی: خالید حوسێنی

وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی

ساڵی چاپ: 1 201

لاپەڕە: 580

**جەهەننەم چییە؟**

**جەهەننەم لەکوێیە؟**

**جەهەننەم بۆ کێیە؟**

ڕۆمانی هــەزار خـۆری درەوشـــاوەی- خالید حوسێنی ئەفغانی، وەڵامی ئەم پرسیارانە دەداتەوە، کە ئەفغانستان لە(1959)و رابردوودا ئەو جەهەننەمەبووە کەباسدەکرێت.

مریەم و لەیلا، دوو کچ و دوو بەدبەختترین ئینسانی ئەم سەر زەمینەن بێئەوەی خۆیان دەستییان لەم قەدەرە شومەدا هەبێت- کە لە چارەیان نوسراوە.

مریەم هەمیشە پێیدەوترا (حەرامزادە) نەیدەزانی مانای چییە، بەڵام نەهامەتییەکانی مریەم لەوکاتەوە دەستیپێکرد کەزانی ئەم بەشێوەیەکی ناشەرعی هاتووەتە دنیاوە.

مریەم ئەگەرچی کچی جەلیل بوو، بەڵام ئەو هەرگیز سێ ژنەکەی تری جەلیل و نۆ منداڵەکەی تری نەدیبوو کە بەحساب دەبوو خوشك و برای بن، بەڵام نەیدەزانی بۆ؟

(نانا) دایکی مریەم هەمیشە خەیاڵی قوڵی دەکردنەوە لەبەرامبەر ئەو سوکایەتی و غـەدرەی لێیکرابوو، جەلیل بەچاوێك سەیری دەکرد- کەئەو کۆیلەیە.

باوکیشی هــەرزوو حاشای لێکردو باروبنەی خۆی پێچایەوە- بەسواری پاسێك بۆ ئێران ڕۆیشت، چونکە پێیوابوو ئابڕووی چووە.

نانا، دەیـوت: هەندێکجار خۆزگە دەخـوازم باوکم ئەو غیرەتەی هەبوایە یەکێك لەچەقۆکانی خۆی تیژبکردایە تا

ئابڕووی خۆی بکڕیایەتەوە، دەشیوت: ئەو غیرەتەی نەبوو تاکارێکی ئابڕومەندانە بکات...، بەرپرسیارێتی ئەوکارە بگرێتە ئەستۆ.

ئەمانە دوای ئەوەهات کە(نانا)ی کارگوزاری جەلیلی دەوڵەمەند، کاتێك سکی لە جەلیل پڕبوو و دواتریش حاشای لێکردبوو وتبووی گوایا (نانا) خۆی داوە بەسەریدا.

رۆمانی (هـەزار خۆری درەوشـاوە) حیکایەتی مێژووی سوکایەتیکردنە بەژن لەسەدەی بیستدا. حیکایەتی رەنج و ئازارو مەینەتی مریەم و لەیلایە لە ئەفغانستان، بەڵام ئەوە رەوشی ژنانی سەر ئەم زەمینەیە کەژن تیایدا چەوساوەیە.

بۆئەوەی ئینسان هەست بەغەدربکات تاترپەکانی دڵی پێبزانێت، بۆئەوەی ئینسان لەمانای ژن بوون و غەدرو سوکایەتی تێبگات- دەبـێ حیکایەتەکانی ئـەم رۆمانە بخوێنێتەوە.

ئەم رۆمانە لەو هەزاران چیرۆکە ناچێت کە رۆمانسیانە- رۆماننوس دەینوسێت.

لەوچیرۆکانە ناچێت خوێنەر بخاتە ناو گومان و دوودڵی، کە ئایا ئەمە هەقیقەتە- یان خەیاڵە؟

خالید حوسێنی نوسەر، هێندە وورد ئەم سیحرانەی پەی پێبردووە، مرۆڤ لەهەر حاڵدا ناتوانێ خۆی لەم سوکایەتیەی ژن دەربازبکات.

من پێموایە رۆماننوسین لەوە دەرچووە تەنها رووداوێك بگرێتەوە، کە زۆرجـار بەرهەمی زیهنیەتی نوسەربێت-

پاڵەوانەکانی لە دەرەوەی واقیعەوە هێنرابن و بکرێنە سوپەرمان و بەخوێنەر ئاشنانەبن.

لەوە دەرچــووە قسەکان هێندە رۆمانسیبن، خوێنەر هەستبکات خۆزگە یەکێکبێت لەپاڵەوانە دروستکراوەکان- یان پاش تێپەڕبوونی زەمەن رووداوەکان وەکو یادەوەریش نەمێننەوە.

نەخێر رۆمانی هەقیقی ئەوەیە لەبەردەستماندایە (هەزار خۆری درەوشاوە) دەکرێت وەکو نموونەی رۆمانێك سەیربکرێت، کە لێوانلێوە لەهەقیقەت و بەسەرهاتی واقیعی ژیانی وڵاتێك و ژنان و خەڵکی و نەهامەتییەکان.

رۆمانێکە بۆئەوەی چەوساندنەوەی ژنــان بناسی و رووشانی شعورو کەرامەتیان تێبگەی و لێستاندنەوەی ئیرادەو تواناکانیان بزانی.

بۆئەوەی تێبگەی مانای ژن بــوون چییە؟ بۆئەوەی لەموعانات و پڕ چەرمەسەرترین زیندەگی ئینسانی ژن تێبگەی لەم سەر زەمینە.

بۆئەوەی ئەوەی کە نایزانێ سەبارەت بەژن و سوکایەتی و رۆحی جوانی، جەربەزەیی ئەو بەرامبەر بەجەوری ڕۆژگار، ناعەدالەتی و نایەکسانی، دڵڕەقی پیاوان، سیستم و کۆمەڵگە و دین و مەزهەب، حزبی ئیسلامی و ئیسلام و ئایدۆلۆژیا.

دەبێ ئەم رۆمانە بخوێنێتەوە...؟

رەنگە لەم ڕۆمانەوە تێبگەین ژن بوون مانای چییە؟

ژنبوون گەورەترین نەهامەتییە لەکۆمەڵگەدا- یان وەکو (نانا) دەیگوت: پەنجەی تاوانبارکردنی پیاویش هەمیشە رووی لەژنە.

(نانا) پێش ئەوەی ئەم کارەساتەی بەسەربێت و بەناشەرعی سکی لە جەلیل پڕبێت، توشی ئـەم نەهامەتییەبێت، لەتەمەنی پانزە ساڵیدا- ئەوەندەی نەمابوو شووبکات، وەکو خۆی دەڵێتت: خوازبێنیکەرەکە کوڕێکی لاوی تووتی فرۆش بوو: دیاربوو ئەوە یەکەمجار بوو لەهەموو ژیانیدا هەستی بەخۆشی کردبوو، بەڵام کاتێ تووشی ئەوەبوو کەجنۆکە بچێتە لەشییەوە- ئیتر کوڕی تووتی فرۆش وازی لەهاوسەرگیری نانا هێنا، کاتێکیش تووشی کارەساتە چاوەڕوان نەکراوەکەی ژیانی هات، جەلیل کوڵبەیەکی بەنهێنی بەکوڕەکانی بۆ دروستکرد،

نانا دەڵێت: ئەو رۆژەی مریەمی بوو- رۆژێکبوو بەتەنیا کەس نەبوو یارمەتی بـدات، نەخوشك نەبرا، نەمامان و نەدراوسێ...، تەنها خۆیی و خۆی...، دوو رۆژ لەسەر ئەو زەوییە ساردو سڕە بەتەنیا بەژانەوە دەتلێتەوە، تائەو ساتەی مریەم دێتە دنیاوە.

هــەزار خـۆری درەوشــاوە بە لەدایکبوونی منداڵێك بەپێچەوانەی هەموو سوننەت و بەهاکانیانەوە. نەك نابێتە مایەی خۆشبەختی جەلیل و نانا (باوك و دایكی)

نەك پێچەوانەی زۆر لەوچاوەڕوانیانەیە کە تامەزرۆیی لەدایکبوونی کۆرپەیەکن- تاخێزان و کۆمەڵگە بگۆڕێ، لانی کەم چەند کەس خۆشحاڵ و بەختەوەربکات.

بەپێچەوانەوە ڕۆماننوس زۆر زیرەکانە لەدایکبوونی مریەمی تەوزیفکردووە بۆ حیکایەتێك کە لە حـەواوە دەستپێدەکات. کە ژن هەرگیز لەکۆمەڵگە دواکەوتووەکاندا نەبووەتە مایەی خۆشبەختی و ژیان و شادی و سەربەستی.

بەڵکو لە ڕووداوی لەدایکبوونی مریەمەوە پێمان دەڵێت: ئەمەیە دنیای ژن، ئەمەیە سیستمی پیاوسالاری و دڵڕەقی پیاوانێك لەکۆمەڵگە ناتەندروست و دواکەوتووەکاندا- کەژن نەك هەر دەچەوسێتەوە، بەڵکو سوکایەتی و قەهرو عەزاب و لێستاندنەوەی زۆربەی مافەکانی بەرجەستە دەبێت.

بگرە زۆرجار ئەم سوکایەتییە لەلایەن هاوڕەگەزەکانییەوە، واتا لەلایەن ژنانەوە بەرامبەر بەژن دەکرێت، وەکو چۆن ژنەکانی تری جەلیل بەکچە ڕەزا قورس و ناکەسەکەی پیاوە بەرد تاشەکە بانگیان دەکەن، چۆن ناچاریان کردووە لەبەر سەرما جلبشوات.

ئێستا جەلیل بەحساب یانزە منالی هەیە، بەمریەمەوە، بەڵام وادیارە تەنها دڵی بە دە منالی خۆشە...؟

ئەم پرسیارە کە نانا و مریەم وەڵامەکەیان دەزانی، بەڵام مریەم وایهەستکرد جەلیلی باوکی ئەمی خۆشدەوێت، بۆیە مریەم داوا دەکات جەلیل لەگەڵ خۆی بیبات بۆ سینەماکەی و لای خوشك و براکانی، بۆیە نانای دایکی ئەمە دەڵێت: لەناو دنیایەك کچدا کەدەمتوانی هەمبێت، خوا بۆ کچێکی نمەك بەحەرامی وەك تۆی دامێ...؟! لەپێناو تۆدا تەحەمولی هەموو شتێکم کرد...، چۆن جەسارەت دەکەی بەمجۆرە من بەجێبهێڵی، هەی حەرامزادە...!؟

بەڵام هەرگیز جەلیل نەیبردو نەیبرد، ناچار خۆی ملی ڕێگای گرت بۆماڵی باوکی...، بەڵام هەرگیز ڕێگای پێنەدرا کە جەلیل ببینێ و خوشك و براکانی تری چاویان پێناکەوێت...

زۆر چاوەڕێیکرد لەدەرەوە لەبەرسەرما، بەڵام بێهودەبوو. ئەوە یەکەمجاربوو مریەم لەکولبەکەی بێتە دەرەوەو شار ببینێ، بۆلای باوکێکی دڵڕقی بێ بەزەیی بچێت... کە بەحساب باوکی بوو، بەڵام هێندە دڵڕەق و بێ بەزەیی، تەنانەت ڕێگەی نەدا بچێتە ژوورەوە...، وەکو سەگێکی بەرەڵا ئەو شەوە لەسەر شەقامەکە خەوت...، تەریق بووەوە لەوەی چۆن نانای دایکی بەتەنهایی بەجێهێشت، وایدەزانی هەموو (هەرات) زانیویانەو ئابڕووی چووە.

بەداخەوە کاتێك مریەم دەگەڕێتەوە بۆ کولبەکەو لای دایکی هەمووشت تەواو بووە (نانا) دایکی بەگوریسێکەوە بەشۆڕەبیەکەوە خۆی هەڵواسیبوو، بۆهەمیشە مریەمی بەجێهێشت...، دواجار نانایان بەخاك سپارد.

(نانا) جوانترین ژنی سەرزەمین...، دەکرێت وابڵێین، سادەترین، بەرزترین، بێدەنگترین و چەوساوەترین بوونەوەری سەرزەوی...، تەنها بەخاتری ئەوەی لەلایەن پیاوێکەوە سوکایەتی پێکرا! قبوڵی هەموو ئەوانەیکردو هەرخۆشی دوایی ئازایانە مرد.

نیچە دەڵێت: خۆکوشتن لوتکەی پاڵەوانێتی مرۆڤە. نانا ئەمەیکردو خۆیکوشت. تاببێتە پاڵەوان و ئیتر کۆتایی بێت بەونەهامەتی و سوکایەتییەی کۆمەڵگەو خێزان و جەلیل پێیاندەکرد.

ئەگەرچی هەموو مردنێك پاڵەوانێتی نییە، بەڵام مردنی نانا وەکو رەنگدانەوەی ئەو جەورو ستەم و ناعەدالەتییەبوو کە پیاوی نموونەی وەك جەلیلی لەکۆمەڵگەدا دروستکردبوو.

نەهامەتییەکانی مریەم ئەوکاتە دەستپێدەکات، کە نانا مردو ژنەکانی تری جەلیل کەوتنە هۆنینەوەی سیناریۆی پڕ ترس.

ئەوکاتەی مریەمیان بانگکرد گوتیان! هەواڵێکی خۆشمان پێیە بۆت، خوازبێنیکەرت هاتووە.

هەرچەندە ئەوەی دایانڕشتبوو بۆ مریەم سەریگرت و مریەمی تەمەن پانزەساڵیان لە رەشیدی تەمەن چل و پێنج ساڵ مارەکرد، بەزۆر بەناچاری و بەزۆرەملێ پڕ بەسوکایەتی مریەمیان دابە رەشید، کە لە تەمەنی باوکیدا بوو.

تا ئێستا گرفتەکانی مریەم هەر ئەوەبوو کە کچ بوو. کە حەرامزادە بوو؟ کەدایکی خۆیکوشت؟ کەژنەکانی جەلیل سوکایەتیان پێکرد؟ کەمنداڵەکانی تری باوکی زڕ خوشك و براکانی وەکو ئەو نەسەیر دەکران و نەڕێزیان لێدەگیرا؟

بەڵام ئێستا لەهەموو ئەوانە زەحمەتترو گرانتر- لەم رۆمانەدا دین و مەزهەب و مەلاو ئیسلامی سیاسی و تاڵیبان و حزبە ئیسلامییەکانە کە رۆڵێکی پاسیڤ و نائینسانی دژی گەلی ئەفغانستان، بەتایبەتی ژنان دەگێڕن.

خۆ ئەو کارەساتانەی لەسەر دەستی ئەوان توشی ژنان و لاوان و خەڵکی ئەفغانستان بووە، تەنها چنراوی رووداوەکانی هەزار خۆری درەوشاوەی نوسەر نییە، بەڵکو مێژوویەکی

هێندە تازەیە هەموومان ئەو نەهامەتیانەمان بینی کە لەسەر دەستی دین و ئەم هێزە ئیسلامییانە توشی هاتین.

مریەم و لەیلا پاڵەوانەکانی ئەم رۆمانە، دوو کەسی ئازاو ئازاد کە بیروڕایان بەدین و مەزهەب و پەچەو ئەو هێزە ئیسلامییانە نییە. دیالۆگ و مەنەلۆگی ناخی خۆشیاندا بێ سنوور بێزارن لەدەست دین و مەزهەب و کۆنەپەرستی و هێزەکانی تاڵیبان و ئیسلامییەکان.

ئەوان هەردووکیان قوربانی شەرعیەتێك بوون کە دوو کچی گەنج لە پیاوێکی چل و پێنج، شەست ساڵ مارە دەکات و توشی سەدان نەهامەتی و سوکایەتی بوون...

ئـەوان لەسەر دەستی ئەم مەزهەب و هێزانە براو باوك و دایك و ئازیزو هاوڕێکانیان بوونە قوربانی شەڕی کۆنەپەرستانەی شەقام و کۆڵانەکان، لەپێناو دەسەڵات و شەرعیەتدان بەخواستەکانیان.

سەرکەوتنی مریەم و لەیلا لەم شۆڕشەدا، بەکوشتنی رەشیدێك کۆتایی دێت، کە جیا لەوەی مێردێکی زاڵم و چەوسێنەری تاوانبارو دڵرەق بووە- لەهەمانکاتدا ئاماژەیە بۆکوشتنی سەرکوت و داپڵۆسین و دیکتاتۆریەت.

ئاماژەیە بۆ سەرکەوتنی ژنانی ئازادیخواز لەبەرامبەر دین و مەزهەب و خەڵکانی لەخشتەبەری بەناو دین و مەزهەب، کە رەشید نوێنەرایەتی دەکات و داکۆکی لەو هێزە ئیسلامیگەرانە دەکات کەهەموو مافێکیان لەئینسان سەندۆتەوە.

کوشتنی رەشید لەسەر دەستی ژن، پەیامی حەوایە بۆ یاخیبوون و یەکگرتنی مریەم و لەیلا، ئاماژەیە بۆ یەکگرتویی ژنـان و کەسانی چـەوسـاوە. کەیەك موعانات و ئـازارو ئەشکەنجەیان هەیە، گیرۆدەی دەستی ناعەدالەتی دین و مەزهەب و کۆمەڵگەی ئیسلامییە.

مریەم، لەناو پاسەکەدا کەبڕیاربوو لەگەڵ رەشیدی مێردیدا بڕوات بۆ کابوڵ، بەجەلیلی باوکی گوت: من خەو خەیاڵم تۆ بوویت، نەمدەزانی تۆ منت بەمایەی شورەیی خۆت دەزانی، تۆ شەرمت دەکرد کەمن کچتم.

جەلیل گوتی: دێم بۆلات.

بەڵام مریەم گوتی: نا...نا، نامەوێ بتبینم- نەیەیت بۆلام، نامەوێ هیچ هەواڵێکیشت بزانم.

ئەمە فەلسەفەی ژیانە، کە ئینسانە غەدرکەرەکان هەمیشە براوەی ژیانن و ئینسانە غەدرلێکەرەکانیش هەمیشە دۆڕاوی یەکەمن.

جەلیل و باوکی مریەم دۆڕاو، مریەم دواجار بەسەربەرزی مرد کە شۆڕشێکی بەرپاکرد، دیکتاتۆرێك بکوژێ کەزەروو ئاسا خوێن دەمژێ، شۆڕشێکی بەرپاکرد باوکی ناچارکرد بەداوای لێبووردن.

حیکایەتە سواوەکانی ژیانی رۆژانەی مریەم، ئەوەبوو لەگەڵ رەشید- ژن موڵکی پیاوەو نابێ چاوی بەدەرەوە بێت.

پێیان دەگوت: بەخوا کوڕتبێت باشترە لەکچ- دەیانگوت: حەرامزادەی، تۆ کچی، تۆ ئافرەتی،

مریەم لەوەڵامی ئەمانەدا دەیگوت: گۆڤارە سێکسییە شاراوەکانی رەشید راستە- یان رەفتاری جەلیلی باوکی کەخاوەنی سێ ژن و نۆ مناڵە، کەچی لەدەرەوەی پەیوەندی ژن و مێردایەتی لەگەڵ نانا پەیوەندی بەستبوو...؟

ئەم وەڵامانە هەقیقەت بوون و راستگۆیانە وەڵامی دایەوە، بەو پرسیارە بێ ئەرزشانەی جەلیل و رەشیدو کۆمەڵگە.

نەهامەتییەکانی مریەم نابڕێتەوە، بەناچاری لەرەشید سکی هەیە، بەڵام دواجار منداڵە کوڕەکەی دەمرێت. رەشید وەکو کابوسێك خۆی نیشاندەدات لەدوای مردنی منداڵەکە. کە نەیتوانی کوڕێکی بۆ دروستبکات.

کاتێ مریەم دەپرسێ کۆمۆنیست چییە؟ رەشید وەڵامی ناداتەوە.

لەم رۆمانەدا نوسەر دەیەوێت باسی رۆڵی کۆمۆنیستی بکات، کە خەڵکانی شۆڕشگێڕ و عەدالەتخواز بوون، بەڵام باسی لەڕۆڵی خراپی سوپای سوری سۆڤیەت دەکات- کە ئەفغانستان داگیردەکەن.

وەکو چۆن نوسەر باس لەسەردەمی شەڕی بزوتنەوە ئیسلامییەکان و سەردەمی رەشی بزوتنەوەی تاڵیبانی کۆنەپەرستی ئیسلامی دەکات، کەیەکەم و دووەم قوربانی دەستی ئەم هێزە، مریەم و لەیلا و ژنان و گەنجانی ئەو وڵاتەن.

حوکم و شەرعی نادادپەروەرانەی تاڵیبانی ئیسلامی بۆ شەرعیەتدان بەکوشتار و رەشەکوژی و کۆنەپەرستی خۆیان،

مێژوویەك لەنەهامەتی و كوشتار و قەتڵ و عام بەڕێدەخەن.

كەلە هۆلاكۆ و جەنگیزخان و پۆلپۆت و سەدام حسێن، دەچێت.

بەڵام لەژێر ناوی دنیا و مەزهەب و شمشێری ئیسلامیدا، كە مرۆڤایەتی لێی شەرمەزارە.

مـێـژووی مـریـەم و لەیلا گـێـڕانـەوەی مـێـژووی ژنە لەكۆمەڵگەدا، مێژووی ژنە بەدەست پیاوی جەللادەوە، مێژووی ژنە بەدەست كۆمەڵگەی سوننەتی و خێڵەكی، مێژووی ژنە بەدەست خێزانی دواكـەوتـوو، مێژووی ژنە بەدەست باوك و برای ناعەدالەت، مێژووی ژنە بەدەست دنیاو مەزهەب و ئیسلامییەوە، مێژووی ژنە بەدەست حزبی ئیسلامی و دین و شەرعیەت، مێژووی ژنە بەدەست مەلاو مزگەوتەوە، مێژووی ژنە بەدەست تاڵیبانەوە- كەئیدیعای نوێنەرایەتی خوادەكات لەسەر زەوی.

بەڵێ مێژووی ژنەو مێژووی سەركەوتنی ژنیشە بەسەر ناعەدالەتی و سوكایەتی و لێدان، مەلاو شەرعیەت و مێژووی خراپ و سوكایەتی و حوكمی تاڵیبان و شەرعی ناشەرعییەوە.

واتا: ململانێی ژنە لەنێوان دوو دنیاو دوو هەقیقەت، دوو ئەزموون، كە دواجار ژن دەیباتەوە .

لەبەشی دووەمی كتێبەكەدا نوسەر باسی لەیلا دەكات- دیسان باس لە نەهامەتیەكانی كچ و ژنە، باس لە حوكمی دادپەروەرانەی كۆمۆنیستەكانی سەردەمی نەجیب، باس لەسەردەمی ئەحمەد شا و مەسعود دەكات- باس لەبراكانی

لەیلا (ئەحمەدو نور) کەچووبوون لەگەڵ شا مەسعود، باس لەعیشقی نێوان لەیلا و تاریق- باس لەکێشەکانی نێوان پشتوون و ئاجیك، هەزارەو کۆزیەك.

بەداخەوە نەهامەتی ژن بەردەوامەو کاتێك پیاویش دەمرێ و دەکوژرێ، نەهامەتییەکانی بۆ ژنانە. کوشتنی براکانی لەیلا- ئەحمەدو نور، لەشەڕی جیهادی دژی سۆڤیەتییەکان کۆستێکی گەورە بوو، مردنی بەهەمان شێوەیە.

عشقی نێوان لەیلاو تاریق، هەمان پەیوەندی نێوان جەلیل و نانا مان بیردەخاتەوە، کەسێکسێکی ناشەرعی تێدا ڕوودەدات، بەڵام جیاوازی نێوانیان ئەوەیە کە تاریق تاسەر بەوەفا دەمێنێتەوە بۆ عیشقی لەیلا، ئەو کاتەش کە سێ دڵۆپ خوێن لەدامێنی لەیلا کەوتەسەر فەرشەکە- کەهێشتا ژن و مێرد نەبوون، تەنها عاشق بوون و هیچ کامیان هەستیان بەترس نەکردو پاش چەند ساڵك لێکدابڕان و شوکردنی لەیلا، بەڵام عیشقی ڕاست و پاك ئەم دووانە لەیەك ناکات و کاتێکیش لەیلا عەزیزەی کچی دەبێ، وەکو منالی یەکەم لە ڕەشید.

ئەوە کچی تاریقی یەك لاقە، کەدواتر تاریق پاش ونبوونی جارێکی تر عەزیزەو زاڵمای لەباوەش دەگرێتەوە، کاتێك بەهۆی شەڕی ناوخۆی هێزە ئیسلامییەکانەوە، خەڵکی ئەفغانستان جێدەهێڵن و تاریقیش یەکێك دەبێت لەوانە.

نەهامەتی لەیلا بەکوشتنی دایـك و باوکی بەتۆپی موجاهیدەکان بارودۆخی ئەمی خراپکرد، لەیلا خۆشی بریندار دەبێت.

بەتاکتیکی ڕەشید پیاوێك بەناوی عەبدولشەریف لەناکاو دێتە ماڵی مریەم و دەیەوێت ئەو هەواڵە درۆیە بە لەیلا ڕابگەیەنێ کە گوایە: محەمەد تاریق و لیزای، خۆشەویستی لەیلا بریندار بووە و مردووە،

ئەم هەواڵە هەرگیز بۆ لەیلا چاوەڕوانکراو نەبوو، پاش دایك و باوکی و هاوڕێکەی شتێك کەلەم دنیایەدا دڵی پێیخۆشبوو- تاریق بوو.

تاریقیش ڕۆی، هەستی کرد ئەم هەواڵە هەمان هەواڵە کە پیاوێك بۆ کوشتنی ئەحمەدو نوری برای بۆیان هێنا.

لەم ڕۆمانەدا مردن سەرتاپای ڕووداوە چنراوەکانییەتی، نەك لەبەرئەوەی نوسەر کەسێکی مەرگدۆست بێت- نا ئاماژەیە بۆ قوربانیبوونی قوربانییەکان لەسەر دەستی جەللادەکان، مانای ژیاندۆستی نوسەرە لەچاوی قوربانییەکانەوە، ئاماژەدانە بەزوڵم و زۆری جەللادەکان، بە بەردەوامی، بەڵام دواجار هیچ هێزێك ناتوانێت ڕێ لەپاڵەوانانی ڕۆمانەکەو (مریەم و لەیلا) بگرێت. کە شۆڕشێکی پرتەقاڵی دژی ستەم و سیستمی سیاسی و ئیسلامی و پیاو و ڕەشید و کۆمەڵگەی دواکەوتوو بەرپادەکەن.

واتـا: نوسەر دەیەوێت ژیاندۆستی بکاتە پاڵەوان و مەرگدۆستەکان بنێرێت بۆ جەهەننەم.

ڕەشید پیاوی جەللادی بێشعورو هەوەسباز، دواجار ئەوەی بۆ مریەمی خێزانی پێشنیار کرد، کە تاکە ڕێگە بۆئەوەی لەیلا لەماڵەکەیدا بمێنێتەوەو نەبێتە سۆزانی، دەبێت لەیلای هەژدە ساڵ شووبە ڕەشیدی(60) ساڵ بکات و ناچار لەیلا بەمە رازی بوو.

لەیلا پێش برینداربوونی بڕیاریدابوو دوای چارەنووسی خۆی بکەوێت و بگاتە تاریق لەپاکستان و لای خۆیەوە وتی: ئەحمەد و نور مردن، دایە مرد بابە مردن، تاریقیش تەواو بوو.

خۆ لەیلا دەیزانی ئەوە کارێکی ئابڕوبەرە کە شوو بەرەشید بکات و ببێتە هەوێی مریەم، بەڵام هەمیشە خەیاڵی لای سکە ناشەرعیەکەی بوو لەتاریق، ئەوەی پێ لەهەموو شتێك لایگرنگتر بوو، بۆیە ئەوشەوەی کە لەیلا چەقۆکەی لەژێر سەریدا شاردەوە- تارەشید خەوت و پەنجەی خۆی بڕی و رووی سووری خۆی خستەسەر دۆشەکەکەی، کە لەگەڵ رەشید خەوتبوون... کە هێشتا ئەو سکی بەتاریق هەبوو.

دوای ماوەیەك لەیلا هەواڵی ئەوەی دابە رەشید کەسکی هەیەو ئەم هەواڵە رەشیدی دڵخۆشکرد. لەولاشەوە کێشەی نێوان مریەم و لەیلا گەورەتر دەبێ- تائەوکاتەی مریەم دەڵێت: لەیلا تۆ قەحبەی... دزی، کاتێکیش لەیلا کچەکەی بوو عەزیزە، رەشید چاوەڕێی کوڕی دەکـرد- بۆیە هیچ خۆشحاڵ نەبوو بەکچەکەی لەیلا.

وردە وردە رەشید گومان دەکات لەپەیوەندی رابردووی تاریق و لەیلا، بەڵام هیچی دەستناکەوێت تاسەرەنجام ئەو پەیوەندییە نهێنییە ئاشکرا دەبێت و بەمەرگی رەشید کۆتایدێت.

ساڵی (1994) هەرسێکیان بڕیاریاندا رابکەن (مریەم و لەیلا و عەزیزە) رەشید جێبهێڵن.

جێهێشتنی ڕەشید، واتا: دەستهەڵگرتن لەمێردو سوکایەتییەکانی و ستەم و حوکمی ئیسلامییەکان، ئازاری دەرچوون لەودیلیەتی و سوکایەتییە، بەڵام دواتر لەلایەن بەناو موجاهیدەکانەوە دەگیرێن و دەدرێنەوە دەست ڕەشید، چەند ڕۆژ دەیانخاتەژێر لێدان و زیندانەوە.

دوای ئەمە لەیلا کوڕێکی دەبێ و مریەم دەیەوێ بەدوای باوکیدا بگەڕێت، بەڵام بێئاکام دەبێت و جەورو ستەمی تاڵیبان دەگاتە لوتکە .

لێرەوە دەرگاکان لەسەر لەیلا دەکرێنەوە بەتاریقی خۆشەویستی(25) ساڵی شاد دەبێتەوە. ڕۆژێك کە تاریق تامەزرۆی بینینی لەیلای خۆشەویستی دەبێت، پاش ئەو هەموو ساڵە ڕەشید پێیدەزانێ و دەکەوێتە لێدانی مریەم و لەیلا- بەشێوەیەکی ترسناك.

تاریق بە لەیلای وتبوو، من دەزانم مێردت هەیەو منداڵت هەیە، بەڵام حەزناکەم قەت جێتبهێڵم.

ئەو شەوەی کە ڕەشید دوا کاری خۆی کرد و چەند توانی سوکایەتی بە لەیلا کرد بەدەستی مریەم و بە پێداکێشانی دوو بێڵ بەسەریدا کۆتای بە ژیانی هات...

دواتریش مریەم خۆی تەسلیمی پۆلیسەکانی تاڵیبان کرد، بەڵام مریەم وتی « ئەوە یەکەمین جارە لە ژیاندا خۆی بڕیاری چارەنوسی خۆی بدات « ئیتر ڕەشید بوو بە ڕابردوو.

لەیلاو تاریق و عەزیزە و زاڵمای بڕیاریاندا بڕۆن بۆپاکستان، بەڵام بەبێ مریەم، ئیتر هەرگیز و هەرگیز مریەمییان نەبینییەوە.

پاش چەند ساڵ تاڵیبان کۆتاییهات و هەرچواریان بڕیاریاندا بگەڕێنەوە ئەفغانستان.

لەیلا دەیەوێت چارەنوسی مەلا فەیزوڵڵا و باوکی مریەم بزانێ، بەڵام ئەوانیش مردوون.

قسەیەك هەیە دەڵێت: مێژووی ژن مێژووی چەوسانەوەیەتی: ئەم رۆمانە باس لە مێژووی چەوسانەوەی ژن دەکات، بەڵام باس لەوەش دەکات نەڕاستی نەعیشق- نەوەفاو سۆزو داهاتوو نامرن و جاویدانینین.

باس لەوە دەکات چۆن یەکەم یاخیبوون لەسەر دەستی حەوا لەبەرامبەر خوادا بەرپاکرا، لێرەش ژن دەبێتە چارەنووسی داهاتووی وڵاتێك- پاش سەدان نەهامەتی.

لەم رۆمانەدا کە هاوڕێم ئازاد بەرزنجی لەئینگلیزیەوە وەریگێڕاوە، رۆمانی (هەزار خۆری درەوشاوە)ی خالید حوسێنی، هەستدەکەی شوێن کوردستانە. سەردەم سەردەمی بەعسەو ساتێك سەردەمی شەڕی ناوخۆی کوردستان و حوکمی هێزە ئیسلامییەکانە لە هەڵەبجە، سەردەمیش کوشتنی مهابادو جوانە و دوعاو...، کوردستانە.

رەنگە بەرزنجی هەر مەبەستی وەرگێڕانی دەقێك نەبێت- ئەوەندەی لەشعوری خۆشیدا هەست بەنزیکی رووداو و شوێن و کەس و کارەکتەرەکان دەکات- لەنێوان ئەفغانستان و کوردستان و پیاوانی ئێرەو ئەوێ، قوربانیانی وەك لەیلاو مریەم لەوێ و کچ و ژنانی ئێرە.

کـەسـەدان ژن و کچی کـوردی وا قوربانیمان هەیە لەسەردەستی جەللادەکان و سەدان پاڵەوانی وەك لەیلاو مریەممان هەیە، کەخەم و عیشق و نەهامەتییەکانیان نەیکردوونەتە پاڵەوانی رۆمانێکی وەك هـەزار خۆری درەوشاوە.

لەیلا قوتویەك وەردەگرێت لەکوڕەکەی فەیزوڵڵا کەسێ شتی تیایە بۆ مریەمی بەجێهێشتووە، (نامەیەك. کیسەیەك کاسێتێکی ڤیدیۆیی)

نامەکە بەدەستوخەتی جەلیل لـە(13- مەی 1987) نـوسراوە، باس لەوەدەکات زڕدایکی مریەم (ئەفسون) و (نیلوفەری خوشکی و فەرهادی بـرای) کـوژراون. خەون بەتۆوە دەبینم. من وەك باوك شایستەی تۆ نەبووم...، واباشە میراتییەکەی خۆت بۆ دابنێم...، من تا لەژیاندابووم باوکێکی باش نەبووم بۆتۆ -

ئیمزا: باوکی ناشایستەت

جەلیل

ئێستا زاڵـمای تەمەنی شەشساڵە. عەزیزە دە ساڵەو ئاهەنگی یادی لەدایکبوونیان دەگێڕن، تاریق لە رێکخراوێکی فەرەنسی کاردەکات، لەیلاش لەهەتیوخانەیەك کاردەکات- وەکو مامۆستا...

بەداخەوە مریەم لەلایەن تاڵیبانە کۆنەپەرستەکانەوە لەسێدارەدراو کۆتایی بەژیانی هات. بەدنیایەك خۆزگەو

ئـارەزوو و هیواوە کە هەموو ژیانی پڕبوو لەکارەسات و نەهامەتی و سەرگەردانی...، بەڵام سەربەرزانە ژیا و مرد، بۆهەمیشە مریەم و مریەمەکان لای ئێمە لەکوردستان و لای خەڵکی ئەفغانستان زیندوون.

لەیلا سکی هەیەو وابڕیارە مناڵی سێیەمی ببێت و دەڵێت: ئەگەر کچ بوو ناوی دەنێم مریەم، ئەگەر کوڕ بوو، هەریەکە لەتاریق و عەزیزەو زاڵمای ناوێکیان دۆزیوەتەوە.

بوونی منالّی سێیەمی لەیلا مانای سەردەمێکی نوێ و دنیایەکی نوێ و پاکو ژیانەوەی ژن و کۆمەڵگەو مرۆڤایەتییە، مانای سەرلەنوێ هـەزار ژنی درەوشـاوەیـەی لەمێژووی مرۆڤایەتی.

لەیلا لێرەدا حەوایەکیترە بۆ بەگژداچونەوەی ئادەم و بەرپاکردنی شۆڕشێکی تر، کە پڕە لەیاخیبوون و لەداب و تەقالیدە سوننەتییەکان و دین و مەزهەب.

لەیلا، نموونەی ئەوکچە پێشمەرگەیەی کوردستانی ئێران (بەیان)ە کە مێژووی چەوسانەوەی ژنی کوردە.

لەیلا نموونەی شۆڕشی ژنە.

# هەزار ماڵ لە خەون‌و ترس

## مێژووی تراژیدیای کۆمۆنیستەکان و ئیسلامییەکان




ناوی کتێب: هەزار ماڵ لە خەون و ترس

بابەت: رۆمان

نوسەر: عەتیق رەحیمی

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە: ئازاد بەرزنجی

ساڵی چاپ: 2012

لاپەڕە: 195

هەزار ماڵ لە خەون و ترس، رۆمانی عەتیق رەحیمی نوسەری ئەفغانی، یەکێکی ترە لە رۆمانە دەگمەنەکانی، رەحیمی لەم رۆمانەشدا باس لە نەهامەتییەکانی خەڵکی ئەفغانستان دەکات، کە چۆن هەمیشە گیرۆدەبوون بەدەست سیستمە سیاسیەکانیانەوە، هەر لە سەردەمی حکومی نەجیوڵڵا و یەکێتی سۆڤیەت و چ لەسەردەمی تاڵیبانی ئیسلامیدا.

هەزار ماڵ لەخەون و ترس، چەوساندنەوەی نوێنەرانی کۆمەڵگەی ئەفغانستانە، دایك و خوشکی فەرهاد، عینایەت و مەهناز ئەو کەسانەن کەبونتە قوربانی.

لەم رۆمانەدا سوننەت و خورافیات، مەزهەب رەنگدانەوەی بەرچاوی هەیە و نوسەر دەیەوێت بڵێت: لەسایەی رژێمە یەك لە دوای یەکەکان کۆمەڵگە هەمیشە گیرۆدەی سوننەت و تەقلیدەکانە.

ناوەڕۆکی نامەیەك کە تێدا نوسراوە «ئەگەر من رانەپەڕم، تۆ رانەپەڕیت، ئەو رانەپەڕێت، ئەی کێ سواری دایکی میللەت بێت» ئەمە ئەو نامەیە کە ئەم دوو دێڕەی تێدا نوسراوە و فەرهادی لەسەر دەستگیردەکرێت، ئەفسەرەکە پێی دەڵێت «فەرماندە دەچێت سواری خوشکەکەت بێت»

ئیتر ئەو شەوە مەهناز و یەحیا، فەرهاد کە جێبێکی سەربازی فڕێیداوە، هەڵیانگرتەوەو بەنهێنی بردیانە ماڵی خۆیان.

مەهناز وتی، ئەوە هەر تۆنیت بە دەست شەقی ئەم حکومەتەوە دەناڵێنیت، بەڵکو منیش ساڵێك لەوبەر مێردەکەمیان فڕێدایە زیندان و پاشان پێیان وتم لە سێدارە دراوە...!

ئەم رۆمانە نمونەی جەوروستەمی حکومەتی نەجیبوڵڵای بەناو کۆمۆنیستییە، ئەگەر مۆمۆنیستەکان بەنەزەری فریادرەسی ئینسانەکانن، بـەڵام نموونەی ئەم سیستمە کۆمۆنیستانە بەداخەوە کەمە، چونکە باشترین نموونەیان ستالین و سیستمە کۆمۆنیستەکەی بــوون، کاسترۆ و سیستمەکەی نەجیبوڵڵا و حکومەتەکەی، بەڵام واقیعترین نموونەی ئەم سیستمە سەرکوتکەرانە ئەم رۆمانەی عەتیقی رەحیمییە لەپاڵ رۆمانەکانی خالیدی حوسێنی، کە هەردووکیان لەناوەڕۆکدا قسە لەسەر دوو سیستمی حکومرانی تۆتالیتار و جینایەتکار دەکەن. حکومەتی کۆمۆنیستی نەجیبوڵڵا و تاڵیبان هەردوکیان ئینسان دەکەنە قوربانی، ژنان و منداڵان بوونتە گیرۆدەی ئەم دوو سیستمە

پولی چەرخی ئەو زیندانیەی، کە هەموو تاوانەکانی رژێمەکەی نەجیبوڵڵای تێدا ئەنجامداوە.

عینایەت ناچارە وڵات جێبهێڵێت، براکەی لە زیندان لەسێدارەدرا، مێردەکەی مەهناز کوژراو فەرهاد توشی ئەم گرفتەبوو.

هەرکام لەمانە بێ هیچ هۆکارێك رووبــەرووی مەرگ دەبوونەوە.

کۆمۆنیستە ناشرینەکانی کۆمەڵگەی ئەفغانی و ئیسلامییە تیرۆریستەکانی ئەفغان و تاڵیبان دوو دیوی یەك دراون، کە تەنها و تەنها قەتڵ و عامی خەڵکی ئەفغانستانیان کردووە. ئەویان لەژێرناوی کۆمۆنیزم و ئەمیشیان لەژێرناوی ئیسلامدا، بەڵام هەردووکیان جگە لە جینایەت و سوکایەتی و بێ مافی هیچی تریان بۆ خەڵك پێ نەبوو.

ئەو دروشمەی کە سێ خێزانی لەسەر گیرۆدە دەبن حیکایەتی ئەم ڕۆمانەیە.

کۆمۆنیستەکان ئەم دروشمەیان بەکاردەهێنا:

«ئەگەر من رانەپەڕم

ئەگەر تۆ رانەپەڕیت

ئەگەر ئەو رانەپەڕێت

ئەی کێ لەناو جەرگەی ئەم تاریکیەدا چرایەك دابگیرسێنێت»

دروشمێکی درۆزنانە، بۆ لەخشتەبردنی خەڵکی، بەڵام بۆ بەدیهێنانی مەرامە سیاسییەکانیان

لەبەرامبەردا فەرهاد و عینایەت و خەڵکی ئەفغانستان دروشمەکەیان ئاوا لێ کردبوو.

«ئەگەر من رانەپەڕم

ئەگەر تۆ رانەپەڕیت

ئەگەر ئەو رانەپەڕێت

ئەی کێ دایکی ئەم میللەتە بگێت»

سەرئەنجام توشی ئەو هەموو کێشە گرفتە دەبن. پاش ئەوەی ئەم دروشمە، عیانەیەت و فەرهاد توشی دەردەسەری دەکات، عینایەت، ئاوارە دەبێت، فەرهادیش دەکەوێتە ماڵی مەهنازەوە،

پاش ئەوەی مەهناز ماڵی فەرهاد دەدۆزێتەوە دایکی بە فەرشێکی گرانبەها قاچاخچیەك رازی دەکات فرهادی بۆ ئەو دیوو سنوری پاکستان ببات، دایکی فەرهاد دەڵێت» کوڕم تۆ بڕۆ کە خانوەکەمان فرۆشت من و فەرید و پەروانەش دێین بۆ لات.

تا ئەو شــەوەی قاچاخچیەکە، فەرهاد لەفەرشەکەوە دەپێچرێ بۆ پاکستان.

پاش ئەوەی فەرهاد دەگاتە پاکستان تێدەگات و دەڵێت «لێرە دەیانەوێت جەستەت بکوژن، لەوێش روحت دەکوژن» تاڵیبان و کۆمۆنیستەکان بۆ فەرهاد و خەڵکی ئەفغانستان هیچ نین جگە لە نەهامەتی.

ئەم رۆمانە «هەزار ماڵ لەخەون و ترسدا، گێڕانەوەی حیکایەتێکە، کە مێژووی نەهامەتی خەڵکی ئەفغانستانە».

فەرهاد کە پاڵەوانی سەرەکی رۆمانەکەیە. هیچ کاری نییە جگە لەوەی خوێندکارێکی زانکۆیە.

بەهۆی روداوێکی سادە و ساکارەوە، کە عینایەتی هاوڕێی و گاڵتە دروشمی کۆمۆنیستەکان دەکـات، ناچار لەزانکۆ وازدێنێت و تا شەوێك بەسەرخۆشی دەکەونە دەورییەکی کۆمۆنیستەکان و ژیانیان دەکرێتە جەهەننەم،

ئیتر ئەو شەوە مەهناز کە مێردەکەی کـوژراوە، لەگەڵ یەحیای کوڕی دەژی، فەرهاد دەشارێتەوە تا دواجار دایکی فەرهاد قاچاخچیەك رازی دەکات فەرهادی بۆ تا ئەودیو سنوری پاکستان ببات، لە فەرشێکی دەپێچێت و دەگاتە ژێر دەستی دەسەڵاتی تاڵیبان و توشی هەمان کێشە و گرفت دەبێت.

رۆمانەکە بەتاریکی دەستپێدەکات و بەتاریکی کۆتایی دێت.

رۆمانەکە، باس لە دوو سیستمی سیاسی تۆتالیتار دەکات، کە ژیانی خەڵکی ئەفغانستان دەهاڕێ و ناچاری دەربەدەری و ژیانی تاراوگەیان دەکات.

# هەورە سپییەکەی جەنگیزخان- یان ئیعدامێك لەسارۆزیك

## منداڵێکی زۆڵ- یان بونەوەرێکی زادەی عەشق

«عشق و خۆشەویستی و دووکـەس و سکپڕبوونی ژنەکەیی و شۆڕشگێڕی پیاوێك، چارەنوسەکەی مردن و مەرگ و ئیعدامە، ئەم ڕۆمانە بەسەرهاتی واقیعی سەردەمی دوو دیکتاتۆرە»



**نـاوی کتێب: هـەورە سپییەکەی جەنگیزخان- یان ئعیدامێك لە سارۆزیك**

**بابەت: ڕۆمان**

**نووسەر: جەنگیز ئیتماتۆڤ**

**وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە: تۆفیق عەبدول**

**ژمارەی لاپەڕە (169)**

بەڵێنمداوە، هەموو ئەو کتێبانەی»جەنگیز ئەیتماتۆڤ « کە دەکرێنە کوردی، لە ڕێگای خوێندنەوەیەکی سادەوە بەخێرایی بەخوێنەری بناسێنم و ئەمەش سێیەمین کاری منە سەبارەت بە ئیتماتۆڤ، هۆکاری ئەمەش تەنها خۆشەویستیمە بۆ نوسینەکانی ئیتماتۆڤ، کە زۆر لە واقیعی کۆمەڵگەی کوردستانەوە نزیکن.

«کە لێیان پرسی: مـرۆڤ لەکاتێکدا مەترسی لەسەر ژیانیەتی، بۆ واز لە ئارەزووەکانی ناهێنێت.

ئەیتماتۆڤ دەڵێت «لەگەڵ ئەو هەموو پێشکەوتن و گۆڕانکاریانەی بەسەر جیهاندا دێت، مرۆڤ هەر بە مرۆڤی دەمێنێتەوە»

ڕۆمانی «هەورە سپیەکەی جەنگیزخان- یان ئیعدامێك لەسارۆزیك» لە سادەترین پێناسەدا «سەرکەوتنی شۆڕشی عەشقە بەسەر دەسەڵات و دیکتاتۆریەتدا»

کات، سەردەمی حوکمی تۆتالیتاری جەنگیزخانە، دڵداری عەشق و خۆشەویستی یاساغ و قەدەغەیە،

بەڵام چونکە نیگاو ترپەکانی دڵی عاشق لە بڕیارەکانی ستەمی دەسەڵات بەهێزتربوون، ئا لەوکاتەدا بە عەشقی کچێك پرسیار دروستدەبێت.

هاوڕێکانیان چەندجار هەردوولا لە ئەنجامی ئەم عەشقە ئاگاداردەکەنەوە کە چەند مەترسیدارە، ئاکام هەروادەبێ کە چاوەڕواندەکرا، عەشق و خۆشەویستی ئەم دووکەسە چۆن بەشێوەیەکی دڵتەزێن کۆتایدێت.

(بۆ ئەوە لەدایکبووین، ئەفسانەیەك بکەین بە چیرۆکێکی واقیعی) ئەمە جوانترین قسەی (ئەبو تالیب کۆتیبایڤ) بوو لە زینداندا کردی، ئەبوتالیب، لەکونجی زیندان توندکرابوو بە تۆمەتی خیانەت لە وڵاتەکەی.

دەشتی سارۆزیك، دەشتێکی پان وبەرینە لەوبیابانەدا خانوویەکی بچووك پەنجەرەکەی تا بەیانی لە چاوەڕوانیدا دەبریسکێتەوە.

زەریفەی ژنی ئەبوتاڵیب و دوو منداڵەکەی کە لەگەڵ زڕەی هەر شەمەندەفەرێك چاوێکیان لە دەرەوە دەبڕی و چاوەڕوانی ئەبوتاڵیب بوون، کە هیچ شتێك لەسەر چارەنوسی نەبوو

بەڵام بە پیلانێك کە (تانسیقبایڤ) دایڕشتبوو ئەبوتالیب لە کونجی زیندانێك ئاخێندرابوو، تیشکی گڵۆپێکی بەهێز لە چاوەکانی دەداو خەریکبوو مێشکی بتەقێت.

یەکێك لە پاسەوانەکانی زیندانەکە دەڵێت: تانسیقبایڤ، لاشەکەتی ناوێت، بەڵکو خۆتی بەزیندویی دەوێت.

بەڵام ئازارێك كە ویژدانی داگرتبوو، بیری ژن و منداڵەكانی دەكـردو هەمیشە لە زیندانەوە خەیاڵی سەیر سەیری بۆ خۆی دروستدەكرد، كە گەڕاوەتەوە ماڵەوە و لەناو ژن و منداڵەكەیدایە.

(ئیرمیك وداوڵ)ی كـوڕی و (زەریـفـە)ی ژنی بۆ ئەو بەنرخترین شتێك بوون.

بەڵام خەیاڵی كوشتنی دایك و باوكی هەمیشە ئەفسانەی (ئیعدامێك لە سارۆزیك)ی بیردەخاتەوە.

ئەبو تاڵیب لەهەوڵی گەڕانەوەی بۆ لای ژن و منداڵەكەی بوو، تانسیقبایڤیش لەهەوڵی چینی پیلانێك بوو كە گوایە پەیوەندی لەگەڵ موخابەراتی بەریتانیاو یوگسلافیا هەبووە و لەهەوڵی جێبەجێكردنی كارێكی ئایدۆلۆژیانەی تێكدەرانەدا بـووە- لەناو ریزەكانی هەندێك لە دانیشتوانی ناوچەی كازاخستان.

ئەمە واقعی ژیانە، هەمیشە كەسانی بوودەڵە لەسەر حسابی كەسە شۆڕشگێڕەكان دەژین، ئەمەش رێك بەسەر بایڤدا دەسەپێت، كە چەندساڵ بوو لەپلەی رائیدیدا مابوەوە.

شوباتی (1953) بۆ (بایڤ) زۆر بەنرخ بوو، كە كەسێكی وەكو ئەبو تاڵیبی كردۆتە نێچیرو دەیەوێت پێیدا سەركەوێت.

رژێمی تۆتالیتاری ستالین، چەندان كەسی وادروستدەكات، سەرهەنگێكی بـێ ئـابـڕو خەڵكی چـەواشـەبـكـات و لەمیوانداریيەكدا، بەدەنگی بەرز هاواربكات «دۆستان و خۆشەویستان، من كە بەلشەفییەكی نەبەزم، پەروەردگارم لاهیچ نییە، ئێمە سەروەرێكی ترمان هەیە كە ستالینە و ئێمە لەدوای ئەوین»

«هەر کەسێك دژی ئێمە بیربکاتەوە رزگـاری نابێت، هەرکەس دژی ئاسایشی نەتەوەیی بێت، خۆمان دەزانین چی لێدەکەین»

دژی هەموو ئەوانەین دژی شۆڕشی پڕۆلتیاریان، خاکەکەمان لە دوژمنە ئایدۆلۆجیەکانمان لەتوندڕەوە نەتەوە خوازە بۆرجوازەکان پاکدەکەینەوە.

هێنانەوەی نموونەی ئەم قسانەی پلەدارێکی ستالینیزم بۆئەوەیە بزانێ سیستمی ستالین لەژێر ناوی سۆسیالیزم و شۆڕشی پڕۆلیتاریدا چۆن رێی کردوە.

ئەم رۆمانە هەرچەندە، باس لە سەردەمی ستالین و زوڵم و زۆری ئەم سیستمە دەکات، بەڵام واقعێکە هەموو تاکێکی عیراقی و بەتایبەتی کورد لەسەر دەستی بەعس و بەعسیزم بینویەتی.

زیندانەکانی بەعس و رائدو موقەدەم و موخابەراتی بەعس، هەمیشە بە هەزارانی وەکو بایڤی تێدابوو.

بەهەزاران راپۆرت لەسەر پێشمەرگەی کوردستان و خێزان و کەس وکاریان دەنوسرا، بەخاتری چەند هەزار دینارێك، بۆیە رووداوەکانی ئەم رۆمانە بەخوێنەری کورد نامۆ نیین.

هیچ کام لە پێگەو جێگەو جوگرافیاو شوێنەکانی نامۆنین، هیچ کام لە کارەکتەرەکانی وەکو ئەبوتاڵیبی شۆڕشگێڕ «تیتۆ» و بایڤ، نامۆنین و هیچ جیاوازیەکیش لە نێوان ئەو دوو سیستمە تۆتالیارەی ستالین و بەعسدا نییە.

ستالینەکان و پیاوەکانی لەوکاتەدا لەژێر پەردەی شیوعیەت و پرۆلیتاریا و سوسیالیزمدا هەزاران کەسیان کوشت و هەزران کەسیان بە دژایەتی بۆ ئیدیۆلۆجیاکەیان بە نەتەوەخوازو ناسیۆنالیست خستە زیندان و ئیعدامکرد، هەمیشە دەیانوت: دروشمان «لێدانی دوژمنان و بەرزکردنەوەی ورەی جەماوەری گەلەکەمان بێت».

ئـەم سیستمە کتومت سیستمی سیاسی بەعسە لە کوردستاندا.

هـــەردوولا هـــەزاران دوژمـنـی وەهـیـمان بـۆ خۆیان دروستدەکرد بۆ چەواشەکردنی خەڵك.

لە بەشێکی تری رۆمانەکەدا کە نوسەر بەئەنقەست گـرێـداوە، دەمانگێرێتەوە بۆ سەردەمی جەنگیزخان تا کارەساتێکمان بۆ بگێرێتەوە کە لە سەردەمی ئەم دیکتاتۆرەدا روویداوە، بەڵام کارەساتێك، تەنها مرۆڤەکان دەبنە قوربانی، بەڵام لەراستیدا شۆڕشێکە لەناو سیستمێکی دیکتاتۆریدا، ئەویش شۆڕشی عەشقی»ئیردێن و دوگۆڵانگ«ە کە لەناو جەهەنەمی شـەڕی جەنگیزخاندا دژی بڕیارەکەی ئەو دەوەستن بەمشێوەیە.

«سوپاکەی جەنگیزخان هێندە رێگای بڕیوە شەو لەباوەشی تاریکیدا خەوتووە، تەنها چەند پاسەوانێك بەناو سوپا خەوتووەکەدا دەسوڕانەوە، ئەوەش تاکە بەڵگە بوو کە بە شەویش ژیان بەردەوامەو بەهەمان توندوتیژی رۆژ بەرێوەدەچێت، تەنها سێ پاسەوان بێدران، کاتێك ئەرکەکەیان

تەواوکرد ئیردێنەی سەرکردەی سەد لە چادرێك نزیکبووە کە خۆشەویستەکەی تێیدابووە.

ئەم عەشق و سەردانە نهێنەیەی ئیردێنە بۆلای دوگۆڵانگی خۆشەویستی، لەکاتێکدایە کە بڕیاردراوە «نابێ هیچ ژن و پیاوێك بەیەکەوە بنون، نابێ هیچ ئافرەتێك سك بکات و منالی ببێت، بۆ ئەوەی هەموو پیاوەکان بەخەساوی لە خزمەتی جەنگیزخاندا بن»

- ئیردێنە لە ئاڵتونی پرسی، دوگۆڵانگ وەزعی چۆنە؟

- ئاڵتون وتی: خەمت نەبێ بێ گرفت منداڵەکەی بوو نەجاتی بوو.

- کاتێك ئیردێنە چووەناو چادرەکەوە، دوگۆڵانگ وەڵامی دایەوە «ئیردێنە من و کوڕەکە لێرەین...، ئەو کوڕەی تەنها سێ رۆژە لەدایکبووە.

- ئیردێنە، وتی «منداڵەکە زۆر هارە ئەو مەمکە دەگرێت، زۆر لەخۆت ئەچێت.

لەبەرئەوەی عەشق و خۆشەویستی پلەوپایەی گەورەترە لە بڕیارەکانی جەنگیزەخان و دیکتاتۆرەکان، بۆیە شەو دیالۆگی نێوان ئەو دوو عاشقە بەردەوام دەبێت و بۆ پیلانێك کە سەرەڕای یاخیبوونی ئەوان لەدژی بڕیارەکەی جەنگیزخان و شکاندنی ئەو بڕیارەو خستنەوەی منداڵێك کە سزاکەی ئیعدامە.

ئێستا دەیانەوێت هەرچواریان لەدەست جەنگیزخان رابکەن، تا شۆڕشی عەشق بگەینە سەرکەوتن.

شۆڕشێك كە لەمەترسیدایە...!

لەم گەرمەی مەترسییەدا لەناو چادرەكەدا ئیردێنە دەڵێت: دوگۆڵانگ، سامناكترین شت كە لێی دەترسم، ئەوەنییە لە شەڕێكدا سەردابنێم، بەڵكو ئەوەیە ئـارەزو خۆشەویستم لێداببڕێ و لێی بێبەری بم ...،

هەردووكیان خەریكی دارشتنی پیلانێكن بۆ راكردن.

-دوگۆڵانگی ئاڵاچن دەڵێت: هەڵاتن لەدەست خوا ئاسانترە لەهەڵاتن لەدەست خاقان و جەنگیزخان، بەڵام مردن لەگەڵ تۆدا بەخەڵات دەزانم.

ئەوان پێیان وابوو»هەڵاتن بەدەستهێنانەوەی سەربەستییە» بێگومان ئەو رستەیە چەندە بچوكە، بەڵام زۆر گەورەیە، بەوپێیەی ئەوان دەیانەوێت لەو سەربازگەیە دەرچن كە تێدا دیلكراون و ئازادبن (وەختێك ئازادی زیندانی دەكرێت مرۆڤ خاوەنی هیچ نییە).

ئێستا پیلانی هەڵاتنەكە خەریكە دەچنرێت، ئیردێنە دەڵێت: ئاڵتون سبەی شەو تۆزێك دوای نیوەشەو دەبێ ئامادەبن دەردەچین، واتا تۆو دوگۆڵانگ و مناڵەكە لە گالیسكەیەكدا و منیش بەسواری دێم.

ئاڵتون كە لە چیاكانی چین بەدیل گیرابوو، چەندین ساڵە هەتا پڕوكاوبوو هەركارەكەر بووە لە كاروانەكانی جەنگیزخان.

بـەڵام مەسەلەكە ئاشكرا دەبێت و بە جەنگیزخان دەڵێن «ژنێك لە كاروانەكاندا منداڵی بووە...، ئەم هەواڵە «خیستیبگول» بە خاقانی وت و شتەكە ئاشكرابوو و زانرا ئەو ژنە ئەو كەسەیە كە ئاڵاكان دەچنێت.

ئێستا بڕیاردرا، سزایەك نییە جگە لە مردن، سزا لە پێناوی گوێ رایەڵیدا، چەکێکە هاوتایەکی نییە بۆ زاڵکردنی دەسەڵاتی تاك بەسەر کۆمەڵدا، ئەمە دواین بۆچوونی جەنگیزخان بوو.

ئـەم کارەساتە چەندە بۆ جەنگیزخان ناخۆشبوو، مەسەلەیەکی زۆر لەوە ناخۆشتری بیرخستەوە، ئەوەی کە کاتی خۆی یەکێك لە ئەندامان خێڵی (میرکیت) (بۆرتە) ی شۆخ و شەنگی ژنیان فڕاندبوو لە مانگی هەنگوینیدا تا دواتر ئازادی کرد، هەر ئەوەش وایکرد هەمیشە تمیۆجین دژی میرکیتەکان بوو، کەسیش نەیدەزانی بۆچی...!

دوایین چارەنووشی دوگۆڵانگ پرسیارکردن بوو لەوەی کە چۆن کەس نەیزانی ئەم ژنە سکی هەیە ...؟

کات بۆتە نیوەشەو، ئیردێنە دەیەوێت خۆی ئامادەبکات دەرچـــن...! بـەڵام کاتێك ئیردێنە نزیکبووەو سوارەکان دوگۆڵانگیان لەچادرەکەی دەهێنانە دەرەوە دەستگیریان کرد.

ئێستا هەموو لایـەك ئامادەکراون بۆ ئیعدامی ئەو ئاڵاچنە داوێن پیسەی گوایە لەکاتی شاڵاوەکەدا منداڵێکی لێخستۆتەوە، جەنگیزخان بیری کردەوە خۆ ئەتوانێ رەحم بەم ژنە بکات، بەڵام وتی: ئەمە هیچ چاکەیەکی بۆ پاشەرۆژ تیانییە، هەموو سۆزو دڵنەرمییەك هەمیشە لە کۆتاییدا بەزیان ئەکەوێتەوەو دەسـەڵات لاواز ئەبێت و خەڵکیش لاسارتر دەبن.

بەڵام ئەوەی بەلاوە گرنگبوو بزانێ دۆستی ئەم ئاڵاچنە کێیە.

دەستەی ئیعدام چاوەڕێ بوون، بەڵام پرسیاری ئەوەهات کە ئایا ئەم ژنە ئەم زۆڵەی لە کێ بووە؟ لە باخەڵی کێدا نوستووە؟

ئەمە لەکاتێکدا بوو ئیردێنە لەناو خەڵکەدا چاوی بڕیبووە دوگۆڵانگ، لەناکاو لەناو ریزی جەنگاوەرەکان دەنگێك بەرزبۆەو هاواریکرد «من باوکی ئەو مناڵەم، ئەوە کوڕمە، ناوی کۆنانەو دایکی ناوی دوگۆڵانگەو منیش ئیردێنەی سەرکردەی سەدم».

ئیردێنە بەپەلە گەیشتە لای خۆشەویستەکەی و باوەشی پێداکرد، ئاڵقەیەکی قەنارەکەیان کردە ملی سەرکردەی سەدەکەو ئەڵقەکەی تریش بۆ ملی  دوگۆڵانگ، بەمشێوەیە هەردووکیان ئیعدامکران.

ئیدی جەنگیزخان وتی: ئەوەندە بەسە، سزاکە ئامانجی خۆی هێنایەدی.

پاش رۆیشتنی سوپاکە لەو بیابانە چۆڵەدا تەنها ئاڵتۆنی کارەکەرو کۆنانی کوڕە حەوت رۆژەکە مابوون و ناچار ملی رێگایان گرتەبەر.

ئیدی بۆ جارێکی تر پەڵە هەورە سپیەکەی، کە بەردەوام بەسەرسەری جەنگیزخانەوە بوو، نەبینراو تیاچوو نەماوەو هەورەکە پشتی کردە خاقان.

ئیتر تێگەیشتن کە ئاسمان رووی لێ وەرگێڕاو ناتوانێ زیاتر بڕوات، بۆیە خۆی گەڕایەوە بۆ ئوردوس، تا لەوێ بمرێت و لە شوێنێکدا بنێژرێت کەس نەزانێت.

بەمشێوەیە ئیعدامێك لـەسـارۆزیـك روویـــدا كە هەمیشە مێژوو باسیدەكات، لەبەرئەوەی بە ناهەق دوو عاشق ئیعدامكران، تەنهاو تەنها لەبەرئەوەی یەكتریان خۆشدەویست، چینایەتێك خۆڵقا مرۆڤایەتی شەرم دەكات ناوی جەنگیزخان و هاوشێوەكانی بێنێت.

لە بەشێكی تری رۆمانەكەدا ئیتماتۆڤ، زۆر زیرەكانە دێتەوەسەر باسی زیندانیكردنی ئەبوو تاڵیب.

ئەبو تاڵیب ئێستا لە ناوەڕاستی شوباتی (1953)دا لەناو شەمەندفەرێك كە بە دەشتی سارۆزیكدا دەڕوات لە یەكێك لەفارگۆنە بێ ژمارەكاندا زیندانییە، دەیانەوێت تاڵیب لەگەڵ ئەو بەناو تاوانبارە وەهمیانەی كە دروستیانكردووە، روبەرووبكەنەوە- بەتۆمەتی هاوكاری تیتۆ و یوگسلاڤیا.

بەڵام لەژێر دەسەڵاتی دیكتاتۆرێكی ترو لەژێر ئایدۆلۆژیای بەناو سۆسیالیزمدا.

نوسەر زۆر زیرەكانە ئـەو رۆمـانـەی داڕشـتـوەو دوو رووداوی زۆر سامناك كە بە مەرگی دوو باوك و دایكێك بێ سەرپەنایی ژنێك و سێ منداڵ كۆتایی دێت، بەڵام لەدوو زەمەن و مێژووی جیاوازدا، بەڵام لەرووی جوگرافییەوە لەیەك شوێندا، بەڵام بەدوو تۆمەتی جیاواز، یەكێكیان بەتۆمەتی عەشق و خۆشەویستی، دووەمیان بەتۆمەتی شۆڕشگێڕو نیشتمانپەروەری و لە بەرامبەر دیكتاتۆریەتەدا، بەڵام هەردووكیان یەك ئاكامی رەش كە مەرگە چارەنووسیانە.

هێشتا نەوەکان زیندون بۆ بەردەوامی شۆڕشی عەشق و شۆڕشگێڕی، ئێستا تەنها ئارەزووی ئەبو تاڵیب لە ژیاندا ئەوەیە جارێکی تر چاوی بە ژن و منداڵەکانی بکەوێت، تەنها دەیویست دوو کوڕەکەی (ئیرمیك وداوڵ) و (زەریفە)ی ژنی لە پەنجەرەی شەمەندەفەرەکەوە ببینێت، لەوە زیاتر هیچی لە ژیاندا نەدەویست.

بەڵام ئەو خۆی دەیزانی، پیاوێکی بێ دەسەڵاتی وەکو خـۆی ناتوانێ هیچ بکات و دواچارەنووسیش مردنەو دەربازبوونی نییە، ئەو نێچیرێکە لە دەستی تانسیقبایڤ، ئیدی ژیان مانایەکی نەماوە بۆ ئەو.

شەمەندەفەرەکە هەر دەڕوات، بەڵام چارەنووسی ئەبوتاڵیب بێ هودەیە، تەنانەت بینینی ژن و منداڵەکەش هێندە بێ هودەیە، ئەبوتاڵیب دەیوت « نازانم تاوانی من چییە» بەڵام هەرگیزاو هەرگیز دیفاعی لەخۆی نەکردووە کە ئەو بێ تاوانە.

بەڵام ئەو باشدەزانێت ئیعدامەکەی سارۆزیك چەندە بێ تاوان بوو، ئەو ئەم تاوانەی خۆشی بەهەمانشێوەیە...، باشیش دەیزانی چارەنوسی خۆی لە چارەنوسی ئیردێنە و دوگۆڵانگ باشتر نابێ و سەرگەردانی منداڵەکانیشی هەمان سەرگەردانی کۆنانی حەوت رۆژە دەبێت.

بەڵام دەبێ هەموومان ئەو واقعە بزانین، کە ژیان لەسایەی جەنگیزخان و ستالین و سـەدام حسێن، کە هەموومان بەواقعی و بە عەمەلی بینیومانە یەك شتەو چارەنوسی ئینسانەکان و عەشق و خۆشەویستی و شۆڕشگیری تەنهاو

تەنها مردن و مەرگ و چارەڕەشییە، مێژوو نیشانیدا دەبێ ئەم ستەم و ستمکارییە کۆتایی بێت و جەنگیزخان تەخت و تاراجی فەوتاو ستالین شکستی خواردو سەدام حسێنیش لە قەفەسی زینداندایە.

پاسەوانەکەی تانسیقبایڤ و ئەفسەرەکە خۆیانکرد بەژووورداو هاواریانکرد.

-گیراوی ژمارە (98)مرد- واتا ئەبوتاڵیب.

- چۆن بۆچی...؟

- قوربان خۆی خۆی فڕێدایە ژێر شەمەندەفەرێك و مردووە.


- بەڵێ ئەبو تاڵیب مردووە.

* دەبێ جارێکی تر دەستخۆشی لە وەرگێڕی بەتوانا «تۆفیق عەبدوڵ» بکەم کە پاش «نەونەنامە لەچك سورەکە» ی ئەیتماتۆڤ بەرهەمێکی تری ئەم نوسەرە گەورەیەی کازاخستان و شورەوی کۆنی پێناساندین.

ئەمە بەرهەمەی دەزگای سەردەم یەکێکە لە بەرهەمە باشەکانی ئەم دەزگایە، بەڵام ئەوەی بەلای منەوە گرنگە شتێکە ئەویش ئەوەیە کە دووکـەس بەجدی لەهەوڵی وەرگێرانی کارەکانی «جەنگیز ئەیتماتۆڤ»دان ئەوانیش (تۆفیق عەبدول و جەوهەر کرمانج)ی هاوڕێمن کە کارێکی باشدەکەن و خۆیان بەم کارانەی ئەیتماتۆڤەوە خەریك دەکەن، کە لەناو پرۆسەی وەڕگێرانی کوردیدا ئەم فۆرمی کارکردنە کەمە.

# پێمدەڵێن!

## (42) چیرۆکی ژنانو
## چەوساندنەوەیان لەلایەن پیاوانەوە



**ناوی کتێب: پێم دەڵێن**

**نووسەر :کنێر عەبدوڵلا**

**بابەت: ستونی رۆژنامەنووسی سەبارەت بە چەوسانەوەی ژنان**

کنێر عەبدوڵڵا یەکێکە لەو کچە ڕۆژنامەنوسانەی سەبارەت بە داکۆکی لە مەسەلەکانی ژنان و مافەکانیان لە پێشەوەی بزوتنەوەی ژنان و داکۆکیکاری سەرسەختی ئەوان بووە.

نامیلکەی «پێمدەڵین» تازەترین کتێبی خاتوو کنێرە، سەبارەت بە ڕەنجو ئازارو مەینەتییەکانی ژنانی کوردستان، کە تائێستا بەبڕوای من، کەم لێکۆڵینەوەو کەم بەدواداچون و تەنانەت کەم کتێبی کوردیش هێندە کاریگەرانە پەی بەو هەموو مەینەتییانەی ژنان بردووە.

کنێ خان لە پێشەکی کتَبەکەدا دەڵێت»ئەم گۆشانە وروژاندنی کێشە هەنوکەییەکانی ئەمڕۆی ژنان و خستنەوەی دیالۆگی زیاترە دەربارەیان، چونکە بونەتە مۆتەکەو هەڕەشە لە ژیانی سەدان و هەزاران ژن دەکەن...»

کۆمەڵگەی کوردستان تائێستاش بەشێکە لە سیستمێکی فیودالّی و سوننەتی و بەشێکی زۆری لایەنە نیگەتیڤەکانی ئەم سوننەتەش، بەر ژنان دەکەوێت، قوربانی یەکەم و سەر سەختی کۆمەڵگە هەر ئەوانن.

وەکو ستونەکانی خاتوو کنێر دەڵێن «ئەو ژنانە تائێستا بەدەست دەیان کێشەو گرفتی ڕۆژانــەوە لەناو خێزان و کۆمەڵگەو شەقامەکانی کوردستان دەناڵێنن، وەك خۆم قبوڵم بکە» هەرچەندە ستونێکی سادەیە، بەڵام پڕە لە واقیعی تاڵی ژنان لەگەڵا هارەسەرەکانیان، تەنها دەیانەوێت وەکو خۆیان قبوڵیان بکەن، بۆیە نوسەر دەڵێت»بوونی جیاوازییەکان مانای دەوڵەمەندکردنی هاوسەریگری و یەکتر تەواوکردنی ژنو مێردە»

هەست بەنائارامی دەکەم «کۆمەڵگەی کوردستان بەشێك لە تاکەکانی هێندە ناهۆشیارن، تائێستاش لەناو پاس و

بازاڕو شوێنە گشتییەکان، ژنان و کچان هەراسان دەکەن و دەستیان بۆ دەبەن و تانەو جوێن و سوکایەتیان پێدەکەن، دوایان دەکەون، تەنانەت کچان و ژنان ناتوانن ئێواران بکەونە درەنگ و لە بازاڕ بمێننەوە- یان سواری تاکسی بن، لە ترسی پیاوانو کەسانی بێ شعور.

لەکاتێکدا لە شارێکی وەکو تاران- یان دیمەشق و بەیروت، کچان تا کاتژمێر یەکی شەو، بەتەنیا لەسەر کوچەو شەقامو پارك و بازاڕەکانن و کەسیش سوکایەتیان پێناکات.

ئەو راستییە هوشاری تاکی ئەو وڵاتانە نیشاندەدات، بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین بە حکومەت و دەزگاکانی پۆلیسی هەرێمیش بێتاوان نین لەوەی کە ناتوانن بنەبڕی ئەم دیاردەیە بکەن.

ئەم ستونەش خەمێکی تری ژنانە لە کوردستان، ئەگەرچی سادەیە، بەڵام هەر ئینسانێك دوو رۆژ بچێتە بازاڕەکانی هەولێرو سلێمانی هەست بەم دیاردە قێزونە دەکات.

«دەگمەن هەست بە رەحەتبوون دەکەم، دانپیانانی ژنێکە لەگەڵ هاوسەرەکەی هەرچەندە کارێکی سادەو مافێکی سروشتی هەر ژنێکە، ئەم داوایە لە مێردەکەی بکات، بەڵام لە کۆمەڵگەی کوردستان ئەم دانپیانانە بۆ ژنان زۆرجار بە سوك سەیرکردنیانە کە مافێکی ئاساییە، ئەوەش بەشێکی دیسان پەیوەستە بە ناهوشیاری تاك، نەبوونی پەروەردەیەکی هاوچەرخ، وەکو چۆن مامۆستایان تائێستاش ئەو بەشەی لە کتێبەکان باس لە سێکس و ئەندامەکانی زاوزێ دەکات. تەرکی دەکەن، لەکاتێکدا لە وڵاتێکی وەکو ئێران سەدان کتێبی لەسەر چاپکراوە.

«رقم لەخۆم دەبێتەوە» ستونێکی تره باس لەو ژنانە دەکات، کە گیرۆدەی هێنانی ژنی دووهەم بوون لەلایەن مێردەکانیانەوە، کە تابڵێی دیاردەیەکی قێزەونەو تائێستاش یاسا ناتوانی رێگری لێبکات، هەرچەندە پەرلەمان یاسایەکی لەوبارەیەوە هەیە، بەڵام ئەم گرفتە چارەسەرنەکراوەو بەشێکی زۆری ژنان بەدەستییەوە دەناڵێنێت.

«بەد گومانم لە مێردەکەم» «خۆشەویستی مێردەکەم لاوازبووە» «مێردەکەم درۆم لەگەڵا دەکات» سێ دانپیانانی سێ ژنە بەدەست مێردەکانیانەوە.

داتاکانی کوردستان راستی ئەم سێ دانپیانە دەسەلمێنن، کە هەر بەهۆی ئەو گرفتانەوەیە ئاماری جیابوونەوەی نێوان ژن و مێردەکان رووەو هەڵکشان دەچێت، بێگومان ژنانیش بەرپرسن، بەڵام بۆچی پیاوان ئەڵقە ناکەنە دەست؟ بۆچی درۆ لەگەڵا هاوسەرەکانیان دەکەن؟ بێگومان کاریگەری نیگەتیڤی دەبێت لەسەر رەوشی خێزان و هاوسەریان.

«مێردەکەم ئامادەی گفتوگۆ نییە» «مێردەکەم خیانەتم لێدەکات» دوو دەردی تری ژنان، ئەگەرچی هەردوولا لەم مەسەلەدا تاوانبارن، بەڵام هەموو ئەو فاکتەرانە، جگە لە شکستی هاوسەرگیری ئاکامێکی تری نییە.

«مێردەکەم لێم دەدات» چەند سەختە ژیانی نێوان دوو مرۆڤ، کاتێك پەنا بۆ لێدانی ژن دەبرێت، ئەمە گرفتێکە زۆربەی ژنان بەدەستییەوە دەناڵێین.

«مێردەکەم پێمدەڵێت دایکی کچان» پێشتر باسمکرد کە کۆمەڵگەی کوردستان چەندە سوننەتی و تەقلیدییە.

تا ئەورادەیەی «کچ» بوون عەیبەیەو منیش دەزانم ئەو ژنانەی کە کوڕیان نابێت، رۆژانە چ خەفەت و عەزاب

دەچێژن بەدەست مێردو خەسوو گەڕەك و خزم و ناسیاوەوە، چ شەرمە کچ بوون عەیب بێت سوکایەتی بە ژن بکرێت لەسەر شتی وەها، لەکاتێکدا خودی مێردەکەی باشدەزانێت کە لەدەسەڵاتی ژناندا نییە، پەیوەستە بە هۆکاری بۆماوەیی و فسیۆلۆژی.

«خەسوم بوەتە کێشەی نێوانمان» پەیوەندی خەسوو و بووك، تا ئەم ساتەش هیچ ئاسایی نییەو بگرە زۆر پڕ گیروگرفتە، لەبەرئەوەی کۆمەڵگەی کوردستان ئاڵۆزەو بارودۆخی ئابووری خێزانەکانیش خراپە، زۆرجار دەبێ هەمووان پێکەوە بنو ئەوەش سەرەتای گرفتەکانە، خۆ زۆرجار پێچەوانەکەش راستەو خەسوو دەردەدڵییەتی لەدەست بووکەکەی.

«دەیەوێت کاری لەشفرۆیشم پێبکات» راستە ژنانێکی زۆر تووشی ئەم دیاردە ناشیرینە بوون، بە هۆکاری جۆراوجۆر، بـەڵام هاندانی ژنێك لەلایەن مێردەکەیەوە، ئەوپەڕەی سوکایەتییە بە پرۆسەی هاوسەرگیری و لێکرشانەوە، خێزان و سوکایەتی بەژن.

نامیلکەکەی خاتوو کنێر عەبدوڵلا «پێمدەڵێن» وەکو وتم چەندە سادەیە، بەڵام سەد لەسەد پەنجەی خستووەتەسەر زۆربەی گرفتەکانی ژنانو پرۆسەی هاوسەرگیری، کە پێویستە هەموو پیاوان بیخوێننەوە.


دەبــێ لە ئێستادا، ئـەم کێشانە بخرێنە بـەر باسو بزوتنەوەیەکی فێنمنیستی بۆ بـەڕێ بخرێت، تاکەکانی کۆمەڵگە هۆشیاربکرێنەوە.

دەستخۆشی لە خاتوو کنێر عەبدوڵلا بۆ ئەو ئەرکە گرنگەی پەی پێبردووەو سوپاسی بۆ رۆژنامەی ئاسۆ و یەکێتی ژنان.

# شيعر

# یەکەمین
# ترپە عاشقانەکانی دڵم

## (57) نامەی فروغ فروخزاد
## بۆ شاپوری هاوسەری




(ئەگەر نەگریامایە دەخنکام، هیچ شتێك قەرەبووی تەنیایی ڕۆحم ناکاتەوە
لەدەفرێکی خاڵی دەچم و لەگۆماوەکاندا بەدوای نامەی گەوهەردا دەگەڕێم)
(نامەی فروغ بۆ شاپور پاش جیابوونەوە)

**ناوی کتێب: یەکەمین ترپە عاشقانەکانی دڵم (نامەکانی فروغ فروخزادی شاعیر بۆ پەروێز شاپوری هاوسەری)**
**بابەت: نامەی ئەدەبی**
**نووسەر: کامی، شاپور، عومران سەلاح**
**وەرگێڕانی لە فارسییەوە: ڕەئوف بێگەرد و شەیدا سەلاح**
**ساڵی چاپ: 2005**
**لاپەڕە: 236**

*ئەو سێ نامەیە لەناو کتێبەکەوە وەرگێڕدراون.

من دەپرسم دەبێ چ سیحرێك لەپشت ئەهمیەت و گرنگی ئەم کتێبەو نامەکانی فروغەوە هەبێت، کە ئەسڵەن خەریکە ئەم فۆرم و نامە نوسینە ئەسەرێکی نامێنێت و تەلەفۆن مەسج و ئیمێڵ و فاکس، سیحری نهێنی و مانەوەی نامە عاشقانەکانیان تا ڕادەیەکی زۆر بێ کاریگەر کردوە.

ڕەنگە بەشێکی نهێنی ئەو سیحرە، عەشقێکی جاویدانی بووبێت، بەتایبەتی دەگمەنەو زۆریش دەگمەنە لە کۆمەڵگەی خۆرهەڵاتیدا لەپاش جیابوونەوەی ژن و پیاوێك، رایەڵەیەکی پەیوەندی بمێنێت بۆ عەشق و خۆشەویستی، تەنانەت بۆ هاوڕێیەتیش لەکاتێکدا لەناو بونیادی خێزانیشدا ئەم عەشقە دەستناکەوێت کە (فروغ) بۆ (شاپور)ی هاوسەری لێجیابۆوەی دەربڕیوە.

گەر ئەوەش بزانیین مومکین نییە یەکێك لە نامەکان درۆبێت- یان بەدرۆ نووسرابن، ئەوەش بەو دەلیلە دەسەلمێنم کە فروغ خۆی دەڵێت: هەرگیز ناکرێت ناوەڕۆکی شیعرێك و

ناخی ئینسانەکە (شاعیرەکە) لێکجودابن، گەر وابوو بێگومان راست نییەو درۆیەکی گەورەیە.

سەد دەرسەد ئەم دێڕەی سەرەوە پێدەچێت رۆحی فروغ لەناو نامەکانیدا هەمیشە ئامادەییان هەبێت، لەکاتێکدا وەکو نووسەری کتێبەکە دەڵێت: ئەم نامانانە هەندێکیشان پاش جیابوونەوەی (فروغ و شاپور) نوسراون.

بێگومان ئەم نامانە زۆریـان لەژێر ترس و لەرزێکی عاشقانەدا نوسراون و پێدەچێت توشی زۆر دەردەسـەری بووبێت، ئەوەش شاراوە نییە کە (سیحری گەورەیی عەشق لە نهێنییەکانیدایە، وەکو بەختیار عەلی دەڵێ: هەندێك نهێنی ناوترێن، هەندێك نهێنی دەتکوژن..!

بەڵام پێناچێت کەمترین نهێنی مابێت لای فروغ، تەنها ئەوەش کە فروغ دەکوژێت نهێنیەکانی ژیانە، بۆیە دەڵێت: کاتێك دەبینم دەتوانم سەرچاوەی ئاسەوارێك بم و بوونێکی پووچم نییە، کاتێك هەستدەکەم بەشتێکەوە بەستراومەتەوەو زۆرم خۆشدەوێت، ئەوکاتە هەست بە ژیان دەکەم.

عشقی ئەزەلی فروغ بۆ شاپور هێندە قووڵە هەمیشە وایلێکردووە فروغ لە نووسینی هەرنامەیەکدا چەندین وشەی جوان و پەخشان و شاعیرانە بنووسێت و بڵێیت: ئەو هونەرە بۆ دۆزەخ، کە بیەوێت من لە تۆ بکات، من هونەرم بێ بوونی تۆ ناوێت.

دەڵێت: حەزدەکەم ئەوەندە بچووك ببمەوە هێندەی باڵندەیەك، ئەوکات بفڕم و بێم بۆلای تۆ!

یەکێکی تر لەجاویدانی نامەکانی فروغ رەنگە ئەوە بێت

هەمیشە هەوڵیداوە لەترادیسیۆن و دابوونەریتە تەقلیدی و سوننەتییەکان دەربازبێت و بچێتەوە بەگژ ئەو عادات و نەریتە کۆنانەدا- دیارە وایشیکردووە.

فروغ لە خێزانەکەی جیاوازترو تەنانەت لە زۆر رووەوە لەو سەردەمەدا پێش کۆمەڵگەکەشی بکەوێت.

ئـەو خـۆی دەڵـێـت: مـن چـەنـدەم حـەز بـەوەیـە بە پێچەوانەی بڕیارو نەریت یاساو باوەڕی خەڵکییەوە، رەفتار بکەم.

من هەمیشە بیر لەوە دەکەمەوە کە هەرچۆنێکە دەبێت هەنگاوێك لە ئاستی شتە ئاساییەکان بڵندتر بنێم، من ئەم ژیانە ماندوکەرو پڕکۆت و بەندەم خۆشناوێت!

گەر لە خەباتی سیاسی لەکاری نهێنیدا ناوی نهێنی بۆ ئاشکرا نەبوونی شانەکانی رێکخستن بێت، کە هەمیشە بەشێکە لە کولتوری ئێران و وڵاتانی تر، لە عیشقیشدا دەکرێت هەمان شۆڕش بەرپابکرێت، بەڵام لەژێر ئەو ناوە نهێنی و فۆرمە عاشقانەدا، کە فروغ پێشنیاری دەکات بۆ شاپور تا عەشقەکەیان ئاشکرا نەبێت، بۆیە لە نامەیەکدا دەڵێت: شاپور وەڵامی نامەکەم بە ناونیشانی ماڵی خۆمان مەنووسە، چونکە منداڵەکان وەری دەگرن و دەیکەنەوە لەسەر زەرفەکە - نیشانەی (x) دابنێ.

عەشقی فروغ بۆ شاپور هێندە گەورەیە، ئەو شەوەی کە فروغ خەریکی نوسینی نامەکەیە بۆ شاپور، چراکەی لەژێر دەست دەردێنن، بەڵام فروغ دەست لە نوسینی نامەکە هەڵناگرێت، لەتاریکیدا تەواوی دەکات.

روانینێکی پر لە سۆزی تۆ، یەك دەست گوشینی تۆ،

ماچێکی تۆ، بەسە بۆ ئـەوەی لە هەموو شتێك بێ نیازم بکات، من بەوانە پێدەکەنم کە بەختەوەری لە پول و پارە دەبیننەوەو دەیانەوێت بیدەن بەڕوومدا.

تەنها نیگایەکی شاپورو ماچێکی، حیکایەتێکی گەورە دەخولقێنێت، هەموو ئەو نیازانەی کە بـەدەر لە شاپور دێنەپێشێ بەتاڵدەکاتەوە، لای فـروغ عەشقی شاپورو خۆشەویستی خەونبینن ئایندەو گەورەیی شاپور... عشقێکی سوریالییە، تا رادەی سەروی پەرستن، هیچ نیازێك نییە بتوانێت بێنیازی بکات، هیچ ئەلتەرناتیڤێك نییە بۆ ئەم عشقەی فروغ بۆ شاپور، بێگومان ئـەوەی کە ئاگرێکی لەناخی فروغدا جۆشداوە شوڕشێکی بەرپاکردووە، بەتەنها فروغ نییە، بەڵکو عشقی شاپورو چاکەکەی ئەوەو خودی فروغیشە دانبەو راستییەدا دەنێت، بۆیە لە نامەیەکدا بۆی دەنوسێت: من تۆم زۆر خۆشدەوێت، نەك لەبەرئەوەی هاوکاریم دەکەیت، نەك لەبەرئەوەی چاوت لێمە، نەك لەبەرئەوەی پارەم دەدەیتێ، نا پەروێز، لەبەرئەوەی لەوە گەیشتووم تۆ چاکیت و کەس ناتوانێت گەورەیی رۆحی تۆی هەبێت.

عشقی فـروغ بۆ شاپور لە تەمەنی (16) ساڵییەوە دەستیپێکردو ئیلهامێکی گـەورەیـی لە ژیانی فروغدا لێکەوتەوە، خودی فروغیش دان بەو راستییەدا دەنێت، کە شاپور چەندە کەسێکی خۆشەویست بووە بۆی و چ کاریگەریەکی لەسەری هەبووە، تەنانەت کە لە تەمەنی (21)ساڵیشدا لێکجودابوونەوە، سەرەڕایی ئەوەی فروغ لە نامەیەکدا بۆی دەنووسێت: من بەم بیست و یەك ساڵەی تەمەنمەوە بە ئەندازەی ژنێکی (60-70) ساڵە پیربووم.

هەر لە نامەیەکی تردا دەڵێت: داخ کە ئیتر ناتوانم درۆ

لەگەڵا خۆم بکەم، من زۆر تەنیام ئەمڕۆ، لە ئاوێنە تەماشای خۆمم کرد، وا وردەوردە لە سیمای خۆم دەترسم، ئایا من ئەو فروغەی جارانم؟ ئەو فروغە کە لە بەیانییەوە تا شەو بەرامبەر بە ئاوێنە دەوەستام و خۆم بە هەزار جۆر دەگۆڕی و دڵیشم پێی خۆشبوو.

دەنوسێت: تۆ دەزانێت کە من بێجگە لە تۆ کەسی ترم نییە، بێ لەوەی هیواردارم رۆژێك لە رۆژان بتوانم قەرەبووی بکەمەوە، چاوەرێی نامەی تۆم، ئـارەزووم خۆشبەختیتە، خۆشم دەوێیت، ماچت دەکەم.

**نامەکانی بەر لەژیانی هاوسەری**

رێگا نادەم سوکایەتی بەخواکەم (پەروێز) بکرێت

تەنها لە مـاوەی کەمتر لە سێ مانگدا، بەر لە ژیانی هاوسەری فروغ (17) نامەی دورودرێژ بۆ شاپور دەنێرێت.

مێژووی نامەکان زۆر لەیەکەوە نزیکن، ناوەڕۆکی نامەکان هێندە ئاگرینن ناخی ئینسان دەهەژێنێت، وشەکانی ناوی پڕن لە تەلیسمی ئەویناوی و عەشقی جاویدانی، کە لەوەدەچێت هەر کامیان لەپاش خەیاڵ و ئەندێشەو گریانێکی زۆر نووسرابن.

نامەکان نامەی سادەو ئاسایی نین، لە نێوان دوو عاشقدا، نامەکان نامەی دڵـداری نێوان کـوڕو کچێك نین، بەڵکو خەیاڵفراوانی فروغ و عەشقی ئەبەدی بۆ شاپور وایکردووە نامەکان ببنە پەخشانێکی نموونەیی و دیکۆمێنتێکی مێژوویی بۆ ئـەوەی، کە فروغ چەندە تامەزرۆی عەشقی شاپورو پێگەیشتنی بووە.

شەوانە بـەدەم خەیاڵی شاپورەوە، رۆژی کردۆتەوەو

هەمیشە گەڕاوە، بۆ دۆزینەوەی جوانترین مرواریەکانی دڵی دەریا تا لە دووتوێی نامەکانیدا لە ئێخەی شاپوری بدات.

ئەو هەرگیز لە نووسینی نامەکانی و قوڵی ناویان، بێتاقەت نابێت، وشەکانی (پەروێز گیان، خۆشەویست) ئەوەش دەلالەتە کە عەشق لای فروغ لەوپەڕیدایە کە ئیتر هەرچی ناخی خۆیەتی، خستویەتە دووتوێی نامەکانییەوە، رەنگە فروغ هەمان هەستی ئەحلام مستغانمی هەبێت کە لە رۆمانی (ژاکرە جسد) دا دەڵێ: تۆ لەناو هەموو نوسینەکانمدا، جوانترینیان بوویت.

ئەمە هەقیقەتەو خودی فروغیش دانی پێدادەنێت و لە یەکێك لە نامەکاندا دەڵێت: لەبەیانییەوە تائێستا سەرقاڵی بێنەو بەردەی شەڕی ماڵەوەم، ئەوەندە گریاوم، کە هێشتا چاوانم دەکزێتەوە، پەروێز رەخنەم لێدەگرن کە بۆچی هێندە نامەت بۆ دەنووسم، چراکەیان بردم ئێستا چی بکەم، پاش شەڕێکی سەخت و دژوار، پاشماوەی نامەکەت بۆ دەنووسم، ئەویش لەتاریکیدا- تا دەڵێت: پەروێز گیان گەر ئەم شتانە بۆ تۆ نەبێ ئەی بۆ کێی بنووسم، کێ ئامادەیە گوێ لەم هەموو سکاڵایانە بگرێت، چ کەسێك بەستەملێکراو و بێ تاوانم دەزانێت؟

بەمشێوەیە ئەوەی کە فروغ دڵی پێی بکرێتەوەو بتوانێت ورەی پێببەخشێت بۆ ئایندە بۆی بژی و بەئومێدەوە لێی بڕوانێ، بە قیبلەگای خۆی بزانێت و هەست بکات ئەو لە پێناو ئـەودا دروستبووە، بۆیە دەبێت هەموو تاڵی و ناخۆشیەکانیش قبوڵبکات و ئاساییەو زۆریش سادەیە کە هەر لە پێناوی ئەویشدا دەبێ بمرێت.

باوك و دایك و خۆشك و براکانی جگە لە (پـوران)ی خوشکی، زۆر بۆی خراپبوون، بەشێوەیەك کە فروغ دەڵێت:

هەستناکەم هیچ کەس منی بوێت لەم ماڵەدا، هیچ کەس دڵی بە من بسوتێت و بەئەرکی خۆی هەڵسێت- جگە لە پورانی خوشکم، بەڵکو هەرچی هەڵدەستێت، هەر خۆپەسەندو زۆربلێ و زاڵمن، هەمیشە لە پیلاندان دژی من، تەنانەت لەسەر ونبوونی مقەستێك یەك سەعات پرسیارو هێنان و بردنیان لەگەڵ کردووم، مەگەر من مقەستەکەم شاردۆتەوە- یان فرۆشتومە، من خۆم مقەستم هەیە، بەڵام فایدەی چی هێرشیان کردەسەرم و دۆڵابەکەیان شکاندم.

تواناکانی فروغ هەر لەوکاتەوە هەستپێدەکرێت، کە چ توانایەکی لەرادەبەدەری هەبوو لە تەمەنی (17)ساڵییەوە، هەرئەوەش وایکرد لە مێژووی ئەدەبی و شیعری نوێی ئێراندا، وەکو ئەستێرەیەکی گەشاوەو دیار سەیربکرێت و خودی نامەکانیشی بۆ شاپور ئەو راستییە دەسەلمێنێت.

فەلسەفەیەك لە ژیانی نوسەراندا هەیە، کە پێدەچێت بۆ فروغیش راستبێت.

«همنگوای کاتێ لەدنیا تێگەیشت کە زانی دەریا چییە، ئەلبێرتۆ مۆرافیاش کەپەی بەئارەزوو برد، حەلاجیش ئەو رۆژەی خوا، هنری میلیریش کە لە سێکس و بۆدلێر کە لە نەفرەت و هەڵەکردن تێگەیشت، بەڵام پێدەچێت».

فروغیش وەکو (سلڤا دۆر دالی) ئەوکاتە لە عەشق و خۆشەویستی و ژیان تێگەیشت، کە سەرەڕای هەژاری و نەبوونی، بەڵام شاپوری هەڵبژاردو هەزاران جار شاپوری قبوڵکردو خۆی بەقوربانی کرد، سەرئەنجام ئەوەی مایەوە نامەکانی فروغ بوو، وەکو سامانێکی گەورە بۆ ئەدەب و شیعرو عشق و گەورەیی خودی فروغ.

بەڵام هەرگیز پێناچێت، فروغ، هەستی کردبێت، رۆژێك نامەکانی دەبنە سەروێردی زمانی گشت نوسەران و شاعیران و عاشقان، وەکو سەرمایەیەکی رۆشنبیری و مەعریفی گەورە سەیریاندەکرێت.

ئەو هەرگیز نەیزانی، ئەو جورئەت و عشقە پاك وگەورەیەی کە هانیدا ئەم نامانە بنووسێت، شاکارێك دەخوڵقێنێت و لەئێستادا بەچەند زمان دەخوێندرێتەوە، تەنها شتێك کە بۆ فروغ مایەوە، گەورەیی بوو کە هەرگیز هیچ عاشقێك وا راستگۆیانە نەدواوەو عشقستانی نەخوڵقاندووە.

بێگومان رەنگە ئەوەش دێڕێك بێت لە دێڕەکانی ناو نامەکانی فـروغ، کە دواتـر مێژوو ئاشکرای بکات، وەکو چۆن (ڤان کوخ) لەکاتی خۆیدا بە براکەی وت: رۆژێك دێ، تابلۆکانم لە نرخی ژیانی خۆم زیاتر بکەن!

بێگومان هەر وا دەرچـوو، بۆیە دەرئەنجام نامەکانی فروغیش هەرئەوەیە، کە پوران و کامیار لێی بەهرەمەندبوون و ئەو رۆژەیە کە نامەکانی فروغ، بەقەدەر عشقەکەی نرخیان هەیە.

گەر مرۆڤ دیقەت بـدات، لە یەکەمین نامەی فروغ بۆ شـاپـووردا، دەڵـێ: رازیـم ... رازیـم، دیـارە مەبەستی هاوسەرگیرییەو لەنامەی دووەمدا بۆی دەنوسێت (ئومێدی تەواوم هەیە، کە تۆ دەبیتە هی من) بۆ خۆم هەمیشە داوای یارمەتی لە خوا دەکەم، تۆش هەر وابە، لە سێەمین نامەدا، دڵی گەورەی فروغ هێندە بەکوڵە بۆ مەعشوقەکەی، تەنها لەبەرئەوەی نەچۆتەلای فـروغ، داوای لێبوردن لە شاپور دەکات)

ئەمەش گەورەیی فروغ دەسەلمێنێت بۆ شاپور.

بەڵام لە وەڵامی یەك نامەی شاپوردا بۆ فروغ دەنووسێت: تۆ بە کچێکی بەنرخ دەزانم، بەڵام بۆچونێکی باشم بەرامبەر بە رەگەزی مێینە نییە، من نێوان ئەو خۆشەویستییەی کە تۆ بە من دەڵێیت و من بە تۆی دەڵێم، زۆر دەبینم.

کەچی فروغ ئەم قسانەی شاپور ناکاتە بیانوو، تەنانەت لێشیان دڵگران نابێت، ئەوەشی بەوپێیەی (برسێتی سۆز، هەستێکی هێندە سامناك و بەسوێیە، تا بەشێوەیەك لەشێوەکان لەناوت دەبات، بەردەوام لە ناخیشەوە داتدەوەشێنێت)

برسێتی سۆزی فروغ بۆ شاپور، بەشێوەیەکە، لە وەڵامی ئەو دڵڕەقیەی شاپوردا دەڵێت: شاپور پێم دەڵێن دەبێ فەرامۆشتبکەم ناتوانم، من بۆیە زیندوم تەنیا بۆ ئەوەی لەگەڵا تۆدا بژیم.

گەورەیی فروغ لەم دێڕەدا دەردەکەوێت کە بە شاپور دەڵێت: دایکت نەفرەتی لێکردویت کە من بێنیت، لەبەرئەوەی تۆ (8) ساڵە کچێکت خۆشدەوێت، ماوەیەك لەمەوبەر داویانە بەشوو، ئێستا جیابوونەتەوە، چاوەڕێ دەکات تۆ بیهێنیت، ئەگەر چی من بڕواناکەم چیتر ئاسەوارێك لە عشقی رابردوو لەدڵی تۆدا مابێت، گەر وانییە تۆ دەتوانی لای ئەو کچە بەختەوەربیت، بەڵام دڵنیابە کە نرخی ئەم فەرامۆشکردنە گیانی منە، لەبەرئەوەی کاتێ دەمرم، ئەوسا تۆ دەتوانیت بەراستی بڕوا بکەیت، کە فەرامۆشم کردیت، بەبێ تۆ ناتوانم تەنانەت یەك چرکەساتیش بژیم، من ئێستا تۆم زیاد

لەهەر کاتێکی تر خۆشتردەوێت و وا هەستدەکەم جگە لە تۆ ناتوانم کەسی ترم خۆشبوێت.

نیچەی فەیلەسوفی هێزو پیاو، کاتێك کە عاشقی سالۆمی بوو دایکی نیچە وتی: ئەم ژنە تەنیا سێ ڕێگای لە بەردەمی کوڕەکەمدا داناوە- یان هێنانی- یان خۆکوشتن- یان شێتبوون، بێگومان سالۆمی شوی بە نیچە نەکردو شێتبوو، دوایش خۆی کوشت، بەڵام عەشقی فروغ لەکاتێکدا دەگاتە دواپلە، سەرەڕای توندی نامەکەی شاپور ئەوەی کە کچێکی تری خۆشدەوێت، بەنیازە بیهێنێت ئەو دەڵێت: تاکە ڕێگا کە لە فەرامۆشکردنی تۆ بۆ من دێتەکایەوە نرخەکەی گیانی منە، لەم نێوەدا، هاوپەیوەندییەکی گەورە هەیە لە نێوان نیچەو فروغدا، پێدەچێت هەر عەشقی شاپوریش بێت فروغی گەیاندبێتە ئەم چارەنووسە.

وەکو پێشتر باسمانکرد فروغ هەمیشە دژی سوننەت و تەقالیدی کۆمەڵگەی داسەپاو بوو، بەڵام بەناچاری لە یەکێك لە نامەکانیدا لە شاپور دەپاڕێتەوە، کە مەرجەکانی باوکی قبوڵبکات، ئەگەر نا، من و تۆ ناچارین بۆ هەمیشە لەیەك جیاببینەوە.

با هەر کوڕو کچێك لەم وڵاتـەدا بیهێننە پێش چاوی خۆیان، گەر خۆشەویستییەك بەچەشنی عشقی فروغ و شاپوریان هەبێت و باوك و دایکیان ناڕازی زەماوەندیان بن چ دەقەومێت؟ هەربۆیە فروغ چاوەڕوانی ئەوەی کردووە، باوکی بە زەماوەندی ئەوان رازی نییە هەربۆیە لە نامەی داهاتوودا دەنوسێت: پەروێز بەوشێوەیەی کەمەزەندم کردبوو، باوکم رازی نییە.

هەربۆیە فروغ ناچارە مل بۆ سوننەتەکانی کۆمەڵگەی

بدات و لەمبارەیەوە، لەگەڵ دایکی و دواتریش لەگەڵ باوکی قسەبکات، مل بۆ داواکانیان بدات و لە پەروێزی شاپوریش بپارێتەوە کە بە دڵی باوکی بکات، ئەگەرنا عیشقەکەیان شکستدێنیت، تا لە یەکێك لە نامەکانیدا دەنوسێت: ئەوان چییان ویست تۆ قبوڵی بکە، باشە!؟ تەنها لەبەر دڵی من، چونکە هیچ ڕێگا چارەیەکی ترمان نییە، ئەگەرچی من دەزانم دایك چییە کە سودێك لە هەست و سۆزی نەبینم؟ ئێستا وەکو دوژمنێك دەیبینم، بە هەموو هێزو توانایەوە دەیەوێت ئازارمبدات.

جارێکی تر دەگەڕێمەوەسەر پەیوەندی نیچەو فروغ لەوەدا کە هەردووکیان دەگەڕێن بەدوای خوایەکی حەقیقیدا کەمرۆڤی باڵا (سوپەرمانە).

لای نیچە سوپەرمان- یان مرۆڤی باڵا کەسێکە بەدوای نەمریدا وێڵە، گەر کورتیش بێت، بەهەمانشێوە فروغیش دەگەڕێت بەدوای کەسێکدا کە خۆشبەختی کات، بۆی بژی و بۆی بمرێت، تاکە کەسێك کە فروغ قەناعەتی پێبکات پەروێزی خۆشەویستیەتی، بۆیە دواجـار دەگاتە حەقیقەتی ڕەهاو دەڵێت: من دەتوانم بێدەنگبم کە قسەو جوێنەکان بەسەر مندا ببارێت، بەڵام هیچ کاتێك ڕێگا نادەم سوکایەتی بەخودا کەم (پەروێز) بکرێت کە تۆی، ئیتر ئەوکاتە کارێك دەکەم، کە شێتبن و بکەونە هاوار، ئەمە گەورەترین و ڕاستگۆترین دانپیانانی فروغە بۆ خۆشەویستی، کە دەیگەیەنێتە ئاستی (خوا) کە فروغ لە زۆربەی نامەکانیدا لە کۆتایدا بەوشەی (خوا) کۆتایی پێهێناوە، هەمیشە لە پەروێز دەپاڕێتەوە کە دوعا بکات.

بەڵام پێدەچێت پەروێز بۆ فروغ خوای حەقیقی بێت و مرۆڤی باڵاو (سوپەرمان)ێك كە نیچە لەئیرادەی هێزدا دەیبینێت- لای فروغ پەروێزبێت و دواجار دان بەوەدا دەنێت، كە رێگەنادات سوكایەتی بە(خوا)كەی (پەروێز) بكرێت، كەئەو كەسە دایك باوكیشی بن.

بۆ تەنها یەكجار لە نامەی ژمـارە (10)دا فروغ زۆر دڵرەقانە دەڵێت: «پەروێز ئەمە دوایین نامەیە كە بۆت دەنوسم سەبارەت بەوەی كە وتوتە» ناتوانم ئەو مارەییە بـدەم كە باوكت داوای دەكـات تا دەڵێت: بڕیارمداوە فەرامۆشتان بكەم، بێگومان لەم دنیا گەورەیەدا كەسێك دەدۆزمـــەوە كە گوێ بەسۆزو هەستم بـدات و قەدرم بزانێت، جگە لەمەش، ئەگەر من ئێوەم لەكیسچوو ئێوەش لەبری دڵێكتان لەدەستداوە كە ترپە عاشقانەكانی لەهیچ شوێنێكی تر نادۆزنەوە- بۆ هەمیشە ماڵئاوا.

بـەڵام خۆشبەختانە دوای ئـەوەی شاپور نامەیەكی بۆ دەنووسێت، فروغ لە نامەی ژمـارە(11)دا دەڵێت: من كاتێك تەواوی دڵا و رۆح و هەستەكانم پێشكەش كردویت، بێگومان چاوەڕێی خۆشەویستی و هەست و سۆزی زۆرترت لێدەكەم.

تا دەڵێت: من شەرەف و ئابڕوم زیاد لەهەموو شتێكی دی خۆشتردەوێت.

«لەبەرخاتری تۆ ئامادەم چاو لە هەموو شتێك بپۆشم، بەختەوەری ژیانم لەگەڵا تۆدا لەسەروی هەموو شتێكەوەیە.

پەروێز من تۆم (1.000.000.000.000.000)و ئەوەندەی دنیا خۆشدەوێ (1.000.000.000.000.000) ئەوەندەی

ئەستێرەکانی ئاسمان دەتپەرستم و ستایشتدەکەم.

بەمشێوەیە سەرەڕای قبوڵانەکردنی مەرجەکانی باوکی لەلایەن پەروێزەوە، بەڵام فروغ دیسان ئامادەیە بیپەرستێ، (ئەریك فرۆم) پێناسەیەکی جوانی هەیە بۆ (ئومێد)و دەڵێت: هەموو کات ئامادەبن بۆ ئەو شتەی کە لەدایك نەبووە.

ئەم پێناسەیە سەرتاپای ژیانی فروغی داگرتووەو هەمیشە ئامادەگی تێدابووە لە پێناو ئەوشتەی کە هێشتا لەدایك نەبووە، بەڵام دەکرێت ئامادەگی بۆ بکرێت.

بۆیە فروغ بەدنیا بینیەکەی هەمان قسەی (مارکس)ی سەلماند کە دەڵێت: ئامانجی بەشەر دەبێ کردنەوەی دەرگابێ لەسەر هێزە پەنهانەکانی خۆی، نەوەکو بەدەستهێنان و کەڵەکەکردنی کەلوپەل و سامان بێت.

فروغ جگەلەوەی هەمیشە بۆ ئایندە دەژیا، ئایندەیەك کە ئەو دەیخواست، تەنها پەروێز ببێ بە هاوسەری ئەو، بە بەدەستهێنانی پەروێز هەموو شتێك لەدایکدەبێت، بەڵام هەرگیز پابەندی سامان نەبوو، بەڵکو تاکە شتێك سەرمایەی رەمزی ئەوبوو عەشقی پەروێز بوو، هەمیشە دەیویست ئەو دەرگا پەنهانانە بکاتەوە کە خرابوونە سەری و زۆرجار تەنها لە نامەکاندا داوای ئەوەی دەکرد: پەروێز تکایە ئەم شتانەمان بەسە (کومبارێك، مێزێك، پەردەو قوماش، تەپڵەکی دارین، قەرەوێڵەیەکی دارین، قاپ و کەوچك و چەتاڵ و مەنجەڵ)

بەمجۆرە فروغ وەکو عەشق بۆ پەروێز دەژیا جگەلەوە هیچی تری نەدەویست، فروغ ئەوەندە عەزاب دەکێشێت و دڵی واناسك بۆتەوە ئیدی بەرگەناگرێت، بۆیە لە نامەیەکدا دەڵێت: «بۆ کەسێك بمری کە ئەو بۆ تۆ تای لێبێت» ئەگەر

نەمتوانی باش بژیم مەرگم هەڵبژاردو تۆ هەرگیز سەرزەنشتم نەکەیت، چونکە کاتێك مرۆڤ سەرچاوەی ژیانی لەدەستدا ناچارە بمرێ، وەختێك مردم، ئاسودە دەبم، ئاسودە، ئەمە دواین نامەی فروغە پێش بەهاوسەربوونی لەگەڵا پەرویزدا، کە پڕن لە رەنج و ئازادی عەشق و راستگۆیی، بەڵام نامەکانی بەشی دووەم کە بریتین لەدوای پێکهێنانی ژیانی هاوسەریەتی بزانین چییان تێدایە.

**دوای پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی**

بەشی دووەمی کتێبەکە تەرخانکراوە بۆ ئەو (22) نامەیەی، کە فروغ لەپاش ژیانی هاوسەری بۆ شاپوری نووسیوەو ژمارەی نامەکان لە بەشی یەکەمی سەردەمی عیشقیاندا زیاترن و پڕن لە عەشق و خۆشەویستیەکی ئاگرینانە، لەمبارەیەوە تەنها پاش ئەوەی یەك رۆژ لە پەرویز دووردەکەوێتەوە- فروغ بۆی دەنووسێت: رۆژێکە، هەستدەکەم تۆ لەپاڵمدا نیت و گوێم لەدەنگت نییە، ناتوانم وەك بوونەوەرێکی بەختەوەر خۆم لەباوەشی تۆدا بشارمەوە، هەر ئەو بیرە بۆ ئازاردانم بەسە.

ئەم دەربڕینانەی فروغ ئەوە دەسەلمێنێت کە عەشقێکی کاریگەر لەناخیدا بووە.

فروغ پێدەچێت تەنها دوای تاکە ئامانجێك کەوتبێت، ئەویش عەشق و خۆشەویستی شاپور بێت.

لەمبارەیەوە همنگوای دەڵێت: گرنگ ئەوەیە مرۆڤ ئامانجی راستەقینەی ژیانی خۆی بزانێت.

ئەگەرچی لەمبارەیەوە رووداوەکانی نامەی ژمارە (2) ی ئەم بەشە کۆمەڵێك ئەگەرو گومان دروستدەکات، کە

فروغ، شاپور ناچاردەکات پاش ماوەیەکی کەم بۆ کارکردن و پەیداکردنی پارە دووربکەوێتەوە، لە پێناو بژێوی ژیاندا.

بەڵام هەر زوو فروغ دەنوسێت: شاپور بگەڕێوە بەخوا من بەرامبەرت وەك مەڕێك ملکەچ دەکەم، ببوورە گەر ببوومە هۆی سەفەرکردن و رەنج و ئازاردانت، بۆ شاری ئابادان.

دواجار دووری شاپور وادەکات فروغ داوای گەڕانەوە بکات، بپارێتەوە.

کتێب لە زۆربەی نامەکانی فروغدا وجودی هەیە، ئەمەش بۆ ئەوکات و سەردەمە رەنگە شتێکی گەورەبێت، لەکاتێکدا ئێران لە دۆخێکی تایبەتدا بووبێت، ژیانی فروغ و شاپوریش زۆرباش نەبووبێت.

لە نامەی ژمارە(5)دا فروغ زۆر بەتوندی وەڵامی نامە توندەکانی شاپور دەداتەوە، ئەمەش دیالۆگێکی تایبەتی نێوان دوو عاشق دەبێت، چونکە لە دواجاردا فروغ ئەو ناکۆکیەی نێوانیان وا وەڵامدەداتەوە.

«من خۆم بەقەرزاری تۆ دەزانم و بەختەوەری خۆم لەبوونی تۆدا دەبینمەوە»

تا دەڵێت: من ئەرکی ئەخلاقی خۆم ئەنجامداوە، داوێن پاکم و بێ خەوش بەتۆ دراوم، دەڵێت: هیچ کەس مافی ئەوەی نییە پێم بڵێ (بەدڕەوشت) من هەرگیز توشی گوناە نەبووم، باوەڕم پێبکە بەخودا درۆت لەگەڵدا ناکەم ...)

چەندین نامەی ئەم بەشە تایبەتە بە گومانی شاپور لە فروغ، کە خیانەت و ناپاکی لەگەڵدا کردبێت، بۆیە هەمیشە

فروغ دەیەوێت بڕوا بە شاپور بهێنێت کە خیانەتی نەکردووەو (فەریدون)یش کە جێگەی گومانی شاپورە، فروغ تەنها وەکو هاوڕێی خۆی ناوی دەبات.

گومانەکانی شاپور لە فروغ لە زۆربەی نامەکاندا دیارە، بێگومان گومان و غیرەکردن زۆرجار نەك ڕووداوی ژیانی ئینسانەکانە، بەڵکو غەریزەیەکی گەورەی ناو خودی ئینسانە، بەڵام دەکرێت ئەم تیڕوانینەیان دەرئەنجامی عەشق و خۆشەویستی بێت.

یان زاڵبوونی کلتورێکی پاسیف و کۆنخوازانە بێت- یان بۆ گەیشتن بێت بەیەقینی گومان، ئەمەش ڕاستی دەردی دڵی شاپورە، دواجاریش هەر ئەم غەریزەو گومانەنە کارەساتێك دەقەومێنێت، وادەکات فروغ و شاپور لێکجیابنەوە، لێردا ناکرێت قسە لەسەر هەڵسوکەوت، ڕەفتارەکانی فروغ نەکرێن بەرامبەر گومانەکانی شاپور، ئەگەرچی لە نامەکاندا فروغ زۆر بەشێوەیەکی ڕوون گەورەیی عەشق خۆی بۆ شاپور دەربڕیوە، بەڵام لە وەڵامی نامەکانی شاپوردا ناتوانرێت هەست بەو عەشقە بکرێت، ناتوانرێت وەڵامەکانی شاپوریش ڕەتبکرێتەوە، چونکە سەرئەنجام هیچ کامیان بۆ ئەبەد بۆ یەکتری ناژین و پاش چەندین عەشق و نامەی گەورە بۆ هەمیشە دادەبڕێن، ئەمەش کارەساتی عەشقە، کە ئیدی جوانییەکان لەبەرچاو نامێنێت و گومان و خیانەت جێگەیان دەگرێتەوە.

ئەم گومان و خیانەتە درێژەی هەیە، تا دەگاتە نامەکانی دواترو فروغ دەیەوێت بۆ شاپوری بسەلمێنێت، کە خیانەتی

نەکردووە، بۆیە دەڵێت: گەر رۆژێـك لە رۆژان خیانەتم لێکردیت، حەقی خۆتە پارچە پارچەم بکەیت.

سەرئەنجام شاپور بڕوا بەوە دێنێت کە فروغ خیانەتی کـردووە، بەڵام نەك هیچ بەرامبەری ناکات، بەڵکو پردی پەیوەندی نێوانیشیان ناپچڕێت.

بێگومان زۆرجار عەشق پڕە لە زیادەرۆیی و دروستکردنی سیحرو ئەفسانەی گەورە، وەکو ئەوەی فروغ دەڵێت: ئەگەر لە تۆ جیابمەوە خۆم دەکـوژم- وانەزانی درۆت لەگەڵدا دەکەم، من هەمیشە هی تۆ دەبم، بەڵام دواترین پەیوەندی نێوان ئەم دوو کەسە نەك وانییە، بەڵکو گومان و خیانەت گشت خۆشەویستی نێوانیان شکستپێدێنێت سەرئەنجامیش کەس خۆی ناکوژێت و فروغیش بۆ هەمیشە هی شاپور نابێت.

رەنگە ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتبێت فروغ لە کات و ساتی هەڵچوونی عەشق بۆ شاپور وردو درشتی شتەکانی نوسیوە، کە ئەمەش یەکێکە لە سیفاتە جوانەکانی نامەکەو کتێبەکە، کە زۆر راستگۆیانەو عاشقانە شتەکانی نوسیوە.

بەڵام لە نامەی ژمارە (22)ی ئەم بەشەدا، سەرەتاکانی شکستی عەشقەکەیان و لێکجودابوونەوەیان بەدیاردەکەوێت کە شاپور دەڵێت: لەماڵ مەچۆرە دەرەوە!

**نامەکانی پاش جیابوونەوە**

ئالسان ڤالنتان دەڵێت: جیابوونەوە ڕوویـەکـی دی خۆشەویستی و شکستیش ڕووەکەی تری شەیداییە.

بێگومان جیابوونەوەی فروغ و شاپور هەرچەندە لەرووی واقیعەوە روویدا، بەڵام روویەکی دی خۆشەویستی نێوانیان بوو تا ئەو رادەیەی لە هەمووکاتدا شاپور ئامادەگی هەیە یارمەتی فروغ بدات، فروغیش هەمیشە داوای هاوکاری لە شاپور دەکات.

بۆ نموونە: فـروغ هەر لەیەکەم نامەدا دەڵێت: گەر دەتوانیت هاوکاریم بکەیت، بۆم بنووسە، بەوهیوایەی رۆژێك بتوانم قەرەبووی چاکەکانت بکەمەوە، بەڵام شاپور بۆچونێکی جیاوازی تری هەیە لەبارەیەوە، بەبۆچونی من هەمان تێڕوانینی (ڤیکتۆر هۆگۆ)ی هەیە کە بۆ (جولیات دروی) خۆشەویستی نووسیوەو دەڵێت: خۆشەویستی چەند نەزۆکە کە لە وتنەوەی وشەی (خۆشمدەوێت- ناکەوێت) چەندیش بەپیت و لەبن نەهاتووە، کە هەزاران رێگەی تر بۆ وتنەوەی هەمان وشە هەیە.

شاپورو هاوکارییەکانی رەفتارەکانی دەرئەنجامی ئەو قسەیەی سەرەوەیە، بەبێ ئەوەی چەمکەکانی خۆشەویستی دووبارەبکاتەوە، کە لەزۆر رێگای ترەوە ئەم خۆشەویستییەی بۆ فـروغ دەربـڕیـوە، هەربۆیە فـروغ دەنووسێت: راستە بەروکەش من ئیتر ژنی تۆنیم، بەڵام تۆ دەزانیت، خوداش دەزانێت کە هێشتا هەر هی تۆم.

ئەو قسەیەی هۆگۆ، جولیات و کارەکانی شاپور بەرامبەر فـروغ وادەکـات فـروغ دان بە گەورەیی شاپوردا بنێت، بۆیە دەڵێت: رەوانییە لەمەودوا من کەسێکبم، کە نابێ تۆ دۆستایەتی بکەیت، مرۆڤ هەمیشە بەرامبەر بە چاکە چۆك دادەدات.

بۆیە دەرئەنجام ئەوە گەورەترین راستییە کە فروغ زۆر راستگۆیانە، دەیدرکێنێت و دانی پێدادەنێت، ئەمەش بۆخۆی گەورەیە.

ئەحلام مستغانمی دەڵێت: ئەوکاتە بزانە کە شەیدایت، کە رەفتارەکانت دژ بە بەرژەوەندی خۆتن.

فروغی عاشق و شەیدا، بەڵام رەفتارەکانی دەرئەنجام ئەوی گەیاندە، کارەساتێك کە دژی عشق و بەرژەوندیەکانی بوون.

رەنگە گەورەترین هەڵەش ئەوەبێت کە خۆی دەڵێت: بۆ من کە ناپاکیم لەگەڵ عشق و خۆشبەختی خۆمدا کرد، چ سزایەك لەوە شایستەترە لەم حاڵەتی کە ئێستا هەیە.

ئەو بەردەوام دەبێت لەسەر داننان بەهەڵەکانی خۆیداو دەڵێت: نازانم چ هێزێکی سەرسەخت و ناقوڵا منی کێشایە ناو ئەم کێشەیەوە؟ بۆئەم کارەم کرد؟ هیچ نازانم من رێزی تۆم نەزانی.

تا لەپاشکۆی شیعری (گەڕانەوە)دا دەڵێت: ئێستا دەزانیت چەندم خۆشدەوێت و چەندە پەشیمانم... لەرەفتاری رابردووم زۆر شەرمەزارم.

تا لەکۆتایدا دەڵێ: تەنها هاوڕێم بە.

بەخوێندنەوەی (57) نامەی فروغ بۆ شاپور، جگەلەوەی بەدیکۆمێنتێکی ئەدەبی و ئەدەبی نامەکاری گەورە دادەنرێت، لەهەمانکاتدا دەرخستنی پنتە تاریکەکانی عەشق و ژیانی فروغ و شاپورە، بەڵام پەشیمانی دووەم هەڵەیە دەیکەین، چونکە فروغ ئیدی هەموو شتە جوانەکانی لەدەستداو هاوسەریەتی شاپوری لەدەستدا، بۆیە سەرئەنجام تەنها شتێك کە داوای دەکات هاوڕێتییە.

بەڵام ئەوە فەلسەفەی عەشقە، کە خۆشەویستی هەمووجار خۆی دووبارەناکاتەوە.

بۆیە عەشقی شاپور بۆ فروغ، هەمیشە وەکو یەکەمجار نییە، کاتێ خیانەت، هەموو شتەجوانەکان دەشێوێنێت.

من دەڵێم گەر فروغ تائێستاش بمایە هەر ئەم دێرەی دەوت: دانیپێدادەنێم، کە شتێك سەرکەوتنم تیادا بەدەستهێنا، بەڵام هەرگیز لەبیرچونەوەتدا سەرنەکەوتم.

یەکەمین ترپەی عاشقانەکانی دڵم، یەکێکە لە جوانترین ئەو کتێبانەی لەلایەن شەیدا سەڵاح و رەئوف بێگەردەوە بە کوردیەکی زۆر جوان وەرگێڕدراوە، جێگەی دەستخۆشییەو لە بڵاوکراوەکانی رادیۆی نەوایە.

**نامەیەکی فروغ**

**بەر لە ژیانی هاوسەری**

پەروێزەکەم..

ئەگەر وشەکان بیانتوانیایە بەڕاستی مانای خۆیان بگەیەنن، ئەوسا منیش بەئاسانی دەمتوانی پلەی شادی و بەختەوەریمت بۆ دیاری بکەم، چ بەختەوەرییەك لەمە مەزنترە؟

ئایا بوونی خودی تۆ بەتەنیا بەختەوەریەکی گەورە نییە بۆمن؟

ئایا ژیان لەگەڵا تۆدا ئەوپەڕی ئامانجی من نییە؟

من داوات لێدەکەم، کە تۆ ئەوەندە باش و میهرەبانیت، ئەوەی تێپەڕی فەرامۆشی بکەیت. مەگەر رابردوو جگە لە دەردو ئازار شتێکی تری بۆ وەبەرهێناوین؟ ئیدی بۆچی بیر لە رابردوو بکەینەوەو هەم دیسان لەبەر ئەو هەڵانەی کردوومانە، ئازار بچێژین.

من ئێستا له هەموو ئەو بەسەرهاتانەدا شتێکم لەیادەو بیرم نەچووەتەوە، ئەویش عەشقی تۆیە، عەشقێك بۆ من له هەواو هەتاو پێویستترە.

پەروێز... من دان بەوەدا دەنێم کە بەهەڵەدا چووم و بێ هۆ تۆمەتی بێ وەفاییم دایە پاڵت، بەڵام تۆ بۆ خۆت باش دەتوانی سەبارەت بە من دادوەری بکەیت، وەختێ بارودۆخی منت لەبەرچاوگرت، درکپێکردنی مەسەلەکەت بۆ ئاسان دەبێت و تێدەگەیت کە من هیچ گوناهێکم نەبووەو نیمە.

من هەمیشە خۆشمویستویت تەنانەت پاش نوسینی ئـەو نامەیەش بەهەمانشێوە لە دڵمدا مابوویت، من و تۆ هـەردووکـمان تووشی کۆمەڵێك هەڵە بووین و پێویستە هەردووکیشمان دڵمان گەورەبێت، ئەو رابردووە فەرامۆشبکەین.

تۆ چیت لە من دەوێـت.. ئایا هەست و سـۆزە بێ کۆتاییەکەی من لە داهاتوودا ئاسوودەت ناکات، من هەمیشە ئاواتم خواستووە تا هاوسەرێکی میهرەبان و وەفاداربم و هەمدیسان هیوام خواستووە، کە هاوسەرەکەم بەرامبەرم راستگۆو میهرەبان بێت، لە نامەکانی دوایمدا تێدەکۆشم ئەو شتانەی کە لە هاوسەرەکەمی چاوەڕێ دەکەم، بۆت راڤەبکەم و تۆ بەئەرکی خۆت ئاشنابکەم، ئەگەر ئاشنانیت و بۆ خۆیشم داوای شتی وات لێدەکەم.

پەروێز ئێمە پێکەوە ژیانێکی خۆشمان دەبێ پێویستە تۆ ئەگەر لە پێناوی منیشدا بووبێت، هەوڵا و تێکۆشانی زیاتر بدەیت.

دڵنیابە لەوەی هەموو رەنج و ماندوبوونێکت شیاوی قەرەبووکردنەوەیە، وەختێ توانیم پاداشتی ئەو رەنجانەت دەدەمەوە.

پەروێز پێویستە تۆ باوەڕ بەم راستییە بهێنیت، کە یەکەمین و دوایین عەشقی منیت و زیاتر لە هەمیشە خۆشمدەوێیت و بەختەوەریت ئەوپەڕی ئارەزوومە، دەتـەوێ باوەڕبکە دەشتەوێ مەیکە، خۆت لەوە ئازادیت.

خوات لەگەڵا.. فروغ.

وەڵامی نامەکەم- یان بۆخۆت بیبەرە بەرێوەبەرایەتییەکەی رۆژنامەی (تەرەقی) و بیدەرە سیروس- یان بە پۆست بینێرە لەسەر زەرفـی نامەکە بنوسە- بەرێوەبەرایەتی رۆژنامەی (تەرەقی)، رۆژنامەی ئاسیای لاو، ئاغای سیروس بەهمەن ناوی خۆشت لەژێرەوە بنوسە، پێویستی بە نازناو نییە، بەڵام من بۆ خۆم وادەزانم، کە شێوازی یەکەم باشتربێت و زووتر بەدەستم دەگات.

**1329/5/18**

**نامەی فروغ دوای ژیانی هاوسەری**

پەروێزگیان نازانم بۆچی نامەم بۆ نانوسی، زۆر بێتاقەتم، ئێستا نزیکەی (6) رۆژە کە هاتووم و هیچ هەواڵت نازانم، هیوادارم تەندروست بیت، من و کامیش خراپ نین، بەڵام من خۆم نازانم بۆچی ماوەیەکە ئەوەندە بێزارم، لەوەدەچێ چیتر بەرگەی هیچ شتێك نەگرم، ئەوەندە بێ هێزو ماندووم بەبچوکترین ناخۆشی لە ژیانم تێردەبم، ئەوەی لە هەموو شتێ خراپترە تۆ لەلام نیت و نازانم بە چ شێوەیەك خۆم ئارامبکەمەوە، پەروێز بێ سەبرانە چاوەڕێی هاتنەوەت دەکەم، هەربەوشێوەیەی کە بۆم نوسیت بریاروابوو ئەمڕۆ کتێبەکەم چاپ بێ، بەڵام لەوەدەچێ تووشی گرفت بوبێتن و لەهەر حاڵەتێکدا شەممەکەی دی حەتمەن چاپ دەبێت.

پەروێزەکەم من لە تەنیایی زۆر بێتاقەت دەبم و لە هەمووی خراپتر نازانم بۆ ئەوەندە لە داهاتوو دەترسم، هەستێکی ناخۆش بەردەوام نیگەرانم دەکات، نازانم ناوی چی لێنێم، لەوەدەچێ کارەساتێکی خراپم لەرێدا بێت، هەمیشە خۆم لەبەر هەڕەشەی مەترسیدا دەبینم، هەستدەکەم مرۆڤێکی بەدبەختم، چونکە رۆحم شێواوەو دەمارەکانم لاوازبوون پەروێزەکەم، نازانم چیت بۆ بنوسم، تۆ کە فەرامۆشت کردووم و ئەسڵەن نامەم بۆ نانوسی، بەڵام هیوام ئەوەیە لەهەرکوێ بیت شادو بەختەوەربی، ئەوە بۆم گرنگ نییە کە نامەی زۆرم بۆ بنوسی، گرنگ ئەوەیە کە منت بوێت، ئەوەش بزانی منیش خۆشمدەوێی.

پەروێز گیان، دوێنی شەوەکەی کامی لەگەڵا (کلورو فەرەیدون)و منداڵانی تردا چووبوو بۆ یانەی شارەوانی، بە کورتییەکەی کاتێ گەڕایەوە زۆر شادمان بوون، چونکە بۆ خۆت دەزانی کە لەوێ کەلوپەلی یاریکردنی منداڵان زۆرەو بڕیارمداوە هەندێکجار لەگەڵا منداڵەکاندا بینێرم بۆ ئەوێ، چونکە لە ماڵەوە کەسێك نییە یاری لەگەڵدا بکات، وەختێکیش دەچێ بۆلای دایە، لەبری یاریکردن زۆرانبازی دەکەن و ئەوە هیچ باش نییە.

پەروێزەکەم، من لە باوکم زیزبووم و چیتر لەگەڵی ئاشتنابمەوە، چونکە ئەو خۆشی ناوێم و لە وتنی هیچ قسەیەکی ناشیرین لەپشتی منەوە درێغی ناکات.

منیش بڕیارمداوە بەهیچ شێوەیەك نەیبینم و تائێستاش نەمبینیوەو هیوادارم هیچ کات ناچارنەبم ببینم.

**پەروێز گیان خۆشم دەوێی و چاوەڕێی هاتنەوەتم.**

**فروغ**

**31ی تیر**

**نامەی فروغ پاش جیابوونەوە**

پەروێزی ئازیزم، هیوادرام باش بیت، ئەم نامەیەت لە ڕۆماوە بۆ دەنوسم، سەفەرەکەم خۆشبوو، هەموو ڕێگاکە لەبیری تۆدا بووم و نیگەرانی کامی بووم، تکایە زووتر بڕۆ بۆ تاران با تەنیا نەبێت، ئێرە شارێکی زۆر گەورەو ئاپورەیە، من لای هاوڕێیەکەم ژوورێکی باشم پەیداکرد، نامەی درێژت بۆ دەنوسم، ناونیشانی خۆمم بۆ نوسیویت.

ماچت دەکەم.

پەروێز گیان بەو ناونیشانەی خـوارەوە زوو نامەم بۆ بنوسە، لەبارەی کامییەوە بۆ دایکتی بنوسە زۆر ئاگاداری بێت، پەروێز بەخوا زۆر ناسازم، ئێستا کە ماشێنەکە دەیەوێت بڕوات ئەم کارتەم بۆ نوسیت تا لە حاڵم ئاگاداربیت، جارێکی تر ماچت دەکەم.

ئیدارەی دارایی پەروێز شاپور


ناونیشانی من no 25/20

Iran.Ahvaz

Roma.via caldeini

# سوهراب

## هەمیشە ناسكو هەمیشە تەنیا




ناوی کتێب: سوهراب باڵندەی کۆچەر

بابەت: ژیان و شیعرەکانی سوهراب

نوسەر: پەری دوختی سپهری

وەرگێڕانی لە فارسیەوە: نەوزاد محمد

ساڵی چاپ: 2005

لاپەڕە: 168

(ڕەزا مافی) نیگارکێش، لەدوای مەرگی سوهراب، ئەم شیعرەی سوهرابی لەسەر گۆڕەکەی نوسی:

**« ئەگەر بۆلای من دێن**

**هێدی و لەسەر خۆ وەرن، نەوەك درز ببات**

**چینی ناسکی تەنیایی من»**

هیچ گومان ناکرێت لەناسکی و سادەیی و بێدەنگی و گەورەیی سوهراب، تا ئەو رادەیەی کەدەڵێت(هەرگیز حەزم نەکردووە، ئازاری مێرولەیەك بدەم)

ئەوکاتەی لە کاشان رەوە کوللە هێرشێکی گەورەی هێنابووە سەر مەزراکان، دەوڵەت سوهرابی کردە سەرپەرشتی قەڵاچۆکردنیان. خوشکەکەی (پەری) دەڵێت: لێمپرسی حاڵت چییە لەگەڵا ڕەوە کوللە؟

سوهراب دەڵێت: وەڵڵا هەر کوێیەکی زەویەکان دەگری هەر کوللەیە، بەڵام من هەوڵدەدەم، پێم وەبەر یەکێکیان نەکەوێت تا پانیان نەکەمەوە ...،

ئەو هەمیشە دەیوت: بۆ خۆم دەزانم کەی دەمرم، بەڵام دەبێ لە بیابانەکانی کاشان بمرم، ئیدی دەستی دەکرد بەگریان.

* پاش یەك مانگ لەژێر چاودێری پزیشکدا لە لەندەن برستی لەبەر بڕابوو، رەنگی زەردو بێ توانا، دکتۆرەکان پێیان گوت کەئەو توشی (شێر پەنجەی خوێن)بووە.

پەری دەڵێت: رۆژێك پێی وتم: هەروەك ئەوەی دەبێ ماوەیەکی کورتر لە بۆ ژیانم بەرنامە رێژی بکەم، خۆزیا دەمتوانی کتێبەکەم تەواوبکەم .

بەڵام خوێنیان تێکردو گەڕایەوە ئێران و دووبارە گوێزرایەوە بۆ نەخۆشخانە، ئیدی نەیتوانی کتێبەکەی تەواوبکات و جارێکی دی بگەڕێتەوە ماڵەوە.

لەوکاتەدا کە لە نەخۆشخانە بوو، هەموو رۆژێك کچێك بە چەپکە گوڵێکی سورەوە دەهاتە سەردانی و بەهۆی نیگەرانی بۆحاڵی سوهراب، هەر زوو خەستخانەی جێ دەهێڵا، ئەمە هەموو رۆژ دووبارە دەبۆوە.

پەری ئەگەرچی باس لەم کچە ناکات کێیە، بەڵام پێدەچێت یەکێك بێت کە زۆر عاشقی سوهراب بـووە، ئەگەرچی بەدرێژایی ژیانی باس لە عەشقی کچێك نەکراوە لەم کتێبەدا.

سوهراب لەدوایین دوایەکانی سەرەمەرگدا وتی:

**(لەنێوان دووساتی پوچ دا هاتمە دەرو رۆشتم**

**بەردەکانم گوێی لێیە، هەمیشەیی خەم لەپەنای گۆڕا**

**چاوە نواڕی چ بێ هودەیە..!)**

سوهراب ئەگەرچی دەبوو زۆرتر بژی، تا دنیای بەرائەت و بێ دەنگی و تەنیایی و داهێنان گەورەتر بکات. تا دەنگی پێی ئاوو رەونەقی گوڵی سور باشتر بەدی بکەین، بەڵام قەدەری رەش، هەمیشە لەسەر رێگای گەورە کەسانی وەك سوهراب دایە.

بەڵێ: ئەوەی کە نەدەبوو رووبدات، روویدا سوهراب لەسەر تەختەی نەخۆشخانە چاوەکانی بڕیوتە ئاسمان و لە بێدەنگیدا نقوم بووە. تاوێك بێ دەنگ و تاوێك هێواش هێواش قسەدەکات.

سەرئەنجام ئەوکاتەی کە خۆر خۆی ئامادە دەکات، لەودیو کەل-ەوە ونبێت بەڵێ، سەعات شەشی پاشنیوەڕۆی رۆژی یەکەمی مانگی ئەردیبهشتی ساڵی (1359)ی هەتاوی رۆحی لە زیندانی سینەی رزگاربوو و بەتەنها مایەوە.

ئێدی تەرمەکەی گوێزرایەوە بۆ(مەشهەدی ئەردەهاڵا)

ئەو هەمیشە دەیگوت.

**(نابێ بترسین لەمردن**

**مردن لەناوچوونی کۆترنییە**

**...**

**مردن زۆر جار ریحانە دەچنێ**

**زۆر جار لەسێبەر رۆنیشتووە لێمان دەڕوانێ)**

**نیگەرانی و بێدەنگی و ژانەکانی هەمیشە وایلێدەکرد بڵێ،**

**(لقەکان سیسبوون**

**بەردەکان خەماوین**

**رووبار دەناڵێ**

**کوند دەخوێنێ**

**خەم رەنگی خۆرئاوای گرتووە**

**ئەتکێ لە لێوم چیرۆکی سارد**

**دڵم تەنگە بەکاتی ئەم خۆر ئاوا بوونەوە)**

مردنی سوهراب بۆ من، هەمان مردنی سوارەی ئێلخانی زادەیـە، کە شاعیرێکی هاوچەرخی سەردەمی سوهرابە، کە بۆ شیعری کـوردی رێبازو رێچکەی تایبەتی هەبوو، سەرئەنجام ئەویش لەسەر تەختی نەخۆشخانە بە نەخۆشی شێر پەنجە چاوی لێکنا.

سوهراب زۆربەی کاتەکانی بەنوسین و خوێندنەوەو نیگارکێشان دەبردەسەر، گوندی (چینار) لەسەر رێگای (کاشان مەشهەد)ئیلهامی شیعری(دەنگی پێ ی ئاو)ی سوهراب بوو.

چونکە جگەلەوەی دەنگی پێ ی ئاو لەشەوانی مات و خەیاڵاویدا، لەم شوێنە تەنهاییەدا هیچ شتێکی ترت گوێ لێنەدەبوو.

یەکێك لە نوسەرە گەورەکانی ئێران لەبارەی سوهرابەوە دەڵێت (شیعری سوهراب لە ئایدۆلۆژیا بێ بەرییە، بەڵام بە ئیجبار وەکو هەموو شیعرە بەرزەکانی دیکە لەجیهانبینییەك بەهرەمەندە، هەڵهێنجان و خوێندنەوەیەکی وەها ئۆرگانێك دارێژراوی هەیە، کەناتوانێ رووبەرووی خۆی بێتەوە).

ئەوانەی کە رەخنە لە گۆشەگیری و مانەوەی سوهراب لە بورجی عاج و بایەخ نەدانی بەچارەنووسی کۆمەڵگە دەگرن، مەبەستیانە ئایدۆلۆژیای خۆیان لەودا ببیننەوە.

بـەڵام شیعر هەمووکات ناتوانێ خـەون و خولیاو کردارەکانی تیایدا بڵاوبێتەوە، ئەمانە قسەی (شاهرخ مسکوب)ە لـەسـەر سـوهـراب، بـەڵام سـوهـراب خۆی دەڵێت: پێویستە چاوەکان بشۆرین و بەشێوەیەکی دنیا تەماشاکەین.

ساڵی(1332) بڕوانامەی لیسانس لە کۆلیژی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تـاران وەردەگـرێـت، هەرماوەیەی کارێکی دەکرد، ساڵی (1336) چووە پاریس و دواترچووە لەندەن و رۆما.

سەرەڕای فرۆشتنی تابلۆکانی، بەڵام خاوەنی گەلەرییەك دەڵێت: سوهراب هیچ کاتێك، لە خراپترین وەزعی ئابووریدا ئامادە نەبوو لەژێر کارێکی دا ئیمزا بکات؟!

سـوهـراب، مـەولـەوی بەگەورەترین شاعیر- عارفی سەردەمەکانی مێژووی رۆژی ژیانی دەزانی، هەروەها زۆر پڕ بایەخ دەینواڕییە شیعرەکانی (حافزی شیرازی) سوهراب خۆشی چەند شیعری ژاپۆنی لە ئینگلیزیەوە وەرگێرایە سەر زمانی فارسی، بەشێکیشی لە شیعرەکانی کرانە فەرەنسی، جگەلەوەی زۆربـەی شیعرەکانی کراونەتە ئینگلیزی، ئەڵمانی، عەرەبی، تورکی، ئیسپانی، سویدی و کوردی.

سوهراب خۆی دەڵێت: زۆر کاریگەر بووم، مامۆستا (ابراهیم بنی احمد ) سهراب دەڵێت: هەریەکەم رۆژێ کەهات ئەم شیعرەی پێ نووسین.

**(ئێمە بەوەوە زیندوین کەئارام نەبین**

**شەپۆلین و بە ئارامگرتن  لەناو دەچین)**

خۆشی سـاڵـی(1336) لەیەکێك لەدیوانەکانی کەلە کاشان بڵاوبۆوە،

ئەم شیعرەی نووسیوە.

**(جگە لە خەم وخەیاڵا و ئەندێشەو ڕەنج**

**لەم کاولاشەدا نییە زنجێك)**

ئەو لەودیوانەی خۆیدا نوسیویەتی:

**(ئەم کتێبە پێشکەشە بەو ڕۆحەی کە تائێرەکانە**


**بۆتە هۆی نا ئارامی و پەرێشانی رۆحی من)**

سوهراب سپهری سێیەمین منداڵی خێزانی ئەسەدوڵڵاخان سپهری، فـەروخ خـانمـی سپهەرییە، لەمنداڵەکانی تر(مەنوچهر، هۆمایۆن دووخت، سوهراب پەری دوخت، پەروانە، لە(15)ی مهرما ساڵی(1307)ی هەتاوی واتا (77) ساڵ پێش ئێستا، لەکاتی نێوەرۆدا هاتە دنیاوە.

**تێبینی: سەرنج خوێنەر رادەکێشم بۆئەوەی کەمن بەپێچەوانەوە، کتێبەکەم لەکۆتاییەوە خوێندۆتەوە، نەك لەسەرەتاوە (ا. بازگر)**

# بەخۆشەویستی دەتکوژم
# ئەی مەرگ

## مەدلوولەکانی پشت
## شیعرەکانی فەرەیدونی مشیری




ناوی کتێب: تۆ لێرەنی تا ببینی

بابەت: هۆنراوەکانی فەرەیدونی موشیری

نووسەر: فەرەیدون مشیری

وەرگێڕانی: ئارام قەرداغی

سالّی چاپ: 2007

لاپەرە: 181

فەرەیدون مشیری شاعیری ئێرانی، یەکێکە لەو شاعیرانەی کە لەناو شیعرەکانیدا عەشق بۆتە سیمبولی ژیان و جاویدانی و خۆیشی دەڵێت: منیش بە عەشق دەستمپێکردو پاشتر گەیشتم بەلقەکانی تری ژیان.

بۆیە کاتێك شیعرەکانی فەرەیدون مشیری دەخوێنیتەوە، هەستدەکەیت دەیەوێت گشت قوفڵە داخراوەکان بە کلیلێك بکاتەوە کە ناودەبرێت بە کلیلی خۆشەویستی، بێگومان ئەمە نەك لەبەرئەوەی وەکو خۆی دەڵێت«عاشقم»، بەڵکو دەیەوێت عاشقانە بژی و عاشقانە بمرێ و هیومانیزم لە شیعرەکانیدا رەنگبداتەوە.

هەرچەندە مرۆڤ کە شیعرەکانی فەرەیدون مشیری دەخوێنێتەوە هەست ناکات شیعرە عاشقانەکانی ناو دیوانەکانی تەنهاو تەنها بۆ کچێك- یان مەعشوقێك نوسیبێت، ئـەم فۆرمی کارکردنە لەناو شیعرەکانی مشیریدا زۆر بەدەگمەن هەستپێدەکرێت.

بەڵام ئاسان ئەو فۆرمە دەناسرێتەوە، کە فەرەیدون مشیری چەندە عاشق و پڕە لە ئەوین و خۆشەویستییە، بەشێوەیەك دەڵێت: هەرچی لەم جیهانەدا بەدەستبهێنن، هیچتان نییە، ئەگەر دڵتان بە عەشق نەدەن!

دەقیقەن فەرەیدون مشیری دەیەوێت عەشق بکاتە دەروازە بۆ بەدەستهێنانی جوانیەکانی ژیان و جاویدانی، بۆیە پێیوایە تەنها بە بەدەستهێنانی خۆشەویستی هەموو

شت بەدەستدێت.

لەمبارەیەوە شاعیری ئێرانی «سالْحی» پێوایە موعجیزەی تێکۆشان و حیکمەتی ئەوین، چارەسەری دژوارترین نائومێدیەکانە، بەم پێیە بێت فەرەیدون مشیری پەنای بردۆتەبەر کلیلێك بۆ کردنەوەی دەروازە پەنهانەکان کە عشق و خۆشەویستییە، هەتا مرۆڤ لێیەوە بگاتە ئاسوودەیی، مشیری سەرەڕای ئەوەی عشق و خۆشەویستی لەژیانیدا بۆتە هەموو شت، بەڵام لەناو شیعرەکانیدا هێندە جوان وێنەی شیعری پێداوە خوێنەر رادەکێشێ بۆ ئەو رانانە جوانەی کە هەیەتی، بۆیە لە یەکێك لە شیعرەکانیدا بەناوی (مانگ و بەرد) دەڵێت:

**گەر مانگ بوومایە، لەکوێ بومایە**

**بە شوێن سۆراغی تۆدا دەگەڕام**

**گەر بەرد بومایە، لەکوێ بومایە**

**لەبەردەبازی تۆ راوەستام**

لەم شیعرەدا هەم «عەشق» و هەم«وێنەی شیعری» هێندە جوانن، مانگ و بەرد دەکاتە پاسەوانی یارەکەی و هەردووکیان دەخاتە خزمەت عەشقەوە.

ئەو لێرەدا نایەوێت بڵێ یارەکەم لێ ونبووە، ئەوەندەی مەبەستیەتی بڵێ کاری رووناکی مانگ چییە، ئەگەر گەڕان نەبێ بەدوای عەشقدا، ئیشی بەرد چییە ئەگەر نەبێتە

بەردەبازی عشق، ئەو دەیەوێت بڵێت دارو بەردو مانگ و زیندەگی هەمووی دەبێ لە پێناوی عشق و خۆشەویستیدا بن، تا ژیان جوانتر بێ تا زیندەگی بێ کێشەتر بێ.

فەرەیدون مشیری پێوایە شتێك کە نامرێ «گوڵ و ئەوین و ئاسمان و مەل و خۆرو مانگە» هەر بۆیە لە شیعری «زوڵمی دۆست»دا دەڵێت:

**مردن یەعنی**

**مەل نا**

**گوڵ نا**

**ئەوین نا**

**ئاسمان نا**

بەڵام تاکە شتێك کە وادەکات مردن لای مشیری ئاسانتر بکات و قەناعەتی پێبکات، کە مردن و مەرگ زۆر باشترە لە زوڵمی دۆست.

پێدەچێت فەرەیدون مشیری بیەوێت لە ڕێگای شیعرەکانییەوە بڵێت: ئەگەر عەشق نەبوایە چۆن لەگەڵ مەرگ، هەڵمانبکردایە.

بۆیە سەرتاپای شیعرەکانی فەرەیدون مشیری پڕیەتی لە عشق و ئەوین.

تا دەگاتە وەسفێك و دەڵێت:

**زەردەخەنەی چاوانی تۆ**

**ئاوازی هەبوونی خودا**

**لەچاوی مندا جاڕ ئەدا...،**

**تەنیا بەڵگەم کەخوا هەیە**

**ئەم جیهانە قەشەنگە و ئەم**

**ژیانە پڕ نرخەو شیرین**

**زەردەخەنەی چاوی تۆیە**

موشیری، بوونی خواو بەڵگە بۆ وجودی خوا دەگەڕێنێتەوە بۆ زەردەخەنەی چاوی یار.

عەشقی فەرەیدون تا رادەیەك گومان دەخاتەسەر بوونی خواو ئەو قەشەنگییەی کە باسدەکرێت و ئەو بەنرخییەی ژیان، کە باهایەکی گەورەی خوایە بە ئینسانەکانی بەخشیوە.

فەرەیدون دەیەوێت، لەم شیعرەدا بڵێت: خوا بەبێ عشق و زەردەخەنەی یار ناتوانێ قەناعەت بە من بێنێت کە تا گوێم لە ئاوازی خوایی بێت.

پەیوەندی نێوان بوونی خـواو زەردەخـەنـەی چاوی یارەکەی لای فەرەیدون مشیری، دوو شتی لێك دانەبڕاون و پێیوایە لە حاڵەتی نەبوونی زەردەخەنەی یاردا، هەموو شتێك بەشێکە لە عەبەسییەت، بەڵام لەگەڵ ژیان و ژین و عەشق و بوونی گەردوون و خوا، لەگەڵ زەردەخەی چاوی یار.

شتێکی بەڵگە نەویستە دەکرێت لەسەرکۆی شیعرەکانی

فەرەیدون و بەتایبەت شیعری زەردەخەنە، «چاوی تۆ» رابوەستین بەوەی ئایا لەپشت ئەم شیعرانەو بەتایبەت ئەم شیعرە باکگراوەندێکی مێژووی ئامادەگی هەیە؟ ئایا لەپشت ئەم روانینەی فەرەیدونەوە عشقێکی حەقیقەتی هەیە، ئایا بەڕاستی ئەوە بەشێکە لە ژیان و ئەوینی فەرەیدون؟

هەرچەندە لەکۆی شیعرەکانی فەرەیدوندا عەشق و خۆشەویستی یارو ئەوین، رەنگدانەوەی هەیە، بەڵام نابینرێت شیعرەکانی فەرەیدون رەنگدانەوەی عەشقێکی مجرد بێت، وەکو چۆن ئەمە لای ئەحمەد شاملو و فروغی فروغزاد و نالی دەبینرێت.

بەڵام گەڕان بەناخی شیعرەکانی فەرەیدونی موشیریدا، هەستدەکەیت فەرەیدون دەیەوێت بەدوای یەقیندا بگەڕێت، لای ئەویش تا عەشق و خۆشەویستی نەدۆزینەوە ناگەینە یەقین.

یان وەکو شێرزاد حەسەن دەڵێت: بێگومان، ناگەینە یەقین، فەرەیدون دەیەوێت بڵێت سەرچاوەی هەموو ژیان عەشق و ئەوینەو ئەڵتەرناتیڤی هەموو کێشەکانی ئینسانە، بەبێ عەشق هەموو وەزو داهێنانەکانی ئینسان دەکوژرێت، هەربۆیە لەناو شیعرەکانیدا پانتایەکی بەرفراوان دراوە بە عەشق و خۆشەویستی، بۆیە گەر سەیری دیوانەکانی فەرەیدون موشیری بکەین لەگشتیاندا ئەوین

و ئیلهام و پێکهینەری سەرەکی شیعرەکانیەتی، بەکورتی فەرەیدون دەیەوێت لە رێگەی شیعرەکانییەوە بڵێت: عشق سەرچاوەی ژیانەو هەر خۆدزینەوەیەك لەم چەمکە گرنگە، بێ مانابوونی ژیان و زیندەگییە.

من وا هەستدەکەم فەرەیدون مشیری بیەوێت لە رێگەی شیعرەکانیەوە بڵێت: من بە خۆشەویستی دەتکوژم ئەی مەرگ.

# ژنێك دەمرێ‌و
# پیاوێك بەچراوە نایە

## گەڕان بەدوای نهێنی‌و
## ماناكانی ژیان لەدڵی دەریادا



**ناوی کتێب: ژنێك دەمرێ و پیاوێك بەچراوە نایە**

**بابەت: شیعر**

**نوسەر: محەمەد کوردۆ**

**ساڵی چاپ: 2005**

**لاپەڕە: 354**

زۆر نوسین لەسەر محەمەد کوردۆ نـوسراون، لەتیف هەڵمەت دەڵێت: یەکێکە لەشاعیرە لاوەکـان و خاوەن تـوانـایـە. زاهـیـر رۆژبەیانیش وتـویـەتـی: پـتر لەجارێ دەخوێندرێتەوە.

کەمال خەمباریش بۆچونی وایە: داهێنان بەتەمەن و ئەزموون نییە- بەقەدەر ئەوەی پەیوەندی بە راستگۆیی و سوتان و ژان و مەسەلە سەرەکییەکەوە هەیە کە شیعرە.

رۆژ هەڵەبجەیش پێیوایە: نزیکییەکی گەورە لەنێوان سهراب و کوردۆدا هەیە.

منیش دەڵێم: کـوردۆ وەکـو قووڵی دەریـا مەنگەو تانزیکتربی لـێـوەی، شینترو شینتر دەنوێنێت. وەکـو کەمان وایە، تادەست لەژێکانی نەدەیت و شیعرەکانی نەخوێنیتەوە، ناتوانی لە نەغمەو ترپەکانی دڵی بگەی.

ئەرستۆ لەمبارەیەوە قسەیەکی جوانی هەیە دەڵێت: بۆ ئەوەی بڕیاربدەیت ئاخۆ ئەوشتەی وتراوە- یان کراوە لەرووی رەوشتەوە چاکە- یان خراپە، نابێ هەر تەنیا چاکەو

خراپەی شتەکە لەبەرچاوبگرین، بەڵکو دەبێ ئەوەشمان لە بەرچاوبێ، کە کێ قسەکەی کردووە و کارەکەی ئەنجامداوە و بۆکێی کردووە؟ بە چ بۆنەیەکەوە بەچ هۆیەکەوە بۆ چ مەبەستێك وتراوە؟

بۆیە دەبێت وەڵامی ئەم هەموو پرسیارەی ئەرستۆ لەم دیوانەدا بدۆزینەوە، پاشان بزانین کوردۆ چیکردووە و کێیە و شیعرەکانی چین؟

بۆ کەمترین ناسین، من کەمترین قسە لەسەر چەند شیعرێکی کوردۆ دەکەم، بەکورتی (بۆدلێر)ی شاعیری مەزنی فەرەنسا، یەکێك بوو لەو شاعیرانەی، رەنگی خودی مرۆڤانەی خۆی، بەبێ دوو روویی وەکو نوێنەری راستەقینەی چاخەکەی خۆی، خۆی دەرخست، راستگۆیانە ئەوەی ویستی وتی و ئەوەی وتی بڵاویکردەوە، واقیعی کەسێتی بۆدلێر-فەرەنسا بوو.

محەمەد کوردۆ، وەکو شاعیرێکی کورد، یەکێك لەخاسێتە جوانەکانی ئەم شاعیرە جوانە، نوێنەرایەتی واقیعی خودی خۆیی و کۆمەڵگەی کوردی دەکات، بەشێوەیەکی زۆر راستگۆیانە و دەرخستنی ئەو سیحرو نهێنیانەی لەپشتی شیعرەوە هەن و دارشتنیان لەناو دەقێکی شیعریدا.

لەکاتێکدا بەراستی، هەر ئەمکارە ئیشی شاعیرەو وەزیفەیەتی، تا سروشت و ژیان بەوێنەی شیعری بۆ خوێنەر و بونیادەکانی بگێرێتەوە.

وێنەیەك کەخوێنەر والێدەکات، ئیستێك بکات و جارێکی

تر بەقوڵی لەژیان بڕوانێت، بڕوانێت ئایا ژیان هەر ئەوەیە کە بەو شێوە سادەیەی هەیە، دەیبینن وایە؟ یان جیا لەو سادەیە کۆمەڵێك حاڵەتی تراژیدی و کۆمیدی ترسناك و جوان، باش و خراپی... هتد، لەخۆگرتووە.

کـوردۆ ئەم حاڵەتانەمان بۆ دەکاتە وێنەی شیعری و بەدەقێك پڕ لەئێستاتیکا لەشیعری (گوڵی سپی) پێمان دەڵێت:

(وەك بەژنی کازیوە سەربڕاو
شەڵاڵی خوێن کرا
لەسەر چی؟
شەوێکیان ڕێی کێشا بۆ هەور
بارانێ دابکا
گوڵی ڕەش بگۆڕێ بەسپی)

ئەرستۆ لەمبارەیەوە سەبارەت بەشیعری جوان دەڵێت: گەورەترین خاسیەتی چاکی زمانی شیعری ئەوەیە، کەروون و ئاشکرا بێ، بێئەوەی سواوبێ، زمانی شیعری ئەو کاتە روون و ئاشکرا دەبێ، کە لە وشەی رۆژانە دروستبێ.

کوردۆ لەشیعری (گوڵی سپیدا) دەیەوێت کودەتایەکی سپی لەرێگای گوڵەوە دروستبکات، تا باران بکاتە هەناسە بۆگیانی گوڵ و بە دابارینی بـاران، هەموو شەڕو تاریکی و رەمـزە رەشەکان بگۆڕێت بۆ سپی، ئاگری سپی ببێتە پەیامبەرێك، بۆ سڕینەوەی شەڕو مەملەکەتی رەش.

تا بارانێك ببارێت قەوزە لەسەر کانیاو لابدات و گوڵ

قژی لەبەر دابهێنێت، لەبەرامبەر ئەم هەوڵە ئینسانی و سروشتییەی گوڵی سپیدا، چارەنوسی گوڵ بەدەست جەلادەوە سەربڕینیەتیو شەڵاڵی خوێن دەکرێت.

کوردۆ لەم شیعرەدا دەیەوێت پێمانبڵێت، بەتەنها لەسەر گۆڕینی (رەنگی رەش، بۆ سپی) رەشترین چارەنووس کە کوشتنە رووبـەرووی ئینسان دەبێتەوە، ئەگەر هەوڵەکەش لەپێناو ئاشتی و جوانی و ئینسانیەتدا بێت، بەڵام چونکە جەلادەکان هەرگیز رێگا بەم شۆڕشە سپییە نادەن کە گوڵی رەش و رەنگە رەشەکان و ترسناکەکان بگۆڕدرێن بۆ سپی.

هیومانستییەتی کوردۆ لەم شیعرەدا لە دواپلە دایە، بۆیە پەنا دەباتەبەر گوڵا، تا شۆڕشێکی سپی بکات.

بەڵام ئەوە، هەر بەتەنها کوردۆ نییە، رووبـەڕووی ئەم شکستە دەبێتەوە، بەڵکو ئەوە هەزاران گوڵی سپی و کوردۆی ترن کە دەیانەوێت ئەو شۆڕشە بکەن، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، تاکە هەوڵیش، نووسینەوەیەتی بەشیعر.

سیحرو فەنتازیای کوردۆ لەم شیعرەدا لەوێدایە کەبێ ئەوەی درێژدادڕی بکات و وشە ریزبکات، پێماندەڵێت چۆن کودەتایەك سازبکەین بۆ گۆڕینی رەش بۆ سپی. چۆن باران بکەین بەپێشەوا تاهەموو پیسییەکان بشواتەوە، چۆن باران رێنمایی هەور بکات؟ لەکوێ داکاتە بارانێکی بەخوڕو چی پۆخڵەواتی و ئاگری پڕ لە دوکەڵی رەش و دڵە ژەنگرتووەکان و چارە رەشەکان سپی بکاتەوە...؟!

دیارە ئەم شیعرە قسەی زۆرتر هەڵدەگرێت، بەڵام بۆ

تێگەیشتن لەو سیحرو فەنتازییەی ناو دیوانەکەی کوردۆ، دەچینە سەر یەکێکی تر لەشیعرەکان، یەکێکی تر لەو شیعرانەی کوردۆ کە لەناو دیوانە تازەکەیدا بەناوی» ژنێك دەمرێ و پیاوێك بەچراوە نایە» دیسان دەکرێت سەرنجی وردی لێبدەین» شیعری برسێتی» لێرەدا شاعیر، جارێکی تر وێنەی شیعری جوان بەرجەستەدەکات.

بێگومان ئەمجۆرە دەربڕینانە وەکو ئەرستۆ دەڵێت» کەزاراوەی ئاسایی نین، بەکارهێنانی زمانی شیعری لەزمانی ئاسایی سواوەوە بەرزتر دەکەنەوە»

تا دەڵێت: شتێکی چاکە گەر بتوانین ئەم هەموو هونەرانە بەچاکی بەکار بهێنین،

دیسان قسە لەسەر ئـەوە دەکەین، کە کـوردۆ زۆر راستگۆیانە ئەوەی روویداوە بەشیعر دەیگێڕێتەوە.

دەمەوێ بڵێم لەشیعری «برسێتی»دا کەس وەکو کوردۆ واقیعانە باسی لە برسێتی و هەژاری نەکردووە، کە پێدەچێت خۆی کارەکتەری سەرەکی دەستی ئەو بەڵایەبێت، بۆیە وا زۆر بەجوانی درکی پێکردووەو بەتەنها لە(16) وشەدا جوانترین وێنەی شیعری تێدا بەرجەستە کردوە و دەڵێت:

**برسێتی**

**هەورێکە هەر تەنها**

**لەشاری بێکەسان دائەکا**

**پیاوێکە گەڕیدە**

**هەر هەژار ئەناسێ...،**

**بەسۆزو کوڵەوە**

**باوەشی پیا ئەکا»**

لـەم شیعرەدا، مـێـژووی شیعرەکە ساڵی (1995)و پێدەچێت شوێن چەمچەماڵ بێت- یان شارێك، ناوچەیەکی ئەم کوردستانە بێت. کە ئەمە گرنگە تا بزانین، ئەوە ئەو ساڵەیە، کەبرسێتی تەنگ بە ئینسانەکان هەڵدەچنێت و کوردۆش وەکو تاکێکی کۆمەڵگە دەبێتە قوربانی.

ئەوە بە تەنها شاعیر نییە قوربانی ئەو بەڵا کۆمەڵایەتی و ئابووریەی دەست ستەمی رۆژگارە، بەڵکو بەشێکی زۆری هەژاری خەڵکی کوردستانن، بەڵام ئەمە تا ئێرە بەشێکی مەسەلەکەیە و لەوەش گرنگتر تەوزیفکردنی برسێتییە بۆ دەقێکی شیعری و نوسینەوەی لـە(16) وشـەدا، ئەمەیە ئەسڵی کاری سەرەکی شاعیر. کە دەیەوێت رووداوێکی گەورەی کۆمەڵایەتی لەشیعرێکدا جێکاتەوە و پێمان بڵێت: برسێتی تەنها ئێخەی خەڵکی هـەژار دەگرێت، لێرەدا دەکرێت دوو رەهەندی تایبەت لەم شیعرەدا بخوێنینەوە.

یەکەم، دەکرێت یەکێك لەرەهەندەکان سیاسییانە، وەکو ئایدۆلۆژیا کار لەسەر ئەم شیعرە بکەن، ئایدۆلۆژیایەك کە پێی دەوترێت، مارکسیزم- یان تۆتالیتاری. کەتێدا هەژارو کرێکار، یەکەم قوربانین، بەپێچەوانەوە جەلاد لەم شیعرەدا سیستمی سەرمایەدارییە و ئەو پیاوە گەڕیدەیەی کە کوردۆ

باسی دەکـات، هەرگیز دەوڵەمەند و سەرمایەدارەکان ناناسێت.

گەرچی شیعرو ئەدەب ناکرێت پێناسەیەکی سیاسی بە بەردا بکرێت، بەڵام چونکە واقیعەیتێکی کۆمەڵگەشە. ناکرێت شاعیرو نوسەرانیش هەڵوێستیان لەسەری نەبێت.

بۆیە کوردۆ وەکو ئینسان، وەکو قوربانی دەستی ئەم بەڵایە، جارێکی تر مانایەکی تری شیعری دەداتێ.

رەهەندی دووەمـی، وێنەی شیعری ناو ئەم دەقەیە، کە جارێك وەکو هەورێکی رەش و ناشیرین وەسفکراوە و جارێکی تر وەکو پیاوێکی گەڕیدە، کە پڕ پڕە لەبرسێتی و دەیەوێت باوەش بکات بەگشت هەژاراندا.

یەکێکی تر لەو شیعرانەی دەکرێت لەسەری بوەستین و قسەی لەسەر بکەین، شیعری (دەستی ئافرەت و پەنجەی پیاوە)

لەم شیعرەدا، شاعیر زۆر جوان باس لە قوربانیبوونی ئافرەت دەکات، لەسەر دەستی پەنجە گوێزانەکانی پیاودا. لەکاتێکدا (پیاو پاش ئەوەی مار ئاوەکانیان پڕکرد لە ژەهرو دووپشك زان و کوللەو سمۆرەکارەکانیان ئەنجامدا، بەڵام دیسان تاکە رێگایەك ئاوێزان بوونە لەگەڵ ئافرەتێك) لەکاتێکدا قوربانی دەستی پیاون، ئەم شیعرەش وەکو چەند شیعری تر، بەشێکە لەو شیعرانەی کە دەردو مەینەتییەکانی ژنی تێدا نوسراوەتەوە، لەبابەتی شیعری «ئەفسانەی پایز»

که جیا لەوەی کچ و کوڕێ دەبنە قوربانی، تەنانەت ڕێگا نادرێت خەونیش ببینێت، ئەمە جگە لە شیعری «زەکیە ئالکان» کە دەقێکە پڕە لەوشەی جوان و وێنەی شیعری بۆ شەهید زەکیە نوسراوە.

لێرەدا دەبێ بڵێم ئینسان بۆ ئەوەی لە کوردۆ تێبگات، دەبێ دیوانە شیعری «ژنێك دەمرێ و پیاوێك بەچراوە نایە» بخوێنیتەوە کە تازەترین کۆ شیعری شاعیرە.

بەڵام من دواترین قسەکانم بەوە کۆتایی دێنم، کە فروغ فروخزاد دەڵێت: هەرگیز بەو دەقە- یان بەو شیعرە ناڵێن شیعر، گەر هاتوو ناواخن و دەق و کەسێتی شاعیر- یان شاعیرو شیعر وەك یەك نەبوون.

من لەگەڵ قسەکەی فروغدام، سەبارەت بەشیعرەکانی کـوردۆ کە پێموایە بەناسینی کـوردۆ و بەخوێندنەوەی شیعرەکانی ئینسان تێدەگات، کە شیعرو شاعیر دوو ڕووی یەك دراون.

# سوارەی ئیلخانیزادە

## تەمەنێکی کورتو داهێنانێکی گەورە




**ناوی کتێب:** خەوە بەردینە

**بابەت:** شیعر

**نوسەر:** ئەفشین بەهاری زەڕ

**ساڵی چاپ:** 2709 ك

**لاپەڕە:** 62

بەرەبەیانییێکی زووی مانگی ڕێبەندانی (1937) (1316) هەتاوی بوو، هێشتا گزنگی تیشکی خۆر نەکەوتبووە سەر کۆلیتەکانی ئاوایی (تورجانی)* ناوچەی بۆکان، تا لەو بەیانییەدا لەماڵە هەژارێکی ئەو گوندەدا، کوڕێك چاوی بۆ ژیان هەڵهێناو ناویان نا «سوارە».

سوارە، کوڕی ئەحمەد ئاغای ئیلخانیزادەی کوڕی حاجی بایز ئاغای حاجی ئیلخانە، باوکی سوارە پیاوێکی دەوڵەمەندو ناسراوی ناوچەکە بوو، بەڵام دواتر بەهۆی خراپی گوزەرانییەوە تورجان جێدەهێڵن و دەچنە ئاوایی «قەرەگوێز» لەبیست کلیۆمەتری باشوری بۆکان، عیسمت خانمی دایکیشی پێش ئەوەی سۆزو خۆشەویستی خۆی بۆیەکجاری بەڕووی سوارەدا پەخشان بکات، بەسەر منداڵەوە دەچێت و بۆیەکجاری سوارە لەو سۆزو خۆشەویستییە بێبەش دەکاتو ماڵئاوایی لەژیان دەکات.

سوارە هەر لەمنداڵییەوە خولیای شیعرو ئەدەب دەبێت و سەرەتاکەشی بەخوێندنەوەی شیعرەکانی «حافزی شیرازی» دەستپێدەکات، دواتـر هەستی نیشتمانی و نەتەوەیی و ئینسانی لای سوارە دەبێتە مانیفێستی شاعیرانە، هەستدەکات تاچ رادەیەك گەل و نەتەوەکەی دەچەوسێندرێتەوە، خراوە تەژێر زوڵم و زۆرەوە، تا بەپلەکانی تەمەندا دەچووە سەرێ باشتر تێدەگەیشت لەژیان و هەورازو نشێوەکانی سەردەمی هەنگاوی شاعیرانەو شۆڕشگێڕانەی دەهاویشت لەو پێناوەدا.

بـەڵام پـاش ئـەوەی لەساڵی (1955) ماڵیان دەچێتە بۆکان، سوارە تووشی ئازارێکی جەستەیی سەخت دەبێت و تووشی ئیفلیجی پشت و رانی راست دەبێت، دواتر پاش

نەشتەرگەریەکی گەورە چوار ساڵا لەسەر گـازەری پشت دەکەوێت و خەونە جوانەکانی بەهۆی ئازارەوە لە گەشانەوە دەکەون بۆماوەیەك گۆچانێك دەبێتە هاوڕێی هەمیشەیی.

ساڵی (1962) دیبلۆمی وەرگرت، دواتر لەزانکۆی تاران لەکۆلێژی ماف وەردەگرێت، هەر لەو ساڵەدا دەبێتە ئەندام لە یەکێتی خوێندکارانی کورد- لەزانستگاکانی ئێران‌و دواتر لەگەڵا «سمایلی شەریفزادە» چەند هاوڕێییەکی تریاندا باڵی چەپ‌و شۆڕشگێڕی یەکێتی خوێندکارانیان پێکهێنا و دەستیانکرد بەخوێندنەوە و لێکۆڵینەوە لەسەر مێژوو، ئەدەب و کۆمەڵناسی و سۆسیالیزم ...، هتد.

دواتریش کە هێشتا بڕینی ئەوینی کچە «کرمانجی» دێهاتی سارێژ نەبووبوو، جارێکی تر دڵی سوارە بەداوای عەشقی کچە ئازەرییەکی ماڵا لەبۆکان دەگیرێت و بۆی دەبێتە ئیلهامی شیعرو نوسینەکانی.

«رووقیا»ی خۆشەویستی سـوارە، کە هەوڵیدەدا ناوی «رووناك»ی لێبنێت هەمیشە ئەندێشەو خەیاڵی شاعیرانەی سوارەی داگیرکردبوو، هەربۆیە دواتر زەماندەی لەگەڵدا دەکات و کوڕێکی جوانیکلەی لێدەبێت بەناوی «بابەك»و تا دوا هەناسەی قوڵی ژیانی پڕ دەردو چەرمەسەری ژیان بەرێدەکات و دەبێتە تروسکەی هیوایەك لەدڵی سوارەدا، توانی ببێتە سیمبوڵی عەشق و ئەوینداری بۆ سـوارەو بەڵێنەکانی تادواجار لێکشانی سوارە بەجێبهێنن.

سوارە ساڵی (1963) لەلایەك دەزگای «ساواك» رژێمی شاوە بەتۆمەتی شۆڕشگێڕی دەستگیردەکرێت و ماوەیەك لەزینداندا دەمێنێتەوە، لەساڵی (1967) زانکۆ تەواودەکات.

سواره، هەرچەند وەکو دەنگێکی نوێخواز لە کوردستانی ئێران دەناسرێ، کەتوانی لەتەمەنێکی کورت و کەمدا هاوشێوەی (لۆرکا، فروغ) زوو بناسرێ و شیعرەکانی کاریگەری خۆیان دابنێن.

بەڵام گومان لەوەدا نییە کە هیچ شاعیرێك لەسفرەوە دەستپێناکات، بەڵکو کەم و زۆر کاریگەری شاعیرانی تری بەسەرەوەیە- بۆیە سوارەش بەدەرنییە لەکاریگەری شاعیرانی فارسی سەردەمەکانی پێش خۆی.

خۆ ئەگەر مەرگ دەرفەتی بدایە، بێگومان سوارە دەبووە یەکێك لەدەنگە شیعرە نوێیەکانی شیعری کوردی.

حەمە سەعید حەسەن لەکتێبی لە هەیفدا بۆ رووی تۆ و لەپەیڤدا بۆخۆم دەگەڕێم. کە بەقەناعەتی من کتێبێکی زۆر بەنرخە لەبواری رەخنەو لێکۆڵینەوەدا- کەبەوردی قسەی لەسەر زۆر شیعرو ئەدەبیاتی کردووە.

لەم کتێبەدا خۆزیە پاڵنتی دەڵێت» شیعر هات و هاوار نییە، بەڵکو هونەری شیعر ئەوەیە ( پێش ئەوەی دەنگی وشەکانی بژنەوێ لەبێدەنگییەکەی بەگوێت ئاشنابێت)

حەمە سەعید دەڵێت» ئەگەر، هەرگیز بەوشە وێنەیەکی وا جوانت نەکێشاوە، ئیدی بەچیەوە لافی ئەوە لێدەدەی کە شاعیریت!

دەمەوێت بڵێم هەردوو مەبەستەکەی خۆزییە پاڵنتی و حەمە سەعید حەسەن رێکاورێك بەسەر شیعرەکانی سوارەی

ئیلخانیزادە جێبەجێدەبن بەوەی کە هێندە بەبێ دەنگی و ناسکی پێمان دەڵێت:

(پەپولەیەك فڕی بەباڵی سەوز و سورەوە
من دەڵێم:
گوڵێ بەدەم شنەی شەماڵەوە شنەی بزورت)

دیقەت بدەین لەم شیعرەدا چ بێدەنگییەك چ جوانییەکمان لەوێنەو شیعر پێدەدات.

یان سوارە گەر دیقەتی دیوانەکەشی بدەی هەرگیز هات و هاوار نە لەخۆی نە لەشیعرەکانیدا بەدی ناکرێت، بەڵکو هەموو هەوڵی بۆ ئەوەبووە شیعر بڵێ، نەك هات و هاوار بکات.

شیعر بەبێ دەنگی بڵێ، کە هەموو دنیا گوێی لێبێت، هەربۆیە رەنگە هیچ کەس وەك سوارەی ئیلخانیزادە بەبێ دەنگی نەژیابێ و بەبێ دەنگی نەمردبێت، کە دڵنیام ئەمەش سیحری خۆی هەیە.

لەشیعرێکدا سوارە دەڵێت:

**«گوڵم دڵم پڕە لەدەرد و کوڵ**
**ئەڵێم بڕۆم لەشارەکەت**
**ئەڵێم بەجامێ ئاوی کانیاوی دێیەکەم**
**عیلاجی کەم ... دڵی پڕم، لەدەردی**
**ئینتیزارەکەت»**

ئاخر ئەمە ناسکی شیعرە کە سوارە دەیڵێت، بێئەوەی هاوار بکات. هەربۆیە بەزیندویی ماونەتەوە.

سوارەی ئیلخانیزادە لەسەردەمێکی خەفەقان و لەتەمەنێکی لاویدا توانی ئەفراندن بکات لەشیعری کوردیدا.

بۆیە ئەو زیاد لە پێویست عشقی ژیان و شیعر و جوانی بوو، بەڵام مەرگ دەرفەتی نەدا،

ئەگەرچی تەمەنی سوارە پڕیەتی لەکارەسات و تراژیدیای بێوێنە، بەڵام دەتوانین بڵێین سوارە لە رووی شیعرو داهێنانەوە دەکرێت وەکو یەکێك لەپێشەنگەکانی شیعری کوردی لە کوردستانی ئێران چاوی لێبکرێت، ئەگەر لەئێراندا شیعر توانیویەتی چەمکی نوێبوونەوەو داهێنان و ئەفراندان لەرێگای شاعیرانی وەك «نیمایوشیج»و دواتر لەرێگای شیعرەکانی (ئەحمەد شاملۆ، فروغی فروخزادە، م.ئومێد) بەدەستبهێنێت و توانیبێتی لەگەڵا داهێنانەکان و شیعری هاوچەرخی ئەوکاتە هەنگاوبنێت، ئەوا بێگومان شیعرەکان «گۆران»و دواتریش شیعرەکانی سوارە یەکێکن لەو هەنگاوە شیعریانەی کە هەنگاوی هەڵگرتووە.

ئەگەرچی سوارە سەرەتا شیعری بەشێوەی کلاسیکی نوسیوە، بەڵام دواتر وازی لەکێش و قافییە هێناو روویکرد شیعری سەربەست و نوێی کوردی، بۆیە سوارە سەرەڕای خەیاڵا فراوانی و جوانی لەشیعرەکانیدا، دەستێکی باڵاشی لەتەکنیکی شیعردا هەبووە بۆ سەردەمەکەی خۆی، بۆیە سوارە بۆ ئەوکات و سەردەم دەکرێت، وەکو رەچەشکێنێکی بێوێنە چاوی لێبکرێت، ئەگەر مەرگ دەرفەتی پێبدایە، بێگومان دەیتوانی زۆر شتی گەورەترو جوانتر پێشکەش بەئەدەب و فەرهەنگی کوردی بکات.

ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە سوارە هەر بەتەنها شاعیر نەبووە بەس، بەڵکو دەستێکی باڵاشی هەبووە لە نوسینی چیرۆك و پەخشانو وتاری سیاسی و کۆمەڵایەتیدا.

لەمبارەیەوە کۆمەڵە پەخشانی «تاپۆو بوومەلێڵا « باشترین کۆمەڵە پەخشانی ئەم شاعیرەن کە کاتی خۆی لەرادیۆی کـوردی تاراندا بڵاوکراونەتەوە، لەم دوایەشدا کراونەتە کتێبێکی قەبارە مامناوەندی رێکوپێك.

لەکۆتاییدا دەبـێ ئـەوە بڵێن سـوارە هەگبەیەکی پڕ داهێنانی پێبوو، ئەگەر مەرگ رێگای بدایە دڵنیام، داهێنانی جوانترو گەورەتری دەخستەسەر خەرمانی ئەدەبی کوردی.

بۆیە نەخۆشی شێرپەنجە، وەکـو مێردەزمەیەك بۆ هەتاهەتایە لەکۆڵی نەبووەوە و وەکـو مۆتەکە بەسەر سنگییەوە نوسا، تادواجار لە(1975/12/18) بەیەکجاری زۆری بۆدێنێت و دەست لەبینە قاقای توند دەکات و بەیەکجاری لەسەر تەختەی نەقالەی نەخۆشخانە هەناسەی لێدەبڕێت، خامەی داهێنان و شاعیرانەی لەدەست دەکەوێتە خوار.

**بەشێك لەبەرهەمەکانی شاعیر**

1-تاپۆو بوومەلێڵ ...کۆمەڵە پەخشان.

2-خەوە بەردینە... دیوانە شیعر

3-داستانی ئافرەت ... کورتە چیرۆك، وەرگێڕان.

4-خاڵەی رێبوار... داستانێکی ئەدەبیە.

5-کۆمەڵە شیعرێکی تر.

**ئەمەش دووپارچەیە لەشیعرەکانی سوارە**

## شار*

**گوڵم**
**دڵم پڕە لەدەردو کوڵ**
**ئەڵێم بڕۆم لەشارەکەت**
**ئەڵێم بەجامی ئاوی دێ یەکەم**
**عیلاجی کەم کوڵی دڵی پڕم، لەدەردی ئینتزارەکەت**
**وەرز بوو گیانی من لەشارو هاڕە هاڕی ئەو**
**ئەڵێم بڕۆم لەشارەکەت**

*(بەشێکی، شیعرێکی درێژە)

## کچی بەیان*

**من ئەڵێم:**
**پەپوولەیەك فڕی بەباڵی سەوز و سوورەوە**
**من ئەڵێم:**
**گوڵێ بەدەم شنەی شەماڵەوە بزەی بزووت**
**تۆ ئەڵێی:**
**چ بوو پەپوولەیەك فڕی**
**یانە سورە گوڵا، زەردە کەوتە لێوی ناسکی**
**من ئەڵێم:**
**هەتا هەتایە دەوری جوانی یە**
**ئەمڕۆ گەر هەتاو کەسیرەیە نەماوە ئاگڕو گڕی**
**مێرگی ئاسمان بەسووتمانی هەوری لۆکەیی نەزۆك**
**پڕ لەخاڵاو قۆپەنە**

**جەنگەڵێ کەجێژوانی پۆلە پۆڕی بارییە**
**جێگە مۆڵی کەمتیارو گورگو ڕێویە**
**شۆرە بی کەبۆتە داری چاکی نەشەوشنە**
**زەلکە گەر تەیاری تیرو قوشەنە**
**خۆشەویستەکەم؟**
**لەپەنجە رەی نیوە تاکی بوو مەڵیلەوە**
**چاوی من لەدیمەنی کچی بەیانییە**
**لەمەنجەرەی زەماندووە**
**گوێم لەزەمزەمەی زۆلاڵی خیزە وردەکانی کانییە**

*(بەشێکی، شیعرێکی درێژە)

**پەراوێز:**

1-لەمبارەیەوە چەندین راوبۆچوونی جیاواز هەیە، سەبارەت بەشوێنی لەدایکبوونی شاعیر «سوارە ئیلخانیزادە» بەڵام بەڕێز «عومەر ئیلخانیزادە» پێوایە کەسوارە لەگوندی «تورجان» لەدایکبووە، نەك لەگوندی «قەرە گوێز» وەکو چەندین نووسەر وای بۆدەچن.

**سەرچاوەکان**

1-گۆڤاری پێشەنگ، کانونی هونەرو ئەدەبیاتی کرێکاری پێشڕەو، نووسینی سەلاحەدینی موهتەدی. ژمارە(5).

2-بەرنامەی هونەرو ئەدەبیاتی پێشڕەو، دەنگی شۆڕشی ئێران.


3-رۆڤار ژمارە (5)ساڵی (2000)

4-تاپۆو بوومەلێڵ، کۆمەڵە پەخشانێکی سوارە ئیلخانیزادە، لەچاپکراوەکانی چاپخانەی سەلاحەدینی ئەیوبی.

5-ژمارەیەکی تایبەتی پێشڕەو.

# فریشتەیەكی گەندەڵ

## یان- شێوەكارێكی یاخی لەسوننەتو پەیوەست بەعەشق؟




**ناوی كتێب: ئازارەكانی هونەرمەندێك**

**وەرگێڕانی: ئاری بابان**

هەر هونەرمەندێکی شێوەکار بە فۆرم و ستایلی تایبەت دەناسرێتەوە، دەتوانێ کاریگەری خۆی لەسەر ئەم هونەرەو کۆمەڵگە جێبهێڵێت، بەم شکڵە دەتوانین تابلۆکانی کە تەعبیر لە عەشق و جوانی و ئافرەت دەکات بناسینەوە.

(مۆدلیانی) رەنگە یەکێك بێت لەو هونەرمەندانەی کە هەموو رەنگ، هێڵ و پانتایی تابلۆکانی بە عەشق و ئافرەت داپـۆشراوە، تا رادەی پسپۆڕێکی فیسۆلۆژی و کەسێکی سایکۆلۆجیست، بە جوانترین شکڵ، وێنەی ئافرەت و ئازارەکانیان بکێشێیت.

وەکو وەرگێڕی کوردی کتێبی (ئازارەکانی هونەرمەندێك) دەڵێتت: ئەگەرچی ئازارو عەشق و خەم قەدەری هەموو هونەرمەندێکە، بەڵام لای مۆدلیانی بە شێوەیەکە هەموو ژیان و هونەرەکەی داگیرکردووە، هەربۆیە دەقە عەرەبییەکە کە وەرگێڕدراوە ناونراوە (الملاك الفاسد- فریشتەیەکی گەندەڵ).

ئـەگـەرچـی هـونـەرو عەشق دوالیزمێکی ئەزەلی ئینسانیەت و ژیانن، ئیتر بۆچی ئەم عەشقەی مۆدلیانی ناوببرێت بە گەندەڵ.

نـوسـەری کتێبەکە ژیانی مۆدلیانی کـردۆتـە چەند چاپتەرێك، لەهەر چاپتەرێك واقیعی ژیانی باسدەکات و تابلۆیەکی لەگەڵدا داناوە.

## کۆچ

مۆدلیانی لە (لیفۆرنۆ)ی ئیتاڵیا لەدایکبووە، ئەم چوارەمین منداڵی بنەماڵەکەیەتی باوکی دەڵێت: من هەرگیز واز لە مۆدلیانی ناهێنم خۆی بکوژێت، ببێتە هونەرمەند، تا دواجار گارسینی دایکی، باوکی رازیکرد لە بەشی وێنەکێشان بخوێنێت، پاش چەند مانگ، مامۆستاکەی پێی دەڵێتت: بڕۆ بۆ فلۆرەنسا بخوێنە.

تا رۆژێك بەگریانەوە روویکردە ژوورەکەی دایکی، باوەشی پێداکردو جانتاکەی پێچایەوەو دواتر چووە فلۆرەنساو ڤینسیاو دواتر بەرەو پاریس.

## یەکەم عەشق

مودلیانی لە پاریس نامۆ دەهاتە بەرچاو، بەڵام هەمیشە بێدەنگ، شەوانە دەهاتە دەرەوە، لاوی مەیخانەکان بە کوڕە ئیتاڵییەکە بانگیان دەکرد.

بەمشێوەیە یەکەم عەشق و ناسین لە نێوان مۆدلیانی و جیلبرتی کچە شـۆخ، لە یەکێك لە شەوەکانی پاریس دەستیپێکرد، ئەو شەوە مۆدلیانی میوانداری جیلبرتی کرد بۆ ماڵەکەی، پاش داماڵینی هەموو جلوبەرگەکانی، دەستیکرد بە وێنەکێشانی جیلبرت و دواتـریـش گۆڕینەوەی نیگا سیحراوییەکان، ئەوە یەکەمین عشقی مودلیانی بوو.

## دووەم عشق

گێڕانەوەی ژیان و بەسەرهاتی خۆیی و مۆدلیانی لەلایەن جیلبرتەوە بۆ (لولا) وایکرد لولاش سەرنجی بداتێ و لە یەکەم دیداردا عاشقی بێت.

لە ژورەکەی مۆدلیانی دا...!

- وتی: وێنەیەکم بکێشە...؟

- بەڵام یەك سەنتم پارەپێ نییە...!

لە چانسی لولا، مۆدلیانی سێ مانگ بوو پارەی کرێ خانووەکەی نەدابوو، رۆژی بەیەك پارچە نان و یەك قوم شەراب ژیانی دەبردەسەر.

شەوی داهاتوو، لولا گەڕایەوە بۆ ژورەکەی مۆدلیانی، بەڵام بەتوڕەییەوە وەدەرنرا.

کابرا گوتی: مودلیانی نەفرەتی لەگەڵ خۆی برد، رەنگە ئێستا لەسەر شۆستەیەك خەوتبێ، چونکە نابێ سێ مانگ کرێ نەدات و ژوورەکەشی بە وێنەی بێ ئابڕوەیی پڕبکاتەوە.

مۆدلیانی، نیگارکێشێکی سادە، بەڵام هەژار، تا ئەو ڕادەیەی نەیدەتوانی ژیانی خۆی بە تابلۆکانی بەرێتەسەرو هاوڕێکانی یارمەتیان دەدا، بەتایبەتی کە جەنگ ناوچەکەی داگرتبوەوە.

## سێیەم عەشق

ژیانی ئەم هونەرمەندە پێکهاتبوو لە سێ شت (هونەرو تابلۆ، عەشق و تەنیایی، هەژاریی و نەبوونی) ئیتر بیری

لەهیچ نەدەکردەوە، دەنگوباس بڵاوبۆوە کە شەڕ بەرپابێت، ویستی بەشداری بکات، بەڵام پزیشکەکان بەهۆی نەخۆشی و سینگە لاوازەکەیەوە ڕێگەیان نەدا.

تا شەوێك کە سەرگەرمی خواردنەوەبوو، بە (بیاتریس) ئاشنا دەبێت، ئەوشەوە مۆدلیانی حەزیدەکرد، بیباتەوەماڵەوە، بەڵام ڕێکنەکەوت و هەفتەیەك دوای ئەوە چوونە ژورەکەی مۆدلیانی و بیاتریس دەستیکرد بە شیعر خوێندنەوە، ناکرێ لەوەی، ئەزموونی عەشق، ژیانی هونەری مۆدلیانی گەورەتر کرد.

چونکە هونەرەکەی لەناخییەوە هەڵدەقوڵا، ئەگەرچی تابلۆکانی هەمووی لە دەوری جەستەی ئافرەت دەسوڕانەوەو ئیلهامی تابلۆکان بووە، بەڵام ئەوە بناغەی ژیان و سروشت بوو، تا ئەوەی مرۆڤی لە جەستەی ئافرەتدا دەبینی، هەمیشە هەوڵی دەدا، وێنەی ئافرەتی رووت بکات، تا ئەو پەردەی لەشی لێدەشاردەوە، دابماڵێ، تا بتوانێ بەڕووتی چاوە پڕ پرسیارو نیگاکانی ئاڕاستەبکات، بەڵام هەرگیز وێنەکێشانی فەرامۆش نەکردو هەرئەوەش وایکرد بیاتریس پەست بکات و هەستبکات مۆدلیانی وەکو جاران گرنگی پێنادا.

تا دواجار لەسەر مێزی خواردنەوە بەرووی یەکدا هەڵپڕژان.

ئافرەتەکە هەمیشە لەهەوڵدا بوو تا تۆڵەی خۆی لە مۆدلیانی بکاتەوە.

ناکۆکی نێوانیان توندتر بوو، تا بیاتریس بەهانەی سەیرو مناڵانەی دەگرت، دواجار کارەساتەکە ئەو شەوە روویدا کە هەردووکیان چووبوونە ئاهەنگێك و بیاتریس کارەکەی کرد.

لەکاتێکدا مۆدلیانی خەریکی قسەکردن بوو لەگەڵ هاوڕێیەکی لەسەر هونەرو وێنەکێشان، بیاتریس نیگاکانی لەگەڵ کوڕێکی پەیکەرتاش تێکەڵکردو لەداخی مۆدلیانی چوو بۆ سەما لەگەڵیدا، ئەمکارەی بیاتریس مودلیانی تەواو نیگەران کردو باش توڕەیکرد، تا دواتر زللـەیەکی لێدەداو بۆ رۆژی دوایی بیاتریس پاریسی جێهێشت و گەڕایەوە بۆ ئینگلتەرا.

ئەگەرچی مۆدلیانی ئەمکارە ناخۆشبوو، بەڵام پێدەچوو مۆدلیانی چاوەڕێی عەشقێکی نوێ بکات و بە رۆیشتنی بیاتریس، عەشقێکی ئەزەلی و سەرمەوی دەستپێبکات.

هەروەها پێدەچوو مۆدلیانی بە شیعرەکانی (لامارتین) سەرسام بێت کە دەڵێت: مرۆڤ نییە بە خۆشەویستی بمرێت، ئافرەتێك دەڕواو یەکێکی تر جێی دەگرێتەوە، قەناعەت بەخۆی بکات تا بیاتریسی لەبیربچێتەوە.

## چوارەم عشق

پێدەچێت زللـەکەی مۆدلیانی و جیابوونەوەی لەگەڵ بیاتریس، ئاکامێکی باشی هەبووبێ تا ببێتە چیرۆك و سەرتاپای پاریس بگرێتەوە (جین) سەرسام بکات و ئاکامیش ئەو

کەسەی کە (هاریکۆی) هاوڕێ (جین) هەمیشە باسیدەکرد بناسێت و نیگا سیحراوییەکانی تێبڕێت.

تا دواجار (جین) دەکەوێتە دڵەڕاوکێوەو لەخۆی دەپرسێ ئایا خۆشەویستی ڕێگایەك نییە بەرەو لای خوا...؟ دەچێتە کەنیسە تا نوێژ بۆ مۆدلیانی بکات...!

هێشتا خۆشەویستی نێوانمان دەستی پێنەکردبوو، بەڵام قەدەر، سەفەرێکی بۆ مۆدلیانی ڕێکخستبوو، کە نەیدەتوانی (جین) جێبهێڵێت، سێ کاتژمێر پێش سەفەرەکەی خۆی گەیاندە (جین)و پێیگوت: خۆشمدەوێی.

تاجین وەڵامـی دایـەوەو گوتی: ژیانم هی تۆیە، چی لێدەکەی بیکە.

جین دواتر ڕوودەکاتە ئاسمان و دڵۆپە فرمێسکەکانی لە چاوەکانی قەتیسماوە و دەپاڕێتەوە خوایە مۆدلیانیم بۆ بپارێزە.

پاش سەفەرێکی بێ ئاکام، کە نەیانتوانی تابلۆکانیان ساغبکەنەوە، گەڕانەوە بۆ پاریس و یەکەم ژوانیان لەگەڵ جین سازدا.

یەکەم عەشقی پڕ لە ڕازو نیازو خۆشەویستی و ڕاستی کە مۆدلیانی، خەریکە شکستدەهێنێت، ماڵی جین هەرگیز بەوە قایل نین مۆدلیانی ببێتە زاوایان، تا دواجار دەڵێتت: تاوان تاوانی منە کە تۆم خۆشەویست، ویستم هەتاهەتایە لەگەڵتا بژیم...!!

بەڵام (جین)ی پڕ لە عەشق و خۆشەویستی، بەم کارەی خێزانەکەی زۆر نیگەرانە.

## هاوسەرێتی پڕ لەژان

مودلیانی دەڵێت: جین دەبینە هاوسەری یەکتر..؟!

جین حەزیدەکرد زەماوندەکەی جۆرێکی تر بێت و باوك و دایکی و براکەی ئامادەبن، بەڵام وادەرنەچوو لە کڵێسە بەدزییەوە هەموو شتێکیان تەواوکرد، نیگەرانی (جین) ی داگرت، مۆدلیانی دەڵێت: گومانت هەیە لەوەی ناتوانم بەختیارت بکەم...؟

جین لە نێوان بەختیاری خۆیی و مۆدلیانی ئازاری ماڵەوە ماوەتەوەو داوا لە مۆدلیانی دەکات پێش شەوی زاوایەتی با شەو بگەڕێتەوە لای ماڵەوە.

جین، سکی بە کیژۆڵەیەکی جوان پێنج مانگە، دایکی پێ دەزانێ، بەڵام هێشتا کارەساتەکان ماون، ئەگەرچی مناڵێکی بەختیاریان بوو، کە ژیانیانی تا ڕادەیەك گۆڕی، بەڵام نەخۆشی زۆری هێناوەو باوکی بە مەسەلەکە دەزانێ و هێشتا جین داوای قەرز لە باوکی دەکات بۆ دەرمانی هاوسەرەکەی، بەڵام لە جیاتی ئەوەی یارمەتی بدرێت لەلایەن باوکییەوە لەماڵ دەردەکرێت...! مودلیانی نەخۆشی زۆری بۆ هێناوە، بەناچاری دەگەڕا تابلۆکانی بفرۆشێ بە یەك فرەنك، بەڵام کەس لێی نەکڕی، کاتێك بردیانە نەخۆشخانە، بڕسی لەبەربڕابوو.

دەیگوت: ئیتاڵیا، ئیتاڵیای خۆشەویست، بەڵام مۆدلیانی هەرگیز ئیتاڵیای نەبینییەوە.

**کارەسات**

پاش مردنی مودلیانی، جین چاوەکانی داخست و بەرەو پەنجەرەکە هەنگاوی ناو خۆی فڕێدایە خوارەوە، وا کاتێك چوونەسەر لاشەکەی جین لاشەکەی لە خوێندا گەوزابوو.

ڕۆژی (25) یەنایری هەموو ساڵێك (جین) کچە تاقانەی (مودلیانی شێوەکارو جینی عاشق) دەچێتەسەر گۆڕەکەیان و گوڵبارانی دەکات و نوێژیان بۆ دەکات...!

# فەلسەفە

# ڕەهەندە شاراوەکانی نێوان بلیمەتی و شـــێتی




(تاڵە مویەکی باریك بلیمەتی لەشێتی جیادەکاتەوە)

ناوی کتێب: لەنێوان (بلیمەتی) و (شێتی) دا

بابەت: لێکۆڵینەوەی فکری

نووسەر: هاشم سالح

وەرگێڕانی: نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد

ساڵی چاپ : 2002

لاپەڕە: 102

ئایا ئەو بارودۆخە تایبەت و ناسروشتی و نێرۆسیسەی لەناو نوسەرو هونەرمەند و فەیلەسوفەکاندا هەیە، ئەو رەفتارە نامۆو ئاڵۆزو سەیرانە بەشێکن لەچەمکی شێتی...؟

شێتی چییە؟ پەیوەندی نێوان بلیمەت و شێتی چییە؟

لەم بارەیەوە ئەحلام مستەخانمی لە رۆمانی (ژاکرە الجسد)دا دەڵێت: تەنها شێتەکان دەتوانن داهێنانی گەورە بکەن، (بیگومان لێرەدا ئەحلام و هاشم ساڵح و ئەندرێ مۆرۆ: هاوڕان لەسەرئەوەی پەیوەندێکی پتەو هەیە لەنێوان ئەفراندن و شێتیدا)

مۆرۆ، پێیوایە ئەگەر ئەم شێتییە نەبوایە بەشێك لەژیانی نوسەرو فەیلەسوفەکان بەوشێوەیە نەدەبوو.

هەروەها نەدەبوونە خاوەنی ئەو داهێنانە گەورانەی کەخستیانەوە- بەنموونەش: بەلزاك، دۆیستۆفسکی، فلۆبیر.

یان بەواتایەکی تر، کەس ناتوانێت نکوڵی لەداهێنان و گەورەییەکانی (نیچە، هۆڵدەرلین، ڤان کوخ) بکات لەگەڵ ئەوەشدا کە شێتی بەشێکی گەورەی ژیان و نوسینەکانیان بووە، بەڵام پێدەچێت خودی شێتیش داینەمۆی بەشێکی زۆری داهێنانەکانی ئەو فەیلەسوفانەبێت.

ئەفلاتوون دەڵێت: کەسانی بلیمەت بەئاسانی توڕەدەبن و لەپێستی خۆیان دەردەچن، بەجۆرێك دەژین، وەك بڵێی بەپێچەوانەی خەڵکی ئاسایی، ئەمان لەدەرەوەی زەمەن و بوون دەژین.

ئەگەرچی ئەرستۆ ئەم شێوازی شێتییە، بەچەند قۆناغ دابەشدەکات و دەڵێت: شڵەژانی فیکری، خەمۆکی- یان نەخۆشی خولیا، مەیلی مرۆڤ بۆتەنیایی و دوورەپەرێزی و تێڕامان، دەستپێدەکات و هەندێکجار بەفێڵێهاتن- یان شێتبوون و تەنانەت خۆکۆشتن، کۆتاییدێت.

زۆربەی قسەکان دەچنەوە سەرئەوەی، کەسایەتی مەزن، بەبێ هەندێك لەشێتی، بوونی نییە- یان پەیوەندیەکی گەورە لەنێوان بلیمەت و شێتدا هەیە.

لەم بارەیەوە دەکرێت کەسانی وەك (نیچە، فۆکۆ، باسکاڵ، رۆسـۆ، ڤێرجینا وۆلـف، بۆدلێر، ڤۆڵتێرو...تاد) بەنموونە وەربگرین.

لێرە نموونەیەکی لێکۆڵینەوەکەی دکتۆر (لولوت) دێنینەوە کە شێتییەکەی (سوکرات و باسکاڵی)ی ناوناوە (شەیتانی سوکرات و نوشتەی باسکاڵ) و بەبۆچونی ئەو، بلیمەت ئەوکەسەیە کە لەلایەن شەیتانی بلیمەتییەوە دەستی لێوەشێندراوە.

هاشم ساڵح، پێیوایە نوسەران و رۆشنبیرانی عەرەب هەرگیز ناتوانن باسی نێرۆسیسی و حاڵەتە دەروونییەکانی خۆیان بکەن، بگرە هەوڵی شاردنەوەی دەدەن. دەڵێت: ئەوان زۆر لەمەیلی شێتی تێیاندا باڵادەستە، بەڵام ناوێرن راستی بڵێن، چونکە دەترسن بەوەی بە(شێت) ناوببرێن.

تاکە جیاوازی ئەوەیە فەیلەسوف و شاعیرو نوسەرە ئەوروپییەکان نەك ناترسن، بەڵکو پێیانوایە ئەمە حاڵەتێکی سروشتییەو شاردنەوەی کارێکی نەشیاوە، بەتایبەتی ئەم چەمکە پەیوەستە بەبلیمەتی و داهێنانەوە، ئەگەرچی هاشم پێیوایە، هەموو بلیمەتێك شێت نییە و هەموو شێتێکیش بلیمەت نییە.

بەڵام حاڵەتێکی تایبەت هەیە، بەشکڵێکی زۆر، ئەویش ئەوەیە بلیمەت بوونەوەرێکی ناکۆمەڵایەتییە و زیاتر مەیلی بۆ تەنیایی و دوورە پەرێزی و کەنارگیری هەیە.

رامبۆ، لەکاتی تەنیایی و ئازاردا دەبووە سۆفی و داهێنانی گەورەی دەخستەوە، ئەگەر وانەبێت چۆن تەنها لەماوەی چوار ساڵدا هەموو شیعرەکانی دەنوسی.

دیکارت پاش ئازارو هیلاکی و سەرلێشواویی، فەلسەفەی عەقڵانی بەرهەمهێنا.

گۆتە، بەئازارو نەخۆشی و کێشەیەکی زۆرەو ە ، نرخی بلیمەتی و داهێنانەکانی داوە.

هاشم ساڵح پێموایە. چۆن شێتی و بلیمەت دوو چەمکی پێکەوە گرێدراوە، بەڵام بلیمەتی جگە لە بەهرە پێویستی بەهەوڵ و کۆششی گەورەهەیە.

لەم بارەیەوە بەلزاك بۆ (ڤانیسکای) خۆشەویستی دەنوسێت و دەڵێت: ژیانی من (15) سەعات کارکردن و قەهرو عەزاب و پاکنووس و رێکخستنی رستەو دەستەواژەیە.

بەلزاك شەوان سەعات (11) پەنجەرەکانی دادەخست و تابەرەبەیان دەینوسی و بەردەوام قاوەی دەخواردەوە.

ئەگەرچی بۆچونێك هەیە، کە پێیوایە نوسەر و بلیمەتەکان، خەڵکانێکی بێ ئیحساس و بێ سۆزن، هیچ پەیوەندییەکی خێزانداری و کۆمەڵایەتییان نییە. حەز بەقەرەباڵغی و کۆڕو میوان ناکەن، بەڵام لەراستیدا ئەمە پەیوەستە بەکاتی کارکردن و نوسین و داهێنانەوە (دیکارت) بەهۆی ئەو مەسەلەیەوە فەڕەنسای جێهێشت.

بۆیە دەتوانین بڵێین (بلیمەتی و شێتی) زۆرجار دەبنەهۆی نامورتاحی و جێگەی سەرنجی خەڵکی و بێزاربوون، هەربۆیە تەنانەت خۆیان لەمنداڵ و ژن و خێزان دوورپەرێز گرتووە، لەمبارەیەوە هەرکام لە(دیکارت، کانت، سپینوزا، نیچە، سارتەر، فۆکۆ) ژنیان نەهێناوە.

شێتی شوپنهاوەر گەیشتە ئەو رادەیەیی کە هەستیدەکرد هەمیشە کەسێك بەدوایدا کەوتووە، تاداهێنانەکانی بکوژێت.

(کامۆ) هەمیشە هەستی بەنیگەرانی دەکرد، زۆرجار لای هاوڕێکانی باسی خۆکوشتنی خۆی دەکرد، هەرئەوەشە رەنگە وای لێکردبێت (ئەفسانەی سیزیف) بنوسێت.

گرێی دەرونی (بۆدلێر) بەهۆی خۆشەویستی بۆدایکی و شوکردنی بەژەنەڕاڵێك- پـاش مردنی باوکی، وایکرد هەمیشە هەستیدەکرد غەدری لێکراوەو چەندینجار هەوڵی خۆکوشتنیدا.

دواجـار دەڵێت: خۆم دەکـوژم و تواناى ژیانم نەماوە، دەمەوێت بۆ هەمیشە بنووم.

هاشم ساڵح دەڵێت: جیاوازی بلیمەت و شێتی ئەوەیە، قەیرانی بلیمەت لەرێگای داهێنانەوە ئاوادەبێت، قەیرانی شێتی بەرەو وڕێنەیەکی بەتاڵ وکاری ناشایستەی دەبات، واتە ئەگەر داهێنانی گەورە نەبوایە ئەوا بلیمەت دەبوو بەکەسێکی شێت.

خاڵێکی تر هەیە ئەویش بەهرەمەند نەبوونی بلیمەتەکانە لەناو داهێنانەکانیان و ئاسودەیی- وەکو لەژیانی ڤان کۆخ و نیچە و ڤێرجینا وۆڵف، دەردەکەوێت. ڤان کۆخ هەمیشە برسی و هەژار بوو، نیچە کەس هەستی بەگەورەیی نەدەکرد، وەك خۆی دەڵێت: هەندێ کەس لەپاش مردن لەدایکدەبن- رۆژی منیش دێت، بەڵام لەژیاندا نابم.

(وۆڵف)یش پاش تامکردنی لەزەت خۆی کوشت.

# سارتەر

## رێبەری بوونگەرایی ونیهیلیزم

(یەکەمین شتێك کە دەبێت تێبگەیت، ئەوەیە کەتێناگەیت)
(کیرکەگۆر)




ناوی کتێب: سارتەر - پۆل ستراتێرن
بابەت: فەلسەفە
وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی
ساڵی چاپ: 2002
لاپەڕە: 124

سارتەر، نوێترین فەیلەسوفی سەدەی بیست، یەکەمین کەسبوو رایگەیاند: کە فەلسەفەی (ئێگزستانسیالیزم-بوونگەرایی) قبووڵەو یەکەمین کەس بوو ك ەهەموو فەلسەفەکەی بەروونی خستەروو، بانگەشەیەکی جددی بۆکرد.

ئەگەرچی زۆر لەفەیلەسوفە سوننەتییەکان پێیانوابوو، کە نە سارتەرو نە بوونگەرایی پەیوەندیەکی راستەقینەیان بە فەلسەفەوە نییە. لەکاتێکدا دەتوانین بڵێین هەموو ئەو چەمکانەی لای فەیلەسووفە بونگەراکان بابەتی سەرەکین لەبابەتی (ئازادی، هەستکردن بە بەرپرسیارێتی، هەڵبژاردن و بڕیاردان) ئەمە جگەلەوەی لای هەندێك بونگەراکان وەك (هەستکردن بەکۆتایهاتن، نامۆبوون، نائومێدی و مەرگ...) چەمکی ئەو فەلسەفەیەن.

بەم پێیە بێت، سارتەر کاریگەری راستەوخۆی لەسەر ئەو فەلسەفەیە هەیە و هەرکام لەوچەمکانە رەنگدانەوەی لەناو ژیان و واقیعەتی سارتەردا هەیە.

دیقەتبدەن لەمبارەیەوە سارتەر چی دەڵێت: یەکەمین کاریگەری بونگەرایی ئەوەیە کە مرۆڤ بەخاوەنی خۆی دادەنێت، پاشانیش تـەواوی بەرپرسارێتی بوونی دەخاتە ئەستۆی خۆی- یان دەڵێت: مرۆڤ مەحکومە بەئازادی-تادواجار دەڵێت: مرۆڤ سۆزێکی بێ هودەیە.

بۆیە وتەکانی سارتەر لەگەڵ ئەو چەمکانەی کە فەلسەفەی بونگەرایی پێ دەناسرێتەوە، یەکانگیرن.

لەوەش گرنگتر ئەوەیە رەنگە قسەکەی (رۆجەر.ل.شین) کە دەڵێت: هەر بونگەراییەك رێز لەخۆی بگرێت، نایەوێت پێی بڵێن بوونگەرا، سەد دەرسەد بەسەر سارتەردا ببڕێ و ئەوەندەی تر سارتەر لەپێشەوایەتی بوونگەرایی نزیکتر بخاتەوە.

بۆچونەکانی زۆر لە فەیلەسوفەکانیش لەسەر ئەوەی کە هەرکام لەسارتەر و کامۆ، دەربارەی رەتکردنەوەی هەر مەسەلەیەکی ئایینی پێیداگری دەکەن و بەمشێوەیە کەپێیان وایە: مەرگ دواهەمین سنووری ژیان دیاریدەکات. ئازادی تاکەکەسی تەواویان وەدیهێنابێت- تائەو رادەیەی دەکرێت بڵێن ئەو پەیوەندیەی لەنێوان بوونگەرایی و نیهیلیزمدا هەیە، داینەمۆی کارەکانی سارتەرە و بەڕێبەری نیهیلستیەت ناوبەرێت.

گەر لێرەدا پێناسەیەکی سادەی بوونگەرایی بکەین (فەلسەفەیەکە دوا بەرجەستەبوونی ئـازادی مرۆڤە- یان وەکو (جولێت گریکۆ) دەڵێت: مرۆڤ بریتییە لەوشتانەی ئەنجامیاندەدات.

ناکرێت نکوڵی لەوەبکرێت کەبوونگەرایی فەلسەفەیەکە پێشتر بانگەشەی بۆکرابوو، بەتایبەتی لای (سۆرین کیرکەگۆر) کە بەباوکی بونگەرایی نوێ دەناسرێت، بەڵام دەکرێت بڵێن ئەم فەلسەفەیە لەسەردەستی سارتەر گۆڕا بۆ شۆڕشێك دژی عادات و تەقالیدە سونەتییەکانی بورژوازی، لەساڵانی پاش جەنگی جیهانی دووەم. بەواتەیەکی تر بوونگەرایی و بورژوازیەت دوو تێڕوانینی دژبەیەك بوون و هەرگیز نەدەکرا کەسێك لەیەککاتدا هەردووکیان بێت.

رەنگە هەر ئەو شۆڕشەی سارتەر بووبێت دژی عادات و تەقالیدە سونەتییەکان، کە لە (15)ی نیسانی (1980) دا، (25000)هــەزار کەس لە رێورەسمی ناشتنەکەیدا لە لافیتەکانیان نووسیبوو (حورمەتشکێنترین کەسانی دنیا هاتوون، هەتا رێز لەحورمەتشکێنترین پاڵەوانی خۆیان (سارتەر) بگرن).

جان پۆل سارتەر، ساڵی (1905) لەخێزانێکی بورژواژی لەشاری پاریس لەدایکبوو، تەمەنی یەکساڵا بوو کە باوکی مردو سارتەر توشی خێلبوونی چاوی هات، شووکردنەوەی دایکی لەساڵی (1917)و ژیانی بورژوازیانەی باوە پیارەو زەبــرو جەبری ئـەم پـیـاوە، بـووەهـۆی ئــەوەی سارتەر زیاتر گۆشەگیربێت، بـەڵام هەموو ئەمانە سارتەریان بەرەوسەربەخۆیی فیکری برد.

ئەگەرچی نائارامی و توندوتیژی وتوندڕەوی مەرگبار، بۆ هەمیشە رەنگدانەوەیان لەسەر ژیان و نوسینەکانی بەجێهێشت، ساڵی (1929) ( سیمۆن دیبۆڤوار) دەناسێت، ئەوکەسەی بەمێژووی ژیانی سارتەرەوە پەیوەستە- وەها وەسفی سارتەر دەکات (سارتەر خۆشەویستی بوو- لەیەکەم نیگاوە) هەروەها سارتەریش وەها وەسفی سیمۆن دەکات (دڵڕفێن و جوان)

(سەگی ئاوی) مەبەست دیبۆڤوارە، هەمیشە لەوەڵام بەرەخنەکانی سارتەردا دەهاتە وەڵام، لەبارەی فکریی و بۆچونەکانیانەوە لەململانێدابوون، لەدواییدا سارتەر وتی: خۆشەویستی لەژیانی مندا نوسینە، شتەکانی تر بەپلەی دووەم دێن.

سارتەر هەمیشە بۆبەدیهێنانی پرەنسیپەکانی ئازادی تاکەکەس هەوڵیدەدا، جگە لە سیمۆن دەیویست لەگەڵ چەند ئافرەتی تر پەیوەندی هەبێت- ئەگەرچی رێککەوتنامەیەکی دووقۆڵی بۆماوەی دووســاڵ لەنێوانیاندا هەبوو بەدوور لەپەیوەندی بــورژوازیــانــە، لەکاتێکدا لــەوســەردەمــەدا پەیوەندیەکی لەوشێوەیەی سارتەر و سیمۆن دژواربــوو- بەتایبەتی لەوکاتەدا خێزان بنەمای سەرەکی بیرکردنەوە تەقلیدی و سونەتییەکان بوو.

هـەر ئەمەشە وادەكـــات، ســارتـەر بەپێشەنگی ئەم فەلسەفەیە بناسین و بەهەق پێی بڵێین بوونگەرا.

خـودی فەلسەفەكە، چونكە گرنگی بە(بوون) دەدا، بەشێوەیەكی رەها كە ئازادییەكی وەها پێناسەی بێت. بۆیە ئەوكاتەی نێردرایە سەربازی، خراپترین سەربازبوو، هەروەكو كاتی خوێندنی چۆن جگە لە كتێبەكانی قوتابخانە، هەموو شتێكی دەخوێندەوە.

بەردەوامی سارتەر لەسەر گەڕان بەدوای فەلسەفەیەكی نوێ و ئەڵتەرناتیڤێك بۆئەو شتانەی هەبوو، كاریدەكرد و هەمیشە دەیوت: دیكارت بەهەڵەداچووە، كانت كەمووكورتی هەیە، هیگل بورژواژ بووە.

تادواجار رایگەیاند: كەمن خۆم تەرخاندەكەم بۆئەم فەلسەفەیە و بەجدیش كاری بۆكرد.

ئەگەرچی بەفرۆید سەرسام بوو، بەڵام چونكە فرۆید نكوڵی لەئازادی و سەربەخۆیی مرۆڤ دەكرد، لەگەڵ بووچونەكانی سارتەر نەدەگونجا- لە كاتێكدا بەپێچەوانەی فرۆیدەوە ئازادی خود پێكهاتەی سەرەكی فەلسەفەكەی سارتەر بوو.

ناكرێت كـاریـگـەری (هــۆســێــرل1859-)و (ســۆرێـن كیركەگۆر1813-) كە بەباوكی فەلسەفەی بوونگەرایی نوێ دەژمێردرێت) لەسەر سارتەر لەیادبكەین- بەتایبەتی لەپاش جەنگی دووەمی جیهانی و دەركەوتنی سارتەر، كەفەلسەفەكە بەتەواوی ناسراو هەردوو فەیلەسوف (هۆسێرل وكیركەگۆر) ئیدی لەژیاندا نەمابوون.

دیالۆگی نێوان ئارۆن و سارتەر وای لەسارتەر كرد، بێسنور سەرسوڕماوبێت بە فەلسەفەكەی هۆسرێل واتا لەساڵی

(1933)دا چووە پاریس، تا فەلسەفەکەی ئەو بخوێنێت، ئەگەرچی سەرسوڕمانی خۆیشی بەکیرکەگۆر هەرگیز نەشاردەوە.

بەتایبەتی پاش ئەوەی تێگەیشت کە کیرکەگۆریش جەختی لەسەر ئەوە دەکـردەوە فەلسەفەی مانادار واتا (بوونی تاکەکەس) چونکە لای ئەو حەقیقەت و ئەزموونی بەجۆرێکی یەکانیگیر و لەیەکەوە ئاڵابوون، ئەو پێیوابوو ئینسان بەتەنها بریتینییە لەهۆشێکی ئاقڵانی کە جەستەی پێوەلکاوە، بەڵکو مەیلیان هەیە، کـردەوەیـان هەیە، هەڵدەبژێرن و ئازار دەچێژن و بەپانتایەکی فراوانی هەست و سۆزدا تێپەڕدەبن کە لە ئەزمونەکانیاندا رەنگدەداتەوە.

ئەو پێیوابوو. فەلسەفە دەبێت فەلسەفەی (بـوون) بێت، واتا (بوونگەرایی- ئێگزستانیسالیزم)بێت، پێیوابوو ئەوە راستییە، کە مرۆڤ لەسەر لایەنی نائەقڵانی بەندە و دەیوت: یەکەمین شت کە دەبێت ئێمە تێیبگەین، ئەوەیە کەئێمە تێناگەین) وتی کاری فەلسەفە روونکردنەوەی پنتە تاریکەکانی دنیا نییە، بەڵکو رۆشنکردنەوەی (بوون)ە.

بەهەمان شێوە (هوسرێل) چ وەکو فەیلەسوفی بوونگەرا، چ وەکو کاریگەری لەسەر سارتەر، رۆڵی گەورەی هەبوو، بەتایبەتی دوای کیرکەگۆر، کارەکانی بەتەواوکەری کیرکەگۆر دادەنرێت.

سـەرەڕای ئەو سەرنجانەی لەسەر هوسرێل هەبوون، پێدەچێت سارتەریش هەمان بۆچوونی هەبووبێت سەبارەت بەوەی کە(هۆسرێل) قەناعەتی بەفەلسەفەی سوننەتی هەبو، هەوڵی بۆپێکەوە گرێدانی ئەقڵگەرایی و ئەزموونگەرایی و

پشتگیری لە بۆچونەکەی (دیکارت) دەکرد (من بیر دەکەمەوە کەواتە هەم) لەلایەکی تـرەوە پشتگیری لەبۆچونەکانی ئەزموونگەرایەکانی (دیڤید هیوم) دەکردو پێیوابوو (مرۆڤ جگە لەوشتانەی تاقیان دەکاتەوە، هیچی دی نازانێت).

لەکاتێکدا سارتەر لەگەڵ بەشێکی ئەم بووچونانەی هوسێرڵ نەبوو- بەتایبەتی لەپێکهاتەیەکی دوالیزمی لەنێوان هۆسرێل و دیکارت و فەلسەفەی ئەقڵگەرایی، بگرە سارتەر رێك بەپێچەوانەی ئەم بۆچوونەی هۆسرێلەوەبوو، لەمبارەیەوە، بەڵام ناکرێت سارتەر لەژێرکاریگەری ئەم دوو فەیلەسوفە بەدەربووبێت تائەو رادەیەی سارتەری بەرەو ئەفراندنی گەورەبرد.


ساڵی (1938) سارتەر بەنوسینی رۆمانی (هێڵنج) فەلسەفەی بوونگەرایی باشترین روحیەتی ئاشکرابوو، بەکارێکی بێ وێنە لەقەڵەمدرا، تا دەگاتە پرسیاری( من چیم...؟) ئەمەش پێچەوانەی تێزەکانی ئەقڵگەراییەوە رایگەیاند: کەهەرکەسێك خۆی چارەنووسی خۆی دیاریدەکات.

سارتەر ئەوەندە لەگەڵ فەلسەفە و بیروباوەڕەکەی خۆی راستبوو تائەوەی ساڵی (1964) خەڵاتی نۆبڵی بۆئەدەب رەتکردەوەو وتی: نوسەر نابێ رێبدات دەزگاکان لەسەر رێی خۆی لایبدەن- هەربۆیە دیگۆڵ وتی: سارتەر گەورەپیاوی مێژووە.

بەم شێوەیە سارتەر ساڵی (1980)و لەتەمەنی (74) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

# نیچە

## رۆڵی فەلسەفەکەی لەجوڵانەوەی فێمێنیزمدا




ناوی کتێب: نیچە فێمێنیزمی هاوچەرخ

بابەت: فیکری

نووسەر: نوشین شاهندە

وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد کەریم

ساڵی چاپ: 2006

لاپەڕە: 130

نیچەو فێمێنیزمی هاوچەرخ، دەیەوێت بگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئایا ئـەوەی دەربـــارەی نیچە سەبارەت بەسوکایەتی بەژنان وتویەتی راستە؟

ئایا فەلسەفەکەی نیچە تاکوێ دەتوانێ سودمەندبێت بۆ تیۆرو تێزی فیمێنیست؟ لە کاتێکدا فێمینستەکان پەیوەندییەکی جۆراوجۆریان لەگەڵ فەلسەفەکەی نیچەدا هەیە، بەشێکیان پێیانوایە سودمەندەو بەشێکیشان قسە لەسەر زیانبەخشی ئەو فەلسەفەیە دەکەن.

نوسەر لەم کتێبەدا (نیچەو فێمینیزمی هاوچەرخ) سەرەتا دەیەوێت باس لەجوڵانەوەی بزافی فیمێنیستی بکات وا پێناسەی دەکـات: جوڵانەوەی فمێنیزم لەجوڵانەوەیەکە تیایدا لایەنگریی لەمافی ژن دەکرێت، ئەم جوڵانەوەیە خوازیاری ئەوەیە پێگەی راستەقینەو شایستەی ژنان بۆ ژنان بگەڕێندرێتەوە.

لەم بەشەدا قسە لەسەر چەوساندنەوەی ژنان کراوە لەلایەن پیاوانەوە- لەبوارەکانی فێربوون و پـەروەردە، کەرێگە بـەژنـان نـــەدراوە بێنەناو بـوارو لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری.

سەرەڕای ئەوەی ئاماژە بەوەش دەکات هەندێك لەپیاوان کە هەڵگری ئایدیایەکی یەکسانیخوازانەن ویستویانە ژنان بێنە مەیدانەوەو نەبنە پاشکۆی پیاوان.

بەڵام بەشێکی تر لەپیاوان بۆچونیان وایە کە ژنان تەنها کۆمەڵێ پەیکەرو لاشەن بۆتێرکردنی ئـارەزو و خواستە سێکسییەکان.

نوسەر لەم بەشەی کتێبەدا، پێیوایە کە هەندێك لەپیاوان باوەڕیانوایە ئەوە خودی ژنانن بەشێوەیەکی مێژوویی وایانهەڵبژاردوو، کە لەدەرەوەیماڵەوە چالاکییان نەبێت، خۆیان لەمەیدانەکانی کارو دەسەڵات بەدوور گرتووە.

بەڵام نوسەر پێیوایە، ئامانجی جوڵانەوەی فیمێنیزم ئەوەیە ئەم بۆچونانە بگۆڕێت کە بە نزم و ژێر دەستە لە ژن دەڕوانێت، جوڵانەوەکە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت کە ژنان پێناسەی خۆیان بکەن و بەها تایبەتییەکانی خۆیان فۆرمەڵە بکەن، لە مەیدانە سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستی و رۆشنبیریەکاندا دەنگی خۆیان بەگوێی کەسانی تردا بدەن و کۆمەڵگەیەك دروستبێت، کە ژنیش وەکو پیاو رێزو بەهاداری خۆی هەبێت، وەکو مرۆڤ شایانی رێزو بەهابێت، لەمبارەیەوە نوسەر پێش ئەوەی بێتەسەر پەیوەندی گرنگی نیچە بەفەلسەفەی فێمێنیزمەوە، دەیەوێت قسەلەسەر ئەم جوڵانەوە چالاکەی ژنان بکات، کە لە سەرتاسەری دنیادا بەفەلسەفە دیفاع لەمافی ژنان و بەدەستهێنانی بەرانبەری نـاسراوە، من دەمەوێت پێش چونەسەر باسی مێژووی جوڵانەوەی فێمێنیزم، جەخت لەسەر خودی ناوەڕۆکی ئەم کتێبەی (نوشین شاهیندە) بکەمەوە لەسەر نیچە.

ئەوەشی بەتازەترین کتێب لەسەر ژیانی نیچە بەناوی (کاتێ نیچە گریا) کە لەلایەن (ئیرڤین دی یالوم) نوسراوەو لەوکتێبەدا دیالۆگێکی بەرفراوان لەنێوان (یۆزیف بروێر و لۆسالۆمی)دا هەیە.

کاتێك لۆسالۆمی خۆشەویستی بێئاکامی نیچە - کە گوایە سەرچاوەی شێتی و خۆکوشتنی نیچەیە، گوایا هۆکارە سەرەکی دید وتێڕوانینە خراپەکانی نیچە، سەبارەت بەژنان-دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە نیچە تەندروستی زۆر خراپە، بۆیە دەیەوێت یارمەتی بدات و پەنا دەباتەبەر دکتۆر بروێر، بەڵکو فریای نیچە بکەوێت.

بۆیە لەنامەیەکدا بۆ بروێر، لۆسالۆمی دەڵێت: دکتۆر بوێر، دەبێت لەمەڕ بابەتێکی گرنگەوە لەگەڵتاندا بدوێم.

ئایندەی فەلسەفەی ئەڵمانی لەمەترسیدایە، سبەی کاتژمێر نۆ لەکافێی سۆرنیتۆ چاوەڕوانتانم (21) ئۆکتۆبەری(1882) لۆسالۆمی.

مەبەستمە بڵێم لەم کتێبەدا هەرگیز ئەوە بەدی ناکرێت، ئەوەی کە گوایە نیچە بۆچوونەکانی سەبارەت بەژنان بەهۆی لۆسالۆمییەوە بووە.

راستە نیچە و پاولرێ، هەردووکیان پەیوەندیەکی رۆحییان بە لۆسالۆمیەوە هەبووە، بەڵام لەم کتێبە گرنگەدا (کاتێ نیچە گریا) هەرگیز باس لەوفاکتەرە ناکرێت کە لۆسالۆمی رۆڵێکی وا نەگەتیڤی گێڕا بێت.

بۆیە دەکرێت بۆ تێگەیشتنی زیاتر لەفکرو دیدی نیچە- سەبارەت بەژنان و خودی لۆسالۆمی خوێنەر بگەڕێتەوەسەر ئەم کتێبە نوێیە.

بەڵام (نوشین شاهندە) لە پەرەگرافێکی تردا دەیەوێت باس لەمێژووی جوڵانەوەی فیمێنیزم بکات و ئەو پێیوایە مێژووی ئەم بزوتنەوەیە دەکرێتە سێ قۆناغ:

یەکەم: فێمێنیزمی شەپۆلی یەکەم لە (1845-1945) بەردەوام بوو- واتا سەد ساڵی خایاند.

دووم: شەپۆلی دوومی فێمێنیزم لەساڵی (1945-1990) بەردوامبووە.

سێیەم: شەپۆلی سێیەمی فێمێنیزم لەساڵی (1990-2006) بەردەوامە.

ئەو پێیوایە ریشەکانی شەپۆلی یەکەم هی سەردەمی شۆڕشی پیشەسازییە، کە بواری بۆ ژنان رەخساند جەخت لەسەر یەکسانی کۆمەڵایەتی بکەنەوە- داوای مافی یەکسانی بکەن لەگەڵ پیاواندا، واتا شەپۆلی یەکەم لایەنی (ماف) بەسەریدا زاڵبوو.

شەپۆلی دووم: خوازیاری گۆڕانی بونیادە سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفییەکانی کۆمەڵگەیە، واتا ئەم شەپۆلە بەربەرەکانێ لەگەڵ ئەو پایانە دەکات کەلایەنی پیاوانەوە بونیادنراوان.

هـەرچـی شـەپـۆلـی سـێـیـەمـە: دەیــەوێــت مەیلی هاوڕەگەزخوازانە نیشاندات، واتـا مەیلی سێکسی ژن لەگەڵ ژن، تائەوە نیشباندەن ژنان لەم حاڵەتەدا، لەحاڵەتی سێکسدا پێویستیان بەپیاوان نییە.

دەبێ بوترێت لێرەدا نوسەر زۆر بەوردی قۆناغەکانی ئەم سێ شەپۆلە باسدەکات و هەرکامیان دەورو نەقشی زۆر جددیان هەیە لەسەر جوڵانەوەی فیمێنستی و بەدیهێنانی مافەکانی ژنان، جیالەمەش هەرکام لەم شەپۆلانە خاوەن تیۆرو ئایدیایەکی تایبەتن بۆ بەرگری لەماف و ئازادییەکانی ژنـان، هەر کام لەم شەپۆلانە لەگەڵ شەپۆلی پێشخۆی هەنگاوی جددیتری ناوە، ئەوانی پێشخۆی تێپەڕاندووە، تا دەگاتە گەیشتن بەو مەیلە سێکسییەی کەپێ دەوترێت هۆمۆسێکسال و ئەمەشی بۆ ژنان حەڵاڵکردووە، چ لە رووی تیۆری و چ لەرووی پراکتیکییەوە.

تەناتەت هەر ئەو تیۆرو شەپۆلە جوڵانەوەی فیمێنیستەیە کە وادەکات ژنان لەمافی دەنگدان بەهرەمەندبن، لەبواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا هەنگاوی جددی بنێن.

نوسەر لەبەشێکی نوسینەکەیدا رۆڵی (ڤێرجینا وۆڵف) لەساڵی (1919)دا بەرز دەنرخێنێت سەبارەت بەبناغەی رەخنەی فیمێنمیستی،

وۆڵف، لەوتارێکیدا بەناوی (ژوری تاکە کەسێك، بوو کەباسی لەکێشەکانی ژنانی نوسەر دەکـرد، باسی لەوە

دەکرد کەپیاوان وەکو بوونەوەری بچووك و نزم رەفتاریان لەگەڵ ژنان کردووەو دەیکەن، بەڵام بایەخی ئەو بزوتنەوە و شەپۆلی فێمێنیستییە لەسەردەستی (سیمۆن دیبۆڤوار) کە لەساڵی (1949) لەکتێبی (رەگەزی دووەم) بڵاویکردەوە.

ئەم نوسینەی سیمۆن دوۆبڤوار کە لەسەدەی بیستدا بایەخێکی گرنگی هەبوو رایگەیاند: کە کۆمەڵگەی خۆرئاوا کۆمەڵگەی پاتریارکین.

دیبۆڤوار لەمبارەیەوە باوەڕی وایە، دەبێ ژن ئابلۆقەکانی کۆمەڵگەی پاتریارکی بشکێنێت.

لەبەشێکی تری ئەوکتێبە (نوشین شاهندەدا) باسی لەرەخنەی فێمێنیستی دەکات و لەمبارەیەوە بۆچونی نێگەتیڤی چەند فەیلەسوفی دژی ژن دەخاتەروو، لەمبارەیەوە (ئەرستۆ) پێیوایە لەوشوێنەی کە سروشت ناتوانێ پیاو بخولقێنێت، ژن دەخولقێنێ و تەنانەت ئەرستۆ ژنانی لەڕیزی کۆیلەکاندا داناوە.

(تۆماس ئەکیوناس) باوەڕی وابووە، کەژن پیاوێکی ناتەواوە و پیاوی بەخودا دەزانی و ژنیش بەماددە.

(فرۆید)یش بۆچونێکی نێگەتیڤی هەیەو پێیوایە ژن، ژنە چونکە ئەندامی نێرینەی پیاوی نییە و پێوایە لەم دنیایەدا هیچ ژنێك وجودی نییە، جگەلەوانە (ئەفلاتون) باشترین رەئی هەیە لەچاو ئەوان و لەوبارەیەوە رێگایداوە ژن بچێتەناو کۆمارەکەیەوە.

مەبەست لەم نموونەی سەرەوە بەسوك سەیرکردنی ژن نییە، ئەوەندەی نوسەر مەبەسیەتی ماهیەتی پیاو وتێڕوانینی، بەتایبەتی فەیلەسوفەکان بزانرێت سەبارەت بەژنان و بۆئەم مەبەستەش فێمێنسیتەکان هەستیانکرد کە پیاوان تەنها بەمانای مرۆڤ بوون پێناسەی ژن دەکەن، نەك وەکو ژن بوون، بەڵام ئەم بزوتنەوە فێمێنیستانە نەك تەنها سیفاتە بایۆلۆژیەکانی ژنیان بەمایەی نزمی ژن نازانن، بەڵکو ئەو سیفەتە سروشتی و بایۆلۆژیانەی ژن بەسەرچاوەی بەرزی و گەورەیی ژن دەزانن.

سەبارەت بەژنبوونی ژنــان، خۆیان جگەلە هۆکارە بایۆلۆژییەکان، وەکو سکپڕی و بێ نوێژی و مناڵبوون سۆزو عاتیفەش دەخەنە پەڵیان و ژنان پشت بەئەزموونی خۆیان دەبەستن- سەبارەت بەبوونی زمان و قسەی خۆیان، ژنان لەمبارەیەوە رێگای تایبەت بەخۆیان هەیە، ئەمە سەرەڕای بواری دەرونشیکاری بەپشت بەستن بەتێوەرەکانی، لاتان، فرۆیدو جولیاکریستیڤیا.

ســـــەرەڕای رەخـــنـــەی پێنجەمی فێمنیستەکان کەرەهەندێکی کۆمەڵایەتی هەیەو لەمبارەیەوە ڤێرجینا وۆڵڤ پێشەنگی ئەم باسەیە، نوشین شاهنیدە لەیەکێکی تر لەبەشەکانی کتێبەکەی میتۆدۆلۆژی فێمینست، ئەو پێیوایە ژنان بۆ بەرپەرچدانەوەی پیاوان چەند میتۆدی جیاواز بەکاردەهێنن، لەهەمانکاتدا ناتوانرێ ژنان وەکو (فریشتە-

یان شەیتان، پاکیزە- یان سۆزانی) وەسفبکرێن، بەڵکو میتۆدۆلۆژی فێمێنیستی دەیەوێت ئەومامەڵە خراپانەی پیاوان بەرامبەر ژنـان رابگرێت و نوسەر پێوایە ئەو میتۆدۆلۆژیانە پێکدێن لەبوارەکانی (بایۆلۆجیا، زمانناسی، سایکۆلۆجیا، رووناکبیری) لەمبارەیەوە لەبابەتی بایۆلۆجیادا قەناعەتیان وایـە، دەبـێ بەشە جیاوازەکانی جەستەی ژن وەکو منداڵدان و سینە بایەخی زیاتریان پێ بدرێ و لەهەرکام لەبەشەکانی تردا رۆڵی ژن دیاریبکرێت، لەبەشی دووەمی کتێبی نیچە و فیمینیسمی هاوچەرخ « نوشین شاهیندە، دێتەسەر ئەسڵی مەسەلەکە، واتا ئەوەی ئایا نیچە فێمێنیست بووە- یان لەکوێ لەگەڵ ئەم فەلسەفەیەو خزمەتی بەم فەلسەفەیە کردووە؟

لەوبارەیەوە نوسەر پێیوایە بەوپێیەی زۆربەی تێزی فەلسەفی لەلایەن پیاوانەوە نوسراون، ئەوانیش (زهنیان لەسەروی بەدەن، فەرهەنگیان لەسەرو سروشت، عەقڵیان لەسەرو نا عەقڵانییەت، حەقیقەتیان لەسەروو خەیاڵ، خێریان لەسەرو شەڕەوە) داناوە، واتا لەوخاڵەوە کە ژنان سیفەتی ژنانەو دایکانە ژنان هاوشانی (بەدەن، سروشتی ناعەقڵانییەت و خەیاڵ و شەڕە، بۆیە رێگە لەژنان گیراوە.

لەمبارەیەوە دەکرێت بڵێن سەرەڕای رەخنە توندەکانی نیچە لەژنان کە دواتر باسیاندەکەین، چەند خاڵی بچووک هەن کـەوادەکـات نیچەش بخرێتە ئەو ئەجێندایەوە،

ئەگەرچی فێمینیست نەبووە، بەڵام خزمەتی بەفەلسەفەی فیمێنزم کردووە، بەڵام بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ.

لەمبارەیەوە رەخنەی نیچە لە بابەتیبوون و راستی بە ئاڕاستەی پشتیوانی لە بەهاکانی ژنانە.

نیچە لەکتێبی (ئارکیۆلۆژیای ئاکار) بەرەخنەگرتنی لەو باڵاییەی کە بەزیهین نـەدراوەو بەبەدەن دراوە، لەوێدا کەژنان بە بـەدەن جیادەکرێنەوە، پشتیوانی نیچە لەم چەمکە بۆ فەلسەفەی فیمێنیزم گرنگە، هەروەها نیچە ئەوشتانەی کە عەقڵ لە ناعەقڵانییەت بەباڵاتر دەزانن دەخاتە ژێر پرسیارەوە، بە بەرهەمی رێزمانی دەزانێت ئەمەش دیسان بۆ فەلسەفەی فێمێنیست گرنگە، ئەوەش کە بەدەن جۆش و خرۆشی ناعەقڵانی تایبەتی ژنانە، دیسان مایەی بەها دانانە بۆ ژنان.

خاڵێکی تر زۆر گرنگە، ئەوە دەسەلمێنێت کە نیچە رێکاورێك لەگەڵ خودی فەلسەفەیەکی (سیمۆن دوبۆڤوار) رێبەری دیفاع لەمافی ژنان یەکدەگرێتەوە، ئەوەی کە نیچە لەدەستدانی غەریزەی ژنانە بەجۆرێك لەناوچون و دواکەوتنی ژن دەزانێت و ئەمەش بەتایبەتمەندییێکی بایۆلۆژی ژنان ناودەبات کە دەتوانێت هێزیان بداتێ.

دیبۆڤواریش لە (جنسی دووەم)دا دەڵێت: تەنها هێز کە ئێمەی ژنان دەتوانین هەمانبێت هێزێکی راستەقینەیە، کەتەنها بەقبوڵکردنی ژنێتیمان بەدەستدێت.

واتا هەردووکیان نکۆڵیکردن لەرۆڵەکانی سێکس لەرووی بایۆلۆژییەوە بەوەدەزانن نکوڵیکردنە لەژیان و ناتوانێت ئەو ئازادییە بەژنان ببەخشێت کەچاوەڕێی دەکەن.

سەبارەت بەرەتکردنەوەی دوالیزمی سێکسی لەروانگەی نیچەوە، دەتوانین بڵێین ئاوهایە:

یەکەم: پیاوان تەنها لەرووی نەریتەوە بە بەهاتر لەژنان ناسێنراون، دووەم پیاو و ژن وەکو مرۆڤ جیاوازنین، بەڵام خوو رەچەڵەکی یەکسانیان هەیە.

سێیەم، پیاوان و ژنان دژی یەکترنین، بەڵکو لەگەڵ یەکدا جیاوازیان هەیە.

چوارەم: هەر دوو رەگەز تەسلیمی بنەما لەرادەبەدەر سادەکراوەکانی ئەم بیروبۆچونانە دەبن، کەرۆڵی دوانەی سێکس و بەهاکانیان جیاوازەو هەر لەم کتێبەدا چەند تێڕوانین تری نیچە سەبارەت بەژن بەباری پۆزەتیڤدا بەرچاودەکەوێت.


هەربۆیە نوسەر لەکۆتایی کتێبەکەیدا دەڵێت: نیچە نەدەتوانێت بەڕاشکاوی بـەدژی ژن لەقەڵەم بدرێت، نەدەشتوانین بەفێمێنستی بزانین، چونکە چەند رەگەز لەنوسینەکانی نیچە دژی ژنانە. ئەوەندەش رەگەزمان دۆزییەوە کە نیچە دژی ژن نییە.

بەڵام هێشتا نوسینەکانی نیچە پێویستیان بەخوێندنەوەی زیاتر هەیە.

# هەوڵێکی تر بۆ ناساندنی فەلسەفەی یۆنانی

(ئێمە دەجەنگین بۆئەوەی لەئاشتیدا بژین)

ئەرستۆ




ناوی کتێب: ئاشنابوون بە ئەرستۆ

بابەت: فەلسەفە:

نوسەر: پۆل ستراتێرن

وەرگێرانی: ڕێباز مستەفا

ساڵی چاپ: 2007

لاپەڕە: 89

گرنگی ئاشنابوون بەئەرستۆ، رەنگە یەکێکبێت لەوپێداویستییانەی کە بۆ خوێنەری کورد زۆر گرنگە.

ئەرستۆ ئەو فەیلەسوفەی کە هەرگیز ناکرێت لەگەڵ ناوهێنانی (سوقرات و ئەفلاتون) دوو فەیلەسوف و دوو بونیادگوزار و سەرەتاکانی فەلسەفەو فەلسەفەی یۆنانی باس نەکرێت.

ئەرستۆی خوێندکاری ئەفلاتون ساڵی (-384پ. ز) لە ئەستاگیرای دێرین لەیۆنان لەدایکبووە، لەتەمەنی (63) ساڵێدا کۆچی دوایکرد، باوکی (نیکوماخوس) پزیشکی تایبەتی (ئامونتاس) پادشای مەکدۆنی و باپیری ئەسکەندەری گەورە- ئەو فەیلەسوفەی بەبونیادنەری لۆژیك وسیستەمی دادپەروەری و رەخنەگرتن لەهەردوو سیستمی ئۆلیگارشیزم و دیموکراسیزم دادەنرێت، باوەڕی خۆی وانیشاندەدات، یەکسانی و نایەکسانی دەبێت لەسەربناغەی یەکسانی و نایەکسانی بێت، دەبێت هەر بەمشێوەیەش سودەکان دابەشبکرێت.

هەر ئەویشە رۆڵی بەرچاوی هەیە لە تیۆرییەکانی ماهیەتی رۆح تا شیعرو هونەرو خەون.

هەربۆیە لەبارەی شیعرەوە پێیوایە شیعر باسکردنی ئەو رووداوانەیە، کە دەشێت لەداهاتوودا روودەن.

ئەو لەتەمەنی حەڤدە ساڵیدا دەچێتە ئاکادیمیاو ماوەی هەشت ساڵ لەژێر چاودێری ئەفلاتوندا خەریکی خوێندن بووە، دواتر دەبێتە هاورێ و هاوکارێکی گرنگی ئەفلاتون، لەگەڵ ئەوەشدا کەدوو تێڕوانینی جیاوازیان هەبوو، سەبارەت بەئایین و زانست، بەومانایەی ئەرستۆ پێی وابوو دەبێ شتەکان بۆ جەوهەرە- یەکەمەکان و دوومەکان، واتا شتە بچوك و لاوەکییەکانی جیهان و ئایدیاکان و فۆرمەکان دابەشبکرێت.

بەڵام پاش مەرگی ئەفلاتون و بێ بەشبوونی ئەرستۆ لە گرتنەدەستی ئاکادیمیا، ئەسینای جێهێشت.

هەموو ئاماژەکان باس لەوەدەکەن سەرەڕای کاریگەربوونی ئەرستۆ بەئەفلاتون، بەڵام هەرکامیان دوو تێڕوانینی جیاوازیان سەبارەت بە فەلسەفەی سیاسی هەبووە.

هەرچی ئەرستۆیە دەیویست سیستەمە سیاسییەکان بەباشترین شێوە بەکاربهێندرێت و تێگەیشتنی ئەو زۆر قوڵبوو.

هەرچی ئەفلاتونە دیدێکی ئایدیالیستانەی بۆسیاسەت هەبوو- یان بەدیدگایەکی پراگماتیستی سەیری دەکرد، لەوبارەیەوە ئەرستۆ باوەڕیوابوو ئامانجی حکومەت و سیستەمی سیاسی پـەروەردە و پێگەیاندن و داکۆکییە لەمرۆڤەکان، بۆچونیشی دژی هەر حوکم و سیستمێکی ئولیگارشی و توتالیتاریەت بـوو- کە دەیزانی خزمەتی کۆمەڵگە ناکات، تائەو رادەیـەی کە گوایە دەڵێن: رەنگە ئەرستۆ خوێندکارە زیرەکەکەی ئەفلاتون چەمکی (فەیلەسوف و فەرمانڕەوای) ئەفلاتونی باشتر هەموار کردبێتەوە.

ئەوە هەر ئەرستۆیە کە لەباس و مەسائیلی تایبەت بەعەشق و خۆشەویستی قسەی هەیەو هـەر بۆیەشە لەتەمەنێکی گەورەیی خۆیدا- عاشقی (پوتیاس) دەبێت و خۆیشی دەڵێت: باشترین تەمەنی هاوسەرگیری بۆپیاو (37) ساڵ و بۆکچانیش (18)سـاڵ، پاش مەرگی ئەویش لەگەڵ (هێرپۆلیس)ی خزمەتکاریدا زەماوەند دەکات و بووە باوکی یەك منداڵ.

سـەبـارەت بەشیعر و ئەدەبیاتیش بەپێچەوانەی مامۆستاکەی ئەفلاتونەوە بوو، ئەرستۆ پێیوابوو: شیعر بەهاو شکۆیەکی بەرزی هەیە، پێیوابوو بەهای شیعر لەمێژووش زیاترە.

ڕەنگە بەدەر لە تێڕوانینی هەستی ناسیۆنالیستانەی نیچە و هیتلەر- سەبارەت بەسەیرکردنی ئەڵمانەکان بەباشترین نەژاد، لەژێر کاریگەری ئەو تێڕوانینەی ئەرستۆدابن- کەپێیوابوو یۆنانییەکان لەهەموو نەژادەکانی تر بەرزترن.

مێژووی ژیانی ئەرستۆ درێژەی دەبێت و پاش پێنج ساڵ دەگەڕێتەوە ئەسینا، پاش ئەوەی جارێکیتر سەرۆکایەتی زانکۆی پێنادرێت، ئەرستۆ خوێندنگایەك بەناوی (لیسیۆم) دروستدەکات، ئەمەش دەرخستنی جیاوازییەکانی نێوان (ئەفلاتون و ئەرستۆ) بوو.

هەربۆیە ئەرستۆ هەمیشە ڕەخنەی لەدەوڵەتی شاری ئایدیالی دەگرت کەئەفلاتون باوەڕی پێیبوو- یان لەکتێبی (کۆمار)دا باسیدەکات، چونکە ئەرستۆ باوەڕی وابوو دەوڵەتی شاری بەختەوەر نابێت، بەتەنها بەشێکی هاوڵاتییان لێی بەهرەمەندبن، بەڵکو دەبێ بۆ هەمووان وەك یەك بێت.

جیا لەمەش قەناعەتی وابــوو، دەبێت پێشئەوەی دەستورێکی خراپ بنوسرێتەوە، چاکسازی لەو دەستورەدا بکرێت، لەگەڵ ئەوشدا هەرگیز ناکرێت بڵێین: ئەرستۆ سەربە قوتابخانەیەکی هاوشێوەی مایکیاڤیلییە، ئەوەندەی لۆژیکی بەبنەما دەزانی و پێیوابوو عەقڵ بەرزترین هێزی ئینسانە، واتا: خۆشبەختترین مرۆڤ ئەوکەسەیە کە باشترین کاتەکانی خۆی لەچالاکی عەقڵدا بەسەردەبات.

پاش تێگەیشتنی ورد بۆ فەلسەفەکەی ئەرستۆ، لەقۆناغی دێرینی یۆنان و ڕۆمدا ئەرستۆ، وەکو تیۆرێکی تایبەت تەماشا دەکرا، چ بیریارانی مەسیحی و چ ئیسلام، نەیانتوانی لەژێر کاریگەری تێزو تیۆریەکانی ئەو دەربچن.

مەسیحییەکان زوو لە لۆژیکی ئەرستۆ گەیشتن، هەربۆیە لەسەدەکانی ناوەڕاستدا لۆژیکی ئەرستۆیانکردە، پایەیەك بۆ تێڕوانینە مەزهەبییەکانی مەسیحییەت.

هەرچی ئیسلام بوو پێیانوابوو تیۆرو فەلسەفەکەی ئەرستۆ دژی ئایدیاکانی ئەوان نییە، بۆیە هەریەکە لە(ئیبن سیناو ئیبن روشد) باوەڕیانوابوو فەلسەفەی ئەرستۆ ڕێگای تایبەتە بۆگەیشتن بەحەقیقەت.

یەکێکیتر لەو فەیلەسوفانەی لەژێر کاریگەری ئەرستۆدابوو (تۆماس ئەکویناس) کە پێیوابوو: عەقڵ دەبێت لەکارکردن هەنگاوەکانی خۆیدا بەگوێرەی یاسا بێچەندو چوونەکانی خۆی ئازادبێت، بەڵام تائەو شوێنەی کەپێ لەقەڵەمڕەوی باوەڕ نەباتەدەر، عەقڵ بەبێ باوەڕ هیچ نییە.

ئەکیوناس سەرکەوتوو بوو لەوەی ئەرستۆگەرایی وەکو پایە فەلسەفەی یەزدانناسی مەسیحی جێگیربکات.

دەتوانین بڵێین: هەر تیڕوانینەکانی ئەرستۆ بوو وایکرد کەنسەی کاسۆلیکی مەسیحی چەمکەکانی ئەرستۆ بەو شێوەیەی کە ئەکیوناس راڤەی کردوو بڵێت: راستن، ئەمە جگەلە کاریگەری ئەرستۆ لەسەر (تۆماس کوهین) و زۆر فەیلەسوفی تر، تا ئێستاش لەگەڵدا بێت لەژێر کاریگەری و تێڕوانینی تێوریەکانی ئەرستۆدان.


ئەمکارەی هاوڕێم ڕێباز مستەفا (ئاشنابوون بە ئەرستۆ) دووهەمین کاری جوانی ئەوە بۆ ناساندنێکی کورتی فەلسەفەی یۆنانی کۆن.

گەربکرێت سێیەمین کتێبی تایبەت بە(ئاشنابوون بەسوقرات) بکرێتە کوردی، پێموایە تێگەیشتنێکی باشتر سەبارەت بەسێ کوچکەی فەلسەفەی یۆنانی خۆماڵی دەبێت، بەو هیوایەی ئەمکارەشی سودێکی گەیاندبێت.

# ئەفلاتون

## فەیلەسوفی ئەبستمۆلۆژیاو ئیستاتیکاو فەلسەفەی سیاسی

(دیموکراسی شتێکە زۆر قابیلی گەندەڵبوونە، دەرگا لەسەر گێرەشێوێنی، دیکتاتۆرە پەنهانەکان- والآ دەکات، بۆی هەیە سەرئەنجام بگاتە ستەمکاری)



**ناوی کتێب: ئاشنابوون بە ئەفلاتون**

**بابەت: فەلسەفە**

**نوسەر: پۆل ستراتێرن**

**وەرگێرانی: ڕێباز مستەفا**

**ساڵی چاپ: 2005**

**لاپەڕە:72**

گەر باس لەفەلسەفەو مێژووی فەلسەفە بکرێت، بێگومان دەبێت قوتابخانەی یۆنانی- یان فەلسەفەی یۆنانی کۆن بە سەرچاوەی ئەو فەلسەفەیە بزانین و ڕۆڵی هەریەکە لە (سوقرات، ئەفلاتون و ئەرستۆ)ش لەناو فەلسەفەدا بەدرەوشاوەترین قۆناغی فەلسەفەو بەتایبەتی فەلسەفەی یۆنانی کۆن و سەرچاوەی ئەمڕۆش بزانین.

لەمبارەیەوە قسە لەسەر یەکێك لەوانە (ئەفلاتون)ی فەیلەسوف دەکەین.

ئەفلاتون یەکێکە لەگەورەترین فەیلەسوفەکانی مێژووی مرۆڤایەتی کە لەساڵی (428 پ.ز) لەدورگەی ئەسینا لەدایکدەبێت و دەبێتە خوێندکاری سوقرات، مامۆستای ئەرستۆ، کە دواتریش بەهەرسێکیان قۆناغێکی زێڕینیان لەمێژووی فەلسەفەدا پێکهێنا.

بەڵام کارەکانی ئەفلاتون جیاوازتربوون، لەبوارەکانی (ئەبستمۆلۆژیا- میتافیزیك- ئیستاتیك و فەلسەفەی سیاسیدا) ڕۆڵی مێژوویی و گەورەیان هەبووە- لەسەر گشت جیهان و ئەوروپا بەتایبەتی.

سەرچاوە مێژووییەکان باس لەوەدەکەن ئەفلاتون دوو براو

خوشكێكی هەبووەو ناوی راستەقینەشی (ئەریتسۆكلێس)ە كەبەناوی باپیرەیەوە ناونراوە.

مێژووی ژیانی ئەفلاتون باس لەوەدەكات لەساڵی (-399 پ. ز) ئەفلاتون دوای مردنی سوقرات لەئەسینا رادەكات بۆ باكوری مێگارا لەئەفەریقاو دواتـر بەگەشت دەچێتە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستی ئەوروپا.

لەكتێبی نامەی حەوتەمدا باس لەوەدەكات لە تەمەنی چل ساڵیدا چۆتە ئیتاڵیا، بـەڵام دواتـر بڕیار دەدرێـت وەكو كۆیلە بفرۆشرێت لەلایەن(دیونوسیوس)ی یەكەم- فەرمانڕەوای سیراكوس لە سیسیل، دواتریش لەساڵی (387 پ. ز) ئەكادیمیایەك دادەمەزرێنێت كە زۆربەی ژیانی لەوێدا بەسەردەبات، تا لەساڵی (347 پ. ز) لەتەمەنی (81) ساڵیدا دەمرێت.

جیا لەوەی ئەفلاتون كاریگەری لەسەر زۆر فەیلەسوفی دوای خۆی هەبووە( كانت و دیكارت) لە هەمانكاتدا پێشتریش خۆی كەوتۆتە ژێركاریگەری زۆر فەیلەسوفی وەك سوقرات كەلە ساڵی (399پ. ز) حوكمی مەرگی بەسەردا درا، ئەفلاتون ئەو بەتاقە پیاوی دادپەروەری سەرزەوی دادەنێت، هەروەها كەوتۆتە ژێر كاریگەری هیراكلیتس، كەباوەڕی وابووە ئاگر یەكەمین مادەیەو سەرچاوەی یەكەمینە، دنیاش لەگۆڕانێكی رێكوپێكدا- رێدەكات و لەدامەزرێنەرانی میتافیزیكی یۆنانییە، جیالەوەیش ئەفلاتون كاریگەری(پارمیندێس و زینۆن) ی لەسەرە، كە فەیلەسوفێكی گەورەی یۆنانییە، دەربارەی سروشتی دیالەكتیكانەی جووڵە دواوەو لەگەڵا پارمێندێسدا لەسەر یەكێتی میتافیزیكی بۆچونەكانی ئەفلاتون نزیكبووە.

لـەمـبـارەیـەوە دەبـێـت ئـەوە بڵێم ئـەفـلاتـون زۆر

لەژێرکاریگەری سوقراتدا بووە، بەشێوەیەك كە لە زۆربەی دیالۆگەکانیدا سوقراتی کردۆتە کاراکتەری سەرەکی و قسەکەری بنەڕەتی لەدیالۆگەکانی ئەفلاتوندا گەلێك گرفتە بنەڕەتییەکانی فەلسەفە دەخەنەروو.

لەمبارەیەوە لەیەکێك لە دیالۆگەکاندا هاتووە.

(رەتـکـردنـەوەی وەڵامـدانـەوەی خـراپـە بەخراپە، وەڵامـدانـەوەی ئـازاردان بـەئـازاردان- یان خراپە بەخراپە (کریستۆن- کۆمار- کتێبی یەکەم)

ئەمەش هەڵوێستێکی ئەخلاقییە کە ئەفلاتونی پێ دەناسرێتەوە.

جیالەمەش ئەفلاتون لـەرووی سایکۆلۆژیشەوە لەناو دەقەکاندا دەبینین لەشوێنکدا دەڵێت: هەموو خراپەکارییەك بەنەزانی دەکرێت، چونکە هەموو کەس ئـارەزووی ئەوە دەکات کە چاکە( پرۆتاگۆراس) جیالەوەی لەدیالۆگەکاندا هەڵویستی ئایینی و ئەپستمۆلۆژی لێکداونتەوە.

یەکێکی تر لەونوسینانەی ئەفلاتونی پێدەناسرێتەوە(تیۆری فۆرمەکان)ە کە ئاماژەی بۆسەرو هەستی (فۆرمەکان) کردووە، تا دەڵێت: شتە دیاریکراوەکان، بەرهەستەکان بۆ نموونە دارو بەرد هاوشێوەی وەکو خۆیان هەیە، کەبەرەهایی و بێ گۆڕان بەتەواویی بەشێوەیەکی جەوهەری لێکدەچن.

سەبارەت بەرەخنەگرتنی ئەفلاتون لەکارە هونەریەکان لەم کتێبەدا باس لەوەدەکرێت، لەکۆماردا ئەفلاتون رەخنە لەهونەری لاسایکردنەوە دەگرێت، هەربۆیە لەکتێبی کۆماردا، زۆربەی شاعیرو هونەرمەندەکان (لەحاڵەتی نایاب- کالیپۆلیس) دەکرێنە دەرەوە، هەموویان بەلاسایکەرەوە لەقەڵەم دەدات- نەك فاکتی و واقیعی.

## عەشق لای ئەفلاتون

یـەکـێـکـی تــر لـەنـوسـیـنـەکـانـی ئـەفـلاتــون کە لە(خوان)،(فایدروسدا) باسی لێوەدەکات (تیۆری تیرۆس) ە کەباس لەئەندێشەی ئەو دوو خۆشەویستییەی یەکتری تەواودەکەن و دەبن بەیەکتری، تا ئەورادەیەی خۆشەویستی کراوە بەمەزنترین(شێتی یەزدانیانە) ئاوا باسی عەشق دەکات (کە بـەرەو بەرزترین ئاستی سروشتی بفڕن و ئەوپەڕی دەستکەوتی مرۆیی بەدەستبهێنێن)

بەڵام پەیوەندی سێکسی راستەقینەی راستەوخۆ، لەنێوان خۆشەویستاندا بەفۆرمە نزم و بێهودەکانی گوزارشت ئیرۆتیکانە لەقەڵەمدەدات. تائیرۆس توشی دارمان و گەندەڵی و بۆگەنبوون نەبێت، پێویستە هێزو خۆشەویستی بچێتەناو مەبەستێکی باڵاوە، کە لە فۆرمی جوانیدا بەرجەستە دەبێت.

لەدوایین دیالۆگەکان ئەفلاتون سەبارەت بەعەشق و خۆشەویستی پێیوایە: زۆربــەی خەڵکی بـەداخـەوە بەخۆتەرخانکردنی خۆیان بۆ چێژو خۆشی و لەزەتەکانی جوانی جەستەیی، وزەی راستەقینەی خۆشەویستی بەفیرۆ دەدەن.

## فەلسەفەی سیاسی لای ئەفلاتون

وەکو پێشتر وتمان، ئەفلاتون وەکو فەیلەسوف قسەی لەسەر زۆر بابەتی (ئەبستمۆلۆژیا، میتافیزیك، فۆرم، ئیتیك، ئیستاتیك) کردووە، بەڵام جیالەمانە لەبواری فەلسەفەیی سیاسیشدا رۆڵی بەرچاوی هەبووە.

بەشێوەیەك یەكێك لە نوسەرانی ئەوروپی دەڵێت: ئەفلاتون فەیلەسوفێکی سیاسی دەرکەوتوش بووە، ئایدیاکان کاریگەری زۆریان لەسەر تیۆرە سیاسییەکانی دوای خۆی هەبووە، جیا لەکاریگەری لەسەر فەلسەفەکەی ئەرستۆ هەبووە و کاریگەری بەرچاوی لەسەر هزری سیاسی خۆرئاوایی هەیە، تا ئەو کادیمیایەی کە لەساڵی (385 پ. ز) دایمەزراند، بووبە مۆدێلێك بۆ زانکۆو قۆناغەکانی خوێندنی زانکۆیی لەئەوروپای دوای خۆی.

(باشترین سیستمی سیاسی ئەقڵانیانەو دروست، سیستمێکە یەکیەتییەکی هارمۆنییانە بۆکۆمەڵگە دابین بکات و بەو هۆیەوە هەموو بەشێك لەبەشەکانی گەشەبکات)

واتا مەبەستی سیستمی عەقڵانی تادەتوانێت تەرزی شارەزایی و دیموکراسیانە پراکتیزە بکرێت، لەتێڕوانینی ئەفلاتون، سەبارەت بەفەلسەفەی سیاسی و نیگەران لەسیستمی سیاسی خراپ و ئۆلیگاریشی ئەفلاتون قەناعەتی وایە کە (رەگەزی مرۆڤ هەرگیز لەو خراپانە رزگاری نابێت، مەگەر ئەوانەی بەراستی فەیلەسوفن، دەسەڵاتی سیاسی بگرنەدەست و ببنە فەرمانڕەوا- یافەرمانڕەوایان و دەسەڵاتدارانی شار خۆیان، خویان بدەنە فەلسەفەو ببنە فەیلەسوفی راستەقینە).

ئەم قسەیەی ئەفلاتون دوای مەرگی سوقرات هات، بەڵام ئەم تیۆرە بەئەلتەرناتیڤی رژێمە تۆتالیتارو گەندەڵا و ئولیگاریشیەکان دادەنێت، پێیوایە دەکرێت چارەسەرێکی گونجاوبێت و هەر لەسەردەمی ئەوداو لەژێر کاریگەری بۆچونەکانی ئەو، ئەرستۆی خوێندکاری خۆیدابوو، لەسیستمی

سیاسی یۆنان گۆڕاوە، دەستبەرداری میلیتاریەت و داگیرکاری بوو، بووە سەنتەری هزری رۆشنبیرو دواتریش یۆنان هەتا ئێستاش لەژێرسایەی تێزەکانی ئەفلاتوندا، بەتایبەت بووە قوتابخانەی فەلسەفی لەچوار فەلسەفەی سەرەکیدا (ئەکادیمیاکەی ئەفلاتون، قوتابخانەی تایبەتی ئەرستۆ، فەیلەسوفانی باخچە - ئیپکۆریزم و ستۆویزم- قوتابخانەی ستۆییىنر)

واتا ئەمانە گەورەترین چوار قوتابخانەی یۆنان بوون، کە تائێستاش وەکو مێژوویەکی هزری و گرنگ سەیردەکرێت.

بۆچونە واقیعەکانی ئەفلاتون لەسەر باشترین سیستمی سیاسی لەکتێبی کۆماردا دەگاتە لوتکە، بەردەوام لەکتێبی کۆماردا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەدەبێت داکۆکی لــەدادوەری بکرێت، وەکـو بەهایەکی گەردونی بناغەی باشترین سیستمی سیاسی.

دادپەروەریش لای ئەفلاتون واپێناسە دەکرێت کە (ئەگەر بەوردی لێ تێبگەین، بەرژوەندی تایبەتی هیچ بەرەیەکی ناوشار نییە، بەڵکو بایەخدەدات بەچاکەی گشتی هەموو کۆمەڵەی سیاسی و قازانجی هەموانیشە، هەستی یەکێتی دەدات بەشار، ئەفلاتون پێیوایە نادادپەروەری دەبێتەهۆی شەڕی ناوخۆ، ترس و لەرزو شەڕوپێکدادان)

هەر لەتێڕوانینی ئەفلاتون سەبارەت بەباشترین سیستمی سیاسی پێیوایە (بریتییە لە رەچاوکردنی هەمەجۆریی کۆمەڵایەتی و بەرژەوەندییە ناتەباکان، کە مەترسی کێشەو گێچەڵی ناوخۆبکات، لەخۆیاندا هەڵگرتوون)

تا جارێکی تر دەڵێت: دوو بەرەکی و شـەڕی ناوخۆ گەورەترین مەترسین بۆسەر شار، بگرە لەدوژمنی دەرەکی مەترسیدارترن.

لای ئـەفـلاتـون ئاشتی، بەهایەکە زۆربـــەی خەڵك بەشێوەیەکی سروشتی ئارەزوی دەکەن، ئەو لەکۆماردا دەڵێت (پێویستە لەنێوان گروپە کۆمەڵایەتیەکاندا، گەشە بە ئاشتی کۆمەڵایەتی بدرێت).

ئەفلاتون لەکۆماردا، دیموکراسی بەباشترین فۆرمی حکومەت نازانێت و رەخنە لە دیموکراسی راستەوخۆی بێ چاودێری سەردەمی خۆی دەگرێت، ئەو پێیوایە (دیموکراسی مەترسی ئازادیی زیادەڕۆییان تێدایە، هەرکەس چی پێخۆشە وابکات، ئەمەش بەرەو پشێویمان دەبات)

دەکرێت سەبارەت بەدیموکراسی چەندە بۆچوونی تازە لای ئەفلاتون بزانین لەبابەتی:

(دیموکراسی شتێکە زۆر قابیلی گەندەڵبوونە، دەرگا لەسەر گێرەشێوێنی دیکتاتۆرە پەنهانەکان والادەکات، بۆی هەیە سەرئەنجام بگاتە ستەمکاریی)

ئەگەرچی ئەفلاتون ئەم تێڕوانینەی بۆ دیموکراسیەتی یۆنانی بووەو رەنگە جیاوازبێت، لەگەڵا ئەو دیموکراسیەی ئەمڕۆ مۆدێرنیتی لیبراڵا بانگەشەی بـۆدەکـات، بەڵام ناکرێت نکۆڵی لەو تێزەی ئەفلاتونیش بکرێت- سەبارەت بەم مەسەلەیە، دیموکراسی هەر ئێستا لەزۆربەی وڵاتی جیهاندا بۆتە شتێکی رووکەش و هەڵخەڵەتێنەرو ساختەو گەندەڵبوونی سیستەمە سیاسییەکان.

بۆنموونە: هەر بەناوی دیموکراسییەوە، هەڵبژاردنێك ئەنجامدەدرێت، کە ئاکامەکەی پێچەوانەی دیموکراسی و ئازادییە، ئەمەش گەندەڵبوون و سیستمی سیاسی و دیموکراسییە.

ئەگەرچی بۆچونێك هەیە زۆرجار ئەفلاتونی بەتۆتالیتاریست تۆمەتباردەکات، بەڵام نوسەری ئەم کتێبە دەڵێت: دیدی سیاسییانەی ئەفلاتون لەچەند روویەکەوە زۆر جیاوازە لەدەوڵەتی تۆتالیتار، بەوپێیەی ئەفلاتون لەیاساکانیدا روونیدەکاتەوە کەئازادی یەکێکە لەبەها سەرەکییەکانی کۆمەڵگە، جیالەوەی پشتگیری دادپەروەری، هاوڕێیەتی، دانایی، ئازایەتی و میانڕەوی دەکات، لە هەمانکاتدا دژی دووبەرەکی- یان تیرۆرە، کە ئەمانە لەخەسڵەتی سیستمی تۆتالیتارە).

ئەفلاتون زیاتر لەسەر چەمکی حکومەت و سیستمی سیاسی دەوەستێت و دەڵێت: حکومەت بۆ بەرژوەندی هاوڵاتییان و هەموو چینە کۆمەڵایەتییەکان هاتۆتە کایەوە، پێویستە حکومەت لەنێوان بەرژوەندییە بەگژداچوەکاندا ناوبژیوانی بکات) ئەم هێزە لەشارە ئایدیاڵیەکەی کۆماردا فەیلەسوف فەرمانڕەوایی دەکات، چونکە ئەفلاتون قەناعەتی وابوو، کە دەبێت یان فەیلەسوفەکان دەسەڵاتی سیاسی بگرنەدەست و ببنە فەرمانڕەوا- یان دەسەڵاتداران ببنە فەیلەسوف.

کارل پۆپەر: فەیلەسوفی زانستی و خاوەنی تیۆری میتۆدی زانست. سەبارەت بەو بۆچونەی ئەفلاتون دەڵێت: مەبەستی ئەفلاتون لەشارە ئایدیاڵەکەیدا ئەوەیە، هەموو تاکەکانی

کۆمەڵگە دەرفەتی یەکسانییان پێدراوە، بۆئەوەی کامەران بژین، دوای کامەرانی بکەون، بەڵام لەسەر حسابی ئەوانیتر نا.

لەکتێبی کۆماریشدا ئەفلاتون واپێناسەی دادپـەروەری دەکات (دادپەروەری نە مافی بەهێزترینە، نە لەبەرژوەندی بەهێزترینیشدایە، بەڵکو مافی باشترین و بەرژوەندی تەواوی کۆمەڵگەیە)

یەکێکی تر لەتێزەکانی تری ئەفلاتون بریتییە لە (نەمری رۆح) وەڵامی ئەو پرسیارەی کەدەڵێت: من کێم..؟ ئەوە رۆحێکی نەمرە، کەبەدکاری گەندەڵی دەکات و چاکە خاوێنی دەکاتەوە.

دەکرێت نموونەیەکی تر لەکۆمار وەرگـریـن، لەسەر باشترین سیستمی سیاسی، کەچوار خەسڵەت دەستنیشانکراوە لەبابەتی: دادپـەروەری، دانایی، میانڕۆیی و جوامێری. ئەم چوار خاڵەش بەو شێوەیە شیکراوەتەوە:

- دادپەروەری، واتا یەکسانێتی، کە زامنی پاراستنی گشت مافەکانی هەموو گروپە کۆمەڵایەتییەکان بکات.

- دانایی: توانستی سەرکردایەتی.

- جوامێریی: تەنها ئازایەتی سەربازیانە نییە، بەڵکو ئازایەتی مەدەنیشە.

- میانڕەوی: ئاڵۆگۆڕی فەرمانڕەوایی و فەرمانڕەوایی فراوان.

بەکورتی لەتێڕوانیینەکانی ئەفلاتون لەبارەی فەلسەفەی سیاسی ئـەودا، تێزە گرنگەکانی ناکرێت نکۆڵی کراوبن، بەتایبەتی کەئەو سەرەڕای رەخنەی لەدیموکراسی و تێڕوانینی جیاوازی بۆ سیستمی سیاسی، بەڵام جەخت لەسەر سەروەری

یاساو سیستەمی فرە ڕێکخراوەیی و ئاڵۆگۆڕی دەسەڵات و دانایی فەرمانڕەوایان و دەستاو دەستکردنی دەسەڵات و هەڵبژاردنی خزمەتگوزارە مەدەنی و دادپەروەرو یەکسانی نێو لە گروپەکانی کۆمەڵگە دەکات، کەئەمانەش تازەترین تێزەکانی مۆدێرنەکان و سیستەمی سیاسی مۆدێرنن، لەکۆمەڵگەی خۆرئاواییدا.

لەبەشی سێیەمی ئەم کتێبەی (ئەفلاتون) ریچارد کراون، دەڵێت: زۆرن ئەوانەی قسەیان لەسەر فەلسەفەکردووەو ناونران فەیلەسوف، بەڵام لەناو ئەوانەدا ئەفلاتون یەکەم بیریار نییە، وشەی فەیلەسوفی بدەینە پاڵا، ئەو زۆر ئاگایانە زانیویەتی چۆن دەستبداتە فەلسەفە.

تا دواجار ئەفلاتون لەساڵی(347 پ. ز) دەمرێت.

# فەیلەسوفی مۆراڵو میتافیزیکیا

## کانت
## نموونەیەك لەژیانو کاری فیکرییەکانی



وەرگێڕانی: پەژارە عەبدولحەمید

ئیمانوئێل کانت لـە(22ی نیسان - 1724)ز لەشاری کۆنگسبێرگ لەئەڵمانیا لەدایکبووە، باوکێکی هەژارو دایکێکی سـادە، بـەڵام تـاڕادەی پەرستن و خۆشەویستی بۆ دایکی دەڵێت: من تاماوم لەژیاندا هەرگیز لەبیری ناکەم، کەیەکەم تۆوی خێرو چاکەی لەدڵمدا چاند.

کانت تەنها ئەخلاق و ئایین فێرنەبوو، بەڵکو گرنگی بەسروشتی مەعریفەش دەدا، ئەگەرچی رۆژانی قوتابخانەی بەنوێژێکی دوورودرێـژ لەکڵێسە دەستپێدەکرد- تا دواتر بەشێوەیەك دوور دەکەوێتەوە، کە هیچ شتێك ناتوانێت لەئایینی نزیك بکاتەوە.

کانت پاش ئەوەی دەچێتە زانکۆ لەبەشی فەلسەفە، بەڵام ساڵی (1748)پ. ز: ناچاردەبێت بەهۆی مردنی باوکییەوە دوای بژێویی ژیان بکەوێت، تا دواتر لەساڵی (1754) زدا گەڕایەوە و بڕوانامەی دکتۆراکەی (لەناوئاگر)دا پێشکەش بەزانکۆ کرد.

کانت زۆر کاریگەری (نیوتن)ی لەسەربوو- بەتایبەتی تیۆری (کێشکردن) هەربۆیە چەند لێکۆڵینەوەیەکی لەوبوارەدا نوسیوە لەبابەتی (بیروڕا سەبارەت بەپێوانەی راستی بۆ هێزی زیندوو) مێژووی سروشتی گشتی و تیۆری ئاسمان (ساڵی (1770)ز دەبێتە مامۆستای لۆژیك و میتافیزیکیا- تا دواتر فەلسەفەیەکی گرنگی هێنایەکایەوە بەناوی (فەلسەفەی رەخنەگەرایی).

وانەکانی کانت سەبارەت بە(میتافیزیکا) بەوە دەناسرانەوە کەروون و ئاشکرابوون.

بەشێوەیەکی میتۆدی باسیدەکرد و هەرچی وتارەکانی تری سەبارەت بە(لاهوت) و مەسەلە ئایینیەکان ئامانجی روشنگەری ئەقڵ و وروژاندانی (نەست)بوو، بێ ئەوەی هیچ گرنگییەك بدات بەسروتە سوننەتییەکان، تا لەساڵی (1823)ز کتێبی (پەروەردە)ی بڵاوکردەوە.

لەتەمەنی (79) ساڵیدا کە هێشتا ژنی نەهێنابوو، باری عەقڵی و تەندروستی بەرەو خراپترچوو چاوی لەدەستدا، تا لەتەمەنی (80) ساڵیدا لە(12)ی شوبات (1804)دا مرد دوا وتەشی ئەمەبوو کەوتی: ئەمە باشەبوو.

ئەگەرچی مردنی کانت لەوکاتەدا رووداوێکی تراژیدی بوو، بەڵام بەرهەمەکانی بەجاویدانی ماونەتەوە و گرنگترین وشەی کانت دوایی لەسەر گۆڕەکەی نوسرا، ئەمەبوو: دووشتی سەیرو سەمەرە سەرسامم دەکەن، ئاسمانێکی رازاوە بەئەستێرە لەبان سەرم و یاسایەکی ئەخلاقیش لەخودمدا.

ئەم نوسینە خوێندنەوەیەکە بۆ کتێبی (کانت، ژیان و کارە فیکرییەکانی، کە لەوەرگێڕانی پەژارە عەبدولحەمیدە).

## (1)
## کانت و میتافیزیك

کانت گرنگییەکی زۆری دەدا بەمیتافیزیك، تا لەسەر ئەساسی لۆژیکی زاستی تاوتۆیی بکات (سـەرەڕای ئەوەی باوەڕی وابوو کە تەنها لەسەر سروشتی میتافیزیك) مانای ئـەوەیـە کە مەحاڵە ملکەچی پـێـوەری سروشتییە باوە زانستییەکانی (فیزیا، بیرکاری) بکرێت.

کە هەندێك بانگەشەی بۆدەکەن، ئامانجی کانت کەکتێبی (رەخنەی عەقڵی ئەبستراکت) بونیادنانی فەلسەفەیەکی میتافیزیك بوو- لەسەر بنچینەیەتی زانستی قبوڵکرا، دوا ئامانجیشی لەسەر ئەو تیۆرە خاڵیبوونی میتافیزیك بوو لەو هەڵە و کەم و کوڕیانەی رابـردوو، بەرنامەیەکی باش بۆداهاتوو.

بەڵام دواتر هەرخۆی کانت وەڵامی ئەو پرسیارەی دایەوە (چۆن دەتوانرێت میتافیزیك بەزانست وەسفبکرێت، بەڵام هەرخۆی ئەوەی سەلماندووە میتافیزیك وەك ئامادەباشییەکی سروشتی بۆ عەقڵ واقعی دەبێت.

کانت پێیوایە قسەکردن لەسەر بابەتە میتافیزیکییەکان کە بە بۆچوونی ئەو بریتین لە: خوا، سەربەخۆیی و نەمری، جاویدانی، کارێکی ئاساییە، بەمەرجێك پێوسیتییەکی سروشتی بێت، چونکە عەقڵی تیۆری ناتوانێت سنورەکانی ببەزێنێت، بێ ئەوەی دەروونی بەرەو لەناوچوون نەباو نوقمی تاریکی و نەگونجاندن نەبێت.

دواتریش بۆچوونی کانت سەبارەت بەمیتافیزیك بریتییە لەسەرنجدانی بۆ فەیلەسوفەکانی بـواری ئەنتۆلۆژی و ئامانجگەراو دۆگماییەکان، نموونەش فەلسەفەی فەیلەسوفە ئەقڵگەراکان بوو- کە رێبازی ( ناواخنگەرایی) بەکاردەهێنن وەك ئەوەی کە ئەقڵ لەتوانایدا هەبێت لە(رەنگە -ممکن) ەوە بۆ (هەبوون- الموجود) یان لە(بیرۆکەی خوا)وە بۆ ( بڕیاردان لەسەر بوونی خوا)

**(2)**

## کانت و ئایین

کانت لـەمـبـارەیـەوە بانگەشەی بـۆ ئـەوەکـرد کە (پلەوپایەی پیاوانی ئایینی کەمبکرێتەوە، گرنگی نەدرێت بەفەرزەکانی بەندایەتی و چـوون بۆکڵێسا، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی چەسپاندنی ئایینێکی خودایی راستی داوە- بەمەرجێك دووربێت لەبۆچوونی پیاوانی تەقلیدیی و سوننەتی و لەبەرامبەردا پشت ببەستێت بەمەیلە ئەخلاقییەکان، بـەرزو شاراوەکانی ناخی مـرۆڤ، ئەو بوونی خوا، دەسەلمێنێت).

لەمبارەیەوە بەتێزی جەختکردنەوەی لەسەربوونی خوا دوورکەوتنەوەبوو لە(ۆوڵف)ی فەیلەسوف و کەوتنەژێر کاریگەری (دیڤید هیوم)ەوە رەخنەی لەوتێزەی میتافیزیك گرت کە دەڵێت: مەحاڵە بەڵگەی ئۆنتۆلۆژی (میتافیزیکی رووت) بەراستی بسەلمێندرێن، لەسەر بوونی خودا.

کانت لەمبارەیەوە وتی: ئایین دەبێ پشت بەعەقڵێکی کردەیی بۆ هەستی ئەخلاقی ببەستێت، نەك پشت بەلۆژیکی عەقڵی تێوری، هەربۆیە کانت سێ پرەنسیپی سەرەکی (نەمری، سەربەخۆیی، خودا)ی راگەیاند کە:

-1مرۆڤ ناتوانێت ئەرکەکانی سەرشانی بەجێ بگەیەنێت- تا ئازاد نەبێت.

-2ناتوانێت بگاتە پیرۆزی- تا نەمرنەبێت.

-3ناتوانێت بگاتە ئاشتی چاکەی گەورە- گەر خودا نەبێت.

کانت جارێکی تر رەخنە لەپیاوانی ئایینی دەگرێت، کەتەنها قسەی کتێب و کڵێساکان دووبارە دەکەنەوە، ئەو دەڵێت: دەبـێ لە روح و ناوەڕۆکی کێشەکان تێبگەین، هەروەها دەڵێت: ئایین لەناخی خۆماندا دەبێ بیدۆزینەوە، بەدوای ئایندا بگەڕێین.

کانت رووداوی (هەڵەی ئادەم) و (مەسیح- یان کوڕی خوا)ی وا لێکدایەوە کە: یەکەمیان دەلالەتە لەبەر یەکەوتنی ویست و هەست، دوومیان دەلالـەت لەتەنیا لەپێوەرە ئەخلاقییەکانی ناخمان دەکات.

## (3)

## کانت و ئەخلاق

لەمبارەیەوە تێڕوانینەکانی کانت دەوەستێتە سەر ئیرادە، بەڵام حاشا لەوە دەکات کە ئەخلاق بەسترابێتەوە بەئەنجامی کردەوەکانی مرۆڤ، وەك (چێژ، ئازارو سودو زیان) هەموویان پەیوەستن بەناخی مرۆڤەوە.

ئەو پێیوایە چاکەخوازی تەنها ئیرادەی ناخی ئینسانەکانە و هیچی تر، تەنانەت ئەم ئیرادە چاکخوازە ناتوانێ سۆزو ئارەوزووە سێکسییەکانیش بجووڵێنێت.

هەروەها لەسەر ئەم چەمکە کانت پێیوایە هیچ چاکەو خراپەیەك بەبێ یاسایەکی ئەخلاقی وجودی نییە.

کانت مەسەلەی ئەخلاق بەدووردەگرێت لەمیتافیزیك، هەموو هەستەکانی سۆزو مەبەستەکانی بەدیاردە دادەنێت نەك هۆکار ئەمەش بەوە پشت راستدەکاتەوە کە دەبێت یاسایەکی ئەخلاقی ئەمانە رێکبخات، پێویستە (درۆنەکەیت) و ئیرادەت هەبێت و کاریگەری هەبێت، ئەوەشی رەتکردەوە کەئەخلاق لەسەربنەماو رێژەیی و مادییەکانی مرۆڤدا دامەزرێت، چونکە ئەمانە جێگرو رەها نییە، بەڵام ئەخلاق لەسەر بنەماو یاسایەکی جێگرو رەهاو وەستاوە.

ئەو پێیوایە یاسای ئەخلاقی- تاکە مەبدەئە بۆ ئیرادەی مرۆڤ.

## (4)
## کانت و فیزیك (سروشت)

بەپێچەوانەی بۆچونەکانی سەبارەت بەمیتافیزیك، بۆچۆنی زۆریش هەیە لەسەر فیزیك (سروشت) وەکو پێشتر باسمانکرد، کانت لەمبارەیەوە زۆر کەوتۆتە ژێر کاریگەری

(نیوتن)ەوە، جگەلەوەی کاری لەسەر تێوری (کێشکردن) کـردو هـەوڵـیـداوە دروستکردنی گونجانێك لەنێوان فەلسەفەکەی (دیکارت) و (لایبنتز) لەمبارەیەوە، دانێت.

کانت لـەسـادەتـریـن تـێـوەرەکـانـی پێوایە هەموو هەسارەکان- یان خەڵکی لەسەر ژیاوە- یان خەڵکی لەسەر دەژی لەداهاتوودا، تا ئەو رادەیەی دەڵێت: رەنگە دوورترین هەسارە لەخۆرەوە سیستەمی ئەندامی عەقڵانی تێدابێت.

دیارە مەبەستی ژیان و زیندەوەرو مادە ئۆرگانییەکانە.

## (5)
## کانت و سیاسەت

ئـەگـەرچـی بـۆچـونـی کـانـت لـەدوایـن کتێبەکانی لەمبارەیەوە خـراوەتـەروو- بەتایبەتی لەکتێبی (پرۆژە بۆئاشتی هەمیشەیی) کەدەڵێت: پێویستە دەستوری شـار لەهەموو دەوڵەتێك کۆماری بێت و پابەندبێت بەدەستورێکەوە، چەند چەمکی گرنگ لەخۆبگرێت وەك (ئازادی و چەسپاندنی دەستورێکی هەمیشەیی و هاوبەش، یەکسانی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە)

کانت پێوایە دەستورێکی کۆماری، دەتوانێ نوێنەری مافەکانی مرۆڤبێت، واتا لەوکاتەدا چەمکی مافی مرۆڤ و دەستورو دیموکراسی و سیستەمێکی پلورالی کۆماری جێگەیەکی گرنگی لەتیۆرەکانی کانت دا هەبووە.

سەبارەت بەناسیۆنالیزم، کانت پێیوایە خودی سروشت ئەم حەزو ئارەزوو بەرژەوەندیخوازی و خۆپەرستییە دەستەبەردەکات.

ئەو دەڵێت: تەنها سیستەمێکی باش، کە هێزە مرۆییەکان یەکبخات و سنور بۆ توندوتیژی دابنێت و بنبڕی بکات، بۆ دەوڵەت بەسە.

کانت بۆ فەراهەمکردنی سیستمێکی سیاسی مۆدێرن و دیموکراسی و پلوراڵ و ئازادی و مافەکانی ئینسانی تێدا پارێزراوبێت، پێوایە دەبێت لەرێگای شۆڕشەوەبێت تاسیستەمێکی وابێتەکایەوە کە دیموکراسی گەشە بکات و کۆیلەیەتی و چەوساندنەوە نەمێنێ و ئاشتی بەرقەراربێت، تا ئەو رادەیەی داوای سیستمێکی پەرلەمانی و فرەیی و نوێنەرایەتی دەکات.

## (6)
## کانت و ناسیۆنالیزم

یەکێکە لەتێورە گرنگەکانی فەلسەفەکەی کانت و رۆڵێکی گرنگی هەبووە لەسەر پرۆسەی سیاسی ئەوروپاو ئەڵمانیا بەتایبەتیش، کانت پێیوایە سیستمێکی کۆماری بیرۆکەی ناسیۆنالیزم و ئیرادەی گشتیش کە نوێنەری راستەقینەی خودی ئیرادەی سروشتییە پێوەرێکی گرنگە بۆئاشتی و سیستمێکی سیاسی باش.

ئـەو پێیوایە نەتەوایەتی ئـەو ئـیـرادە گشتییەیە، کەمیللەت لەگەڵ یەکتردا کۆدەکاتەوە کەیەك ئامانجی هەبێت، کەئەمەش لەناخی تاکەکانی کۆمەڵدا هەیە، کانت وای بۆدەچێت گەر دەستوری وڵات لەئیرادەی خەڵکەوە وەرگیرا- ئەوا یاساکان مسۆگەردەکات، بۆئەوەش کەبەم سیستمە سیاسییە بگەین لەرێگای عەقڵیەتی خاوەن ئەزموونەوە پێی ناگەین، بەڵکو لەرێگای گیانە نەتەوەییەکەوە دەستبەردەکرێت.

بۆچونەکانی کانت لەمبارەیەوە کاریگەری لەسەر (هیگڵ، هــردەرو نیچە)هەبووەو سەرەتایەك بـوو بۆ سەردەمی ئایدۆلۆژیاکان و ناسیۆنالیزم لەجیهاندا.

## (7)
## کانت و ئاشتی

لای کانت چۆن سیستمی دیموکراسی ئامرازێکە بۆگیانی نەتەوایەتی، ئەمەش دیسان پێویستی بەپرۆژەیەکی جیهانی هەیە بۆئاشتی، کانت پێیوایە: شەڕ پاشماوەیەکی شارستانی هەیە لەمێژوودا. ئەمەش بەوپێیەی شەڕ هێزێکی گەورەیە لەهێزە جوان و سەرسوڕهێنەرەکانی سروشت، هەرئەوەش وادەکــات بۆ دەستبەرکردنی ئاشتی و سەربەخۆیی پەنابباتەبەر ئـەوەی، کە ترس و شەڕوشۆڕ بەهێزترین پارێزەرە بۆ مسۆگورکردنی سەربەخۆیی و لەناوبردنی چەوساندنەوە.

تێورەکانی کانت سەبارەت بەئاشتی بەدوای شۆڕشی فەرەنسادا هات و پێیوابوو سەرەتایەکی باشە بۆ ڕێکخستنی میللەت.

کانت لەکتێبی (پڕۆژەیەك بۆئاشتی هەمیشەیی) کە یەکێکە لەتێزە گرنگەکانی سەبارەت بەئاشتی لەچەند خاڵدا کۆدەکاتەوە، لەبابەتی: پەیمان بەستنی ئاشتی و نەهێشتنی نیازی شەڕکردن، پاراستنی کیانە سیاسییە سەربەخۆکان، چونکە دەوڵەت کاڵانییە، بەڵکو گروپێکی مرۆییە، هیچ کەس بۆینییە دەسەڵاتی بەسەردا بسەپێنێت، جگەلە خودی دەوڵەتەکە، پێویستە هێزە سەربازییەکان هەڵبوشێندرێنەوە، چونکە بوونی هێزی سەربازی، هەڕەشەیەکی بەردەوام بۆئاشتی گشتی، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کرێیەك دەدرێت بەسەرباز بۆئەوەی بەکوشتنی ئەوانیتر ژیانی مسۆگەربکات.

هەروەها ڕۆژێك دێت سەربازەکەش دەکوژرێت، واتا لای کانت مامەڵەکردن لەگەڵ سەرباز مامەڵەکردنە لەگەڵ ئامێرێك، نەك مرۆڤێك، نابێت هیچ دەوڵەتێك بەهۆی هێزەوە خۆی لەکاری دەوڵەتێکی تر وەربدات.

لای کانت قـەوارەی دەوڵەتێك بەکلیلی ڕاستەقینەی ئاشتی دەزانێت، چونکە بەردی بناغەی بونیادی دەوڵەتە، چەند سەرچاوەیەك باس لـەوەدەکـەن کەدامەزراندنی (کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتوەکان) و بانگەوازەکەی (ویڵسن) لەژێر کاریگەری بۆچوونەکانی کانت و کتێبی، لەپڕۆژەی ئاشتی هەمیشەییدا هاتۆتەبوون.

## (8)

## کانت و مێژوو

لەمبارەیەوە پێیوایە هیچ کەس ناتوانێت کارێکی فەلسەفی ئەنجامبدات بەدەر لەمێژوو، بەو پێیەی بەبێ ئاگابوون لەرووداوەکانی مێژوو، قسەکردن لەسەر فەلەسەفە ناکرێت، جگەلەوەش لای کانت فەلسەفەی مێژوو بەستراوەتەوە بەفەلسەفەی ئەخلاقگەراییەوە، بەکورتی کانت پێیوایە بیرۆکەی مێژوو بۆجیهان نموونەیەکی بەرزە، بەڵام بەهەماهەنگی فەلسەفەو مێژوو، عەقڵ و سەربەخۆیی- عەقڵانی رۆڵی ئەکتیڤیان هەیە.

## (9)

## کانت و کاریگەری لەسەر فەلسەفەی ئەوروپا

لەکۆتایی ئەم نامیلکەیەدا، دەتوانین بڵێین فەلسەفەی کانت (کانتیزم) جگەلەوەی بنەمایەکی قوڵ و فرەرەهەندی هەیە، کاریگەری لەسەر زۆربەی تیۆرو فەلسەفەکانی دوای خۆی و سەردەمی خۆی هەیە لە ئەوروپا- لەسەر بابەتەکانی: فەلسەفە، ئەدەب، سروشت، میتافیزیك و پەروەردە، سیاسەت، بیرکاری، ئەخلاق، ئیستاتیك.

نوسینەکانی لەبواری بیرکاری لەلایەن (هلبەرت) و قوتابخانەی شێوەکاری گرنگی خۆی هەیە، لەرێبازی هزری و ئایدیالیزمی کانتی، کاریگەری بەرچاوی هەبوو لەسەر فەلسەفەکانی (فیختە، شلگل، هیگل و شۆبنهاوەر)

ڕەخنەکانی کانت بۆعەقڵ و ستایشکردنی هەست ڕێگای بۆ (ئیرادە)ی شۆبنهاوەری مامۆستای نیچەو بۆ ڕێبازی (چێژ) ی (برگسۆن)و ڕێبازی (پاساوگەرایی)و (ولیەم جمیس) خۆشکرد.

جیاوازیکردنەکەی کانت لەنێوان عەقڵی ئەبستراك و زانستدا، خزمەتی زۆری هیگیڵی کـرد، سەبارەت بەفەلسەفەش کە دەڵێت: جیهانێکی پڕ لەراستی وێژەیی هەیە کە گۆڕانی بەسەردادێت- بەگۆڕانی زەمەن و شوێن، تیۆریسیانی ( دیاردەگەرایی) سودیان لێوەرگرتووە، هەروەها (ئەنیشتاین) یش زۆر سودی لێبینیوە تیۆری (ڕێژەیبوون)ی لەوەوە وەرگرتووە، فەلسەفەی ئایدیالیزمیش کاریگەرەی گـەورەی لەسەر نیچە هەبووە، سەبارەت بەفەلسەفەی مێژووی کانت، کاریگەری لەسەر هێگڵ داناوە.


بەمشێوەیە ئەم نامیلکەیە، فەلسەفەکەی کانت و تیۆرە جیاوازەکانی ئەو فەیلەسوفەمان پێدەناسێنێت، ئەگەرچی ڕەنگە لەنامیللکەیەکی وادا کەمبێت، بەڵام زۆر بەکورتی چڕکراوەتەوە، خوێنەر دەتوانێ سەرەتاکانی فەلسەفەکەی کانت بیروبۆچۆنەکانی بخوێننەوە.

# سیاسی

# عەبدوڵڵا ئۆجەلان
# چۆن دەستگیرکرا؟
# کێ لەپشتییەوە بوو

## ئەمەریکا، ئیسرائیل، یۆنان، روسیا، تورکیا، هۆڵەندا، ئەڵمانیاو کینیا چۆن بەشداری دەستگیرکردنی ئۆجەلان دەکەن؟

**پاش 17 ساڵ لەزیندانیکردنی**
**عەبدوڵڵا ئۆجەلان**



عەبدوڵڵا ئۆجەلانی سەرۆکی pkk، چۆن لەکینیا فڕێندرا بۆ تورکیا؟ کێ لەپشت فڕاندنەکەیەوە بوو؟ بۆچی لە سوریا دەرپەڕێندرا بۆ ئیتاڵیا و لەوێش نەگیرسایەوە؟ ئەمەریکا و ئیسرائیل، رووسیا، یۆنان، ئیتاڵیا و کینیا چۆن بەشداری دەستگیرکردنیان کرد؟ رۆڵی موخابەراتی ئەم وڵاتانە چی بوو؟ ئەو نهێنیانە چین کە هێشتا نەدرکێنراون؟

کتێبی(گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك -ئۆجەڵان) کە لە نوسینی خانمە پارێزەری تایبەتی ئۆجەلان (بریتا بولەر)ە بەزمانی هۆڵەندی نوسراوە هاوڕێم رێکەوت ئیسماعیل وەریگێڕاوە و دەزگای ئایدیا چاپی کردووە. پەردە لەسەر بەشێکی زۆر لەو نهێنیانە هەڵدەماڵێت، ئەم کتێبە واباشە هەموو کوردێك و بەتایبەتی سەرکردە سیاسییەکان بیخوێننەوە، تابزانن، کە کورد چ گەلێکی زوڵملێکراوو بێ پشت و پەنایە سەرکردەکانی چەند زوو دەکەونە داوی وڵاتان و دەزگا جاسوسییەکانەوە، کەسیش لەسەریان نایەتە وەڵام، لەوەش گرنگتر ئەوەیە، هەمووان وەکو خۆی ئەمەریکا بناسین، کە ئامادەیە سەدان جاری تر خیانەت لە کورد و سەرکردە کوردەکانی بکات لە پێناو بەرژەوەندیەکانی خۆیدا. دەبێت ئەمەریکا باشتر بناسین لەوەی کە تێیگەیشتووین. نەك لەبەر رۆڵی نا ئەخلاقیانەی لە دۆسیەی دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلاندا، بەڵکو لەسەردەمی قازی محەمەد و مەلا مستەفای بارزان، شۆڕشی نوێ و چاوپۆشینی لە بەعس و راپەڕینی ساڵی 1991 1996- ....!

دەبێ لەم کتێبەوە باشتر لە ئەوروپا تێبگەین، کە مافی مرۆڤ بۆ پارێزگاری لە سەگەکانی خۆیان و چەواشەکردنی دونیایە و ئەگەر قسە هاتە سەر بەرژەوەندی لە پێش مافی ئینسانی و دیموکراسییەوەیە.

ئەگەر نا، ئەوروپا باش دەزانێت، کە چەوساوەترین گەلی سەر زەمینی بێ دەوڵـەت، کوردەکانن، کە نەخوا فریایان دەکەوێت نە شاخەکان، بەڵام تەنها بەرژەوەندی هۆڵەندا لەگەڵ تورکیا شەوێکی درەنگ، سەرەك وەزیران و وەزیری گەیاندن و دەرەوە و موخابەرات. فەرمان دەدەن، ئاسمانی هۆڵەندا بـەڕووی هەموو گەشتە ئاسمانیەکانی جیهانیدا دابخرێت و رێگە نەدرێت هیچ فڕۆکەیەك لەسەر خاکی هۆڵەندا بنیشێتەوە. تەنها لەبەرئەوەی دەیزانی دوو سەعاتی تر، ئەو فڕۆکەیەی عەبدوڵڵا ئۆجەلانی تێدایە لە یۆنانەوە دەگاتە هۆڵەندا.

خۆ گەر ئەوشەوە هۆڵەندا ئەوەی نەکردایە، هەرگیز عەبدوڵڵا ئۆجەلان دەستگیر نەدەکرا ....!

جگە لەم پیلانە وا باشە تورکیاش باشتر بناسین، کە بەدرێژایی مێژوو لە دژی کورد چی کردووە...؟

-ساڵی 1559: عوسمانییەکان میری سۆران(میر سەیفەدین) لە سێدارە دەدەن.

- 1655 : میرنشینی بەتلیس وێران دەکات .

- 1837 : روخاندنی فەرمانڕەوایی بادینان و کوژرانی پادشای میرنشینی بۆتان.

- 1851 : روخاندنی میرنشینی بابان .

- 1898 : هەوڵی کوشتنی ژەنەڕاڵ شەریف پاشا دەدەن.

- 1898 : سوڵتانی عوسمانی هەڕەشەی کوشتن لە میقداد مەدحەت بەدرخان و ژن و ماڵ و منداڵی دەکـەن گەر رۆژنامەی کوردستان دانەخات.

- 1914 : شێخ عەبدولسەلام بارزانی لە موسڵ لە سێدارە دەدەن.

- 1918: عەبدولرەزاق بەدرخان لە موسڵ لە سێدارە دەدەن.

- 1919: هەمزە بەگ مۆکس سەرنوسەری ژین لە ئەستەمبوڵ لە سێدارە دەدەن

- (1923/7/12) :لەکۆنفرانسی ئاتاتورك خەونی دەوڵەتی کوردی لەناو دەبات.

- 1925: لە سێدارەدانی شێخ سەعیدی پیران.

- 1984: هۆکاری تێکدانی دانوستانی حکومەتی عێراق و (ی.ن.ك) بوو.

- 2003 :رێگە نـادات بە هێزە هاوپەیمانەکان لە خاکەکەیەوە تێپەڕ بێ بۆ روخانی سەدام حسین.

- 2008 : چەکی کیمیاوی دژی pkk بەکاردێنێت.

- 2016 کۆمەڵکوژی خەڵکی سڤیلی باکور دەستپێدەکات، بەهەزاران کەس دەبنە قوربانی.

ئەمانە چەند رووداوی مێژووین. دەریـدەخـەن تورکیا چ رۆڵێکی پاسیڤی هەیە دژی کورد. بۆیە پیلانی دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان شتێکی چاوەڕوان نەکراو نییە و پیلانی ...!

## پیلانێکی چنراوی نێودەوڵەتی

پاش ئەوەی تورکیا هێزەکانی بردە سنوری سوریا، ئەم وڵاتە بەناچاری عەبدوڵڵا ئۆجەلانی راسپارد، سوریا بەجێبهێڵێت. بۆیە رووی کردە ئیتاڵیا و لە(12 نوڤەمبەری 1998)لە رۆما دەستگیرکرا و ئەوکاتە (ماسیمۆ دەلیما)سەرۆك وەزیرانی ئیتاڵیا رایگەیاند، تەسلیمکردنەوەی ئۆجەلان ئاسان نییە.

پاش ئەوەی پارێزەرەکانی بەرەو (ostia) ئەو شوێنەی ئۆجەلانی تێدا دەستەبەر کرابوو، بەڵام دواتر بەهاوکاری (حسین و عەلی )گەیشتنە لای .

پارێزەرەکەی دەڵێت، کە چوینە ژوورەوە سەیری (مەد Tv) دەکرد تا دەڵێت، دوایی پێی وتین: چی بە باش دەزانن ئەوە بکەن، چونکە ئەم مەسەلەیە تەنها پەیوەست نییە بە منەوە، بەڵکو چارەنوسی میللەتێکە.

## ئیتاڵیا و ئەڵمانیا

ئەگەرچی ئۆجەلان لەسەر بانگهێشتی ژمارەیەك ئەندام پەرلەمانی ئیتاڵیا چووبووە ئەو وڵاتە، بەڵام حکومەتی ئیتاڵیا خۆشحاڵ نەبوو، چونکە توشی دەیان کێشە بووبوو. بۆیە ئیتاڵیا چاوەڕێی ئەو بوو، لەبەر رۆشنایی ئەو بڕیارەی پێشوو کە داوای دەستگیرکردنی ئۆجەلانی کردبوو. ئەڵمانیا داوای رادەستکردنەوەی بکات، بەڵام دواتر ئەڵمانیا رایگەیاند کە دەستەبەرداری ئەوداوایە بوەو عەبدوڵڵا ئۆجەلانی.

بۆیە دواجار ئۆجەلان خۆی بە پارێزەرەکانی دەڵێت! کە لەژێر فشارێکی زۆر گەورەی حکومەتی ئیتاڵیادایە بۆئەوەی ئەو وڵاتە جێبهێڵێت.

رۆژانە حکومەتی رۆما ئاگاداری ئۆجەلان دەکاتەوە. گەر ئیتاڵیا جێنەهێڵێت، دەبێت چەند ساڵ بچێتە زیندان و دواتر دادگایی بکرێت، ئۆجەلان دەپرسێت؟ مانەوەم لە ئیتاڵیا چۆنە؟ پارێزەرەکەی دەڵێ زۆر باشە. ئەوانە تەنها فشارن و دیقەتم دا، گوێی بۆ قسەکانم شل کردبوو. زنجیرێك لە دەستی راستیدا بوو، کە کۆمەڵێك نقێمی سوری لەسەر بوو. کە گوایە بێزاری و دڵەڕاوکێ لەناو دەبات، بەڵام دواتر ئۆجەلان دەڵێت:

نامەوێ لە ئیتاڵیا بمێنمەوە، چونکە دەخرێمە زیندان و هیچم بۆ گەلەکەم پێناکرێت.

سەبارەت بە دادگـای نێودەوڵەتی پرسیاری کرد کە دەتوانێت چی بکات، بەڵام پاش ئەوەی من روونکردنەوەم بـۆدا، ئۆجەلان وتی بێ ئەمەریکا هیچ شتێك ناکرێت، بەهەرحاڵ من هاتمەدەرەوە لەبەردەم دەرگا (ئەلێکس)م بینی. کە کوردێکی خەڵکی روسیا بوو، بەڵام پەیوەندی لەگەڵ دەزگا جاسوسییەکان هەبوو.

سەیرە ئۆجەلان داوای هاوکاری لە ئەمریکا دەکات. کە دواتر دەردەکەوێ هەموو پیلانەکە ئەمەریکای لە پشتەوەیە. وڵاتانی ئەوروپا بەهۆی نیگەرانی ئەمەریکاوە نەیانتوانی هیچ بۆ ئۆجەلان بکەن.

رەوشەکە تادێت ئاڵوزتر دەبێت و ئۆجەلان هەستدەکات خیانەتی لێکراوە. ئەوکاتەی ئۆجەلان لە روسیاوە هات بۆ ئیتاڵیا، لەسەر بانگهێشتی ئەندام پەرلەمانی ئەو وڵاتە سەرۆك وەزیران ئاگادار بوو، بەڵام ماوەیەك لە میدیاکان شاردیانەوە. تا دواتر بردیانە ناوچەی ئۆستیا لەژێر چاودێری پۆلیسدا.

کاتێ (یاڤوز) پارێزەرە ئیتاڵیەکەی ئۆجەلان رۆیشت حوسێن کاغەزێکی دامێ، کە نامەیەکی رەسمی حکومەتی سویسرا بوو. کە داوا دەکات عەبدوڵڵا ئۆجەلان تا پێنج ساڵی تر بۆی نییە سەردانی سویسرا بکات.

ئۆجەلان بە نامەکەی سویسرا زۆر نیگەران بوو. سویسرا لە ناردنی نامەکە، مەبەست لەباربردنی ئەو بیرۆکەیە بوو، کە لەکاتی رۆیشتنی ئۆجەلان لە ئیتاڵیا رووبکاتە سویسرا. دیارە تورکیا و ئەمەریکا بەمەیان زانیبوو بۆیە سویسرا ئەم کارەی کرد.

کەسێك کە بە نوێنەری pkk دانرابوو لە روسیا هاتبوو تا ئۆجەلان ببینێت. کە دیار بوو وەکو (ئەلێکس) دەیگوت روسیا ئامادەیە دالْدەی ئۆجەلان بداتەوە.

یاڤوز وتی: قسەیەك لەگەڵ ئەمەریکا کراوە (کەسێك لە وەزارەتی دەرەوە، بەڵام هەڵویستی ئەمریکا ئەوەیە، کە ئۆجەلان تیرۆریستەو پێویستە بدرێتە تورکیاو لەوێ دادگایی بکرێت).

هەر لەوکاتەدا، (ماسیمۆ دەلیما)، سەرۆك وەزیرانی ئیتاڵیا لەگەڵ ئۆجەلان قسەدەکات و پێی دەڵێت: بەمانەوەی لە ئیتاڵیا لەوە زیاتر حکومەتەکەی توشی شکست دەکات، چونکە ئۆپۆزسیۆن دەیەوێت ئەمە بکاتە کارتی فشار. بۆیە ئۆجەلان وتویەتی، لەوە زیاتر نابێت حکومەتەکە توشی گرفت بکەین.

بەڵام هێشتا هەموو لایەك لەسەر ئەو باوەڕەن، کە نابێت ئۆجەلان ئیتاڵیا جێبهێڵێت.

بریتا دەچێتەوە لای ئۆجەلان، گوێ لە گۆرانی کوردی گرتبوو، پاشان لە پارێزەرەکە دەپرسێت، مێژووی کورد دەزانی؟ دەستدەکات بە گێڕانەوەی مێژووی کورد و زنجیرەکەی دەستی یاری پێدەکات.

پارێزەرەکە دەڵێت رۆژی (1999/1/16) «جۆن» پێی وتم کە ئۆجەلان ئیتاڵیای جێهێشتووە و چووەتە روسیا، بەڵام دواتر(یاڤوز) پێی وتم، پێدەچێت روسیا شوێنێك بۆ ئۆجەلان پەیدابکات، کە رەنگە «جۆرجیا یان ئەرمینیا» بێت.

ئەگەرچی یاڤوز دەڵێت: رەنگە وڵاتی « ئەفریقای باشور « ئامادەبێت ئۆجەلان وەربگرێت.

بەڵام چەند رۆژ دواتر بەڕێوەبەری موخابەراتی یۆنان (Babis stavrak akis) تەلەفون بۆ «جون» دەکات کە گوایە دەزانێت ئۆجەلان لەکوێیە..... دواتر هەرخۆی دەڵێت: دوو رۆژە ئۆجەلان بێ مۆڵەت لە یۆنانە و دەبێ زوو ئەم وڵاتە بەجێبهێڵێت.

واتـە موخابەراتی یۆنان هەرچۆنێك بێت ویستویانە ئۆجەلان لە روسیا هەڵکەنن و خۆیان سیناریۆکە بگێڕن، کە دیارە بەڵێنی چەوریان لە تورکیا لە بەرامبەر دەستگیرکردنی ئۆجەلان وەرگرتبوو. هەربۆیە دواجار وا دەرچوو کە یۆنان ئۆجەلان تەسلیم بە تورکیا دەکات، کەسیش نازانێت چی وەرگرت لە بەرامبەر ئەم نێچیرە چەورە کوردەدا.؟

## بەرەو هۆڵەنداو بێ ئاکامبوون

پاش فشاری یۆنان. ئۆجەلان و تیمەکەی بڕیاردەدەن شەو بەرەو هۆڵەندا بڕۆن .بۆیە «ڤکتۆر» بە پارێزەرەکە رادەگەیەنێت من لەگەڵ ئۆجەلانم و ئەمشەو فڕۆکەکەمان دێتە هۆڵەندا و وا بڕیار بوو سەعات (12:30)ی شەو فڕۆکە بگاتە فڕۆکەخانەی

(Zestien Hoeven) خانمی پارێزەر دەگێڕێتەوە. لە ئەفسەرێکی فڕۆکەخانەکەم پرسی ئەمشەو فڕۆکەیەك بە ڕێگاوەیە بۆ ئێرە؟ وتی بەڵێ.. دواتر پرسیارم لێکرد فڕۆکەکە نەگەیشت؟ دەڵێ گەڕێنرایەوە و دواتر دەڵێ نازانم.

ئەمە لە کاتێکدا بە ئەو شەوە، کوردێکی زۆر، ژمارەیەکی زۆر رۆژنامەنوسان چاوەڕێی هاتنی ئۆجەلان بوون. کە دیارە خزمەتی کارەکەی نەکرد، بەڵام دواتر دەرکەوت، فڕۆکەکەی ئۆجەلان گەڕێنراوەتەوە بۆ یۆنان و حکومەتی هۆڵەندا قبوڵی نەکردووە.

## ئۆجەلان بەرەو روسیای سپی و لاتیفیا

«جۆن» لە دواین دیداری لەگەڵ بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگری یۆنان

(Babis stavrak akis) ئەوەی بیستبوو، کە فڕۆکەیەکی نوێی سەربازی ئامادە کراوە، تا ئۆجەلان لە یۆنانەوە بەرەو شاری «minsk» لە روسیای سپی بەرێت. هەرچەندە بە (Babis) دەوترێ کە ژیانی ئۆجەلان دەکەوێتە مەترسییەوە، بەڵام ئەو ووتی، نابێت ئۆجەلان یەك سەعاتی تر لەخاکی یۆناندا بێت.

کاتێك فڕۆکەکە لە ئاسمانە، پەیامێك دێت بۆ تاقمی فرۆکەکە، کە لە سکرتێرەکەیەوە بۆ سەرۆك وەزیرانی یۆنان، کە پەیامەکە بە کراوەیی بدە و گوایە ئۆجەلان چووەتە دەرەوەی ئاسمانی یۆنان و بەمەش ( ئەمریکا وCIA ) و موسادی ئیسرائیلی دەکەونە شوێنی فڕۆکەکەو تێدەگەن کە ئۆجەلان لە یۆنان بووە.

بەهەرحاڵ فڕۆکە دەگاتە روسیای سپی، کە ئەندامێکی هەواڵگری یۆنانیش لەگەڵ ئۆجەلانە، بەڵام ئیتر دەردەکەوێت کە فڕۆکەکە بە نیاز بووە، کە بەرەو(لاتیفیا)بچێت لەوێشەوە بڕوات بۆ هۆڵەندا، بەڵام هەمووی هەڵوەشاوەتەوە. ناچار فڕۆکەکەو ئۆجەلان دەگەڕێنەوە بۆ یۆنان.

بە قسەی نوسەری کتێبەکە ئەو شەوەی ئۆجەلان دەیویست بڕوا بۆ هۆڵەندا، وەزارەتـی هاتوچۆی ئەو وڵاتە لە ڕێگای بەڕێوەبەرایەتی کۆچ و رەگەزنامە (IND) ئاگادارکراوەتەوە، کە ئەمشەو ئۆجەلان دەیەوێت بێتە هۆڵەندا. بۆیە ئاسمانی هۆڵەندا بە رووی فڕۆکەکەی ئۆجەلاندا داخرا کە دواتر دەرکەوت، سەرۆك وەزیرانی هۆڵەندا ئاگاداری پیلانەکە بووە.

که دیاره پەیامێك بۆ فڕۆکەکە چووە. لەلایەن سەرۆك وەزیرانی یۆنان(simitis) و دەزگای(CIA) گوێڕادانی کراوەو نەخشەکە هەڵوەشاوەتەوە. دواجـار سـەرەك وەزیرانی هۆڵەندا. لەملاوە بڕیار دەدات ئاسمانی هۆڵەندا بەڕووی هەموو فڕۆکەیەك دابخرێت.

**یۆنان دەیەوێت ئۆجەلان رەوانەی ئەفەریقا بکات**

حکومەتی یۆنان ئەوەی خستبووە بەردەم ئۆجەلان، کە پێیان باشە ئەو بەرەو وڵاتێکی ئەفەریقا بڕوات جا (یەمەن، لیبیا، یان سودان) بێ یان هەوڵدەدەن لە سربیا شوێنێکی ئارامی بۆ پەیدا بکەن. یان بڕوات بۆ باشوری ئەفەریقا

موخابەراتی یۆنانی داوای وەڵامی بەپەلەی لە(جۆن) و هاوەڵی ئۆجەلان کردبوو، بەڵام جۆن دەڵێت: ئۆجەلان هەر زوو سێ  دەوڵەتە عەرەبیەکەی رەتکردەوە.

بەڵام ئۆجەلان بڕیاریدا و پێیباشبوو. بچێتە ئەفەریقا و سربیاش بۆ مانەوەی کاتی پێباشبوو، بەڵام دواجار کە دیارە پیلانەکە بە ئاگاداری یۆنان، کینیا، ئەمەریکا، تورکیا و دیارە ئیسرائیل و روسیاو وڵاتانی تریش ئاگاداری پیلانەکە بوون، کە ئۆجەلان لە یۆنانەوە دەبرێتە باڵوێزخانەی یۆنان لە کینیا.

پیلانەکەی یۆنان بەمشێوەیەیە. کە گوایە قسە لەگەڵ پارێزەرەکەی نیلسۆن ماندێلا کراوە بەناوی (جۆرج بیزۆس) George Bizos و وتویەتی کە ئەفەریقای باشور ئامادەیە ئۆجەلان وەربگرێت، بەڵام پێویستی بە دەڕۆژ هەیە. بۆیە یۆنان بڕیاربداو تا ئەو کاتە ئۆجەلان بەرێتە شوێنێکی ئارام. بە ئاگاداری دەزگای هەواڵگری یۆنانی ئەو شوێنەش کینیایە....

ئەگەرچی ئۆجەلان بــڕوای بە بەڵێنەکانی دەزگـای هەواڵگری یۆنانی نەمابوو.

بەم شێوەیە دەزگای هەواڵگری یۆنان بڕیاریدا فڕۆکەکەی ئۆجەلان رۆژی 1999/2/1 کاتژمێر دەونیوی شەو لە دورگەی کۆرفو بەرەو نایرۆبی لە کینیا بفڕێت، پاش لێدانی فیزای کینیا لە پاسپۆرتەکەی ئۆجەلان، کە دیارە پێشتر بۆ ئەوە بووە کە ئەو وڵاتە بزانێت، کە یۆنان وا بڕیار بوو رێگا نەدات کەس بە چوونی ئۆجەلان بۆ کینیا بزانێت، بەڵام دواتر لە شایەتیداندا باڵوێزی یۆنان لە کینیا ئاشکرایکرد، کە پێشتر هەموو پاسپۆرتەکانی فاکس کردووە بۆ پۆلیسی کینیا تا کە گەیشتە ئەوێ راستەخۆ دەستگیریان بکەن.

واتا بارودۆخەکە هەمووی لەلایەن یۆنانەوە رێکخرابوو، کە پیلانەکە وەها بێت. هەرچۆنێك ئۆجەلان دەستگیربکەن و پیلانەکەی ئەمەریکاو تورکیاش سەربگرێت. لەکاتێکدا یۆنان مێژوویەکی پڕ ناکۆکی لەگەڵ تورکیا هەبوو، بەڵام لەپێناو بەرژەوەندیەکانی خۆی لەگەڵ ئەمەریکاو بەرژەوەندی سیاسی و ئابووری. ئۆجەلان و کورد دەکەنە قوربانی.

خۆ قسە هەر لەسەر دەستگیرکردنی ئۆجەلان نییە، بەڵکو لەهەر کات و ساتێکدا بەرژەوەندیان هەبێت ئامادەن کوردو گەل و نەتەوەو کەسێکی تر بکەنە قوربانی بەرژەوەندی خۆیان.

ئەمە یۆنان خاوەنی مێژووی فەلسەفە، وڵاتی سوقرات و ئەفلاتون، شارستانییەت و بەناو دیموکراسی، مافی گەل و نەتەوەکانە بەرامبەر کورد و سەرکردەیەکی کورد ئاوا دەکات.

## ئۆجەلان لە کینیا دەستگیر دەکرێت

بــەم شـێـوەیـە مـیـتـی تــورکــی وCIA شــەوی 15لـەسـەر1999/2/16 ئۆجەلان لە باڵوێزخانەی یۆنان لە کینیا دەردێنن و دەیڕفێنن، تیمێکی میت دێنە نایرۆبی و بە فڕۆکەیەك ئۆجەلان دەبەنەوە تورکیاو چوار کەس، کە پیاوێك و سێ ئافرەت بوون دەستبەسەرکران.

تا دواجار هەموو لەسەر ئەوە ساخ بوونەوە، کە یۆنان، ئۆجەلانی بە دیاری پێشکەش بە دوژمنەکەی خۆی تورکیا کردووە.

## چۆنیەتی فڕاندنەکەی

پاش گفتوگۆی کۆستالارس لەگەڵ ئۆجەلان. بەرپرسی دەزگای هەواڵگری کینیا دێتە لای ئۆجەلان، بەڵام وەزیری دەرەوەی یۆنان بە ئۆجەلان دەڵێت: بە قسەی کینیەکان بکات و سواری فڕۆکەکە ببێت، ئەو فڕۆکەیە هی تورکیا بوو کە ئۆجەلان داوایکردبوو ببرێتە هۆڵەندا.

دواتریش ئەندام پەرلەمانێکی کینیا رایگەیاند، کە بەرپرسانی وڵاتەکەی لە بەرامبەر تەسلیمکردن ئۆجەلان (5) ملیۆن دۆلاری وەرگرتووە.

هەروەها نەجاتی بلیجان(Necatei Bilicon) سەرۆکی دەزگـای هەواڵگری تورکیا (میت) رایگەیاند کە موسادی ئیسراکی هاوکاریکردوون. جگە لە کینیا و یۆنان و ئەمەریکا.

باس لەوەش دەکات، کە ئەو تیمەی ئۆجەلانیان رفاند پێش چەند رۆژ دەگەنە ئۆگەندەی دراوسێ ی کینیا و چاودێری رەوشەکە دەکەن.

## کوردەکانیش تێوەگلاون

بریتا بۆلەری پارێزەری ئۆجەلان و نوسەری کتێبەکە دەڵێت»پێدەچێت هەرکام لە کوردەکان کە هاوەڵی ئۆجەلان بـوون. (ئەلیکس، جـۆن، زێرین) دەستیان لە گرتنەکەی ئۆجەلانی هاوڕێیان هەبێت.

پاشان ئۆجەلان دەبرێتە دەریای مەرمەرە لە دورگەیەك بەناوی(ئمیراڵی) کە دەکەوێتە پەنجا کیلۆمەتر باشوری ئەستەنبوڵ.


ئەم دورگەیە شوێنی بەندکردنی خەڵکانی وەك (مەندرس و یەڵماز گۆنایە، بەڵام ئێستا تەنهاو تەنها ئۆجەلانی تێدا بەندکراوە.

بـەهـەرحـاڵ ئـەم کتێبە پێویستە بخوێندرێتەوە و هەڕەشەکان بە جدی وەربگیرێن و کورد دەبێت لەمە زیاتر لە پەیوەنی خۆی لەگەڵ ئەمەریکاو وڵاتانی ئەوروپا بەئاگا بێت.

ئەمە بەسەرهات و پیلانەکان بوو بۆ دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان رێبەری پارتی کرێکارانی کوردستان (PKK) بەڵام دواین قسە ئەوەیە پاش 17 ساڵ لە زیندانیکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان کەی ئازاد دەکرێت لە زیندان؟

# کوردستانی ئێران، میژوویەکی پڕ تراژیدیا

## ململانێ لەپێناو مانەوەو بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد (1939_1979)



**بابەت: لێکۆڵینەوەی مێژوویی**

**ناوی کتێب: کوردستانی ئێران لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویە لە جوڵانەوەی رزگاری نەتەوەی گەلی کورد (1939-1979)**

**نووسەر: د.یاسین سەردەشتی**

**قەبارە:482**

کوردستانی ئێران، ئەونامەی دکتۆرایەیە کە (د.یاسین سەردەشتی) نوسیویەتی و لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە لەجوڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی گەلی کورد، لەنێوان ساڵانی (1939-1979)ز، دا.

سەرەتای کتێبەکە جگەلەوەی پانۆرامایەکی خێرایە بەسەر ناوەڕۆکی بابەتەکاندا، باس لەو بەڵگەنامانە دەکات، کە سودیان لێوەرگیراوە، پاشان باس لەچوار سەرچاوە دەکات، کە بۆئەم نامەیە کەڵکی لێوەرگیراوە، رەنگە ئەمە بۆخۆی کارێکی بەجێبێت، کە چوار سەرچاوەی تێدا بەکارهێنراوە. بەچوار زمانی جیاواز.

نوسەر لەدەروازەی کتێبەکەیدا، باس لەدوو بابەت دەکات، سەرەتا جوگرافیای کوردستانی ئێرانمان پێ دەناسێنێت، لەم بەشەدا باس لەوەدەکات کە کوردستانی ئێران دەکەوێتە نێوان هێڵەکانی پانی(31-40)ی باکوری و هێڵی درێژی (44-48)ی رۆژهەڵات، رووپێوەکەی نزیکەی (125.000)کم2 واتا (8%) خاکی ئێران و (27%)ی کوردستانی گەورەیە، لەوەش گرنگتر کوردستانی ئێرانی دابەشکردۆتەسەر پێنج هەرێم (هەرێمەکانی ورمێ، موکریان، ئەردەڵان، کرماشان، لوڕستان، چوارمەحاڵی بەختیاری) دواتر باس لەتۆبۆگرافیای کوردستان

دەکات، لەکۆتایدا باسی سامانی ژێرزەوی لە(نەوت، زیو، زێڕ، کبریت و ئاسن) دەکات، لەکوردستاندا.

لەبەشی دووەمدا باس لە تێکۆشانی کوردەکان دەکات پێش جەنگی جیهانی دووەم، باس لەشەڕی چاڵدێران و دەسەڵاتە کۆنەپەرستەکانی سەفەوی، ئەفشار، لە قاجاری دەکات- کە چۆن دژی کورد جوڵاونەتەوە- بەهەمان شێوە باس لە بەرگری و دروستکردنی میرنشینە کوردییەکانی (موکریان، ئەردەڵان، برادۆست) و شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری دەکات، کە تێیدا وەکو شۆڕشێکی گەورە باس لەوشۆڕشە دەکات، کە داوای دروستکردنی دەوڵەتی کوردی دەکات لەوکاتەدا.

دواجاریش باس لەئامارەکانی کوشتن دەکات، کەدەگاتە (100) هەزار کەس و خاپورکردنی (200) گوند، تائەوەی کورد بەشداری شۆڕشی مەشروتە دەکات، لەساڵی (1905-1911)ز کە ئامانجی سنووردارکردنی دەسەڵاتی شایە، بەڵام شا بـەردەوام دەبێت لەسەر کوشتارو تیرۆری کوردەکان، ئەمەش وادەکات کوردەکان بەردەوامبن لەسەر شۆڕش تاساڵی (1911) بەهۆی هاتنی عبدولڕەزاق بەدرخان لەباکورەوە بۆ خۆرهەڵاتی کوردستان بەهاوکاری سمکۆی شکاك، یەکەمین کۆمەڵەی سیاسی و رۆشنبیری بەناوی (جیهاندانی) دروست دەکرێت.

لێرەدا پێویستە باس لەوەبکەین، کە گەلی کورد هەمیشە لـەدژی داگیرکەران لەخەبات و شۆڕشدابووە، ئەگەرچی ئەم شۆڕشە زۆرجـار فۆڕمێکی خێڵەکی و عەشیرەتی و ناڕێکخراوەیی هەبووە، بەڵام ستراتیژی خۆی لەسەر دژایەتی

دوژمن و بەرگریکردن لەسەر کورد دەربڕیوە، بەم شێوە نوسەر باس لەخەباتی میرنشینەکان و سەرەك هۆزەکان دەکات، کەچ کاریگەریان هەبووە، لەوکات و سەردەمەدا.

جەنگی جیهانی یەکەم (1914-1918) ئەو جەنگە ماڵوێرانکەرەی کەگشت جیهانی گرتەوە، کوردستانی ئیرانیش لەو نێوەندەدا بووە مەیدانی ململانێ لەنێوان عوسمانی و روسەکان، لەسێدارەدانی ژمارەیەك لەشۆڕشگێڕانی کورد لەو میانەیەدا.

لێرەدا نوسەر نـاوی چەندین عەشیرەت و سـەرۆك عەشیرەتی هێناوە- کە کاریگەریەکی گەورەیان هەبووە لـەوسـەردەمـەدا دژی رووس و عوسمانییەکان و باسی لەسێدارەدانی زۆر لەوانە دەکات.

تا ئەوکاتەی (کۆمەڵەی ئیستیخلامی کوردستان) لەسەر دەستی (سەید تەهای شەمزینی) دروستبوو بۆبەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد، تائەو کاتەی عوسمانییەکان تێکشکان.

بەشێکی گرنگ، کە نوسەر لێرەدا باسی دەکات شۆڕشی (سمکۆی شکاك)ە لەنێوان ساڵانی (1919-1930) بێگومان ناوی سمکۆی شکاك بۆکەس نامۆنییە. بەتایبەتی هەستی شۆڕشگێڕانەو بیرفراوانی هەستی نەتەوەیی لەوکات و سەردەمەدا دژی داگیرکەران، پاش ئەوەی ئێران هەوڵی تیرۆرکردنی سمکۆ دەدات، ئەم جاری راپەڕین دەدات دژی ئێران و ناوچەیەکی بەرفراوان دەخاتەژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە.

بەپێی قسەکانی نوسەر، سمکۆ لەوکاتەدا کەسێکی دیبلۆماتی دیاربووە. بۆیە هەرئەوکات نوێنەرێك دەنێرێتەلای

ئینگلیزەکان بۆ بەغداد- بۆ دامەزراندنی سیستمێکی فیدراڵی و دواتریش دەرکردنی رۆژنامەیەك بەناوی (رۆژ کـرد) لەوکاتەدا، دەکرێت ئەهمیەتی تایبەتی هەبێت سەرەڕای پەیوەندییەکانی سمکۆ لەگەڵا تورکەکان و رووسە بەلشەفییەکان، لەم بەشەدا ئەگەرچی بەکورتیش باسکراوە، بەڵام هەستی شۆڕشگێڕانەو بیری نەتەوەیی و سەربەخۆیی سمکۆی شکاك زۆربـەوردی خراوەتە بەرباس. کودەتاکەی (رەزاخـان) لـە(1921)دا بۆ یەکجاری کۆتایی بەبنەماڵەی قاجاری هێناو لەساڵی (1925) دیکتاتۆرێکی نێی بەناوی (رەزاشـای پەهلەوی) دەسـەڵات دەگرێتە دەست و ئێران مێژوویەکی تراژیدی تۆتالیتاری بەخۆیەوە بینی.

لەماوەی بیست ساڵداو لەوکاتەشدا چەندین کەسایەتی شۆڕشگێڕ لەسێدارە دەدات- تا تیرۆرکردنی سمکۆی شکاك و هاوڕێکانی لەساڵی (1930)دا.

لێرەدا نوسەر سیاسەتە گڵاوەکانی پەهلەوی بەرامبەر کورد شیدەکاتەوە. کەجگە لەوەی ناوچە کوردییەکانی گۆڕی و جلوبەرگی کوردی قەدەغەکرد. دووبەرەکی نایەوە لەگەڵا ئازەر، هەوڵی لەناوبردنی کولتور و فەرهەنگی کوردیشی دا، تا قەدەغەکردنی نوسین و قسەکردن بەکوردی و بەکارهێنانی زمانی فارسی.

لـەم بـەشـەدا نوسەر پێمان دەڵـێـت: عەشیرەتەکان سەرەڕای کێشەی ناوخۆیی و دووبەرەکی داینەمۆی شۆڕش و راپەڕینەکان بوون، دژی داگیرکەران و قوربانی زۆریشیاندا لەوپێناوەدا، بەڵام کۆمەڵێك فاکتەری تریش کاریگەریان

لەسەر ئەم رەوشەی کورد هەبوو.

لەبەشی یەکەمی ئەم کتێبەدا، باسی لەکوردستانی ئێران لەنێوان ساڵانی(1939-1945)دەکات- لەسەردەمی جەنگی جیهانی دووەم، بەهاتنی محەمەد رەزاشا لەساڵی (1941) بۆسەر تەختی پاشایەتی، بارودۆخی ئێران رووی لەخراپی کرد- برسێتی تەنگ بەخەڵك هەڵدەچنێ و ململانێیەکانی ئینگلیزو شۆرەوی و ئەمەریکییەکان لەم نێوەندەدا جێگەی قسەیەکی ترە، کە لەسەر بەرژەوەندییەکانیان لەململانێدا بوون.

تا لەساڵی (1941) هێزەکانی هاوپەیمانان هاتنەناو ئێران و بەم شێوەیە رژێمی شاهەنشایی هەڵوەشایەوەو بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانی خەڵکی کوردستان دەستیپێکردەوە.

لێرەدا نوسەر ئاماژە بەرۆڵی (حزبی تودە) دەکات، کە ساڵی (1941) دروستدەبێت و کاریگەری راستەوخۆی لەسەر خەڵکی ئێران دەبێت.

لەباسی سێهەمی بەشی یەکەمدا- باسی لەدوو راپەڕینی چەکداری دەکات لەدژی محەمەد رەزا شای پەهلەوی، ئەوانیش یەکەم راپەڕینی کوردەکان بەسەرۆکایەتی (حەمە رەشید خانی بانە) کە لە ساڵی (1941)دا شاری بانەی گرت و وردەوردە دەسەڵاتەکەی فراوانکردو هەرئەوکات، وەکو کارێکی دبلۆماسی لەساڵی (1941) نوێنەرێك بۆلای بەریتانییەکان لە عێراق دەنێرێت، لەپێناو دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ، بەڵام بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا بەتایبەت نەوت لەئێراندا، ئەم داوایەی خانی بانەی بێ کاریگەرکرد، چونکە

ئەوکات بەهێزی دەوڵەتی ناوەند لەبەرژەوەندی بەریتانیابوو، ئیتر دژی کورد وەستایەوە، سەربارى هەوڵەکانی بەریتانیا بۆ دژایەتی خانی بانە، خیانەتی سەرۆك عەشیرەتی تیلەکۆش فاکتەرێکی سەرەکی ئەم شکستەیە- هەتا خان بەناچاری لە(1942) لەگەڵا حکومەت رێك دەکەوێت، تاساڵی (1944)، بەڵام دواتر هەر بەپشتگیری بەریتانیا ئەو ئۆتۆنۆمییەی خانی بانە هەڵدەوەشێنێتەوە، هەر لەوساڵەدا راپەڕینەکەی خانی بانە تێکدەشکێت و رادەکاتە عێراق و دووردەخرێتەوە بۆ کەرکوك.

دووەم راپەڕین هی کوردەکانی ورمێیە، بەسەرۆکایەتی عومەر خانی شەریفی لە عەشیرەتی شکاك لەساڵی (1942) و دروستکردنی حزبێك بەناوی (ئازادی) لەلایەن کوردو ئەرمەن و ئاشووریەکانەوە لەو سەردەمەدا، بەڵام ململانێی بەردەوامی ئەمەریکاو شۆرەوی و ئینگلیز لەئێران، ئەمەریکییەکانی بردەسەر، ئەو بڕوای وایە ئەم راپەڕینە دەستی شۆرەوی تێدایەو ئامانج لێی بەڵشەفەکردنی ئازەربایجانی ئێرانە، دیسان دانوستان لەنێوان هەرچوارلایەن دەستپێدەکات، بەڵام هیچ کام لەداواکارییەکانی کورد جێبەجێ ناکرێت.

بەکورتی نوسەر لەم بەشەدا، باسی لەوەکردووە، کە جەنگی دووەمی جیهانی سەرەڕای شۆڕشی بەردەوامی کوردەکان، بەڵام ململانێی لایەنەکانی هاوپەیمانان کاریگەری لەسەر رەوشی سیاسی خراپی کورد هەبووە، بەڵام هەمیشە شۆڕش و راپەڕین بەردەوام بووە.

لەباسی چوارەمدا: نوسەر باس لەخراپبوونی رەوشی کورددەکات لە دواییەکانی جەنگی جیهانی دووەمدا، نوسەر

باسی بەردەوامی سیاسەتەکانی (محەمەد رەزا شا) لە باوکی دەکات و خەڵکی رۆژ بەڕۆژ لەبواری ئابووری، فەرهەنگی و سیاسی روو لەخراپی دەکات، برسێتی و قات و قڕی بڕست لەخەڵکی دەبڕێ، لێرەدا خاڵێکی گرنگ هەیە کە پێویستە باسیبکەین، ئەویش رۆڵا و کاریگەری (حزبی تودە- جەماوەر) ی ئێرانی بووە، لەو سەردەمانەداو بوونی جەماوەرێکی گـەورە، کە وایـکـردووە خەڵکی بێتەسەر شەقامەکان بۆدەربڕینی نارەزایەتی، ئەمەش بۆخۆی کارێکی مەزنە بۆئەم حزبە لەو سەردەمەدا- وەکو ئەڵتەرناتیڤێکی حزبی کوردیش دەرکەوتووە، تەنانەت لایەنگرێکی زۆری لەناو کوردەکانیش هەبووە.

دواتـر بـاس لە راپەڕینی کـوردەکـانـی هـەورامـان و مەریوان دەکـات، دیارە لێرەدا دیسان خەباتی چەکداری دەستپێدەکاتەوە، بـەڵام هەمووی شێوەی عەشیرەت و ناوچەیی بەخۆوە دەگرێت.

(مەحمود خانی دزڵی) یەکێکە لەوانەی تامردن دژی داگیرکەر جەنگا، لەپاڵا چەند عەشیرەتێکی تر.

لێرەدا نوسەر سەرنجێکی لەسەر نوسینەکانی (ژیگالینا) هەیە کە پێیوایە ئـەو راپەڕینانە لەلایەن باڵی چەپی کۆمەڵەی (ژ.ك)ەوە سەرکردایەتی کراوە، نوسەر دەڵێت: هیچ سەرچاوەیەك ئەم راستییەی پشتڕاست نەکردۆتەوە.

باسی پێنجەم، قسەکردنە لەسەر رێکخراوی سیاسی کوردی، نوسەر بەپشت بەستن بەسەرچاوەکان، باس لەرێکخراوەکانی پێشتر (جیهاندانی، ئیستخلاصی کوردستان) دەکات، دواتر

(کۆمەڵەی خۆیبوون) سەرەڕای کاریگەری (قازی محەمەد) لەسەرەتای ئەم ڕێکخراوانەدا، بەتایبەتی لەناوچەی موکریان، نوسەر باس لە (حزبی ئازادیخوازی کوردستان) بە سەرۆکایەتی (عەزیز زەندی) دەکات  کە حزبێکی چەپ بوو، دواتر دوو بۆچونی جیاواز- یەکێکیان بەلایەنگری دەوڵەت و دووەمیان بەشۆڕشگێڕ ناوزەد دەکەن.

دواتر باس لەکۆمەڵەی (ژ.ك- ژیانەوەی کورد) دەکات کە لە (16ی- ئابی 1942)ز لەلایەن دەستەیەکی دوانزە کەسییەوە دروستبوو.

گومانی تێدانییە ئەم ڕێکخراوە ئەو کاتە ڕۆڵێکی گرنگی گێڕاوە و کاریگەری تایبەتی لەسەر ڕەوشی سیاسی کورد هەبوو، شۆرەوی خاوەنی گۆڤارێکی تایبەت و پەیوەندی پتەوی لەگەڵا حزبی هیوا لەکوردستانی عیراق و پێداگرتن لەسەر مەسەلەی کوردو پەیوەندی لەگەڵا شورەی... هتد.

سەبارەت بەئایدیۆلۆژی و ستراتیژی ئەم کۆمەڵەیە زۆر ناڕوونە، تا ئەو ڕادەیەی کە بەچەپ ناو دەبرێت، کەچی یەکێك لەدروشمەکانی (ئیسلامەتی)یەو ئەندامەکانی بەقورئان سوێند داوە. کە ئەمە دوو بۆچونی تەواو جیاوازە، سەبارەت بەئۆتۆنۆمی و کوردستانی سەربەخۆش دوو شتی لێك جیاوازن.

بۆیە پێناچێت کۆمەڵە فڕی بەسەر حزبێکی چەپی مارکسیستیەوە هەبوو بێت.

سەبارەت بەباسکردنی سەڵاحەدینی ئەیوبی و دروشمی بژی (سەرۆك)، هەمان هەڵەی مێژوویی و کارێزمایی کوردە کە تائێستاش دووبارە دەکرێنەوە.

سێیەم حزبیش (حزبی دیموکراتی کوردستان ئێران)ە، کە لە (24ی تشرین یەکەمی 1945) لەسەر هەیکەلەی کۆمەڵەی (ژ.ك) لەلایەن قازی محەمەدو هاوڕێکانییەوە دامەزرێنرا.

ئەگەرچی بۆچونێك هەیە، کە پێی وایە حزبی دیموکرات بەپشتیوانی شۆرەوی دامـەزراوە، بەڵام نوسەر لەگەڵ ئەم بۆچونەدا نییە. حزبی دیموکرات سەرەڕای کۆمەڵێك هەڵە لە رووی تەکتیکی و سیاسی و ئایدیۆلۆژییەوە تائێستاش بەحزبێکی شۆڕشگێڕ دەناسرێت، ئـاڵای کوردستانی بۆ یەکەمجار هەڵکرد و سەروەرییەکی مێژوویی گەورەی بۆخۆی تۆمارکرد.

بەشی دووەم، ئەم کتێبە باس لەدروستکردنی کۆماری میللی کوردستان لـە(22ی کانوونی دووەمـی 1946-17ی کانوونی یەکەمی(1946) دەکات.

لەمێژووی گەلی کورددا، کۆماری کوردستان، یەکێکە لەو هەوڵە سیاسییە سەرکەوتووانەی کورد لەمێژوودا ناویەتی، گومانیشی تێدا نییە، ئەم کۆمارە کاریگەری گەورەی لەرەوشی سیاسی کورد کردووە.

دروستکردنی کۆمار لەوکاتەدا پاش کۆتایهاتنی جەنگی دووەمـی جیهانی، کاریگەری حزبی تـودە، فیدائییەکان و فیرقەی دیموکراتی ئازربایجان، هەستی شۆڕشگێڕی گەلی کوردو چەوساندنەوەی بەردەوام، فاکتەری سەرەکی دروستکردنی کۆمارێکی لەو شێوەیە بـوون، کە حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و خـودی قـازی محەمەد، پێشەوای ئەم کۆمارە بوون.

راگەیاندنی کۆمار لـە(22ی کانونی دووەمـی 1946) شۆڕشێکی نوێی کوردبوو لەکوردستانی ئێران، بۆ کورد بەگشتی و بەم شێوەیە کۆمار راگەیەنرا، بەپێی نوسینی نوسەر هەرئەوکاتە دووخانمی ژن وتاریان خوێندەوە، ئەمەش دەلالەتە بۆ بەشداری ژنان لەوکاتەدا، لەگرنگترین کارەکانی کۆمار (دامەزراندنی ئەنجومەنی وەزیران کەلە(13) وەزیر پێکهات، زمانی کوردی بەرەسمی ناسراوبووە، سەرچاوەی خوێندن و خوێندنی بـەزۆر کرایە رەسمی، کردنەوەی خوێندنگەی شەوانە بۆ کـوڕان و کچان، دانانی بەمافە رۆشنبیرییەکانی ئەرمەن ...) دەرکردنی گۆڤاری کوردستان و هاواری کورد، هەڵاڵە، دامەزراندنی ئێزگەی کوردستان و کتێبخانە لەوەزارەتی جەنگ و دروستکردنی هێزێکی سەربازی بۆبەرگری لەکوردستان، لەقەدەغەکردنی دیاردەی چەکداری، دروستکردنی رێکخراوی ژنان و هاوکاری حکومەتی ئازربایجان، باشکردنی بارودۆخی تەندروستی خەڵك...) زۆر خاڵیتر لەگرنگترین کارەکانی کۆماربوو.

چەند خاڵا لیرەدا گرنگە باسبکرێت، ئەوانیش:

یـەکـەم: هـاوکـاری کـوردەکـانـی عـێـراق بـۆ کـۆمـار و بەرەوپیرچونی خەڵك، بۆ ئەم کۆمارە.

دووەم: کێشەو ململانێی نێوان کۆمارو کۆماری ئازربایجان، لەسەر مەسەلەی نفوزو پەیوەندی دەرەکی و جوگرافیای دیاریکراو. لەگەڵا ئەوەشدا بەقسەکانی نوسەر- کۆماری ئازربایجان زۆر یارمەتی کۆماری داوە، بەڵام شەڕوپێکدادانی نێوانیان رەوشێکی خراپ بەرهەم و دێنێت تادواجار هەردوولا

له(23نیسان 1946) پەیمانی یەکێتی و برایەتی دەبەستن و ڕێکدەکەون، خاڵێکیتر کە زۆر گرنگە، کاریگەری ڕاستەخۆی کۆمارو حزبی دیموکراتە لەسەر مەلا مستەفا و دروستکردنی حزبی دیموکراتی کوردستانی عێراق له(ئابی 1946)دا لەباسی دووەمدا نوسەر باس لەهەڵوێستی هەرێمیی و نێودەوڵەتی دەکات دژی کۆماری کوردستان، بێگومان وەکو هەموو ناوچەو نفوزەکانی تری وڵاتانی زلهێز، ئێران و کوردستانیش پێگەو جێگەی ململانێی نێوان هێزە نەیارەکانی، وەکو روسیا، بەریتانیا و ئەمەریکا بوو، هەرکامیان هەوڵی زیاترکردنی نفوزی خۆی دەدا.

هەرکام لەئەمەریکا و بەریتانیا کۆماریان بەدەستکردی روسیا دەزانی، بەهەڵگری ئایدیۆلۆژی مارکسیستی و کۆمەنیزمیان دەزانی و دژایەتییان دەکرد، سەبارەت بەوڵاتانی عێراق و تورکیاش، بەهەموو شێوەیەك دژی کۆمار دەوستان.

لەباسی سێیەمی ئەم بەشەدا، نوسەر باس لەو ڕەوشە نوێیە دەکات لەسەردەمی حوکمی قەوام ئەلسەڵتەنەدا.

لەپاش کشانەوەی سوپای سوورو لە باکوری ئێران ڕووبەڕووی هەردوو حکومەتی میللی کوردستان و ئازربایجان بۆوە، تا ئەوەی له(28ی نیسان 1946) هەردوولا بۆ گفتوگۆ لەگەڵا ڕژێم دەچنە تاران، بەڵام بێ دەستکەوت و بەشکستخواردویی دەگەڕێنەوە، بەڵام پاشتر حکومەتی قەوام بۆشکست هێنانی پەیوەندی کوردو ئازەر- بەجیا وەفدێکی ناردە تەورێزو له(13حوزیران 1946) ڕێکەوتنامەیەکی (13) خاڵیان مۆرکردو کێشەی کورد خرایە پەراوێزەوە، تادواجار

قازی محەمەد لە(26) حوزەیران 1946) بە جیا چووە تاران بۆ گفتوگۆو دانوستان، پاش چەندین دانیشتن بە دەستبەتاڵی گەڕایەوە.

ئەگەرچی پێویستە لێرە ئەوە بڵێین، شۆڕەوی فاکتەری سەرەکی ئەو ئاڵووگۆڕانەو پشتگیری ئازەرییەکانی دەکرد.

بەم شێوەیە پیلانەکانی قـەوام بەردەوامبوون دژی حکومەتی مهاباد، تا ئەوەی چەندین جار شەڕو پێکدادان روودەدات.

نوسەر لەباسی چـوارەمـدا باسی شکستی کۆمار و گەڕانەوەی لەشکری شا دەکات، بەم شێوەیە: پاش فرت و فێڵەکانی قەوام بەبەشداری حزبی تودەو بەپیلانەکانی دژی کـوردو ئـازەر درێـژەی هەبوو. بۆیە هەردوولایەن کوردو ئازەر لە(16ی تشرین یەکەمی 1946) (کۆمیسونێکی بەرگری هاوبەشیان) بۆ بەگژداچوونەوەی شا پێکهێنا.

بەڵام دواتر دەرکەوت کە هێزەکانی کۆماری ئازەربایجان، لەپێشەوە (جەعفەری پیشەوەر) رایانکرد بۆ شۆڕەوی و کۆمەڵێکیان خۆیاندا بەدەستەوە، کە پێشتر لەگەڵا شا پەیوەندیان هەبوو، بەم شێوەیە پاش یەك ساڵا حکومەتی ئازەربایجان کۆتایی پێهات، بەم شێوەیە هێرش بۆسەر کۆماری کوردستان نزیك دەبۆوە، بۆیە قازی سێ بڕیاریدا:

1-خۆبەدەستەوەدان، راکــردن، شەڕکردن، لەئاکامدا یەکەمی پەسەندکرد- بەمشێوەیە (کیانوری) سکرتێری حزبی تودە رەخنە لەم هەڵوێستە دەگرێت.

بەم شێوەیە لە(17ی کانونی یەکەمی 1946) سوپای شا گەڕایەوە مهابادو لە(31ی ئازار 1947) قازی و هاوەڵەکانی لە(مەیدانی چوارچرا) لەسێدارەدران، کۆتایی بەحوکمی یانزە مانگی کۆمارهات.

نوسەر باس لەهەشت فاکتەر دەکات. کە رۆڵی نێگەتیڤان گێڕا لە روخانی کۆماردا- بەڵام بە بۆچونی من سەرەڕای خۆفرۆشی چەند کەسایەتییەك وەك (حەمە رەشید خانی بانە) و بێ هێزی باری ئابووری، قەتیسمانی کۆمار لەموکریان، کاریگەری وڵاتانی ناوچەکەو ئەمەریکاو بەریتانیا، فاکتەری سەرەکی خودی قازی بووە، بەخۆبەدەستەوەدانی کە دەکرا رێگەی خەباتی چەکداری هەڵبژاردایە، وەکو دەبینین لەپاش لەسێداردانی شۆڕشی کورد لەئێران رووی لەکزی کرد، دواتر پشت بەستن بەکۆماری ئازربایجان و شکستی ئەو کۆمارە، کاریگەری راستەخۆی لەسەر کوردستان هەبوو، بەجێهێشتنی بارزانییەکان، سەرەڕای دەوری خۆیان لەکاتی کۆماردا.

بەهەرحاڵا کۆمار کۆتایی هات و مێژوو تراژیدیانە بۆکورد خۆی دووبارەکردەوە.

لەپاش رووخانی حکومەتەکەی شێخ مەحمود، بێگومان ئەمەریکا و بەریتانیا و شۆرەوی فاکتەری سەرەکی دەرەکی بوون بۆ تێکشکاندنی کوردو شۆڕشەکەی، سەبارەت بەوەش کە رەخنە لە قازی دەگرین بۆخۆ بەدەستەوەدان، پێم باشە رەخنەی ئەوانە بکەم کە دەیانویست (عەبدوڵڵا ئۆج ئالان) یش لەسێدار بدرێت، کارێکی تەواو هەڵەیە، چونکە بەشێکی کارێکی شۆڕش تاکتیکی شۆڕشگێڕانەیە، بەڵام حەقیقەتێك

هەیە تائێستاش قازی، وەکو کارێزماو سیمبولێکی کوردو شۆڕشگێڕ سەیردەکرێت، ئەمەش شانازییە بۆخەباتی ئەو سەردەمەی گەلی کورد.

لەبەشی سێیەمدا: نوسەر باس لەجوڵانەوەی گەلی کورد لەپاش کۆمار لەساڵی (1947-1970)دا دەکات.

بێگومان لەپاش کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم، ململانێی شۆرەوی و بەرەی خۆرئاوا تادەهات گەرمتردەبوو، بۆیە ئەمەریکا کەوتە پێشوازی شا لـە(20ی حوزەیرانی 1947) (25) ملیۆن دۆلاری قەرزدایە شاو دوابەدوای ئەوە پەیوەندییەکانیان رووی لە هەڵکشانکرد، لەبەرامبەر هـەڕەشـەی کۆمۆنیزم، نوسەر لێرەدا ئیشارە دەدا بەو ڕێکخراوە سیاسییە کوردە نوێیانەی دەستیانکرد بەکارکردن، لەوانە (کۆمەڵەی لاوانی لادێ- 1947) (کۆمەڵەی کۆمۆنیستی کوردستان بەڕابەرایەتی رەحیمی سوڵتان1947-) (کۆمەڵەی ژیانی کورد)و بەردەوامی و سەرلەنوێ (ح.د.ك) کە بۆخۆی ئەهمیەتی تایبەتی خۆی هەیە.

لە باسی دووەمـدا: باس لەپێکهاتەی سیستمی سیاسی مۆدێرن و پلۆرالیزم دەکرێت لە ئێراندا لەسەردەستی (د. محەمەد موسەدق)دا کە رێبەرایەتی بەرەی نیشتمانی ئێرانی دەکرد، تائەوەی موسەدق لە(28نیسانی- 1951) بووە سەرۆك وەزیران و کۆمەڵێك ریفۆرمی نوێ هاتنەکایەوە.

لێرەدا نوسەر باس لەبێ توانایی و سادەیی حزبی دیموکرات دەکات، کە تائەو رادەیە بێ هێزبوون، داوایان کردووە ببنە شانەیەکی (حزبی تودە) هەربۆیە حزبی تودە

لەساڵی (1953) (عبدولڕحمان قاسملۆ)ی وەكو نوێنەری خۆی بۆ سەرپەرشتی (حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران) دەنێرن- تاسەرپەرشتی ئەو شاخەی حزبی تودەبكات.

باسێكی تر فراوان بوونی رێكخراوی نوێیە لەسایەی موسەدقدا لەوانە (حزبی سادات، سعادتی میللی) لەلایەكی ترەوە سەردەمی موسەدق زێڕینترین سەردەمی دیموكراتی بوونی ئێرانە، هەربۆیە راپەڕینە جەماوەرییەكان و بەشداری ڤیستیڤاڵی لاوان لەبوخارست و سازكردنی ریفراندۆم دژی شا لەساڵی (1953)- تا لەئاكامدا (شا) رایكرد بۆ بەغدادو دواتر بۆ ئیتاڵیا لە (16ی ئابی 1953)، بەم شێوەیە ئێران، بەجوانترین قۆتاغی مۆدێرن و دیموكراسیەتدا رەتبوو، مەخابن لـە(19ی ئابی 1953)كـوردەتـایـەك لەلایەن لەشكر (فضل الله زاهدی) بەپشتگیری (CIA) حكومەتە دیموكراتەكەی مصدق لەكارخراو شا گەڕایەوە بۆسەر حوكم.

- لەخاڵی یەكەمی باسی دووەمــدا بـاس لەپاش كودەتاكەی (19ی ئـاب) دەكرێت، بەتایبەتی دەوری (سـاواك) بەپشتیوانی (CIA) و (موساد) دەستخستنی ئەمەریكا لەناو ئێران و قەرزە زۆرو زەوەندەكانی بۆ شا و گرتن و راوەدوونانی ئۆپۆزسیۆن، بەتایبەتی (تودە) و كەسانی شۆڕشگێڕی وەك (سادق هیدایەت).

نوسەر لەباسی چوارەمدا، رۆڵ و كاریگەری شۆڕشی (14ی تەمموزی 1958) لەعێراق باسدەكات، دواتر باس لەململانێی دووباڵی حزبی دیموكرات لەنێوان قاسملۆی تودەیی و سەید عەبدوڵڵا ئیسحاقی ناسیۆنالیست دەكات.

ململانێی ناشەریفانەی شەهید قاسملۆ و ئیسحاقی، دواتریش سمایلی قاسملۆی ئامۆزایی قاسملۆ و ئاشکراکردنی شانە نهێنییەکانی حزبی دیموکرات...، بێگومان نوسەر لەم بەشەدا زۆر راشکاوانە باس لەفاکتەرە نێگەتیڤەکانی رەوشی سیاسی کورد و حزبی دیموکرات و کەسایەتی قاسملۆ دەکات.

لەباسی سێیەمدا. باس لەبارودۆخی کوردستانی ئێران دەکات، لەسایەی رژێمی محەمەد رەزا شای پەهلەویدا.

لەخاڵی یەکەمدا باس لەتوندوتۆڵی پەیوەندی نێوان گەلی کورد لە کوردستانی ئێران و شۆڕشەکەی مەلا مستەفا دەکات، باس لەو هاریکارییە گەورەیەی کوردەکانی ئێران دەکات، هەروەها باس لەکودەتاکەی عەبدولکەریم قاسم دەکات- دژی شۆڕشی (14ی تەمموزی 1958)ی عێراق.

کوردستانی عیراق وەکو پەناگەیەك بۆ لایەنگرانی حزبی دیموکرات لەوسەردەمەدا، گرنگی تایبەتی خۆی هەبووە، بەپێی قسەکانی نوسەربێت کەسانی وەك (سەلاحی موهتەدی و محەمەدی ئێلخانی زادە) هەر لەژێر کاریگەری شۆڕش لەکوردستانی عێراق. دەستیاندایە بزووتنەوەیەکی (فکری و سیاسی) و دواتر بەدامەزراندی (کۆمەڵەی رزگاری) کۆتایی هات.

نوسەر لەم بەشەدا باسی پیلانەکانی (ساواك) دەکات دژی شۆڕشگێڕەکان و رۆڵی شۆڕشی عێراق.

ئەگەرچی رژێمی شاهانشایی چەندین تاکتیکی گرتەبەر، لەبابەتی مافی سەرەتایی بۆ کوردەکان و شتی تر، بەڵام هەمیشە بەردەوامبوو لەسەر سیاسەتی نکۆڵیکردن لەگەلی کورد.

لەخاڵی دووەمدا: باس لەباری ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری کوردستانی ئێران کراوە- لەسایەی محەمەد رەزا شادا.

نوسەر چەند نموونەیەکی سادە لەبابەتی بوونی یەك مامۆستا بۆ (300) خوێندکار، هەڵکشانی رێژەی نەخوێندەواری ژنانی کورد بۆ (99%)، بوونی تەنها یەك پزیشك بۆ (4800) کەس دەکات.

لەباسی چوارەمدا: نوسەر باسی جوڵانەوە چەکدارانەکەی (1967-1968) لەکوردستانی ئێران دەکات، تا دەگاتە پێکهێنانی (کۆمیتەی بەڕێوەبەری حزبی دیموکراتی کوردستان)

لێرەدا نوسەر باس لەسەرهەڵدانی چەندین رێکخراوی چەپ دەکات لەوکاتەدا- لەبابەتی (چریکی فیدایی خەڵك) بەرابەری (بێژەنی چەژنی) و رێکخراوی (موجاهیدنی خەلق) بەڕێبەرایەتی (محەمەد حەنیف نەژاد).

نوسەر پێی وایە موجاهیدینی خەلق رێکخراوێکی چەپی ئیسلامی، ناسیۆنالیستی پەیگیر لە مارکسێتی ماوی سواغدراوە، هەروەها گروپەکەی (مەسعود ئەحمەد زاد) و (سازمانی ئینقلابی-کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حزبی تودە و رێکخراوی توفان) کە زۆربەیان لەژێر کاریگەری بیری ماویزمدا دروستبوون، ئەمانە لەلایەن لاوە کوردە مارکسیستەکانەوە بەگەرمی پێشوازیکران، تائەوەی لە(14ی دەمموزی 1966) دا بڕیاری دامەزراندنی (کۆمیتەی شۆڕشگێڕی ح.د.ك- ئێران) درا.

لێرەدا نوسەر باس لەچالاکی شۆڕشگێڕانەی حزبی دیموکرات دەکات، نوسەر باس لەکوشتنی (مەلا ئاوارە)

دەکات، بەڵام لەوەناچێت راستی مەسەلەکەی باسکردبێت.

بەشی چـوارەم: کەباس لەکوردستانی ئێران لەکۆتایی دەیەی حەفتاکان و سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامی دەکات.

لەم بەشەدا نوسەر جگەلە رۆڵی تازەی حزبی دیموکرات لەناوخۆ و دەرەوەی ئێراندا، باسی لە دروستبوونی (چریکی فیدایی خەڵکی ئێران) لەسەرەتای (1970)کاندا کردووە.

هەروەها باس لەهاتنەوەی عەبدولڕەحمان قاسملۆ و کەریمی حسیامی لەئەوروپاوە بۆ عێراق دەکات، تائەوەی لـە(25ی ئەیلولی 1973)دا لەبەغداد حزبی دیموکرات کۆنگرەی سێیەمی خۆی گرێدەدا، چەندین ئاڵوگۆڕ بەسەر بەرنامەی حزبدادێت، لەم بەشەدا نوسەر باس لەمەسەلەیەکی گرنگ دەکات (دامەزراندنی کۆمەڵەی ئێران).

نوسەر پێی وایە لەگەڵا ئاشنابوونی لاوانی ئێران بەبیری چەپ و سۆسیالیزم لە(27ی تشرینی 1969) بڕیاردرا (کۆمەڵە-کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران) لەسەر دەستی (حەمە حوسێنی کەریمی و فوئاد موستەفا سوڵتانی) کە بەداخەوە هەردووکیان شەهید بوون)، سەلاح موهتەدی لەسەر رێبازێکی مارکسیستی- ماوی، دامەزرا.

بێگومان ئەم (رەوتە هەر زوو کارو فەعالیەتی لەشارە کوردییەکانی ئێران پەرەی سەند).

لەباسی دووەمـدا: (باس لە رووخانی رژێمی پەهلەوی و هاتنەوەی خومەینی دەکرێت)، بەمەش کۆتایی حوکمی (2500) ساڵەی شاهەنشایی هات، دوایی لە(16ی کانونی دووەمی 1979)دا شا ئێرانی بەرەو میسر جێهێشت، پێشتر خومەینی (-12ی کانونی یەکەمی 1979) لەفەڕەنساوە

نامەیەکی ئاراستەی خەڵکی کوردستان کرد.

لەباسی سێیەمدا: باسی هاتنە سەرکاری رژێمی خومەینی دەکات، نوسەر پێی وایە باڵی ئایینی گروپێکی تاکبوو کەتوانی دروشم و لایەنگری تایبەتی هەبێت، ئەمەش وەکو سیمبول لەخومەینی و فەلسەفەکەیدا- خومەینیزمدا دەبینێتەوە، کەتێزی (ولایـەتـی فقیە)ی تەرحکرد، تادەگاتە ئـەوەی خومەینی پەنا بۆ (تەکفیرو راستی رەها) دەبات، ئەمانەش دەلالەتن بۆ کەسایەتییەکی دیکتاتۆری و تاکڕەوی.

لەبەرنامەی خومەینیدا هیچ کام لەچەمکەکانی پلۆرالیزم، مەدەنیەت و ئازادی جێگەی نابێتەوە، جگەلەوەی سەبارەت مەسەلەی کەمینە تێڕوانینێکی مەزهەبی و فێڵاوی هەبوون.

بەمجۆرە خومەینی لە(نوفلا لۆشاتۆی) فەڕەنساوە بەم فیکرەوە بۆ ئێران گەڕایەوە، سودی لەبارودۆخی پێشتر وەرگرت و دواتریش دەسەڵاتی تاکڕەوانەی درێژەپێدا، بەم شێوەیە گەلانی ئێران لەشایەکی دیکتاتۆر رزگاریان بوو، توشی مەلایەك هاتن کەخۆی بەنوێنەری خوا دەزانـی و هەموو مافێکی بەرامبەری رەتکردەوە.

لەخاڵی دووەمی باسی سێیەمدا نوسەر باس لەو رێکخراوە سیاسییانە دەکات، کە لە کوردستانی ئێران هەبوون، جگەلەو رێکخراوە ئێرانیانەی لەکوردستان کارو فەعالیاتیان هەبوو، لەوانەش:

-1حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا): ئەگەرچی من لەگەڵا تێڕوانینی نوسەرنیم، لەسەر حزبی دیموکرات- هەرچەندە زۆربەی کتێبەکەی تەرخانە بۆ دەوری حزبی

دیموکرات، بەڵام لەگەڵا ئەوەنیم حزبی دیموکرات حزبێکی پێشکەوتووخوازانەبێت، وەکو نوسەر دەڵێت: (تائێستاش) سەرەکیترین رێکخراوی سیاسی کوردستانی ئێران بێت.

راستە خاوەن خەباتی زۆرە، پێشتر حزبی سەرەکی بوو، بەڵام ئەی بۆچی ئێستا ئەم حزبە سەرەکییە لایەنێکی تر نییە، کە حزبێکی مۆدێرنترو واقعی ترەو ئەوەندەش تەقلیدی نییە.

بەهەرحاڵا ئەوە بۆچوونی نوسەرە هەقیش نییە باس لەوەبکات کە کێ حزبی پێشڕەوە، چونکە ئەوە هەردەبێ لەپرۆسەیەکی هەڵبژاردن یەکلابکرێتەوە.

-2کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران (سازکا)

ئەگەرچی نوسەر ئەم رێکخراوە بـەدووەم دەزانێت، بەڵام جگەلەوەی باسی لەوە نەکردووە ئێستا (کۆمەڵە) بۆتە (سازمانی کوردستان-حزبی کۆمۆنیستی ئێران) و بەڕێز (ئیبراهیمی عەلی زادە) سکرتێری کۆمیتەی ناوەندییە، بەڵکو بەم ناونیشانە باس لەرێکخراوێکی تازە دەکات کە کاك (عەبدوڵڵای موهتەدی) پاش هاتنەدەری لە(کۆمەڵە) رێکخراوێکی دروستکردووە نەك (کۆمەڵە)، لەکاتێکدا (کۆمەڵە) وەکو خۆی ماوە، کەدەبوو لانی کەم ئیشارەت بەم خاڵەبکات.

سەبارەت بە(کۆمەڵە) نوسەر باسی لە کەسە چالاکەکانی وەك (فوئادی مستەفا سوڵتانی) حەمە حوسێنی، کەریمی، سەلاحی موهتدی، عەبدوڵڵا موهتدی، جەعفەری شەریفی و سدیق گمانگر) دەکات، هەروەها باس لەمارکسیسیەتی بوونی ئەم رێکخراوە دەکات.

بەڵام دیسان نوسەر کەوتۆتە هەڵەوە سەبارەت بەشەهیدبوونی (کاکە خان) سولەیمان موعینی گوایە لەماوەت شەهید بوو- لەراستیدا (خانە) لەگوندی (دڕی) ناوچەی (شنیکایەت)ی شەهیدبوو نەك لەماوەت، هەروەها رۆژەکەش (31ی جۆزەردانە) نەك (21ی جۆزەردان) وەکو نوسەر دەڵێت: بەرهەحاڵا (کۆمەڵە) وەکو رێکخراوێکی مارکسی- ماوی ناسێنراوە و باس لەڕۆڵا و کاریگەری ئەم رەوتەکراوە.

-3باس لە کەسایەتی شێخ عزەدینی حوسێنی و عەللامە ئەحمەدی موفتی زادەکراوە.

-4سەبارەت بەڕێکخراوە سەرانسەریەکانیش باس لە سازمانی چریکی فیدایی خەڵکی ئێران، رێکخراوی پەیکار، حزبی تودەی ئێران، کراوە و دوو رێکخراوی یەکەمین بەدۆستی کۆمەڵە ناسێنراون.

لەباسی سێیەمدا: باس لەهەڵوێستی رژێمی کۆماری ئیسلامی لەبەرامبەر کورد کراوە.

لێرەدا باس لەهەوڵەکانی قاسملۆ و زۆر لەلایەنەکان بۆئاشتی لەگەڵا خومەینی کراوە، بەڵام نیەتی خومەینی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی تیۆکراتی شیعەگەرایی تۆتالیتار، هەموو هەوڵەکانی پەکخست، خومەینی راگەیاند: خەڵك بۆئەوە شۆڕشی کرد، ئیسلام حوکم بکات، نەك شوتی هەرزان بێت.

لێرەدا نوسەر باس لەخاڵێکی گرنگ دەکات و ئەویش

ڕێکخراوی سیاسی (کۆمەڵە و حزبی دیموکرات) وەکو پێشڕەوی جەماوەر ناسران، وەلاخستنی ڕۆڵی شورای ئیسلامی و خومەینی، بەڵام خومەینی و پاسداران چەندین پیلانیان داڕشت لەبابەتی (پیلانی سنە، نەغەدە، هاندانی ئاغاکان، پیلانی مەریوان) کە کۆمەڵە دەوری چالاك و کاریگەری لەدژی دوژمنان گێڕاو تائێستاش، وەکو ڕووداوێکی مێژوویی ماوەتەوە، هەرلێرەوە خومەینی جاڕی شەڕیدا دژی کوردو قوڵبوونەوەی قەیرانەکان.

لەباسی چوارەمدا نوسەر باسی پەلامارو لەشکرکێشییەکانی کۆماری ئیسلامی دەکات دژی کوردستان، ئەمەش لەدەرئەنجامی سەپاندنی دەسەڵاتی باڵی ئایینی پەیگیر بەسەرکردایەتی خومەینی، سەرەڕای هەڵبژاردن و ڕۆڵی ئاشتی لەلایەن کوردەوە، بەڵام ڕۆژی (19ی ئاب 1979) خومەینی بڕیاریدا، هێرش بکرێتەسەر کوردستان و تادواتر پەلاماری سەقزیاندا.

لێرەدا نوسەر باسی لەخاڵکی گرنگ کردووە، لەبابەتی کێشەی شەڕی ناوخۆی نێوان لاپەڕەی سیاسییە کوردییەکان و کاریگەری خراپە لەسەر رەوشی سیاسی کورد، ئەگەر لەم نێوەندا کۆمەڵەو دیموکرات کێشەیەکی زۆریان هەبووە، بەڵام پێدەچێت فاکتەری خۆیان هەبێت.

پەیوەندی حزبی دیموکرات و بەعس بەشتێکی ترە لەم خاڵانەدا، بەهۆی پێویستبوونی دیموکرات بەپشتی جەبهەوەو نارەزایی کۆمەڵە لەم نێوەندەدا، بەڵام باس لەهەڵوێستی دوژمنانەی حزبی تودە کراوە و باس لەهاوکاری (ی.ن.ك)

حزبی سۆسیالست، حزبی شیوعی کـراوە، بۆلایەنەکانی کوردستانی ئێران، بەداخەوە نوسەر لێرەدا بەهیچ شێوەیەك باسی لەدوژمنایەتی و دژایەتی (پارتی قیادەی موقتە) ی نەکردووە دژی کۆمەڵەو دیموکرات، ئەمەش گومان دەخاتەسەر نوسەر- کە دەبوو بیکات، چونکە ئەمە وەکو مێژوو دەمێنێتەوە.

دیارە لەکۆتایی ئەم بەشەدا نوسەر باس لەکشانەوەی کۆمەڵە و دیموکرات دەکات بۆشاخەکان، دواتریش بەهۆی گوشاری کاری چەکدارانەوە خومەینی ناچاردەکرێت بۆ گفتوگۆ و نوێنەرایەتی کورد لە(کۆمەڵە، حزبی دیموکرات، شێخ عزەدین حوسێن، چریکەکان) پێکدێین، بەڵام دیاربوو تەنها تاکتیکی خومەینی بووەو دواتر بێئاکام بوو.

پێویستە لێرەدا ئاماژە بەوەبکەین نوسەر لەکۆتایدا باسی لە(دەرئەنجام)کردووە، هەروەها بەشێکی تایبەتە بەنەخشەو دواتریش چەندین بەڵگەو دیکۆمێنتی گرنگی تێیدا، لەکۆتایش بیلۆگرافیایەك هاتووە کە نوسەر زیاتر لە(300) سەرچاوەی بەکارهێناوە بەزمانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی.


جێگەی خۆیەتی بڵێم لەگەڵا ئەوەی نوسەر زۆر لایەنگری حزبی دیموکراتی کردووە و زۆر راستیشی باس نەکردووە، هەروەها دەبوو تێزوو نامەکەی تاسەرەتای دەیەی نەوەدەکان باس بکردایە، چونکە زۆر رووداوی گرنگی تێدایە، بەڵام بەو هیوایەی هەرخۆی ئەو کارەبکات. لەگەڵا ئەوانەشدا: پێموایە باشترین نامەی دکتۆرایە تائێستا پێشکەشکرابێت، خۆی لەگەڵا ماندووکرابێت، شایانی ئەوەیە بکرێتە کتێبی یەکێك

لەپۆلەکانی دوا ناوەندی خوێندنی کوردی دەستخۆشی لە د. یاسین دەکەم و سوپاس بۆ دەزگای سەردەم.

سوپاس بۆ د. یاسین سەردەشتی مامۆستای زانکۆی سلێمانی.

ناوی کتێب:کوردستانی ئێران، لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویە لە جوڵانەوەی رزگاری نەتەوەی گەلی کورد(1939-1979)

# کۆچی کورد بۆ هەندەران لەنێوان بێ ئاسۆیی کوردستان و بەهەشتی خۆرئاوادا




ناوی کتێب: کۆچ و سەفەر

بابەت: لێکۆڵینەوە

نوسەر: ئاسۆ جەبار

ساڵی چاپ: 2001

لاپەڕە: 400

کۆچ، وەکو دیاردەیەکی نوێ و بەتایبەتی بۆ کورد لەپاش راپەڕین، جگەلەوەی خوێندنەوەیەکی فرەرەهەندی پێویستە، لەهەمانکاتدا پێویستی بەلێکدانەوەی ئەو فاکتەرە دەرەکی و ناوخۆیانە هەیە کە پرۆسەی کۆچ نێگەتیڤ و خێراتر دەکەن، بەراوردێك و رەوشی یاسایی و ئینسانی دیاریدەی کۆچ و خاڵە پۆزەتیڤەکانی بەردەم هۆکاری کۆچ و دانانی بەرنامەی گونجاو و چارەسەری خاڵەلاوازەکان بۆ کوردو بۆ ئەم سەردەمە فرەپێویست و پڕ ئەهمیەتە.

**سەرەتایەك بۆ نێو باسەکە**

دیاریدەی کۆچ جگەلەوەی دیاردەیەکی مێژوویی و دێرینەو چەندین فۆرم و شکڵی جۆراوجۆری بەخۆیەوە گرتووە، پێ بەپێی لەگەڵ گەشەی مرۆڤایەتی و تەکنۆلۆژیای سەردەم و هۆکارەکانی گواستنەوە، کۆچیش بەچەندین قۆناغی جیاوازدا تێپەڕبووە.

لەم بارەیەوە بەپێی رێککەوتنامەی جنێڤی ساڵی (1951) کە باسی کۆچ و مافی پەنابەری دەکات، دەڵێت: مافی پەنابەری تەنیا دەدرێتە ئەو کەسانەی کە لەوڵاتی خۆیاندا بخرێتەژێر فشاری سیاسی و ئایینی و رەگەزیی و ئاپارتاید...، نەتوانێت لەوڵاتی خۆی ژیان بگوزەرێنێت و رووبەرووی مەترسی دەبێتەوە.

ئەگەرچی رێککەوتنامەی نیویۆرك ساڵی (1967)، کە ئاسانکاری زیاتری کردووە، سەبارەت بەمەسەلەی مافی پەنابەری زۆر لەوبەندو مەرجانەی پێشتری لابردووە، هەرسەبارەت بەم مەسەلەیە لەساڵی(1990) رێککەوتنامەی

(شنگین) لەنێوان (17) وڵاتی ئەوروپادا مۆرکراو لەساڵی(1995) بەرەسمی ئەو پڕوتۆکۆڵە جێبەجێکرا، هەر ئێستا زیاتر لە (24) ملیۆن هاووڵاتی ئەوروپی بەبێ پەساپۆرتی سەفەر هاتوچۆدەکەن و کاربە بەندەکانی (رێککەوتنامەی شنگین) دەکەن.

ئەگەرچی لێرەدا سەرەڕای ئەم پڕۆتوکۆل و رێککەوتنامانە، بەڵام هەندێك وڵات بوونەتە جێی گلەیی و گازندەی وڵاتانی ناوەندی ئەوروپای خۆرئاوا.

بەبیانوی ئاوەڵاکردنی سنوورەکانی وڵاتانی پەیوەست بە ئـەوروپـاوە، رووتێکردنی بەلێشاوای کۆچبەران بۆ وڵاتەکانیان و لەمبارەیەشەوە هەریەکەلە وڵاتانی تورکیاو یۆنان و ئیتاڵیا، چەندین رێککەوتنامەی جـۆراو جۆریان ئیمزاکردووە بەمەبەستی کەمکردنەوەی دزەکردنی کۆچبەران لەسنورەکانیانەوە، بەڵام تائێستا سەرکەوتوو نەبوون.

### هەڵکشانی رێژەی کۆچبەران و دیاردەیەکی ترسناك

بەپێی ئامارە نێودەوڵەتییەکان رێـژەی کۆچبەران، ژمارەیەکی ترسناك نیشاندەدات لەسەر ئاستی جیهانداو بۆتەجێگەی مەترسی و پەشێوی لەوڵاتانی سێهەم.

لەمبارەیەوە حکومەتی ئەنکەرە رایگەیاند: ژمـارەی کۆچبەرانی نایاسایی دەستگیرکراو لەساڵی(1999)دا (48000) کەس بووە، بەبەراورد لەگەڵ ساڵی (2000)دا کەئەو رێژەیە گەیشتۆتە(94000)کەس، واتا دوو بەرانبەر زیادی کردووە، لەکاتێکدا پێدەچێت ئەو رێژەیە هێشتا کەمبێت.

بۆساڵی (2001) زۆر لـەوەزیـاتـربـێـت، حکومەتی ئەسیناش لەیەکێك لەئامارەکانی خۆیدا رایگەیاندووە تەنها لـەسـاڵـی(2000)دا (259000) کۆچبەری نایاسیان دەستگیرکردووە، کەئەو رێژەیە لەساڵی(1999)دا تەنها (110000)کەس بووە.

ئەمە لەکاتێکدا هەر ئێستا حکومەتی یۆنان میواندااری نزیکەی (650000)کۆچبەر دەکات کە بەنایاسایی چونەتە خاکی یۆنانەوە.

لەکاتێکدا ئەوانەی حساب دەکەین تەنها (3/1)ی ئەو کۆچبەرانەی کەدەستگیرکراون، ئەوانەیتر دەربازبوون.

بەپێی یەکێك لەئامارەکانی حکومەتی ئەڵمانیا تەنیا لەسەرەتای سێ مانگی یەکەمی سـاڵـی(2000)دا (3000) کوردی کۆچبەر داوای مافی پەناهەندەیان کردووە لەئەڵمانیا- ئەم رێژەیە بۆهەریەکە لەسویدو نەرویژ دەکرێت، راستبێت.

هەروەها بەرزبوونەوەی رێـژەی کۆچبەران لەگشت لایەکی جیهانەوە رووەوبەرزبوونەوە دەچێت- بۆ وڵاتانی ئەوروپای رۆژئاواو ئەمریکاو ئوستralia.

بەرزبوونەوەی رێـژەی کۆچبەرانی وڵاتانی خۆرئاوای عەرەبی (مەغریب و جەزائیر) بەرەو پورتوگال و ئیسپانیا و دواتر ناوەندی ئەوروپا کۆچی وڵاتانی ئاسیا لەعێراق و ئێران و ئەفغانستان و پاکستان و بەنگلادیش بەرەو تورکیا، پاشان یۆنان و ئیتاڵیا.

کۆچی وڵاتانی باشووری ئاسیا لەئەندەنوسیا و مالیزیا و تایلەند بـەرەو ئوستralia و نیوزیلەندا، کۆچی وڵاتانی بەڵقان و کۆمارە تازە سەربەخۆکانی روسیا بەرەو وڵاتانی

ئەسکەندەناڤیا، لەچەند ساڵی رابردوودا گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە، کەجێگەی مەترسی بـووە بۆ وڵاتانی رووتێکراو.

## ئەو فاکتەرانەی لەپشتی کۆچ-ەوەن

ئەو فاکتەرانەی یاریدەدەرێکی سەرەکی دیاریدەی کۆچن، فۆرمێکی دوالیزمانەی هەیە، واتا دوو رەهەندی جیاواز لەخۆدەگرێت، بەدوو ئامانج و دوو ئاڕاستەی دژبەیەکی جیاوازو دوو رەنگدانەوەی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ.

## یەکەم: فاکتەری سیاسی

کۆمەڵگەی بەشەری ئەگەرچی هەر لەسەرەتاوە تووشی چەوساندنەوە و ئەشکەنجەبووە، لەمبارەیەوە پێویستی بەشوێنی ئارام و هێمن بووە بۆ رزگاربوون لەمبارەیەوە دەستی داوەتـە کـۆچ، دیـارە لەگەڵ گەشەی عەقڵیەتی تۆتالیتاری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی جیهانی سێهەمدا ئەم دیاریدەیەش گەشەی کردووە.

واتا کۆچ لەوڵاتانی دیکتاتۆریەت و میلیتاریتی تاکڕەودا-بەرەو وڵاتانی دیموکراسی و ئازاد و پلوراڵ زیادی کردووە و وڵاتـی دووەم- یان سێهەم بۆتە پەناگەو حەوانەوەی کۆچبەران، کە لەدەست دەسـەڵاتـە ئیستبدادییەکانی وڵاتەکەیان هەڵهاتوون و پەنایان بردۆتەبەر، وڵاتانی خۆرئاوا.

دیارە کورد وەکو بەشێکی ئەم کۆچەو کاریگەری ئەم فاکتەرەش چ لەپێش راپەڕین، کە دەسەڵاتی تاکڕەوی میلیتاریتی تێدا باڵادەست بوو، چ لەدوای راپەڕین کە دەسەڵاتی کوردی

هێشتا نەیتوانیوە کۆمەڵگەیەکی پلورالیزمی هۆمۆجینی بێنێتەکایەوە، ئاشتی و ئارامی لەهەرێمەکەدا بەرقەراربکات و ئاستی بژێوی خەڵکی چاکبکات، خزمەتگوزارییەکان دابینبکات، سیاسەت وەکو میتۆدێکی فەردی پیادەبکرێت و تێکەڵ بەکۆمەڵگە نەکرێت، بەڵکو بەپێچەوانەی گشت پشت و شەقامێکی کۆمەڵگەی داگیرکردووە، کوردستانیش هەمان سیناریۆی پڕ شەڕو شۆڕی وڵاتانی تێدا دووبارەبووەوە، کۆچی لاوان لێرەوە، وەکو خاڵێکی جەوهەری خۆی دەردەخست، تائێستاش ئەم فاکتەرە لەپێشەوەی ئەو هۆکارانەدایە کە دەورێکی سەرەکییان لەکۆچی لاوی کوردا هەیە، بەم حاڵەشەوە پێناچێت کۆچی بەلێشاوی کورد، وەکو لوبی ئەرمەن و جولەکە ببێتە هێزێکی سیاسی لەبەرژەوەندی وڵاتدا، بگرە ئەم فاکتەرە کاریگەری سلبی جێهێشتووە لەسەر دروستبوونی لوبی کوردی لەدەرەوە.

### دووەم: فاکتەری ئابووری

بەپێی یاسای ئابووری، داهاتی نەتەوەیی و بەرزی رێژەی داهاتی فەرد لەمەرجەکانی هێزی دەوڵەتە.

دیارە ئەم یاسایەش جگەلەوەی ئارامی سیاسی کە فاکتەری پێشوو بوو، دەورێکی سەرەکی لەگەشەی خودی ئابووریدا هەیەو بەپێچەوانەوە، رەنگدانەوەی نێگەتیڤی دەبێت لەسەر ئابووری و تاکی کۆمەڵگەش.

بۆیە دواکەوتوویی باری ئابووری و ژێرخانی کوردستان، چ لەسەردەمی پێش راپەڕین لەسایەی رژێمێکی توتالیتاری

سەربازیدا، کە هیچ بەرنامەیەکی ئابووری نەبوو، داهاتی فەرد زۆر لەخواربوو بەبەردەوامی ئەم سیاسەتە لەدوای راپەڕین و هەڵوەشاندنەوەی سیستمی ئابووری و پەککەوتنی پرۆژە ئابوورییەکان پەرەی پێدرا، حکومەتی هەرێم هیچ پرۆژەیەکی ئابووری پێشنیارکراوی پێنەبوو، هێزێکی بێکاری زۆری بەرهەمهێنا، کە بە(نەوەی بێکاری دوای راپەڕین) ناسراوەو داهاتی فەرد، هیچی وای لەوڵاتی جیهانی سێهەم باشتر نەبووەو نییە.

لێرە وەکو خاڵی دووەم کۆچ رووەو دنیای دووهەم و جیهانی ئابووری پێشکەوتوو داهاتی بەرزی فەرد (بۆ بەدەستهێنانی دۆلار) دەستیپێکرد، ئەوروپا لای کۆچبەری کورد، وەکو ئەڵتەرناتیڤێکی ئابووری و دارایی چاوی لێکرا- هەنگاوی گەورەی بۆنا، واتا کۆچێك لەسفرەوە بۆ ناوەند، کۆچێك لە وڵاتێکی دواکەوتووی بێ هێزی داهاتی فەرد- بۆ بەهەشتێکی پێشکەوتووی خەیاڵاوی بەهێزی داهاتی فەرد، بووە خاڵی جەوهەری بۆ خێرایی کۆچ و بەدەستهێنانی داهاتی باشتر.

واتە: خاڵە ئابوورییە بێهێزو نێگەتیڤەکانی کوردستان و بەرزی داهاتی فەرد و پێشکەوتووی ئەوروپا و خاڵە پۆزەتیڤەکانی، پرۆسەی کۆچی لاوی کوردی خێراترکرد.

ئەگەرچی توانی لەرووی مادییەوە رەنگدانەوەی باشی بۆ کوردستانی هەبێت، بەڵام کارەکە شەخصی و بێ بەرنامە بووە، پێموانییە کاریگەری ئیجابی لەسەر سیستمی ئابووری دانابێت.

## سێیەم: فاکتەری کۆمەڵایەتی

جگەلەو دوو هۆکارەی سەرەوە، فاکتەری کۆمەڵایەتی، ڕێگەی خۆشکرد بۆ کۆچێکی دەستەجەمعی و گشتی بێبەرنامە لەگشت چین و توێژێکی کۆمەڵگە لە (خوێندکار، مامۆستا، فەرمانبەر، هەژار، دەوڵەمەند، ژنان، پیاوان، گەنج، پیر، خاوەن بڕوانامەو بێبڕوانامە) جگەلەوەی دەگەڕێتەوە بۆ دواکەوتویی کۆمەڵگەی کوردی لەرووی پێکهاتەی سۆسیۆلۆژییەوە- لەهەمانکاتدا چ وەکو رووە دارایی و ماددییەکەی، چ وەکو کارێکی چاولێکەری تەماشاکرا، بەبێ ڕەچاوکردنی پرەنسیپەکانی کۆمەڵگەی کوردی، کە لە مێژە پیادەی دەکات.

دیارە لەم نێوەنەدەشدا عەولەمە- بەتایبەتی ئینتەرنێت و سەتەلایت و راگەیاندنی خۆرئاوا دەورێکی نێگەتیڤی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی و بەتایبەتی لاوی کورد دانا.

بەنیشاندانی ئەوروپا، وەکو فریادرەس و بەهەشتێکی سەرزەمین بۆ بەشەریەت، نغرۆبوونی لاوی کورد لەو ئیعلامە بەبەرنامەی خۆرئاواو دواتریش ونبوونی گەنج و لاوی کورد، وڵاتانی جیهانی سێهەم لەناو شەپۆلی ئینتەرنێت و تەکنەلۆژیای نوێ و پێشکەوتنی خۆرئاواو سەیرکردنێکی خود، وەکو کائینێکی ونبوو شکستخواردووە- لەناو لیبرالیزمی پێشکەتووی خۆرئاوادا.

## چوارەم: لەدەستدانی ئینتمای نیشتمانی و نەتەوەیی

یەکێك لەمەرجەکانی خۆشەویستی خاك و نیشتمان ئینتیمابوونە، بەڵام کاتێك چەمکی ئینتیمابوون لەدەستدرا،

ئیتر هیچ رایەڵەی پەیوەست نامێنێت لەنێوان فەرد و خاك و هاوڵاتی و نیشتماندا، گشت ئەو بەها پیرۆزانە لەدەست دەدرێت و بەرژەوەندی تاك جێگایان دەگرێتەوە.

ئەمەش کاتێك دەردەکەوێت، وەکو رێبین هەردی دەڵێت: مەترسی کۆچ لەوەدایە کە کۆچ دوورترین لادێی سەر سنوری گرتۆتەوە، کە ئەمەش مانای پەیوەست نەبوونی لاوی کوردە بەپیرۆزی و خۆشەویستی خاکەوە، ئەویش بەتێگەیشتن لەو راستیەی کە خۆشەویستی خاك و پەیوەستبوون لای خەڵکی لادێ زیاترە تاخەڵکی ناو شارەکان.

بۆیە بەتێڕوانین لەهەرسێ خاڵەکانی پێشوو (خراپی باری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی) و سەیرکردنی ئەوروپا بەقەرەبووکردنی هەرسێ خاڵە خراپ و نێگەتیڤەی هەرێمی کوردستان، ئیتر گەنج لێرەوە بڕوا دەهێنێت بەلەدەستدانی ئینتمایی حزبی و حکومی و نیشتمانی و نەتەوەیی، لەدەستدانی گشت بەهاکانی پەیوەست بەو مەسەلەیەوە (ئەم خاڵە زۆرینەی کۆچبەری کورد دەگرێتەوە!) ئەویش بەتێڕوانین لەخراپ تێگەیشتن لەئەوروپا و بێزاری لەکوردستان، دواتریش گەیشتن بەلەدەستدانی ناسنامەی خودبوون بەهاوڵاتی ئەوروپا، بگرە شانازی پێوەکردنی لەسایەی کۆمەڵێك دەستکەوتی مادیدا!

## چارەسەری کۆچ و ئەلتەرناتیڤی گونجاو

چۆن کۆمەڵێك خاڵمان دەستنیشانکرد، وەکو فاکتەری سەرەکی کۆچ کە ئەوروپا لای گەنجی کورد پاساوێکە بۆ قەرەبووکردنەوەی خاڵە نێگەتیڤەکانی کوردستان و رەوشی خراپی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی.

بەڵام لەهەمانکاتدا، پێویستییەکی بەدراسەیەکی فرە رەهەند هەیە- چ لەبواری سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژیەوە، چ لەبواری سیاسی و ئابوورییەوە، ئەویش:

1- بەدڵنیایکردنی لاوی کورد لەبوونی فەزایەکی ئاشتی و ئـازادی لەکوردستان، رەویـنـەوەی مۆتەکە و مەترسی شەڕی ناوخۆ، فەراهەمکردنی ئازادی تاك و دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی کراوەی پلورالیزم.

2- بەهاندان بۆکۆچی پێچەوانە، کە سەرەتاکەی لەدەسەڵاتی کوردییەوە لەخود و خێزانەکانیانەوە پێکبێت (بەبێ رەچـاوکـردن و پراکتیزەکردنی ئەم خاڵە پرۆسەی راگرتنی و کۆچی پێچەوانەی کـورد) هەموو هەوڵێك، وەکو فوکردنە لە رەشەبا، چونکە ئیتر دەسەڵاتی کوردی دەبێت تێبگات کە هاووڵاتییانی تۆراندووە، بەو کارانەیی و پێویستە کاری بەبەرنامە بکات، نەك ئامادەگی تێدانەبێت لەهیچ پرۆسەیەکی جەماوەری گشتگیردا قوربانی بدات و لەهەمانکاتدا داوای چاکسازی کۆمەڵگەش بکات، ئەوە خەونێکی سەرابییە!

3- چـاکـسـازی لـەژێـرخـانـی ئـابـووری کوردستاندا بەزیندوکردنەوەی پـرۆژە ئابووریەکان، هاندانی کەرتی دەوڵەتی، تایبەتی بۆکارکردن و دروستکردنی پرۆژەی نوێ و گەورە بۆ وەگەرخستنی توانا جەستەیی و عەقڵیەکانی لاوی کورد.

4- چارەسەرکردنی بێکاری، وەکو کێشەیەکی گەورەی کۆمەڵگەی کوردی و وەڕسبوونی لاوی کورد لەچاوەڕوانی کات بەسەربردن، لەبەرو قەلاو سەرای شاری سلێمانی.

بۆ وازهێنانی له ئەلتەرناتیڤی بازاڕی کاری ئەوروپا بۆ بژێوی خۆیی و خێزانەکەی، تورهەڵدانی بڕوانامەکەی و دانانی کەسی شیاو لەشوێنی شیاو، دەرکردنی کەسی نەگونجاو لەپۆستی حەساس و گەورەکاندا، کە هاوکێشەکە ڕاست دەبێتەوە.

5- گرنگیدان بە فەرهەنگ و بواری پەروەردە لەکاتێکدا دەسەڵاتی کوردی ئامادەگی تێدایە مانگانە دەیان ملیۆن دینار بداتە خەرجی رۆژنامەو گۆڤاری جۆراوجۆر، بەڵام ئامادەی دانانی بەرنامەو پەیڕەوپڕۆگرامی پەروەردە و لاوان و فەرهەنگی و یاساکانی نییە.

6- چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتیەکان و هۆشیارکردنەوەی گەنج و لاوی کورد، کە نە خۆرئاوا ئەو بەهەشتە چاوەڕوانکراوەیە و نەداهاتووش دەبێتە ژیانێکی سەرمەدی، بەڵام بەچارەسەرکردنی خاڵە نێگەتیڤەکانی سەرەوە

لەئێستا تەنها دووساڵ پاش روخانی بەعس کۆچی بەلێشاوی کورد، دەستپێکردۆتەوە تەنها لەمانگی ئابی (2006) داو لە شارۆچکەی دەربەندیخان (200)گەنج کۆچیکردووە، ئەمەش دیسان مەترسیەکی ترە، کە دەبێت چارەسەری بۆ بدۆزێتەوە.

# ئەزموون و یاد




ناوی کتێب: ئەزمون و یاد

بابەت: بیرەوەریی

نوسەر: پشکۆ نەجمەدین

ساڵی چاپ: 2011

لاپەڕە: 448

ئەزموون و یاد، یەکێکە لەو کتێبانەی باس لە ڕووداوەکانی شۆڕشێك دەکات کە لە سەردەمانێکدا شۆڕش ئەرکێکی نیشتیمانی، ڕزگاری و چینایەتی لە ئەستۆ دەگرێت، بەڵام توشی دەیان کێشەو نەهامەتی دەبێتەوە.

شەڕی دەسەڵات و فکرو ئایدۆلۆژیا لەدەوریەکداو شەڕی ناوخۆ لەدەورەیەکی تردا.

هەفتاکان و هەشتاکان لەسەرتاسەری دنیادا ڕەوتی چەپ و مارکسیست و دروستکردنی هێزو گروپی لەمشێوەیە مۆدێل بوو، کەزۆربەی گەلانی جیهانی سێهەم و وڵاتانی گەشەکردو و دواکەوتوو- بەبێ ئەوەی لەگەڵ واقیعەتی کۆمەڵگەدا هەست بەزەرورتی بکەن. سەرسەختانە بانگەشەیان بۆدەکردو قوربانیشیان بۆدەدا، دواتریش پشتیانتێکردو ئەو تێزەیان وەکو پێویست جێبەجێ نەکرد.

ی.ن.ك، وەکو هێزێکی ئەڵتەرناتیڤ لەوکاتەدا، داینەمۆی شۆڕش و خەباتێکی سەردەمیانە بەجەماوەری پێشکەوتوخواز و چەکدار و خاوەن ئیمان و ئیرادەبوو- کە لەگەڵ بەعسی فاشی و بەعسیزمی بەعس ڕووبەڕووبۆوە. کەچونەوەبوو بەگژ مەحاڵدا.

ئەزموون و یاد پێمان دەڵێت: یەکەم؛ کێشەو ململانێیەکانی ناو حزب لە کوردستان و (ی.ن.ك)یش وەکو یەکێك لەوهێزە سەرەکیانە، تائێستاش گیرۆدەی ئەم قەیرانانەن و جیابوونەوەی گۆڕان یەکێکە لەتازەترین قەیرانەکان. کە بێگومان کاریگەری ڕووداوەکانی سی ساڵی رابردوو، ڕووداوەکانی ناو (ئەزموون و یاد) تائێستاش لەسەر تاك و سەرکردەو حزبەکەو کۆمەڵگەش ماوە.

دووەم: ڕووداوەکانی (ئەزموون و یاد) کەمترین ئەزموونی بەرهەمهێنانەوە بۆ حزبەکان. هەربۆیە دوای ڕاپەڕین، شەڕی ناوخۆ، شەڕی هێزە سیاسییەکان، ململانێیەکان و کێشە بەردەوامەکان نەیتوانیوە ئەزموونەکانی ڕابردوو وەکو یاد چاولێبکەین، بەڵکو یادەکان زیاتر هانیداوین بۆئەزموونی ململانێ کە کەس قازانجی نەکردووە.

سێهەم: (ئەزمون و یاد) مێژوویەکە لە ڕشتنی خوێنی براکان لەشاخ، بەڵام لەشارەکانیش ڕووداوەکـان دووبارەن، بەشێکی زۆر لەشۆڕشگێڕ و قارەمانەکانی هێزە سیاسییەکان لەم شەڕانەدا کوژراون.

کە نەخەونەکانیان هاتەدی، نەبەو خەونەوە چەکیان لەشان کردبوو، وەڵام بۆئەم کوشتنانە چییە؟ خێزان و هاوسەرو ژن و منداڵەکانیان تاچەند گوزەرانیان باشترەو تاچەند شەهیدەکان و بنەماڵەکانیان خەونەکانیان هاتەدی؟

چــوارەم: ئـەو هـاوکـاری و پەیوەندییە قوڵەی نێوان حزبەکانی باکورو خۆرهەڵات لەگەڵ یەکێتیدا کاڵبۆتەوە- بگرە گلەیشییان لەیەکێتی هەیە، وەکو هاوپەیمانی دوێنێ و خاوەنی دەسەڵاتی شاری ئەمڕۆ.

(ئەزموون و یاد) پێماندەڵێت پشتیوانی (ی.ن.ك) لە(حزبی دیموکراتی کوردستان و کۆمەڵە) تەنانەت شەهیدبوونی پێشمەرگەی یەکێتی لەپاڵ دیموکرات، شەهیدبوونی پێشمەرگەی کۆمەڵە لەپاڵ (ی.ن.ك) حیکایەتی دێرینی هەیە- کەدەبێت ئەم ئەزموونەو یادە، یادەوەریەکبێت بۆ

بەردەوامی و هاوکاری ئەم دوو حزبە، کە ئێستا خانوو-ژیان و گوزەرانیان لەکۆیەو زڕگوێز هاوتای ژیان و گوزەرانی یەکێتی سالانی هەشتاکانە لەزەلێ و نۆکان و گوندەکان!

پێنجەم: ئەزموون و یاد، پێماندەلێت؛ هەلویست و مبادی هەندێك سەرکردەکانی یەکێتی و کۆمەلەو لەوکاتەدا هێندە بەقەناعەت و بەباوەڕو ئیمانەوە کاریانکردووە.

دەکرێت هەرکێشەو ململانێیەکی حزبی لەرێگای دیالۆگەو بگاتە چارەسەر.

شەشەم: پەنجە خستنەسەر خالێکی گرنگ لەئەزموون و یاد، پێشبینیکردن و بۆچوونی هەندێك لەسەرکردەکانی ئەوکات کە لە ئەزموون و یاد ناویان هاتووە- سەبارەت بەحزبەکان.

فیکرو مەبدەئ و داهاتویان، کە هەندێکیان پاش نزیکەی بیست سال راستەو وەکو خۆی دەرچـوون، ئەوەش ئاماژەیەکی باشە کە هەر هێزێك وەك خۆی بناسین و مامەلەی لەگەلدابکرێت.

حەوتەم: ئەزموون و یاد، ململانێیەکی سەخت و خوێناوی و پڕ لەکێشەو ململانێی حزبی و فکری، بەتایبەتی ناو یەکێتی دەگێڕێتەوە، بەلام ئەوە یەکێتییە کە هەرخۆی رێگەدەدات کتێبێك بەواقیعی لەسەر مێژوو، ملانێیەکانی بلاوبکرێتەوە، کە رەنگە تائێستا هیچ هێزێك رێگای نەدابێت لەمجۆرە کتێبانەی لەسەری بنوسرێت و چاپبکرێت.

بەلام ئاگادارم کاتی خۆی کتێبەکە رێگە بەچاپکردنی

نــەدەدرا، بەڵام دوایـی بەرپرسێکی (ی.ن.ك) وتی: رێگە لەئازادی نوسەران مەگرن، ئەوە درووشمی مام جەلالە کە ئازادی بۆ نوسەران فەراهەمبکرێت.

دەمەوێت بڵێم هەرچاپکردنی کتێبەکە بۆخۆی مانای سەلماندنی بوونی ئازادییە لەناو ئەم هێزەداو رەنگە ئەوەش دەستکەوتێکی گەورەبێت.

جیالەوە بۆچوونی زۆر خەڵکم پرسی لەسەر کتێبە، بۆچوونەکانی پشکۆ نەجمەدین. هەموویان بۆچوونیان وابوو کە کتێبەکە بەوپەڕی راستگۆیی و واقیعی نوسراوە، بەتایبەت کە پشکۆ بۆخۆشی لەناو رووداوەکاندا بووەو بەشێکبووە لەململانێکە، بەڵام هەستناکرێت وەکو هەندێك لەوانەی مێژوو دەنوسنەوە، دەیانەوێت خۆیان بکەنە فریشتەو پاڵەوان، نەخێر ئەم رۆسۆیانە بیرەوەریەکان دەگێڕێتەوە بێرتوش و خۆبە سۆپەرمانکردن- یان کردنی کەسێك بەقارەمان و سۆپەرمان و شکاندنی کەسێکی تر.

بەپێی هەواڵێکی رەخنەی چاودێر (ئەزموون و یاد)ی پشکۆ نەجمەدین پڕ فرۆشترین کتێبیساڵ بووە. ئەوەش ماناو مەغزای زۆری هەیە کە دەبێت باشتر بخوێندرێتەوەو دەرسی لێوەربگرێت، بەشانازیش بۆ حزبەکەو سەرکردەکانی لەئێستادا بژمێردرێت- کەرێگە بەچاپکردنی دراوەو بدرێت.

## چاپکراوەکانی نووسەر

**1-خوێندنەوەیەك بۆ مەسەلەی گۆڕانی سیاسی لەعیراقدا**

(لێکۆڵینەوەی سیاسی) 2003

**2-تیرستان**

(گۆشەی رۆژنامەنووسی) 2003

**3-قەدەر**

(شیعر) 2003

**4-کورد لەئاڵوگۆڕانکارییەکانی عیراقدا**

(لێکۆڵینەوەی سیاسی) 2005

**5-ئاشنایی بە ئەفلاتوون**

(پێشەکی و پێداچوونەوە) 2005

**6-ئاشنایی بە ئەرستۆ**

(پێشەکی و پێداچوونەوە) 2006

**7-فایل**

(گۆشەی رۆژنامەنووسی) 2006

**8-یاداشتەکانی رۆژانی تەنیایی، گابرێل گارسیا مارکیز**

(پێشەکی و پێداچوونەوە) 2008

**9-دۆکیومێنت**

(گۆشەی رۆژنامەنووسی) 2008

**10-رۆمانێك لەگفتوگۆدا – چەند دیدار سەبارەت بەشاری مۆسیقارە سپییەکانی بەختیار عەلی**

(دیدارو چاوپێکەوتن) 2006

**11-کورد و قەیرانەکانی عیراق**

(لێکۆڵینەوەی سیاسی) 2008

**12-دیدار لەگەڵ سێ شاعیری چەپی کوردستانی ئێران**

(دیداری ئەدەبی) 2009

**13-لەئاریزەوە تا سازو زوڵفا**

(دیدار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی) 2010

**14-چاوەکانی باران**

(شیعر) 2010

**15-عێراقی مۆزایك و ناهۆمۆجین**

(لێکۆڵینەوەی سیاسی) 2011

**16-کاتی دواین قسەیە**

(گۆشەی رۆژنامەنووسی) 2011

**17-مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان**

(لێکۆڵینەوەی سیاسی) 2011

**18-لۆژیك، ئەپستمۆلۆژیا، میتافیزیك لە دیدیی فەلسەفیەو**

(فەلسەفە) 2011

**19-سەردەمی چاوەڕوانی**

(شیعر) 2012

**20-پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی**

(لێکۆڵینەوەی سیاسی) 2012

**21-قەقنەسێك بەسەر ئاویەرەوە**

(دیدار لەگەڵ مەزهەری خالقی) 2012

**22-شاهێنی ئاناوازا**

(دیدار لەگەڵ عەبدوڵڵا حەسەن زادە) 2012

**23-گوڵە گەنمێکی قەرسیلی سەوز**

(دیدار لەگەڵ ناسر رەزازی) 2012

**24-ملوانکەی شین، دیوانی شیعری شەریف**

(کۆکردنەوە و پێشەکی بەهاوبەشی لەگەڵ لوقمان رەئوف)(شیعر)

2013

**25-دیوانی بۆ ئازادی،**

دیوانی شیعری مصلح شێخولئیسلامی (ڕێبوار) کۆکردنەوە و ئامادەکردن وپێشەکی (شیعر) 2013

**26-چۆن بۆت بدوێم**

دیوانی شیعری ئەحمەد بازگر کۆکردنەوە و ئامادەکردن و پێشەکی، (شیعر) 2013

**27-ڕۆڵی یەکێتی لە دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی کوردستان**

(لێکۆڵینەوەی سیاسی) 2013

**28-مەلا بەختیار-گوتاری ئەنکەرە، وەرچەرخانی هاوچەرخی کوردایەتی**

(وتاری سیاسی) 2013

**29-پێگەی خۆرهەڵاتی کوردستان لە کۆنگرەی نەتەوەیدا**

(دیدار و چاوپێکەوتن) 2013

**30- بەهاری عەرەبی و مەترسییەکانی فێندەمێنتالیزم**

(سیاسی) 2015

**31- لە قەندیلەوە بۆ کۆبانی**

(دیدار لەگەڵ جەمیل بایك هاوسەرۆکی pkk و موراد قەرەیلان ئەندامی کۆنسەی سەرۆکایەتی pkk) (دیدار و چاوپێکەوتن) 2015

**32- هەژمونی پەکەکە دوای سەرهەڵدانی داعش**

(سیاسی) 2015

**33- هەژموونی هیلالی شیعی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا**

(سیاسی) 2015

**34- فاکت**

(گۆشەی ڕۆژنامەنووسی) 2016

**35- داعش و میلیشیاکان**

(سیاسی) 2016